تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

محەممەد حەمە ساڵح تۆفیق

ئەمەیە ئەمەریکا

یادەوەریی کوردێک لە ئەمەریکادا

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لە بڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَا الثقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَا الثقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

ئەمەیە ئەمەریکا

یادەوەریی کوردێك لە ئەمەریکادا

خەندان

لە بڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن

سلێمانی ٢٠٠٦

پێشکەشە بە :

خاتوو شێلبی کرێن Shelby Crain و خاتوو میشێڵ وارد Michele Ward و سەرجەمی ئەو ژن و پیاوە ئەمەریکیانەی شاری ڕۆزوێڵ - جۆرجیا، کە وەك خزم و کەسی زۆر نزیك بە دەممانەوە دەهاتن لە ژیانی دوورەولاتیماندا.

محەمەد

- ناوی کتێب: ئەمەیە ئەمریکا
- ناوی نووسەر: محەمەد حەمە سالح تۆفیق
- چاپ:
- پیتژنین: تریفە فایەق
- هەڵەچن: هێمن یەحیا
- دیزاین و بەرگ: شۆرش ئەحمەد
- چاپخانە: چاپخانەی
- زنجیرە (٣) لە بلاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن

گەشتنامەی ڕۆژنامەوانی

ئەدەبی گەریدەیی یان گەریدەناسی ئەمڕۆ لە نێو ڕاڕەوی کەلتوورو فەرهەنگی میللەتە پێشکەوتووەکاندا نێو دێڕی کتێبە کۆنەکانی سەر ڕەف، کتێبە گەورە و قەبەکانی کتێبخانە ناودارەکانی جیهانی بەجێهێشتووە و وەك ژانرێکی ڕۆژنامەوانیی تازە ڕۆحسووکانە خۆی لە سەر پەڕەی ڕۆژنامە نەتەوەیی و بان نەتەوەییەکان دەنوێنێ. لە هەموو شوێنێکی دونیادا ڕەنگە خوێنەرەکانی ڕۆژنامەیەك کە تامەزرۆی ئەدەبی گەشتنامە و گەڕانی گەریدەی وڵاتەکانن، خۆیان گەشتی هەمەجۆریان کردبێ و لەوانەشە زیاتر لە گەشتنووسەکان مەملەکەت و مەڵبەندە جیاکانی ئاوەدانیان دیبێت، بەڵام شێوازی گێرانەوە و ڕاستگۆیی هێنانەگۆی ئەو دیمەن و دونیایەی گەڕیدە بینوێتی هونەر نواندنێکی دەوێت، کە لە هونەرمەند دەوەشێتەوە، وەستاییەك دەخوازێ کە سەنعاتکارێکی کارامەی گێڕانەوە و وەسفکردن بێت. وادەزانم کاك محەمەد حەمەسالح تۆفیق گەشتیاری ئەم کتێبەمان وەسفی سەنعاتکار و هونەرمەندێکی ئەدەبی گەریدەیی بەسەردا جێبەجێ دەبێت بۆیە خوێنەران وەختێك ئەم زنجیرە یادەوەرییەی سەفەری سەرهەلگرتنی کوردێکیان لە ڕۆژنامەکەماندا خوێندەوە، چێژیان لێ وەرگرت و هەرمێنی بۆ (ئاسۆ)ش پەیداکرد وەختێك لە سەرەتای دامەزراندندا بوو.

گێڕانەوەی بیرەوەریی گەشت و گەڕانی کوردێك کە لەگەڵ سەدان کوردی کارگێڕ و تەکنیکار و شارەزا لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا کە لە دوای ڕووداوەکانی کوردستان لە سالی ١٩٩٦دا گوێزرانەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پەند و

ئەزموونێکی دەوڵەمەندە بۆ هەرکەسێك بخوازێت لە ژیانی بەهەشتی هەندەران و تەنگوچەڵەمەکان و هەروا خۆشی و ناخۆشیی ژیانی ئاوارەیی تێبگات. دەرفەتێکە تا باشتر لە چیرۆکی بەشێك لە هاونیشتمانیانمان بگەین کە لە وڵاتی خۆیاندا بژاردەی توانا سەنگینەکانی کوردەواری بوون و لەناکاودا دوورگەیەکی بێگانە، گوام، لە دووریی هەزاران کیلۆمەتر فووتیدان. ئەگەر قەراریشە کۆچیرۆکی ژیانی هەر نەتەوەیەك کەشفکردنی سەربوردەی ڕۆڵەکانی بێت لە ناوەوە و لە تاراوگە، لە ڕێی بیرەوەریی تاکەکەسێکەوە، ئەوا ئەم یاداشتانەی کاك محەمەد ڕووناکییەکی پرشنگدارە بەو ئاراستەیە.

ئێمە لە دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن بە چاپکردنی ئەم زنجیرە بیرەوەرییە ڕیپۆرتاژ ئامێزە خۆشحاڵ دەبین کە بتوانین بچووکترین بەشداری بکەین لە گەشەپێدانی ئەدەبی گەشتنامە لە ڕۆژنامەوانیی کوردی و لە کتێبخانەی کوردیدا.

لەگەڵ پیرۆزبایی و ئومێدی سەرکەوتن بۆ گەشتە لەمەودواکانی مامۆستا محەمەد حەمەساڵح تۆفیق.

لەجیاتی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی

خەندان بۆ پەخش و وەشاندن

ستران عەبدوڵڵا

وتەیەکی پێویست

خوێنەری بەڕێز

ئەمەی دەیخوێنیتەوە ئەزموونی ژیانی نزیکەی دوو ساڵێکمە، بە خێزانەوە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا سالأنی ١٩٩٦ ١٩٩٨. ئەمەی من گەشتی خۆشی نەبوو بۆ وڵاتێك کە تێیدا بێجگە لە ئوتێل و سەیرانگە و مۆزەخانە و چێشتخانە و شتی لەم جۆرە هیچیتر نەبینم. ئەمە گەشتێکی ناچاری بوو کە لە دووتوێی کتێبەکەدا شتێکی لە بارەوە دەخوێنیتەوە. ئەم گەشتە یەکسەر تێکەڵی خەڵکی ئاسایی ئەو وڵاتەی کردم و لە گەڵیاندا بووم بە کرێکار و هاوڕێ و هاودەم. لەوێ ژیانم بە بێ ئارایشت وەك خۆی بینی، چاك و خراپی، جوان و ناشیرینی، هۆکارەکانی پێشکەوتنی ژیان، باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و فەرهەنگیی خەڵکەکە. دەسرۆیشتن و پۆشتە و پەرداخیی هەندێك و ڕاکە ڕاکە و وێڵبوونی بەردەوامی خەڵکێکی زۆری وڵاتەکە بە دوای نان و کاردا. تەلاری هەوربڕ و ڕێگاوبانی پانوپۆڕ و ڤێلای قەشەنگ، لەولاشەوە خانووی زنج ئاسا لە شارێکی گەورەی وەك ئەتلەنتادا کە خۆمی لێبووم.

لێرە ژیان زۆر ئاڵۆز بوو، چەندە لایەنی ڕازاوە و جوانی تێدابوو هێندەش لایەنی خراپ و پڕ گرفت. من لێرەدا بە پێی توانا و تێگەیشتنی خۆم هەوڵمداوە شتەکان و دیاردەکان وەك خۆیان بخەمە ڕوو، بێویژدانانە هەوڵ و تەقەلای چەند سەد ساڵێکی ڕەنجی مرۆڤ بۆ دروستکردنی شارستانیەتێکی زەبەلاح بە هیچ دەرنەکەم و لە هەمان کاتیشدا لایەنە دزێو و مرۆڤپرووکێنەکانی سیستەمی سەرمایەداریی ئەو شارستانیەتە بە جوان لە قەڵەم نەدەم. منێك کە تا ئێستاش بڕوای قووڵم بە

پێشبینییەکانی جاك لەندەنە لە "پاژنەی ئاسنین"دا، ناتوانم ئـەم لایەنـە فـەرامۆش بکەم و ئـەوەش دەزانم کـە بنیاتنـانی جیـهانێکی ئاسـوودە کـە چیـتر بنیـادەمی تێـدا نەچەوسێتەوە هێشتا هەر خەونێکی خۆشە و ڕەنگە وا زووش نەیەتەدی.

ئەم بابەتانەی لێرەدا دەیانخوێنیتـەوە زۆربـەیان پێشـتر لـە ڕۆژنامـەی "ئاسـۆ" دا بڵاوکراونەتەوە و ڕاستێکەشی هـەر لـە سـەر ڕوولێنـانی کـاك سـترانی سەرنووسـەری ڕۆژنامەکە بوو کە وردە وردە و بە شێنەیی دەستم دایە نووسینی بابەتەکان و پاشتر پێمدەگەیشتەوە کە مایەی ڕەزامەندیی زۆر کەسە و بـە پەرۆشـەوە دەخوێنرێتـەوە. بێگومان هەوڵمداوە تا بتـوانم لـە گـەڵ خۆمـدا ڕاسـتگۆ بم و ڕەنگـە ئـەوەی مـن لێـی دوابێتم لە دیدی کەسێکی ترەوە جیاواز بێت و ئەو وای نەبینێت. بە هەرحاڵ ئەمە تەنـها ڕاوبۆچـوون و ئـەزموونی خۆمـە و مـن لـەو دەمـەدا هـەر ئـەوەندەی لێتێگەیشتووم. بۆ گەڵێ شوێن و بابەتیش کە بینێبێتم یان مامەڵەم لە گەڵ کردبێت یان شتێکم لە سەر خوێندبێتەوە و بـە باشـم زانیبێـت خوێنـەر شـتێکی لـە بـارەوە بزانێت و زانیارییەکەش ڕاست و دروست بێت پـەنام بردووەتـە بـەر سـایتەکانی ئینتەرنێت لە بارەی ئەو شوێنەوە یان سوودم لـە هـەندێ سـەرچاوەی وەك گۆڤـاری ناشناڵ جیۆگرافیك وەرگرتووە. بە هیوام خزمەتێکی بچووکم گەیاندبێت.

نـووسـەر

یادەوەریی کوردێکی ڕەهەندەی دوورگەی گوام

لــە ئــاخۆران و بخۆرانــی دوای ئـابی سـاڵی ١٩٩٦دا ئــەو کەســانەی لــە ڕێکخــراوە ناحکوومییـەکاندا کاریـان دەکـرد چ بیـانی و چ خۆمــاڵی و بـە تایبـەتی کارمــەندانی ئــەو ڕێکخراوانەی لە کوردستاندا بە پارەی ڕێکخراوی ئۆفـدا OFDA ی ئەمـەریکی پرۆژەکانیان ئەنجامدابوو، کە هی وای تێدابوو تەنها پرۆژەیەکیشی بەو پارەیە جێبەجێ کردبوو، هەر هــەموو بــە خاوخێزانــەوە پێچرانــەوە و بــەرەو ویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئەمــەریکا بەڕێخران و بەندەش یەکێك بووم لەو نزیکەی حەوت هەزار کەســەی کە بەر ئـەو لێشاوە کەوتم و بە ماڵ و منداڵەوە جلەوی خۆم دا بە دەست ڕێگـەی هاتونەهاتـەوە. ئـەو کـەین و بەینە کاتی خۆی هەڵاوبگرێکی زۆری نایەوە و هەرکەس بـە جۆرێ لێکیدەدایـەوە. تـەواوی مەسەلەکەش لە هەڕەشە و گوڕەشەکانی ڕژێمـی عـێراقی سـەدام حوسێنەوە سـەرچاوەی گرتبوو گوایە تەواوی کارمەندانی ئەو ڕێکخراوانە ئامانجی ڕژێمە بۆ لـەناوبردنیان چونکە بەشــدارن لــە ئاوەدانکردنــەوەی کوردســتانی وێــران و خــاپووردا. ئەڵبەتــە ڕاپۆرتــی بەرپرسەکانی ئۆفدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە سەر ئەو تەمومژ و پشێوییەی ئـەو دەمـە بـاڵی کێشابوو بـە سـەر وڵاتـدا ڕۆڵـی خـۆی هـەبوو لـە ڤایلکردنی کاربەدەستاندا بـۆ وەرگرتنی بڕیارێکی لەو جۆرە. لە سەرێکی تریشەوە، دواتر بۆمان دەرکەوت، ئەمە کارێکی ئاساییە و ساڵانە ٥٠ – ٦٠ هەزار کەس بە شـێوەیەکی قـانوونی مـافی کۆچکردنـی دەدرێتـێ بۆ ئەو وڵاتە و ئەم ژمارەیە لە سەرانسەری وڵاتانی گۆی زەوی هەڵدەبژێرێت بە تایبـەتیش لە وڵاتانی ئاسیای ڕۆژهەڵات و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتین. بێجگە لـەو ژمارەیـەش ساڵانە دوو ئـەوەندە و بگـرە سێ ئـەوەندەش لـە سـنوورەکانی کەنـەدا و مەکسیك و کووبــاوە بــە قاچاخی خۆیان دەکەن بـە ئەمـەریکادا و بـۆ خۆیــان کــار و کەســابەت دەکــەن. خـۆ بــە زیادەڕۆیی ناڵێم نیوەی خەڵکی ئەو مەکسیکە کاولـە ڕوویـان کردووەتـە ئەمـەریکا هەر بـۆ ئەوەی بژین (دواتر دێمە سەر هەندێ وردەکاریی ئەم باسە). کەواتە بردنــی حــەوت هــەزار کەسێك بۆ ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩٦دا کارێکی ئاسایی بوو، بەڵام لای خۆمان نامۆ بوو چونکە کە سەرمان لە هێلکە جووقاوە خۆمـان لـە وڵاتێکی تەلبـەند و بەندیخانـەدا بینیوە و ئـەم هەقی سەفەر و ژیانە لە شوێنێکی تری سەر ئەرزدا لـە فەرهـەنگی ئێمـەدا نـەبووە. کـەچی ئـەم فەرهەنگە لای ڤێتنـامی و هنـدی و کـەمبۆدی‌و پاکستانی زۆر ئاساییە و لـە سـەرێکی

تریشەوە لەودەمەوە کە کەشتییەکەی کۆلۆمبس لە کەنارەکانی ئەو وڵاتە پانوپۆڕە لەنگەری گرت و پاشان لە ئەوروپا و دواتر هەموو شوێنێکی سەر زەوییەوە خەڵکی کۆچیان بۆ کرد، ئیتر ئەمە بوو بە نەریت و سەرجەمی خەڵکی وڵاتەکە لە مێژوودا لەو کۆچبەرانە پێکهاتووە و بێجگە لە "هندییە سوورەکان" کە خەڵکی ڕەسەنی ئەو وڵاتەن و ئێستا خەریکە تاقبڕ دەبن، کەسی تر هیچ ڕەگێکی قووڵی لەو وڵاتەدا نیە.

بە کورتی، خەڵکەکە پۆل پۆل لە زاخۆوە دەبرانە تورکیا و لەوێ تەنها شەوێك یان دوان لە سلۆپی دەمانەوە و پاشان لە فڕۆکەخانەیەکی سەربازیی شاری باتمانەوە، کە زۆر دوور نەبوو لە دیاربەکرەوە، ڕەوانەی دوورگەی گوام دەکران لە ژێر ناوی پرۆسەیەکدا کە بە پەناگەی ئارام Safe Haven ناودەبرا. ژمارەیەك فڕۆکەی زەبەلاح بۆ ئەم پرۆسەیە بەکرێ گیرابوون. ئێمەیان بە فڕۆکەیەکی فەرەنسی گواستەوە کە نزیکەی چوارسەد کەسی دەگرت و ماوەی بیست سەعاتی برد تا گەیشتینە دوورگەی گوام و لەو ماوەیەدا تەنها دوو سەعات لە ئەبووزەبی و دوو سەعات لە شاری کۆلۆمبۆی وڵاتی سریلانکا نیشتینەوە بۆ پاککردنەوەی فڕۆکەکە و بەنزین وەرگرتن، واتە شانزە سەعاتی ڕەبەق بە ئاسمانەوە بووین. ئەو ماوەیە دەتوت خۆڵی مردووت کردووە بە سەر ئەو خەڵکەدا، هەموو مات و بێدەنگ، نەماندەزانی بۆ کوێ دەچین و چیمان بەسەردێت، ئەوە نەبێت کە لە ناو فڕۆکەکەدا نامیلکەیەکی دوو سێ لاپەڕەییان داینێ لە بارەی گوام و مانەوەی کاتیمان لەوێ.

ئێمە زۆربەمان یەکەمجار بوو سواری فڕۆکە ببین و زۆریش ترسناك بوو، بە تایبەتی کە یانزە هەزار مەتر بەرز بووبووینەوە و زۆربەی کات بە سەر دەریای عەرەب و ئۆقیانووسی هندی و پاسیفیکدا دەفڕین. دەمە و بەیانییەکی زووی زستانی ١٩٩٦ گەیشتینە مەنزڵ و لە فڕۆکەخانەی گوام سەربازانی ژن و پیاوی ئەمەریکی بە ڕوویەکی خۆش و سێو و پرتەقاڵەوە لە پێشوازیماندا بوون و بەمە ئاسوودە بووین و پاش حەوانەوەیەکی کەم بردینیان بۆ ئەو شوێنانەی بۆمان دیاریکرابوو، لە بنکەی هێزی ئاسمانی و دەریایی ئەمەریکا لەو دوورگەیەدا. ئێمە بەر کەمپ و خانووەکانی هێزی دەریایی (مارینز) کەوتین و هەر دوو یان سێ خێزان لە خانوویەکی قەشەنگی بنکەکەدا جێگیرکراین کە بە تایبەتی بۆ ئێمە چۆڵکرابوو.

گوام دوورگەیەکی سەوز و جوان و قەشەنگی ئۆقیانووسی پاسیفیك بوو. ئەم دوورگەیە لە ساڵی ١٨٩٨ەوە بووبووە کۆلۆنیی ئەمەریکا. ڕووبەرەکەی هەر لە سلێمانییەوە تا

عەربەت و لە چیای گڵەزەردەوە تا گۆیژە دەبوو و نزیکەی سەد و حەفتا هەزار کەسێکی لە سەر دەژیا کە تێکەڵەیەکی فلیپینی و دوورگەکانی دەوروبەری بوون. هەڵکەوتی جوگرافیی گوام، دەکەوێتە سەر هێڵی پانی ۱۳ ی سەروو هێڵی کەمەری زەوی و یەکێکە لەو دەیان دوورگە بچووك و گەورانەی لە ڕووی جوگرافییەوە زنجیرە شاخ و وشکایی ماریانای باکوور پێکدێنن Mariana Trench کە لە کلکەی خوارووی ژاپۆنەوە بەرەو ئوستڕالیا درێژ دەبێتەوە و گەورەترین دوورگەشی مارشاڵە. هەر دوورگەیەکیش لەوانە بۆ خۆی قەوارەیەکی سەربەخۆیە و لە فیدراڵیەتێکدا لەگەڵ حکومەتەکانی دوورگەکانی تردا یەکیانگرتووە و بە پێی هەل و مەرجێکی تایبەت لە قەڵەمڕەوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادان.

کەشوهەوای گوام گەرم و شێداری ئیستیوائییە و ساڵ دوانزەی مانگ بارانی لێدەبارێت و کەم ڕۆژ خۆش و بێبارانە و لە مانگی دیسەمبەر بۆ تەمووز کە گوایە کەشی وشك و کەمبارانیی ناوچەکەیە، کەچی ڕۆژی حەوت جار دەبارێ و هەر تۆزێك هەڵم و تەم کەوتە ئاسمان خێرا دەبێتە هەور و بارانی لێدێتە خوارەوە. ئەو خانووانەی ئێمەی تێدا نیشتەجێ کراین، هەم ئامێری فێنککەرەوە و هەم شێ دەرکەریشی تێدابوو، بەڵام لە دەرەوە گەرم و چەند دەقیقەیەك هەتاو دەرکەوتایە هێند گەرم بوو دەیبرژاندی، لەبەرئەوە هەموو سەربازانی کەمپەکە، کە بۆ خزمەت و ڕاپیکردنی کاروباری ئێمە دانرابوون، هەریەکە بوتڵێك ئاوی پێبوو و هەر تاوناتاوێك قومێکی لێدەدا بۆ ئەوەی گەرما وشکی نەکاتەوە.

ئەو دوورگەیە هەموو شوێنێکی سەوزایی و دارودرەخت بوو. یەك دوو شاخی بەرزی پڕ دارودرەختیشی تێدابوو کە هەرە بەرزەکەیان چیای لاملام Lamlam بوو، بە ئەندازەی شاخی بەرانان (گڵەزەردە) بەرز دەبوو. دارگوێزی هندیی زۆربوو، ئەو دار لاستیکەی "مطاط" لای خۆمان ساڵی دوو سێ گەڵا بکات پێمان خۆشە، لەوێ بە ئەندازەی دارتووی کۆنەساڵ بەرز دەبوو و بگرە زیاتریش و لە سەریشەوە ڕەگی هەوایی شۆڕبووبۆوە و پاشان چووبوو بە زەویدا و هەر دارمەتاتێك دەیان قەدی ئەستووری هەبوو، ڕووەکی گوێچکە فیل و قەفەزەی سنگیش دنیایان داگیر کردبوو. دوورگەکە هەندێك کانیاوی شیرینیشی تێدابوو و چواردەوری تا چاو بربکات شەپۆلەکانی ئۆقیانووسی پاسیفیك بوو. ئەو ئۆقیانووسەی لە ئاسمانی بەرزەوە بە شین دەمانبینی لە نزیکەوە یەك پارچە شەپۆلی بۆر و تەڵخە و زیاتر لە هەردە و هەڵەتی پێدەشتەکانی لای خۆمان دەچێت. گوام

مێژوویەکی دوورودرێژی داگیرکاری و کۆلۆنیالیی هەیە، لە سەدەی شانزەدا ماجەلانی پێدا تێپەڕیوە و ماوەیەکیش لەوێ ماوەتەوە. ماجەلان دەریاوانێکی بەناوبانگی ئیسپانی بووە و لەو چەرخ و ڕۆژگارەدا ئیسپانیا و پورتوگال میری دەریا و زەریاکان بوون و زۆربەی دوورگە و وڵاتانی سەر دەریا کۆلۆنیی ئەمان بوون، بە گوامیشەوە کە کۆلۆنییەکی ستراتیجیی ئیسپانیا بووە و ماوەی سێ سەد ساڵ زیاتر لە ژێردەستیدا بووە.

ساڵی ١٨٩٨ جەنگێك بەرپا بووە لە نێوان ئەمەریکا و ئیسپانیادا و ئەنجام ئیسپانیا جەنگەکەی دۆڕاندووە و گوامی لە دەست دەرچووە و بووە بە کۆلۆنیی ئەمەریکا. بەڵام سەیر لەوەدایە، تا ئێستاش کولتوور و فەرهەنگی خەڵکەکە هەر کاریگەریی فەرهەنگی ئیسپانیی لە سەرە و تا ئێستاش فەرهەنگی ئەمەریکایی بە تەواوەتی جێی خۆی نەکردووەتەوە لە نێو خەڵکی گوامدا کە چەمۆڕۆیان Chamorrow پێدەڵێن و بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر ڕەگەزی مالیزی – فلیپینی و تێکەڵەی خەڵکی ئەو سەدان دوورگەیەی ئەو ناوە. (لە لاپەڕەکانی داهاتوودا وردەکاریی زیاتر لە سەر گوام دەخوێنیتەوە).

ئێمە لە گوام کرابووین بە دوو بەشەوە، نزیکەی هەزار کەسێکمان بەر کەمپ و خانووەکانی هێزی دەریایی (مارینز) کەوتبووین لە شوێنێکی بەرزی زۆرخۆشی دوورگەکەدا و دەیڕوانییە سەر ئۆقیانووسی پاسیفیك و شاری ئەگاناشدا، کە پێتەختی دوورگەکە بوو. ئەم بەشە پێیان دەوت تیجان یان تییان Tiyan. ئەودوای خەڵکەکە کە ماوەی ١٠ – ١٢ کیلۆمەترێك لە باکووری ئێمەوە بوون لە کەمپی بنکەی هێزی ئاسمانی کە ناوی ئەندەرسن ساوس Anderson South بوو، لە بەر تەختیی شوێنەکە و قەرەباڵغیی خەڵکەکە لێرە نارەحەت بووبوون. لە هەردوو شوێنەکە نەیاندەهێشت تێکەڵی شار و خەڵکی دوورگەکە ببین و هەموو پێداویستیی خۆراك و پۆشاك و شوێنی حەوانەوەیان بۆ خەڵکەکە دابین کردبوو. هەر دوو ماڵ و سێ ماڵ لە خانوویەکی سێ چوار هۆدەییدا خەڵکەکەی وەرس کردبوو و گەلێ کێشەش دروست دەبوو لە سەر خواردن و چێشتلێنان و قسە و قسەلۆکی ژنان. لێرەوە پرۆسێسی موعامەلاتی خەڵك ڕایی دەکرا، لە ڕێگەی دەزگای کۆچی ئەمەریکییەوە Immigration Naturalization Service کە کورتەکەی بە INS دەناسرێ و ژمارەیەکی زۆر کوردی پێشتر نیشتەجێی ئەمەریکایان هێنابوو بۆ کاروباری وەرگێڕان و ڕاییکردنی موعامەلاتی نیشتەجێکردن لە ویلایەتەکانی ئەمەریکادا. ئەوجا لە پاش نزیکەی سێ مانگ وردە وردە و بە وەجبە گواستنەوە دەستی پێکرد بۆ ناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

وەك پێشتر باسم كرد قەدەغە بوو تێكەڵی خەڵك بین، چونكە جارێ لە ڕووی قانوونییەوە هیچ بارێكمان ساغ نەبووبۆوە، بەڵام هەندێ جار خەڵكێكی ئەوان بۆ ئەنجامدانی هەندێ كاروبار دەهاتنە كەمپەكانەوە و چەند جارێك هەندێك كچ شوویان دەكردە كوردی لای خۆمان بۆ ئارایشت لەگەڵ كۆمەڵێكی تردا دەیانبردنە ناوشار و هاوكاریی دەكران، یان هەندێك ژن بۆ منداڵبوون دەبرانە نەخۆشخانەكان. بەڵام بەردەوام ڕۆژنامەیەكی سەرەكیی دوورگەكەمان پێدەگەیشت وابزانم ناوی پاسیفیك نیوز بوو و هەواڵی جۆراوجۆری دورگەكەی لەخۆ دەگرت. یەك لەو هەواڵە سەیرو سەمەرانە باسێكی ئێمە بوو كەوا "چەند هەزار كوردێك لە باكووری عێراقەوە، لە دەست سەدام حوسێن هەڵاتوون و لە ڕێگەكاندا بەرەو ئەمەریكا هێنراونەتە ئێرە و بێئەوەی بیانبینین یان تێكەڵیان بین ڕێژەی دانیشتوانی دوورگەكەیان لە سەدا ١٠ بەرزكردووەتەوە"، هەروەها لە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەكە گەلێ سكاڵا و نارەزایی دەبینرا لە سەر داگیركردنی ئەمەریكا بۆ جزیرەكە و شێوازی بەڕێوەبردنی، كە جارێك وەك موقاتەعەیەكی تایبەت territory حیسابی بۆ دەكرا و جارێك دەكرا بە پاشكۆی ویلایەتی هاوای كە حەوت سەعاتی فڕۆكە لێیەوە دووربوو. تەنانەت حاكمی دوورگەكە لەو دەمەدا، كارڵ گۆیتەڕێز، داد و بێدادی بوو لەو بارودۆخە. ئەو دەمە ئێمە لەوێ بووین تەكنیكی پەیوەندی كردن وەك ئێستا نەبوو و زۆر بەكەمی بە تەلەفۆن دەمانتوانی پەیوەندیی بكەین بە ئەمەریكا و ئەورووپاوە و زیاتر نامە ناردن بوو، ئەویش زۆر سست و خاو بوو. تەلەفزیۆنیش تەنها CNN كەڵكی هەبوو ئەویش بۆ ئەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیای دوور و پاسیفیك تەنها هەواڵەكانی ئەو شوێنانە و هەندێكیش ئەمەریكا و جاروبارێكی كەم هەواڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پەخش دەكرد و تا ڕادەیەك دابڕابووین. نەشماندەزانی كەی موعامەلاتمان تەواودەكرێ و ئایا دەچینە ئەمەریكاوە یان نە، لەوێ چیمان بەسەردێ و چۆن دەژین. ئەمانە هەموو پرسیاری بێ وەڵام بوون و بەتەواوی نیگەرانیان كردبووین و ئەو چاوەڕوانییە بێزاری كردبووین. ئەو كوردانەی كە لە ئەمەریكاوە هێنرابوونە ئەوێ بۆ كاروباری موعامەلات و وەرگێران وەڵامێكی وایان دەدایەوە كە زۆر دڵخۆشكەر نەبێت و دەیانوت خۆت و بەختت بەر كوێ دەكەویت، ڕەنگە بەر شار و ویلایەتێك بكەویت ڕێكخراوی خۆبەخش یان كەنیسەكان هەموو شتێكت بۆ مەیسەر بكەن یان بەر شوێنێك بكەویت مقەبا شڕەیەكیشت پێ ڕەوا نەبینن و ناچاربیت خۆت كاری خۆت مەیسەر بكەیت. ئەمەریكییەكان خۆیشیان هەر وایان پێدەوتین. ئێمە ئەوكاتە بڕوامان بەم قسانە نەدەكرد و دەمانوت ئەمانە درۆمان

لەگەڵ دەکەن، کەچی دواتر کاتێ چووینە ئەمەریکاوە بۆمان دەرکەوت وایە و ئەولاتریش و ئێرە وەك ئەوروپا نیە هەموو شتێکت بۆ دابین بکەن. بەهەرحاڵ دواتر دێمە سەر ئەم باس و خواسە.

من مانەوەی نزیکەی چوار مانگم لە گوام بە هەل زانی و کەوتمە تەواوکردنی وەرگێڕانی کتێبە ناوازەکەی میدڵ ئیست ووچ "جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد"، کە تا ئێستاش بابەتیترین و زانستیترین کارە لە سەر ئەنفال ئەنجامدرابێت. ڕۆژانە ١٠ – ١٢ سەعات کارم تێدا دەکرد بەو هیوایەی کە چووینە ئەمەریکاوە ئەو دەزگایەی دەریکردووە زۆر کەیفخۆش دەبێت و یەکسەر وەرگێڕانە کوردییەکەی چاپ دەکات و ستایشی منیش دەکەن، کەچی بە پێچەوانەوە تووشی سەرئێشەشی کردم. لە گوام ڕاستە خواردن زۆر بوو و یانەیەکیش تەرخان کرابوو بۆ پشوودانو کات بە سەربردن و تەماشای تەلەفزیۆن و خوێندنەوەی کتێبی جۆراوجۆر و "تاقە ڕۆژنامەکەی گوامیش"، بەلام من لەو ماڵەدا کە تێیدا لەگەڵ ماڵی کاك حەسەن و کاك دڵشاد نیشتەجێ کرابووین کورسی و مێزێکم دەست نەکەوت لە سەری بنووسم و کاری ڕاست بێت ماموستا ئەرشەدی شێخ حەسەن کارتۆنە مقەبایەکی ئەستووری بۆ پەیداکردم لە سەری بنووسم. لەوێ دەبوو هەر دوو ڕۆژ جارێك بچیت لە گەنجینە سەموون و خۆراکی وشکە و گۆشت و مریشك و سەوزە و میوەی ئەو دوو ڕۆژە وەربگریت بۆ ئەو کەسانەی لەو خانووەدا نیشتەجێن و ئێمەش ئەم کارەمان کردبوو بە نۆرە لە ناو خۆماندا، بەلام هەردوو دراوسێکەم فرەجار منیان لەو ئەرکە دەبوارد بۆ ئەوەی خەریکی وەرگێڕانی جینۆساید بم. تەنها شتێك کە ئاسوودەی دەکردم ئەوەبوو ژوورەکەم لە نهوومی دووەم بوو و دەیڕوانییە سەر پانتایی ئۆقیانووسی پاسیفیکدا، کە فرەجار دیمەنی پاپۆڕێکی کێوئاسا یان نەهەنگێك لە دوورەوە ئاسوودەی دەکردم. وەك وتم من سەرومڕ ئەو کاری وەرگێڕانەم دەکرد و تەنها ئێواران ماوەی نزیکەی سەعاتێك دەچوومە یانەی حەوانەوە و لەوێش پرسیاری ناوی ئەو شاخ و گوند و شوێنانەم دەکرد کە لە دەقە ئینگلیزییەکەدا بە هەندێك شێواوی نووسرابوون و ئەوی خۆم شارەزای نەبوومایە لە زاری ئەو دۆستانەمەوە کە خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بوون ڕاستم دەکردنەوە.

ئێمە دواتر بیستمانەوە کە لە وڵاتی خۆمان قاو داکەوتووە گوایە بردووینیان بۆ جزیرەیەکی دوور و لەوێ زۆربەمان هەر مەیموون خواردوویینی و ئەمەش کەسوکارمانی

زۆر نیگەران کردبوو. ڕاستە جزیرەکە دوور بوو و لە دیدی وڵاتی خۆمانەوە لەوپەڕی دنیابوو، بەڵام ئێمە لەم جەنگەڵستانی دوورگەیەکی ئیستیوائیدا یەك مەیموونیشمان نەبینی، بەڵکو منداڵە بچووك و لاسارەکانمان بووبوونە مەیموون و بە دارگوێزی هەندیدا هەڵدەزنان. لە ئاژەڵ و گیانداری کێویدا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاین ئەم دوورگەیە جۆرە مارێکی زۆری تێدابوو پێیان دەوت ماری قاوەیی و گەڵێ جار لە کەمپی ئەندرسن ساوس دەچوونە ماڵەکانیشەوە بەڵام لە کەس نەبیستراوە هیچ زیانێکیان بۆ بنیادەم بووبێت. جارێکیان من لە ڕۆژنامەکەی گوامدا خوێندمەوە کە ئەم مارانە جێی مەترسین بۆ مراوییە کێوییەکانی دوورگەکە چونکە بەزۆری دەیانخۆن.

لە گوامدا زۆربەی خانووەکان نزم دروست کراون و یەك نهۆم یان دوو نهۆمن لەبەر جۆرە زریان و گەردەلوێك کە دەریای چین و ئۆقیانووسی پاسیفیك و وڵاتانی فلیپین و چین و ژاپۆن و تایوان و دوورگەکان بە دەستیەوە دەناڵێنن. ئەم زریانە ناوی تایفوونە ساڵی هەشت نۆجار لەم ناوچانە دەدات و گەڵێ زیانی مادی و گیانییان لێدەکەوێتەوە. لەم جۆرە زریانەدا خێرایی با دەگاتە نزیکەی ٣٠٠ کم لە سەعاتێکدا و تا ئەو خێراییەش زیاتر بێت زیانی زۆرتری لێدەکەوێتەوە. چەقی زریانەکە پێی دەڵێن چاو، با توندەکەش بەدەوریدا دەسووڕێتەوە و هەرچییەکی بەرکەوێ رایدەماڵێ و تێکیدەشکێنێ و شەپۆلە بەرزەکانی دەریاش لە دوورگەکاندا گەڵێ شوێن ژێر ئاو دەخەن. لێرە پەنجەرەی خانووەکان لە پشت شووشەکانەوە بە دەرابەی ئاسن گیراوە و لە کاتی تایفووندا دادەدرێتەوە سەر پەنجەرەکان نەوەك ڕەشەبای توندی زریانەکە بیانشکێنێ. پێش بەرپابوونی گەردەلوەکە بە میدیا بانگەواز بڵاودەکرێتەوە کە ئاو و خواردنی نزیکەی ٤ – ٥ ڕۆژی ماوەی زریانەکە هەڵبگیرێت و کەس لە ماڵ نەچێتەدەر و هەرچی داموودەزگایە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ بەرەوڕووبوونەوەی هەر پێشهات و کارەساتێك. ئەو دەمە ئێمە لەوێ بووین تایفوونێك هەڵیکرد چاوەکەی لە نزیك دوورگەی سایپانەوە بوو کە نزیکەی ٣٠٠ کیلۆمەتر لە گوامەوە دووربوو کەچی لەوێ باوبۆران کارێکی پێکردین با بە دەواری شڕی نەکات و خەڵکی دوورگەکە و ئێمەش لەترسا گیان گەیشتبووە کونە لووتمان. لە مێژووی ئەم دوورگەیەدا تایفوون و جۆرێکی تریش کە پێی دەڵێن سوپەر تایفوون و زۆر بەهێزترە، گەڵێ زیانیان داوە بەتایبەتی لە خانووبەرەی نەریتی و کۆنی خەڵکی ڕەسەنی دوورگەکە (چەمۆرۆ) کە ژیانیان لە سەر ڕاوە قرژاڵ و ماسی و هەندێ کشتوکاڵی ئیستیوائیە و بەو خانووانەدا دیارە گوزەرانیان زۆر خۆش نیە. بەڵام لە شاری ئەگانا بینای بەرز و جوان هەن و خانووبەرەش

لە سەر مۆدێلی نوێو فرەجاریش لە سەر مۆدێلی چینی و ژاپۆنی دروستکراون و باکیان بە تایفوونو باوکی تایفوونیش نیە. ئەوەی لەگوامدا زۆر سەرنجی ڕاکێشام و لە ڕۆژنامەکە (کە بە زمانی ئینگلیزییە) و ئەو چەند کەسە کەمەی دەمبینین پاراستنی فەرهەنگی ئیسپانی بوو. لای دانیشتووان بێجگە لە زمانی چەمۆرۆ زمانی ئیسپانی دووەم زمانە و ئینگلیزی، هەرچەندە زمانی ڕەسمیشە، بەلام دوای ئەو دێت. لە ڕۆژنامەکەدا کاتێ هەواڵی مردنی کەسێکیان بلاودەکردەوە چارەکە لاپەڕەیەکی دەگرتەوە بەم مانایە: "فلان کەس بەر ڕەحمەتی خودا کەوتووە و باوکی فلان و فیسارە و خەزووری فلان و فیسارە و زاوای فلان کەسە و پوورزا یان ئامۆزای ئەم و ئەوە و ئیتر بەتانیدا دەڕۆیشت تا دەگەیشتە ئەوەش کە بە خوێی چێشت پێیان دەگاتو پاشان دەیوت لە فەلان کەنیسە ڕاکشاوە بۆ ماڵئاوایی کردن". لە بەشی ئاین و باوەڕی ڕۆژنامەکەشدا هەرچی ئاین و مەزهبی سەر ئەرزە لەم دوورگەیەدا جاڕ بۆ خۆیان دەدەن بە مەسیحی و جوولەکە و ئیسلام و بووزی و کۆنفۆشیۆسی و کاسۆلیك و پرۆتستانت و نازانم چی و چییەوە. بەلام ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام جارڕدانی کۆمەڵێکی بەهائی بوو بۆ ئایین یان ئاینزاکەیانو ناوەکانیشی لە عەرەبی دەچوون و ئەمەم لە هیچ شوێنێکی تری سەر ئەرزدا نەبینیوە. ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام و یەکەمجار بوو چاوم پێبکەوێت شۆرت لەپێکردنی ژنان بوو. لەوێ ئەو ژنە ئەفسەر و سەربازانەی بۆ بەڕێوەبردنی کەمپەکەی ئێمە هەڵدەسووڕان بەیانیان بە جلی خاکیی سەربازییەوە و گەلێکیشیان ئێواران نیوەڕووت و بە شۆرتێکی کورتەوە دەسووڕانەوەو ڕانە سپی و ناسکەکانیان ئاوی چاوی دەبرد و لیکی پیاوانی ئێمەی بۆ دەڕژا.

لە ناو ئەوانەدا ئەفسەرە ژنێکی زۆر جوان هەبوو ناوی کاپتن کۆرین بوو، ئێواران هەرچی کوردە دەبوو بە تەماشاکەری پاو پووزە خڕومڕەکانی کاتێ کە شۆرتی لەبەردەکرد. لەوێ خەڵك لە کۆرسی جۆراوجۆری فێربوونی زمان و موحازەرات لە سەر ژیان و گوزەرانی ئەمەریکا بەشداری دەکرد و ئەو هۆڵەی کەوا کاپتن کۆرین موحازەرەی تێدا دەوتەوە بەرنەدەکەوت و زۆر قەرەباڵغ بوو لەبەر جوانیەکەی. ماوەیەك کاپتن کۆرین دیارنەما و پاشان گرژ و مۆن دەردەکەوت. قاو داکەوت، گوایە کوردێکی دۆنەدیو داوای ماچێکی لێکردووە، بەلام بۆم ساغ نەبووەوە ڕاست بوو یان درۆ!

هەندێك زانیاری لە سەر دوورگەی گوام

خوێنەری بەڕێز

لە دوادوایی ساڵی ١٩٩٦دا كاتێ نزیكەی حەوت هەزار كورد لە كوردستانی عێراقەوە گوێزراینەوە بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و قۆناخی یەكەمی سەفەرەكە و نیشتەجێكردنی كاتیمان دوورگەی گوام بوو، كە دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئۆقیانووسی پاسیفیكەوە، كەسوكار و خەڵكی وڵاتی خۆمان دەستیان لێشۆردین و هەر یەكە قسەیەكی كردبوو، وەك فڕێیانداوینەتە دوورگەیەك و خەریكە لە برسا دەمرن و مەیموون و تیمساح هەموویانی خواردووە.

ڕاستێكەی ئەم شوێنە تا بڵێی دوور بوو بەڵام دەتوانم بڵێم خۆشترین شوێنی سەر ئەرز بوو. لێرەدا هەندێك زانیاریی لە سەر ئەم شوێنە بۆ نموونە دێمەوە وەك بەراورد كدێك لە گەڵ وڵاتی خۆماندا، بۆ ئەوەی بزانرێ چەندمان جیاوازیی هەیە لە ڕووی تۆماكردن و بە دۆكیومێنت كردنی ورد و درشتی بوارەكانی ژیاندا. كەسێكیش بیەوێ شتی زیاتری لە سەر بزانێ دەتوانێ بچێتە سەر سایتەكانی ئینتەرنێت و بەراوردی خۆی بكات.

- دوورگەی گوام لە ساڵی ١٥٢١ دا لە لایەن فێردیناند ماجەلانی Ferdinand Magellan دەریاوانی ئیسپانییەوە دۆزرایەوە.
- دەكەوێتە سەر هێڵی پانی ١٣ ی سەروو كەمەری زەوییەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیای ئۆقیانووسی پاسیفیكدا و یەكێكە لە دوورگەكانی ماریانای باكوور. ماوەی نزیكەی ٢٣٠٠ كم لە ڕۆژهەڵاتی فلیپین و باشووری ژاپۆنەوەیە.
- ڕووبەری ٥٤٩ كیلۆمەتری چوارگۆشەیە، درێژیی ٤٥ و پانیی نزیكەی ١١ كیلۆمەترە.
- ژمارەی دانیشتوانی ١٦٨ هەزار كەسە.
- بەرزترین شاخ: لاملام Lamlam ٤٠٦ مەتر.
- سەرچاوەی سروشتی: ڕاوەماسی و گەشتوگوزار (بە تایبەتی ژاپۆنی).
- زریانی زۆر لە وەرزی باران بارینددا و بە تایبەتی تایفوونی ترسناك لە مانگەكانی (حوزێران – دێ سەمبەردا).

- ژینگە: لەناوچوونی باڵندەی دوورگەکە لەلایەن ماری قاوەییەوە کە حاڵی حازر زۆر بە خێرایی زاوزێ دەکەن و زیاد دەکەن.
- تێکڕا ڕێژەی تەمەنی دانیشتوان: ٦٥ ساڵ.
- تێکڕا ڕێژەی زیادکردنی دانیشتوان: ١،٤٦٪.
- تێکڕا ڕێژەی مردن: ٤،٤١ لە هەزاردا.
- تێکڕا ڕێژەی مردنی منداڵ: ٦،٩٤ لە هەزاردا.
- گرووپی ئەتنی: چەمۆڕۆ ٣٧٪، فلیپینی٢٦٪، خەڵکی دوورگەکانی تری پاسیفیك ١٢٪، سپی پێست ٧٪، ئاسیایی ٧٪، تێکەڵە ١٢٪.
- ئاین: کریستیانی کاسۆلیك ٨٥٪، هیتر ١٥٪.
- زمان: ئینگلیزی ٣٨٪، چەمۆڕۆ ٢٢٪، زمانەکانی فلیپین ٢٢٪، زمانەکانی تری دوورگەکانی پاسیفیك ٧٪، زمانە ئاسیاییەکان ٧٪، هیتر ٤٪.
- ڕێژەی خوێندەواری: ٩٩٪.
- حاڵەتی سیاسی دوورگەکە: هەرێم یان موقاتەعەیەکە سەر بە کاروباری دوورگەکان لە وەزارەتی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.
- پایتەخت: شاری ئەگانا Agana.
- پشووی نیشتمانی: ڕۆژی دۆزینەوەی دوورگەکە لە ساڵی ١٥٢١ (کە دەکاتە یەکەم دووشەممەی مانگی مارتی هەموو ساڵێك).
- دەنگدان: تەمەنی ١٨ ساڵ، هەموو دانیشتوان هاوڵاتی ئەمەریکین، بەڵام لە هەڵبژاردنی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا مافی دەنگدانیان نیە.
- ئەنجومەنی یاسادانان: ١٥ کەسە و هەردوو ساڵ جارێك هەڵبژاردنی گشتی بۆ دەکرێت. حیزبی دیموکرات ٦٪ و کۆماری ٩٪.
- ئاڵا: لە پاڵ ئاڵای ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ئاڵای دوورگەکەش هەڵدەکرێت کە بریتییە لە ڕەنگی شینی تێر و چوارچێوەیەکی سوور و لە ناوەڕاستدا کەشتییەکی چارۆکەدار و داری گوێزهندێك.
- ئابووری: خەرجی سوپای ئەمەریکی، گەشتوگوزار، ڕاوەماسی و کشتوکاڵ.
- هێزی کار: ٦٠ هەزار کەس.
- بودجە: داهات ٣٤٠ ملیۆن دۆلار خەرج ٤٤٥ ملیۆن دۆلار (کە ئەمەریکا هاوتای دەکاتەوە).

- بەرهەمی کشتوکاڵ: میوە، گوێزهەندی وشککراوە، سەوزە، هێلکە، گۆشتی بەراز، پەلەوەر(دەواجن)، گۆشتی مانگا.
- پیشەسازی: سوپای ئەمەریکی، گەشتوگوزار، بیناسازی، کەشتیسازی، چیمەنتۆ، چاپ و بڵاوکردنەوە، پیشەسازیی خۆراک، چنین.

بەرهەمی کارەبا: ٨٣٥ ملیۆن کیلۆ وات (کە ٧٧٦ی سەرف دەبێت).

- بەکارهێنانی بەرهەمی نەوت: ٢٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە.
- کاڵای هەناردە: گواستنەوەی بەرهەمە نەوتییەکان، کەرەستەی بیناسازی، ماسی، بەرهەمی مەشروبات وخۆراك.
- کاڵای هاوردە: بەرهەمەکانی نەوت، خۆراك، کەلوپەلی پیشەسازی. لە سەنگافوورە، ژاپۆن، کۆریای باشوور، هۆنگ کۆنگەوە.
- یارمەتی ئابووری: گوام لە گەنجینەی حکومەتی فیدرالی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە ساڵانە نزیکەی ١٥٠ ملیۆن دۆلار یارمەتی وەردەگرێت و بەپێی یاسایەکی تایبەتی کۆنگرێس خەڵکی گوام باجی دەرامەت نادەن.
- ڕێگاوبانی سەرەکی: ٩٦٢ کم قیر، ١٥ کم قیرنەکراو.
- بەندەر: بەندەری ئەپرا Apra harber.
- شار و شارۆچکە: ئەگانا Agana (پایتەخت)، تامونینگ Tamuning پێگۆ Pego، ئاگات Agat مێریزۆ Merezo.

چەردەیەك لە مێژووی گوام

- چەمۆڕۆی کۆن:

دانیشتووانی گوام پێیانوایە باوباپیرانیان دوو هەزار ساڵی پێش مەسیح لە هندستان و مالیزیاوە هاتوون و زمانەکەیان لە گرووپی زمانەکانی مالیزیا، ئیندۆنیسیا و فلیپینە. یەکەم کەسی ڕۆژئاوایی کە باسی چەمۆڕۆی کردبێت لە ساڵی ١٥٢١دا پیگافێتای مێژوونووسی گەشتی دەریایی فەردیناند ماجەلان بووە کە بە دەریادا چواردەوری گۆی زەوی گەڕاوە. چەمۆڕۆ میللەتێکن بە ڕاوەماسی و باخدارییەوە خەریکبوون و شارەزای دەریا و دەستڕەنگینی کارامە بوون لە گۆزەکاری و کەشتیوانی و خانووی جیاکاردا کە بۆ ئەم ژینگە و ناوچەیە بگونجێت. چەمۆڕۆ بە قۆناخێکی بەهێزی دایکسالاریدا

تێپەڕیون و ژن بایەخێکی گەورەی هەبووە لەم کۆمەڵگایەدا و داگیرکەر ئیسپانەکان درکیان بەم ڕاستییە کردووە و ئەمەش وایکردووە کەوا فەرهەنگی چەمۆڕۆ بە زمان و گۆرانی و سەما و نەریتیانەوە تا ئەمڕۆ بە زیندوویی بمێنێتەوە.

- **چەرخی داگیرکردنی ئیسپانی ١٥٦٥ ـ ١٨٩٨**

یەکەم پەیوەندیی دوورگەی گوام و ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کەوا فەردیناند ماجەلان بە سێ کەشتییەوە لە ٦ ی مارتی ١٥٢١ و لە کەنداوی ئوماتاگی دوورگەکەدا لەنگەری گرت، کاتێ کە بە چواردەوری جیهاندا گەشتی دەریایی دەکرد. لەم کاتەدا چەمۆڕۆ پەلاماریاندان و خەریکبوو لەناویانبەرن بەڵام گرمەی تۆپە گەورەکانی ترینیداد ترساندنی و ناچاری پاشاکشێی کردن بۆ بێشە و جەنگەڵستانی دەورووپشت.

گوام و دوورگەکانی تری ماریانا لە ساڵی ١٥٦٥ دا بە ڕەسمی خرانە ژێر ڕکێفی تاجی پاشایەتیی ئیسپانیاوە. لە ساڵی ١٦٦٨ دا مسیۆنێرە مەسیحییەکان بە ڕابەریی سان ڤیتۆرس گەیشتنە گوام و مۆرکی ئەورووپایی شارستانی و مەسیحییەت و بازرگانییان تێدا دامەزراند. ئیسپانەکان چەمۆڕۆیان فێری کشتوکاڵی گەنمەشامی (زوڕات) و بەخێوکردنی ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ و خۆشەکردنی پێستە کرد. بەم جۆرە مەسیحییەکان گوامیان کردە پردی هاتوچۆی ئۆقیانووسی پاسیفیك لە مەکسیکەوە بۆ فلیپین.

بە درێژایی ساڵانێکی دوورودرێژ چەمۆڕۆ لەگەڵ هێزە داگیرکارە ئیسپانەکاندا کەوتنە شەڕی بەردەوامەوە و بەجارێ قڕیان تێکەوت، تا وایلێهات لە ساڵی ١٧٤١ دا لە کۆی زیاد لە ١٥٠ هەزار کەس پێنج هەزاریان مانەوە کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون و ناچار کران لە پێنج گوندی دوورگەکەدا: ئەگانا، ئەگات، ئوماتاك، پاگۆ، فێنا بمێننەوە لە ژێر چاودێریی توندی قەشە و سەربازدا و بەزۆر هەموو ڕۆژێ دەیانبردنە کەنیسە بۆ فێربوونی زمان و دابونەریتی ئیسپانی. هەروەها سەربازی ئیسپانی و خەڵکی فلیپینیان دەهێنا بۆ ئەوەی تێکەڵیان بن و بەمجۆرە کۆتاییان بە "خوێنی پاك" ی چەمۆڕۆ هێنا. لە ساڵی ١٧٤٠دا زۆربەی چەمۆڕۆی دوورگەکانی

ماریانای باکووریان ڕاگواست بۆ گوام. ئـەم دوورگەیـە نزیکـەی ٣٥٠ سـاڵ لـە ژێـر دەسەڵاتی ئیسپانیادا مایەوە و تـا ئێستاش کاریگەرییەکی زۆری کولتووری ئیسپانیی بەسەرەوەیە.

- **چەرخی بەستنەوە بە ئەمەریکا تا ئەمڕۆ ١٨٩٨ ـ تا ئێستا:**

بە پێی ڕێکەوتننامەی پاریس و لە ئەنجامی جەنگی ئەمـەریکا – ئیسپانیاوە لـە ساڵی ١٨٩٨دا ئەمەریکا بە ڕەسمی گوامی لە ئیسپانیا کـڕی بـە ٢٠ ملیۆن دۆلار و لـەم کاتەدا دانیشتوانی گوام ١٠ هەزار کەس بوون و لـەو کاتـەوە گەلێ بـواری گەشـەکردنی بەخۆوە دیوە.

لە کـاتی جەنگی جیهانی دووەم و لـە ١٠ ی دیسـەمبەری ١٩٤١دا هێزەکـانی ژاپـۆن گوامیـان داگـیر کـرد و مـاوەی ٣١ مـانگ بـەمجۆرە مایـەوە و نزیکـەی ٦٠٠ کەسـی چەمۆڕۆی لە سێدارەدا.

لە ٢١ ی تەمووزی ١٩٤٤دا هێزەکانی ئەمەریکا بـە خەستی بۆمبارانی دوورگەکەیان کـرد و هـەزاران کەسی ژاپۆنـی و چەمۆڕۆ گیانیـان لەدەستدا و لـە پـاش هێرشـێکی توند گرتیەوە و ئـەنجام کوژرانـی حـەوت هـەزار سەربازی ئەمـەریکی و یـانزە هـەزار ژاپۆنـی لێکەوتـەوە و هێزەکـانی ژاپـۆن تێکشـکان و تاکوتەرایـەکیان مایـەوە لـە دوورگەکەدا پەرتوبلاو بوونەوە، کە سێرجنت شۆیچی یۆکۆی یـەکێك بـوو لەوانـە و ماوەی ٢٨ ساڵ لە ئەشکەوتێکی دوورگەکەدا خۆی شاردەوە.

گوام ئێستا یەکێکە لـە گەورەترین بنکـەی سـەربازیی ئەمـەریکا لـە ڕۆژهـەڵاتی ئاسیا و ئۆقیانووسی پاسیفیکدا.

تـا ئێسـتاش گوامییـەکان شـانازیی بـە ئەفسـانە و فۆلکلۆریانـەوە دەکـەن و لـە گـەلێ بـواری ژیـاندا پاراسـتوویانە وەك دەسـت مـاچکردنی بەسـاڵداچووان، ئەفسـانە، گۆرانـی، سـەما، نـەریتی یـەکتر دوانـدن، کـاری دەستڕەنگینی، ڕێوڕەسمی مردوو ناشتن، بەکارهێنانی گژوگیا وەك دەرمـان و داوای بەخشین لە ڕۆحی باوباپیران کاتێ کە دەچنـە نـاو بێشە و جەنگەڵەوە. ئێستاش چارەنووسی ئەو دوو دڵدارەی لە لووتکەی چیاوە خۆیـان هەڵدا دەریاوە و خنکان بابـەتێکی تایبەتـە لـە کولتـووری چـەمۆڕۆدا. کوڕەکـە نـاوە پونتـان دۆس

ئەمانتێس و کچەکەش شیرێنا، کەوا کیژێکی جوان بووە و لە ئەفسانەیاندا بووە بە حۆریی دەریا.

مانەوەی ئیسپانیا لە گوامدا بۆ ماوەی ٣٥٠ ساڵ کاریگەرییەکی زۆری بەجێهێشتووە و بە تایبەتی کەنیسەی کاسۆلیکی لە سەدەی حەقدەوە ڕۆڵی خۆی بینیوە.

** تێبینی: بێجگە لە گوام نزیکەی دە دوورگەی تر هەن لە دەفەری ماریانای باکووردا، هەر یەکەیان بە قەبارە و ڕووبەر و دانیشتووان لە گوام بچووکترن و تێکڕا ڕووبەریان ٤٧٧ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و دایشتووانیان نزیکەی هەشتا هەزار کەسە و بە سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمنوێلس جۆرە فیدراڵییەت و سەربەخۆییەکیان هەیە بەڵام لە ژێر ڕکێفی ویلایەتە یەکگرتووەکاندان.

دوورگەکان ئەمانەن: سایپان Saipan (کە لە هەموویان گەورەترە و شاری تینیانی پایتەختی دوورگەکان دەکەوێتە ئێرە)، ڕۆتا Rota، ئەناتاهان Anatahan، گوگوان Guguan، پاگان Pagan، ئەگریهان Agrihan(دوو لووتکە چیای بەرز لێرە هەن هەر بەم ناوانە و بورکانیان لە سەرە و گەڵێ جار دەتەقنەوە)، ئەسانسیۆن Acancion، ماوگ Maug تاد..

لووتکەی دوو دڵخواز و ئەشکەوتی عەریفە ژاپۆنییەکە

لە چیرۆکە سەیر و سەمەرەکانی دوورگەی گوام: کەمێك دوور لە شوێنەکەی ئێمەوە لووتکە شاخێك بە ڕاسەری پاسیفیکەوە بوو پێیاندەوت لووتکەی دوو دڵخواز یان دوو ئاشق و دەگێڕنەوە کەوا لە زەمانی کۆنی دوورگەکەدا کاتێ لە ژێر دەستی ئیسپانیادا بووە فەرماندەیەکی هێزی دەریاوانیی ئیسپانی لەوێ کەلکەڵەی ژنهێنانی دەکەوێتە سەر و دەستوپێوەندیش کچێکی جوانی جووتیارێکی هەژاری دوورگەکەی بۆ دەدۆزنەوە و باوکی ڕازی دەبێت و شیربایی مۆڵی خۆی وەردەگرێت، بەڵام کچەکە کوڕە هەژارێکی خۆشدەویست و بەم شووکردنە قایل نابێت و کاتێك بێ خواست و ڕەزای خۆی دەیگوێزنەوە بۆ فەرماندە، کە بەوپەڕی کەیفخۆشییەوە خۆی بۆ شەوی زاوابوون ئامادە دەکات، گوایە بووکی رازاوەی خەیاڵ لەئامێز بگرێت، کەچی هەر ئەو شەوە کچە لە گەڵ کوڕە دڵخوازەکەی خۆیدا دەچنە سەر ترۆپکی ئەو لووتکەیە و خۆهەڵدەدەنە نێو ئاوی ئۆقیانووسی پاسیفیکەوە و دەبنە قوربانی خۆشەویستییەکەیان. کوڕەکە ناوی پۆنتان و کیژە جوانەکەش ناوی سیرێنا دەبێت و بە پێی ئەفسانەی گوامییەکان تا ئێستاش لە شێوەی حۆریی دەریادا خۆی دەنوێنێت.

چیرۆکێکی تری خۆشتر کە بە واقیع ڕوویداوە. لە باکوری دوورگەکەدا ئەشکەوتێك هەیە پێی دەڵێن ئەشکەوتی عەریف شۆیچی یۆکۆی Shoichi Yokoi. وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ژاپۆن لە گەرمەی جەنگی جیهانیی دووەمدا ماوەی ٣١ مانگ (١٩٤١ – ١٩٤٤) ئەم دوورگەیەی داگیرکرد و ساڵی ١٩٤٤ ئەمەریکا پاش شەڕێکی قورس سوپای ژاپۆنی لێرە تێکشاندووە و ئەوی ڕایکردووە دەرباز بووە و ئەوی کە ماوەتەوە بە نەریتی هاراکیریی ژاپۆنیەکان خۆی هەڵداوەتە ئاوی زەریاوە و خنکاوە. پاش ئەو شەڕە ئەمەریکا گوامی گرتەوە. عەریفێکی سوپای ژاپۆن کە ناوی شۆیچی یۆکۆی دەبێت خۆناداتە دەستەوە و لە بەشی باشووری دوورگەکە و لە ناو جەنگەڵ و دارستانێکی چڕ و بێشەلاّندا لە سەر چەمێك کە پێی دەڵێن تالۆفۆفۆ کونێك هەڵدەدرێ بە لقی دار حەیزەران دەیتەنێت و دوور لە چاوی خەڵك و ئاوەدانی ژیانی تێدا دەگوزەرێنێت و لە سەرخواردنی گژوگیا و بەری دار و درەخت و مشك و مارماسی هێلکە شەیتانۆکە دەژی، جلوبەرگیش لە تویکڵەدار بۆ خۆی دروست دەکات، چونکە پێشتر بەرگدروو بووە لە وڵاتی خۆی.

ئەم پیاوە ماوەی بیست و هەشت ساڵ لەم کونە ئەشکەوتەدا خۆی دەشارێتەوە و کەس پێی نازانێ تا لە ٢٤ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٢دا دوو ڕاوچی دەیدۆزنەوە و بە ئامادەبوونی کونسوڵی ژاپۆن لە گوام لێکۆڵینەوەی لە گەڵ دەکرێت و دەردەکەوێت پاش هەشت ساڵ لە پارچە کاغەزێکی دۆزراوەدا هەواڵی کۆتایی جەنگی خوێندووەتەوە بەڵام باوەڕی پێنەکردووە و هەر بە تەما بوو سوپای ژاپۆن دوورگەکە بگرێتەوە و ڕزگاری بکەن. شیاوی باسە لە کاتی دۆزینەوەیدا پزیشك فەحسی دەکەن و بە سەرسامییەوە تەماشا دەکەن تەندروستیی زۆر باشە. ئەم ڕووداوە کاتی خۆی لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن بەزم و ڕەزمێکی خۆشی دروست کردبوو.

پاشان یۆکۆی دەبەنەوە بۆ ژاپۆن و ئاهەنگی گەورەی بۆ ساز دەکەن و بوو بە قارەمانی جەنگ و هاوڵاتیانی بایی نزیکەی هەشتا هەزار دۆلار دیاری و خەڵاتی پێدەبەخشن و پارەشی بۆ کۆدەکەنەوە و خانوویەکی بۆ دەکڕن و خاتوو میهۆکۆ هاتاشین دەخوازێ، چونکە پێشتر ژنی نەهێنابوو و کاتێ دۆزراشەوە تەمەنی ٥٨ ساڵ بوو. ساڵی ١٩٩١ ئەکیهیتۆی ئیمپراتۆری ژاپۆن بە ڕەسمی چاوی پێدەکەوێت. شیاوی باسە تا هەشت ساڵ پێش دۆزینەوەی یۆکۆی دوو سەربازی تری پەڕاگەندەی ژاپۆنی، بە ناوی جیجی و ناکاهادا، لە ئەشکەوتێکی تری نزیکی ئەوەی ئەمدا خۆ دەشارنەوە و سەردانی یەکتر دەکەن. بەڵام دواتر ئەمان لە برسا دەمرن و ئەم بە تاقی تەنها دەمێنێتەوە. یۆکۆی ساڵی ١٩٩٧ لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا بە نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی دەکات لە گۆڕستانی شاری ناگۆیای زێدی لە پاڵ گۆڕی دایکیدا دەنێژرێت.

تا ئێستاش هەر کەسێك سەردانی گوام دەکات دەچێتە سەر ئەو شوێنەی یۆکۆی خۆی تێدا شاردبۆوە و لە مۆزەخانەی شاری ئەگانای پایتەختیشدا تەواوی ئەو کاسە و کەویلە دارین و کانزاییانە پیشاندراون کەوا یۆکۆی لە ماوەی ٢٨ ساڵی خۆشاردنەوەکەیدا بەکاریهێنابوو.

له گوامەوه بۆ ئەمەریکا.. به سەر ئۆقیانووسی پاسیفیکدا

وا زیاد له سێ مانگه له دوورگەی گوامین و خەڵکەکه بەتەواوی بێزارن و کەس نازانێ لەو وڵاتە پان و پۆڕەی ئەمەریکادا چی بەسەردێت و چۆن دەژی. هەریەکە قسەیەك دەکات و ئەو وەرگێڕە کوردانەی لەوێوە هێنابوونیان بۆ کاری وەرگێڕان و ڕاییکردنی موعامەلاتی خەڵك گەلێکیان بووبوون به دۆستمان. یەك لەوانە هونەرمەندی سینەماکار جانۆ ڕۆژبەیانی بوو کەوا مایەی پێزانینە خزمەتی کردم و گەلێ نامەی بۆ گەیاندم و زۆری حەز دەکرد کالیفۆرنیام بەربکەوێ، چونکە خۆی لەوێ دەژیا و هاوکاری هۆلیوود بوو، هەروەها حەزیشی دەکرد سوود له کتێبی "جینۆساید له عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد" وەربگرێ بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێك لە سەر ئەنفال. بەڵام بەداخەوه ئەو ویلایەتەم بەرنەکەوت و له گوام بەدواوه هەواڵی کاك جانۆم نەزانی.

لەوێ، واته له گوام، دەکرا پەیوەندی به خزمێکت یان دۆستێکتەوه بکەیت که پێشتر له ئەمەریکا نیشتەجێ بووبێت بۆ ئەوەی ببێته سپۆنسەرت، یان به پێی کولتووری ئیداریی لای خۆمان شێوه کەفالەتێکت بکات. ئەگەریش کەسی وات شك نەبردایه دەکرا چەند کەسێکی خزم و دۆست ناویان به یەکەوه بنووسیایه بۆ ئەوەی پێکەوه بەر یەك شوێن بکەون و دواتر دەرکەوت له دەزگای کۆچی ئەو وڵاتەوه زۆر کاریان بەمەی دوایی کردووه. من یەکەمجار پەیوەندیم کرد به کاك تیشکۆ زەندەوه، که دۆستی کوڕێکی ژنبرام بوو، بەڵام من نەمدیبوو و نەمدەناسی. خواهەڵناگرێ زۆر پیاوانه بەدەممەوه هات و بەڵێنی دا ببێته سپۆنسەرم و ڕامکێشێ بۆ کالیفۆرنیا، که خۆیشی لەوێ بوو. هەر لەو دەمەشدا پەیوەندیم کرد به هاوڕێیەکی سەردەمی قوتابێتیمەوه له کفری، که ناوی عەلی زەندی بوو و له ساڵی ١٩٧٦ەوه پەڕاگەندەی ئەو وڵاتە و لە شاری ساندیاگۆی باشووری کالیفۆرنیا نیشتەجێ بووبوو. کاك عەلی به دەستوورێکی عەشایەرانه و کوردانەی لای خۆمان پێی وتم عەیبە تۆ تەلەفۆنت بۆ خەڵکیتر کردووه ببێته سپۆنسەرت ئەی من چیم لێره، خۆم هەموو کارێکت بۆ مەیسەر دەکەم و هەقت نەبێ. ناچار منیش بە سوپاسەوه سپۆنسەرییەکەی کاك تیشکۆم ڕەتکردەوه و به تەمای کاك عەلی دۆستم بووم.

دەبێ ئاماژه بۆ ئەوه بکەم کەوا زۆربەی خەڵکەکە لە گوام کالیفۆرنیایان نووسیبوو، لەبەر ئەوەی ویلایەتێکی خۆشه و چوار وەرزە بەهارە. بێجگە لەوەش کاروباری سۆشیاڵ

لەم ویلایەتەدا وەکو ئەوروپا وایە و ئەگەر کاریش نەکەیت ژیانت هەر مسۆگەرە. ئەوجا لەو شارەشدا "سانديياگۆ" کە من بەتەمابووم بۆی بچم وەك باس دەکرا کوردێکی زۆری سالانی پێشتری لێ دەژیا و لەوێ کەمتر هەستت بە غەریبی دەکرد.

لە گوام هەر دوو سێ ڕۆژ جارێك وەجبەیەکی ٨ – ٩ خێزانییان دەگواستەوە و ئەوی ناوی دەهاتەوە زۆر خۆشحاڵ دەبوو. کاتی خواحافیزیش خۆشی و گریان تێکەڵ دەبوون و ئەوی دەڕۆیشت ئیتر هەواڵمان نەدەزانی، چونکە وەك پێشتر باسم کرد لە سەرێکەوە هۆکاری پەیوەندیی وەك ئێستا نەبوو لە سەرێکی تریشەوە لەبەر ئەوەی گوام دوو پێگەی زۆر گەورەی هێزی دەریایی و ئاسمانی ئەمەریکای لێبوو بە هۆی بارودۆخی ئەمنی سەربازییەوە پەیوەندیکردن ڕەها نەبوو.

ئێمە زۆر دڵمان بەوە خۆش بوو کالیفۆرنیا چاوەڕێمان دەکات و زۆر لە برادەرەکانم بەغیلییان پێدەبردم کە دۆستێکی وەك کاك عەلی زەندیم لەو وڵاتە هەیە. ڕۆژی ٢٥ ی مارتی ١٩٩٧، هەواڵیان داینێ خۆمان کۆبکەینەوە و بەیانیی زووی ٢٦ ی مانگ خۆمان و جل و جانتایان بردین بۆ فڕۆکەخانەی گوام و کاتێ تەماشامان کرد بە خەتی گەورە لە سەر جانتاکان نووسراوە "ATL" و کاتێ پرسیارمان کرد ئەمە چ شوێنێکە وتیان شاری ئەتلەنتای ویلایەتی جۆرجیایە و بەجارێ نیگەران بووین، باشە خۆ ئێمە بە تەمای سانديياگۆ ـ کالیفۆرنیا بووین، گوایە بۆچی وایلێهات! بەهەرحاڵ تازە چارنیە و بەیانیی زووی ئەو ڕۆژە گوامان بەجێهێشت و بە سەر شینایی ئاوی ئۆقیانووسی پاسیفیکدا دەفڕین و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی سەرتاپا مێشکی گوشیبووین. فڕۆکەکەمان یانزە هەزار مەتر بەرزبووبۆوە. کاتێ تەماشای شینایی خوارەوەمان دەکرد زەندەقمان دەچوو، چونکە ئەو پاپۆڕانەی لە گوام دەمانبینین بە قەد کەژێك دەبوو، لە ئاسمانەوە بە قەد چۆلەکەیەکیان دیاربوو. باشە بۆ ATL و کێ لەوێ چاوساغمان دەبێت و کێ بە هانای غەریبی و پەراگەندەییمانەوە دێت! ئێمە بیستبوومان لە سەر خاکی ئەمەریکا کەنیسە و ڕێکخراوی خۆبەشی زۆر بۆ یارمەتیدانی پەنابەر هەن و ئەوەشمان دەزانی کە هی وایان تێدایە باشە و جێگە و ڕێگەی گونجاوت بۆ دابین دەکەن و هەشیانە لە ژوورێکی ڕەق و تەق بەولاوە هیچی ترت بۆ دابین ناکەن و ڕۆحمان لەمەیان چووبوو. بەڵام چارچیە چی دەبێ بابێ، خۆمان بە خۆمانمان کردووە و کەس زۆری لێنەکردووین.

ماوەی نزیکەی حەوت سەعات بە ئاسمانەوە بووین و لەپڕ لە تاقمی فڕۆکەکەوە ئاگادارییەك بڵاوکرایەوە کە لە دوورگەکانی هاوای نزیکبووینەتەوە و خۆتان ببەستنەوە

کەمێکی تر لە فڕۆکەخانەی شاری هۆنۆلۆلۆی هاوای دادەبەزین. هۆنۆلۆلۆ Honolulu جوانترین شاری سەر ئەرزە لە ئاسمانەوە بینیبێتم، زۆربەی ماڵەکانی شارەکە بە لاپاڵی شاخێکی بەرزی پڕ دارودرەختەوە چین لە سەر چین دروستکراون و تا چاو بڕبکات جزیرەکە شاخ و سەوزایی و دارە. ماوەی چوار پێنج سەعاتێك لە فڕۆکەخانەی هۆنۆلۆلۆدا ماینەوە و لێرە فڕۆکەکەیان گۆڕین و خۆشمان نەمانزانی چۆن جانتاکانیان گواستەوە بۆ فڕۆکەیەکی تر. لێرەدا بۆیە باسی گواستنەوەی جانتا دەکەم، چونکە دواتر کە گەڕاینەوە بۆ کوردستان لە فڕۆکەخانەی ئەستەمبووڵدا بە جۆرێك مامەڵەیان لەگەڵ گواستنەوەی جانتادا دەکرد، کە زیاتر لە خان دەچوو نەك فڕۆکەخانە. ئەمجارەیان سێ یان چوار خێزان بووین و گوێزراینەوە فڕۆکەیەکی گەورە کە چەند سەد کەسێکی تێدابوو، زۆربەیان کوڕ و کچی گەنج بوون سەیرانی هاواییان کردبوو دەگەڕانەوە. ئەمجارەشیان حەوت سەعات بە ئاسمانەوە بووین تا گەیشتینە ویلایەتی کالیفۆرنیای ڕۆژئاوای ئەمەریکا و لە فڕۆکەخانەی شاری سان فرانسیسکۆی بە ناو و شۆرەتی ئەو وڵاتە نیشتینەوە و لێرەش وەك هاوای کەسانێك پێشوازییان کردین، کە سەر بە دەزگای کۆچی ئەمەریکی بوون INS و وردەکاریی بەرنامەی گەشتەکەی ئێمەیان لابوو. ئێمە شەو گەیشتین و خێرا بردینیان بۆ ئوتێلێکی فەشەنگی ئەو شارە کە ناوی ڕێد ڕووف Red Roof بوو جێگەی حەوانەوە و خزمەتی باشیان بۆ دابینکردین و ڕێبەرەکە پێی وتین سبەی نیوەڕۆ دێمەوە شوێنتان و لە فڕۆکەخانەوە ڕەوانەی جۆرجیاتان دەکەین. شەو لە ئوتێلەکەوە تەلەفۆنم کرد بۆ عەلی زەندی لە ساندیاگۆ و پێم وت کاکە بەر جۆرجیا کەوتووین تۆ بۆچی دەستت پڕین، نە خۆت پیاوەتیت پێکرا و نە هێشتت خەڵکی تریش ببنە سپۆنسەرمان. زۆری پۆزش بۆ هێنامەوە گوایە چووەتە دەزگای کۆچی ئەو شارە قرە و دەماقاڵەی لەگەڵ کردوون و مەسەلەکە لە دەستی ئەودا نەماوە و کالیفۆرنیا چونکە زۆر داخوازیی لە سەرە بەرمان نەکەوتووە و زۆر خۆی سەغڵەت کردبوو کە هەوڵدەدا لە جۆرجیاوە بمانگێڕێتەوە بۆ کالیفۆرنیا. بەهەرحاڵ من دواتر زانیم کە درۆکردن لە ئەمەریکادا ئاوخواردنەوەیە و کاك عەلی نزیکەی چارەکە سەدەیەك بوو لە وڵاتی خۆمان هەڵکەنرابوو و سەرباری ئەوەش ژنێکی مەکسیکیی هێنابوو. بێجگە لەوەش لە دەزگای کۆچەوە وابزانم لە سپۆنسەریان دەپرسی ئەگەر بۆمان نەلوا جێگە و ڕێگە بۆ ئەم خێزانە دابین بکەین تۆ دەتوانی بیانبەیتە لای خۆت؟ ڕەنگە کابرا لێرەدا دوودڵییەکی دەربڕیبێت، یاخوا کەس لە ئاوارەییدا ئەم دەردەی بەسەر نەیەت. بۆ نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر ڕێنماکە پاسێکی بچکۆلەی هێنایە شوێنمان و ئێمە سێ خێزان مابووینەوە: ماڵی ئێمە کە شەش کەس بووین و بۆ جۆرجیایان دەناردین لەگەڵ ماڵی کوردە خان و باوك و دایکی و برایەکی و خێزانێکی تر

باشم نەدەناسین و لە گوامەوە بووبوونە هاورێگەمان و بۆ شاری دێنڤەری ویلایەتی کۆلۆرادۆیان دەناردن. لە فرۆکەخانە تا دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ چاوەڕێ بووین، فرۆکەخانەی چی شارێك بوو بۆ خۆی، سەدان کەس دەهاتن و دەچوون. من خۆم وەك کوێر نەشارەزا بووم تەماشا دەکەم ژنێکی چینی ونبووە و بە ئینگلیزییەکی شەقوشڕ قسەم لەگەڵ دەکات کە پتر لە چینی دەچوو نەك ئینگلیزی و دەیەوێ بیبەمە ئەو بیرۆیەی ئیشەکەی بۆ ڕایی دەکەن، کاری ڕاست بێت پۆلیسێك خۆبەخشانە بوو بە ڕێنمای و لە کۆڵی منی کردەوە. بۆ دوای نیوەڕۆ چووینە فڕۆکەیەکی مامناوەندییەوە کە بۆمان دەسنیشان کرابوو و بەرەو شاری هیوستن دەڕۆیشت لە ویلایەتی تەکساس. من پێشتر بیستبووم خەڵکی تەکساس مرۆمۆچن، هەرواشبوو ئەو تەکساسیانەی لە فڕۆکەکەدا بینیمن هەموو ڕووگرژ بوون و بزەیەك نەدەکەوتە سەر لێوی کەسیان. لە هیوستن نزیکەی سێ چوارسەعاتێك ماینەوە پاشان بەڕێکەوتین بەرەو ئەتڵەنتا و تێکڕا نزیکەی شەش سەعاتێك بە ئاسمانەوە بووین و دەمەوبەیانییەکی زوو گەیشتینە فڕۆکەخانەی هارتسفیلد لە ئەتڵەنتا و تەماشامان کرد برادەرێکی کوردی هەولێری کە ناوی شیروان بوو لەگەڵ ماڵی کاك ئازاد و ئاشنا خانی خێزانی و تەلار خانی خوشکی و ئاریانی برای و کۆمەڵێك ژن و پیاوی ئەمەریکی لە پێشوازیماندان. ئەم ماڵە لە سەری ژنەوە خزمایەتییەکیان لە گەڵمان هەبوو و چەند ڕۆژێك پێش ئێمە گەیشتبوون. کاك شیروان کۆمەڵەکەی پێناساندین کە سەر بە کەنیسەی ئیپیسکۆپاڵ Episcopal بوون کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوی کەنیسە لووسەرییەکانی جۆرجیاLutherian Ministries Georgia بوون. ئەمە مستەر سنۆ و سارای ژنێتی، مستەر ڕیچارد و سوزان پێرشینگی خێزانی، مستەر لاری و سوزان شۆدرۆڤسکی، خاتوو شێڵبی و بۆبی هاوسەری، خاتوو میشێڵ و ڕۆبەرتی هاوسەری، مستەر لویس و لینداى خێزانیو چەند کەسێکی تر. هەموو زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردین و پێیانڕاگەیاندین کەوا لەخزمەتماندا دەبن تا چاو دەکەینەوە و کارمان بۆ دەدۆزنەوە. ڕاست.. درۆ، ئێمە بە تەمای ئەم پێشوازییە نەبووین و کاك شیروان زۆری دڵداینەوە کە کۆمەڵە خەڵکێکی باشمان تووشبووە و خەممان نەبێت. پاش کەمێك حەوانەوە لە فڕۆکەخانەدا سواری پاسێکی بچکۆلەیان کردین و خۆشیان بە مەوکیبی ئۆتۆمبێلەکانی خۆیان شوێنمان کەوتن و ماوەی نیو سەعاتێك بەڕێوەبووین و هێشتا مەلای بەیانی بانگی نەدابوو، بووین بە میوانی ماڵی مستەر کلۆد سنۆ.

ویلایەتی جۆرجیا و میوانە کوردەکانیماڵی مستەر سنۆ

مستەر سنۆ یەکێك بوو لە دەوڵەمەندەکانی ئەو ویلایەتە و ماڵە گەورەکەی دەکەوتە شارۆچکەیەکی نزیك ئەتڵەنتاوە کە ناوی ڕۆزوێلْ Roswell بوو، لە شوێنێکی تەریك و لە ناو باخێکی گەورە و پانوپۆڕدا، چەشنی گەلێك لە ماڵە دەوڵەمەندەکانی ئەو وڵاتە. خانووەکە دوونهۆم و گەورە و لە تەختەدار دروستکرابوو. بۆ ئێمە دوو ژووریان لە نهۆمی دووەم ڕازاندەوە و چوار منداڵەکەم لە ژوورێکدا، من و دایکیشیان لە ژوورێکدا بە هەموو پێداویستییەکانی حەوانەوەوە. بە هەمان دەستوور ماڵی خزمەکەشم ژوورێك بۆ ژن و مێردەکە و ژوورێکی تریش بۆ خوشك و براکە ڕازێنرایەوە. لە پاش بەرچاییکردن داوایان لێکردین داب و دەستووری نانخواردنی خۆمانیان بۆ باس بکەین و بە پێی ئەوە درێغییان نەدەکرد لە خزمەتکردنمان و زۆربەی ژنەکانی سەر بەو کەنیسەیە ڕۆژانە لە بەیانیی زووەوە تا شەو بە دەممانەوە دەبوون و دەیانبردین بۆ پیاسە و ڕێستۆرانتو شوێنی گەشتوگوزار.

حەز دەکەم لێرەدا باسی ئەوە بکەم کە لەم وڵاتەدا، وەك پێشتر ئیشارەتێکم بۆ کرد، گەلْ لە کەنیسە و ڕێکخراوی خۆبەخش هاوکاریی دەزگای کۆچ INS و حکومەتی فیدراڵیی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەن بۆ ڕاهێنان و نیشتەجێ کردنی پەنابەر و پاشانیش کار دۆزینەوە بۆیان و دەسگرۆیی کردنیان تا سەر پێی خۆیان دەکەون و چیتر پێویستیان بە خەڵك نامێنێ. پێموابێ ئەم ڕێکخراو و کەنیسانە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پارەیەك لە حکومەتی ئەمەریکی وەردەگرن، جا هەیانە بە ویژدانەوە خەرجی دەکەن و پارەی گیرفانی خۆشیانی دەخەنە سەر، هەشیانە فڕوفێلْ و چاوبەستی دەکەن و پارەکە بۆ خۆیان دەبەن. لەم ڕووەوە ڕێکخراوە خۆبەخشە ئاسیایی و بەتایبەتی ڤێتنامیەکان ناوبانگیان خراپە. قسەی خۆشمان بێت ڕێکخراوێکی کوردیش هەبوو لە ڤەرجینیا و واشنتۆن کە خانمێکی کورد بەرپرسی بوو دەیانگوت لە ڤێتنامیەکان زۆر خراپتر بووە. ئالێرەوە وەڵامی ڕاستەقینەی ئەو پرسیارەی گوامان دەستکەوت کە

ڕێکخراو هەیە مقەبا شرمیەکت پێ ڕەوا نابینێ و هەشە کورد واتەنی خەنیت دەکات. ئەوەی ئێمە خۆشبەختانە دەستنوقاو نەبوون بەلام خەنیشیان نەکردین وەك لە هەندێ ویلایەت ڕوویدا کەوا هاوقەدەرە کوردەکانمان بە سەر خێر و بەرەکەتی باشدا کەوتن. سەبارەت بە کەنیسەش، لەم ولاتەدا دەیان مەزەب و ڕێبازی مەسیحییەت وەك باپتیست و مێتودیست و لووسەری و ئیپیسکۆپاڵ و تاد، کە زۆربەی زۆریان پرۆتستانتن و لە زەمانی زەبروزەنگی کەنیسەی کاسۆلیك و پاپا و دادگاکانی پشکنیندا باوباپیرانیان لە دەست زوڵم و زۆری کەنیسە لە ئەوروپاوە هەڵهاتوون بۆ ئەمەریکا و لێرە بە سەربەستی ڕێوڕەسمی ئاینیی خۆیان پراکتیزە کردووە. ئەمانە ئێستا هەر یەك بە ڕەنگێ ڕۆڵی خۆی دەبینێ لەجێگیرکردنی پەنابەردا. هەیانە تەنها مەبەستی مرۆڤدۆستییە و هیچیتر، هەشیانە لەپاڵ ئەو مەبەستەدا مسیۆنێرن (تەبشیرین) و دەخوازن خەڵك بچێتە سەر دینیان و گەلێ لەخەڵکی باشوور و ڕۆژهەلاتی ئاسیا و ولاتانی ئەفریقا، لەوانەی بوودین یان هەر لە بنەڕەتدا بێدینن دەبنە مەسیحی. بەلام کەم کەسی خەڵکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست یان ئەوانەی بە ئاین ئیسلامن ئەو کارە دەکات و ئەگەریش هەندێ کەسی هەلپەرست و بەرژەوەندخوازی لەو بابەتە هەبن ئەوە جێی بێزلێکردنەوەی ئەودوای خەڵکەکەن.

ڕاستێکەی ئەندامانی ئەو کەنیسەیەی دەسگرۆیی ئێمەیان دەکرد لە مرۆڤدۆستی بەولاوە هیچم لێنەبینین و تەنانەت ژنێکیان پێیوتین ئێمە ڕۆژانی یەکشەممە دەچینە کەنیسە بۆ نوێژ و پاڕانەوە، بیستوومە ئێوەش ڕۆژانی هەینی ئەو ڕێوڕەسمەتان هەیە، ئەگەر دەتانەوێ من دەتانبەم بۆ ئەتلەنتا و لەوێ مزگەوتی موسوڵمانی لێیە نوێژی خۆتان بکەن. ماڵتان ئاوا پێویست بە ئەزێتدانتان ناکات و ئەگەر هەر کەسێکمان نوێژ بکات لە ماڵی خۆیەوە دەیکات. لە ناو ژنانی ئەو گرووپەی بەدەممانەوە بوون زیاتر شێڵبی، میشێڵ، سوزان پێرشینگ و سوزان شۆدرۆڤسکی و لیندا لویس بەرچاو بوون و هەر یەکە بەکارێکمانەوە خەریك بوون. یەکێك بۆ خانوو بەکرێگرتن و شوێنکەوتنی موعامەلاتمان لە دەزگای کۆچ، یەکێك بۆ کاروباری بازاڕ و یەکێك بۆ مەسەلەی

خوێندن و قوتابخانەی منداڵەکانی من. ماڵی مستەر سنۆ زۆر بە وێلّ و ماریفەت بوون و بۆ هەر ژەمێك لێیان دەپرسین چیمان بۆ بکەن. بەلاّم ئەوەی کە زۆر نیگەرانی کردبوون سەگەکەیان بوو. ئەم ماڵە توولە سەگێکی بچکۆلەی ڕەشی گوێ شۆڕیان هەبوو، زۆریان خۆشدەویست و خۆشەویستییەکەیان گەیشتبووە ڕادەیەکی وا کە لە چەندین شوێنی ماڵەکەیاندا وێنە و پۆرترێت و پەیکەری ئەو سەگەیان دانابوو، تەنانەت قاپ و کووپ و پەرداخیشیان وێنەی ئەو سەگەی پێوە بوو. دوو منداڵی تەمەن ٦ و ٨ساڵی من بوون لەو سەگە دەترسان و جاروبار ڕاویاندەنا. سارا خانم کە ئەو سەگەی لە باوکی و بگرە لە حەزرەتی عیساشی زیاتر خۆشدەویست نەیدەزانی چیبکات. ناچار تا ئەو ماوەیەی ئێمە لەوێ میوان بووین سەگەکەی لە ژوورێکی ڕازاوەی ماڵەکەی خۆیاندا دانا. ماڵی مستەر سنۆ زۆر لەوە سەریان سوڕدەما کە ئێمە خێزانێکین و چوار منداڵمان هەیە و پێیان سەیر بوو. ئەوان خۆیان تەنها ژن و مێردێك و کوڕێکی ١٧ – ١٨ ساڵیان هەبوو. کورە لەگەڵ کچە هاوڕێکەیدا ڕۆیشتبوو. دەیانگوت کوڕێکی تریش ناوی خێزانی ئێمەی هەلگرتووە و بە پێی ئاینی مەسیحی ئەوە پێی دەڵێن منداڵی تەعمید و هەر بە ناو منداڵی ئەو خێزانەیە. مستەر سنۆ پیاوێکی تا بڵێی ئەرباب و خۆش مەشرەب بوو. دوو منداڵە بچووکەکەی من لە گوام فێری هەندێ سروودی ئەمەریکی بووبوون بۆیان دەوتەوە و ئەمیش بۆیان هەڵدەقونی و چەپڵەی بۆ لێدەدان. مستەر سنۆ بە ڕەچەڵەك ئێرلەندی بوو و گەلێ شانازیی بە باوباپیرانییەوە دەکرد و ساڵانە ئاهەنگیان ساز دەکرد و هەر بنەماڵەیەك شتی کۆنینەی خۆی بە جلوبەرگ و چەك و کاسە و کەویل و دەستووری ژیانەوە دەخستەڕوو.

لە پاش حەفتەیەك هەر لە شاری ڕۆزوێڵ خانوویان بۆ گرتین و سێ مانگیش کرێیان بۆ داین. ئەوی ئێمە شوقەیەکی قاتی دووەم بوو لە شوێنێکی ئەمینی ئەو شارەدا و مانگانە کرێی شوقەکەم بە کرێی خزمەتگوزاریی کارەبا و ئاو و غاز و تاد.. دەگەیشتە هەزار دۆلار و ماوەی ئەم سێ مانگەش هەفتانە دەهاتنە شوێنمان و چی خواردن و پێداویستیی بازاڕمان بوو بۆیان دەکڕین و ڕۆژانەش

یەك دوانێك لەو ژنانە سەردانیان دەکر ... جگە لەوەش هەر کەسێك لە ماڵی خۆی پێداویستییەکی ناوماڵی بۆهێنایین و سەرجەمی جل و پێخەفیشمان بە تازەیی لە بازاڕ بۆ کڕدرا. لەو ماوەیەشدا دەورەیەکیان بۆ کردینەوە بۆ فێربوون و قاڵبوون لە زمانی ئینگلیزیدا و ڕۆژانە بە ئۆتۆمبیلی خۆیان دەیانبردین بۆ دەورەکە. هەر چەندە لە ماڵی ئێمەدا من و لەو ماڵەکەش هەمویان ئینگلیزییەکەمان باش بوو بەڵام دەبوو هەر بچووینایە بۆ ئەو کۆرسە.

ڕاستێکەی ئەوەی مەسیحییەکانی کەنیسەی سانت دێڤیدی شاری ڕۆزوێلْ بۆیان کردین لە هیچ برا و خوشك و خزمێکی ولاتی خۆمان نەدەوەشایەوە. ئەمانە و بەتایبەتی ژنەکانیان، کە گەلێکیان تەنها پیاوەکانیان کاریان دەکرد و ژنەکان بۆ کاروباری خۆبەخشی و خێرخوازی خۆیان تەرخان کردبوو، یەکێك سەرقاڵْ بوو بەوەی کارمان بۆ بدۆزێتەوە، یەکێك هەموو هەفتەیەك دەیبردین بۆ بازاڕی خواردەمەنی و چیمان پێویست بوایە دەمانکڕی و ئەوان پارەکەیان بۆ دەدایین، یەکێکی تریان بە کاروباری خوێندنی چوار منداڵەکەی منەوە خەریك بوو، کە هەریەکەیان پاش تاقیکردنەوەیەکی هاکەزاییو بە پێی تەمەنیان لە قۆناخی ڕاست و دروستی خوێندنی خۆیان وەرگیران. قەشەی کەنیسەکەش، کە ناوی هێندری هاریسۆن بوو و بە فازەر هاریسۆن Father Harrison واتە باوکە هاریسۆن بانگ دەکرا و پیاوێکی تەمەن شەست ساڵی بەڕێز و ڕووخۆش بوو. چەند جارێك لە ماڵەوە سەردانی کردین و هەر هەموویان زۆر جەختیان لە سەر ئەوە دەکردەوە کە داب و نەریتی خۆمان بپارێزین و کولتووری ولاتی خۆمان لەبیر نەکەین. گەلێك لەوانە کە پرسیارمان لێدەکردن بە ڕەچەڵەك خەڵکی کوێیە لە وەلامدا دەیوت باپیرە گەورە گەورەم لە ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئێرلەندا..تاد هاتووەو شانازیشی بەو ڕەگوڕیشە دوورەیەوە دەکرد. ئێمە گەلێ جار هەندێ دیاردەی کۆمەلایەتی و ژیاریی ئەو ولاتەمان پێ سەیر بوو یان پێ نەشاز بوو کاتێ دەرمان دەبڕی بە بزەیەکەوە دەیانوت "ئەمە ئەمەریکایە! This is America". ئەم قسەیەم لە دەیان کەسی ئەو ولاتەوە گوێ لێدەبوو و زۆر جار بە تەوس و نارەزاییەوە دەیانوت، یان لە ڕووی کۆبوونەوەی ئەو هەموو

جیاوازییە کۆمەڵایەتی و ئیتنی و ئاینی و مەزەب و هەزار ڕەنگەوە بوو کە لە هەموو شوێنێکدا هەستت پێدەکرد.

با بێمەوە لای کەنیسە. ئەو هەموو ژن و پیاوەی خۆیان خستبووە خزمەتی ئێمەوە دەیانزانی ئێمە موسڵمانین، هەرچەندە کەس لەو وڵاتەدا لە ئاین و نەتەوەی کەسی تر ناپرسێ و پرسیار کردنیشی بەجێ نیە.

جارێکیان پێیانوتین پێمانخۆشە ڕۆژێکی یەکشەممە، کە ڕۆژی کۆبوونەوە و نوێژی ئەوانە، سەردانێکمان بکەن و بۆ خۆتان تەماشای ڕێوڕەسمی نوێژ و پاڕانەوەی ئێمە بکەن وەك میوان و ئێمەش بەخۆشحاڵییەوە بانگهێشتەکەمان قوبووڵ کردن. پاش بەینێك من پێموتن ئێمە بە ناوی دوو بنەماڵەکەوە کە ئەم هەموو هاوکاری و دەسگرۆییەتان کردووین پێمان خۆشە لە ڕۆژێکی یەکشەممەدا کە نزیکەی دووسەد کەسیان لە هۆڵێکی گەورەی ئەنجامدانی نوێژ و پاڕانەوەیاندا کۆدەبوونەوە، سوپاسێکتان بکەین. بۆ ئەم مەبەستە نزیکەی پێنج شەش دەقیقەیان دا بە من کە بە ناوی هەردوو بنەماڵەکەوە سوپاس و م[illegible]ەتباریی خۆمانم دەربڕی بۆ ئەو باوەش کردنەوەیە و ئەو خزمەتەی کە کر[illegible]نیاین و هەندێك باسی جینۆسایدی کورد و زوڵم و ستەمی ڕژێمی عێراقم کرد و ئەو گیانی مرۆڤدۆستیو خێرخوازییەی ئەوانم شوبهاندە گیانی عیسای مەسیح و بە ڕاستیش هەروا بوو. بە خوێندنەوەی وتەکە زۆربەیان کەوتنە گریان و فرمێسك ڕشتن.

هەندێ دۆست و برادەرمان لە شار و ویلایەتەکانی تر کە کەنیسە و مەزەبی مەسیحیی تر بووبوون بە سپۆنسۆریان جارجار بە تەلەفۆن سکاڵای ڕەفتاری هەندێك لەو کەسانەیان دەکرد کەوا هەڵسوکەوتی مسیۆنێرییان لەگەڵ نواندوون. برادەرێکم تووشی مەسەلەیەکی وا بووبوو، ڕێکوڕەوان پێی وتبوون لە وڵاتی ئێمە ئەوەی بەزۆر یان بە دەمچەورکردن ببێتە بەعسی ئێمە وایدادەنێین کەسێکی ڕەوشت نزم بێت و لە کۆمەڵدا بە خراپ تەماشا دەکرێت و ئەمەی ئێوەش هەمان مەسەلەیە بۆ ئێمە. ڕاستێکەی ئەوەی ئێمە لە ژن و پیاوەکانی کەنیسەکەی شاری ڕۆزوێڵمان بینی لە [illegible]ۆڤدۆستی و ڕەوشتبەرزی بەولاوە هیچیتر نەبوو.

ئەو ژنەی کە سۆراخی ئیش دۆزینەوەی بۆ دەکردین، گەلێجار دەیبردین بۆ نووسینگەکانی کار دۆزینەوە و فێری دەکردین چۆن فۆرم پڕبکەینەوە و مێژووی کارکردن و شارەزایی پێشوومان بخەینەڕوو بە سیستەمێك کە لەو وڵاتە پێی دەوترێ ڕیزیومی resume، واتە کرۆنۆلۆجیای کارکردنت لە شوێنی جۆراوجۆر، ئەمە لە ئەوروپا و ئەوە چەند ساڵێکە لێرە CV یان Corriculum Vitaeی پێدەڵێن. ئێمە بیستبوومان خەڵك لە ئەوروپا هەندێ کاری وەك پاککردنەوەی پیر و پەککەوتە دەکەن و بڕیارمان دابوو ئەگەر لەبرسا مردووین کاری لەو جۆرە نەکەین. ڕۆژێکیان ئازاد بە ژنەکەی کەنیسەی وت هەموو کارێك دەکەم ئەوەیان نەبێت، ئەویش بزەیەك گرتی و وتی جا خۆ من خۆم ئەو کارە دەکەم!

سەردانێك بۆ مەزاری مارتن لووسەر كینگ

ئەم پیاوە ڕابەرێكی گەورەی ڕەشپێستەكانی ئەمەریكا بوو، لە هەمان كاتیشدا پیاوێكی ئاینی مەسیحییەت بوو، لە ویلایەتە یەكگرتووەكان زۆرێك لەو ڕەشپێستانە بە دڵسۆزییەوە پابەندی مەسیحییەتن، هەشیانە موسڵمان بوون و هاتوچۆی گەرمی مزگەوت دەكەن.

هەموو كەسێك لەو وڵاتە ئاشنای ناوی مارتن لووسەر كینگە Martin Luther King Jr. و لە ناخیدا ڕێزی زۆر بۆ خەباتی ئەو پیاوە دادەنێت. ئەم پیاوە گاندی ئاسا ڕێبەرایەتی بزووتنەوەیەكی ئاشتیانەی دەكرد، بۆ دابینكردنی گەلێ مافی زەوتكراوی ڕەشپێستەكان، كە تا ئاخروئۆخری شەستەكانی سەدەی بیستەمیش بۆیان نەبوو تێكەڵی سپیپێستەكان ببن و پاس و شەمەندەفەری هاتوچۆكردنیان جیابوو، چێشتخانە و قاوەخانەیان جیابوو. زۆر ڕەگەزپەرستانە لێیان دەڕوانین و تەنانەت زۆر بە زەحمەت كاریان دەستدەكەوت، بێبەری بوون لە خوێندن و ئەگەریش بۆیان بڕەخسایە قوتابخانەیان جیابوو و نەدەبوو منداڵیان تێكەڵی منداڵانی سپیپێست بن. ڕەشپێستەكان بە زۆریی لە ویلایەتەكانی باشووری ئەمەریكا دەژیان و بەتایبەتی سەنتەری كۆبوونەوەیان لە ویلایەتەكانی جۆرجیا و ئەلەباما و فلۆریدا و تەنەسی و كارولاینای باشوور و چەند ویلایەتێكی تر بوون. ئەگەرچی بە ڕادەیەكیش لە هەموو ویلایەتەكانی ئەمەریكادا پەرش و بڵاوبوون و بە تایبەتی لە شارە گەورەكاندا بە دوای نان و كار پەیداكردندا وێڵبوون. زۆرێك لەوانە، بە ئێستاشیانەوە، ئاستی دەرامەتیان نزمە و كاری باشیان دەست نەدەكەوت و ئاستی خوێندنیان باش نەبوو و لە خانووی زنج ئاسادا دەژیان.

ڕەشپێست لە ئەمەریكادا مێژوویەكی دوورودرێژی پڕ لە مەینەتی و چەوسانەوەیان هەیە و باوباپیرانیان لە سەدەكانی ڕابوردوودا و پاش دۆزینەوەی ئەمەریكا وەك كۆیلە هێنراونەتە ئەم وڵاتە و لە ژێر باری زەوی كێڵان و كاری قورسدا پسانددوونیان. كاتێ كە ئەوروپاییەكان لە دەست زوڵم و ستەمی كەنیسە هەڵدەهاتن و ڕوویان دەكردە ئەو جیهانە نوێیەی ئەمەریكا، بە دوای نان و ژیاندا، دیاردەیەكی هێجگار قێزەون لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتە ئاراوە، ئەویش بازرگانی كردنی كۆیلە بوو. وڵاتە كۆلۆنیالیستەكانی ئەوروپا، بە تایبەتی بەریتانیا، فەرەنسا، پورتوگاڵ، ئیسپانیا، ئیتاڵیا زۆربەی خاكی

ئەفریقا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتینیان بە دەستەوە بوو و چی سەروەت و سامانیان هەیە بە تالآنیان دەبرد و خەڵکەکەیان بە برسی و ڕەش و ڕووتی دەهێشتەوە. کاتێکیش سپیپێستی ئەوروپایی بە لێشاو ڕوویانکردە خاکی بە فەڕو پیتی تازە دۆزراوەی ئەمەریکا و وردە وردە شاریان دروستکرد و شارستانیەتیان بنیاتنا و ئەوانەی پێیاندەوترێ "هندییە سوورەکان" دەرکران و قڕکران. ئەوان لەم وڵاتە پان و پۆڕەدان زۆریان پێویست بە هێزی کار بوو، لەبەر ئەوەی کە ئەو وڵاتانەی ناوم بردن ئەفریقای ڕەش و ڕووتیان لە بن دەستدابوو، کەوتنە پاکۆدان و ڕاوکردنی خەڵکە هەژارەکەی و پاپۆڕ لە دوای پاپۆڕیان لێ پڕدەکردن و ڕەوانەی ئەمەریکایان دەکرد و لەوێ وەك کۆیلە بە هەرزان دەیانفرۆشتن و لە ژێر کاری تاقەت پڕووکێنی قورسدا گەلێکیان لەناوچوون. پاشان کە وردەوردە ڕەوتی سەرمایەداری چەسپاو ئابووری بەهێز بوو و ویلایەتەکانی ئەمەریکا خۆیان لە ژێر دەستی بەریتانیا ڕزگاریان بوو و بنەماکانی حوکمی دیموکراتی لە سەر شێوازی ئەوروپا چەسپا و شەڕی ناوخۆی باشوور و باکووری ویلایەتە یەکگرتووەکان (١٨٦١ – ١٨٦٥) بە قازانجی باکوور کۆتایی هات و سیستەمی کۆیلەیی هەڵوەشێنرایەوە، ڕەشپێستەکان ئازاد بوون، بەڵام فەرهەنگی دزێوی جیاوازی لە سەر بنەمای ڕەگەز و ڕەنگ هەر مایەوە و کۆیلەکانی جاران بە هەزار و یەك شێوە دەچەوسێنرانەوە.

ئەم بارودۆخە بوو کە وای لە مارتن لووسەر کینگ کرد بزووتنەوەیەکی یاخیبوونی مەدەنی دروست بکات، بە مەبەستی نەهێشتنی جیاوازیی ڕەنگ و ڕەگەز و خەڵکێکی زۆری ڕەشپێست شوێنی کەوتن و لە ویلایەتەکانی تەنەسی و جۆرجیا و ئەلەباما خۆپیشاندانی گەورە گەورەی ڕەشپێستەکان سازدەکرا وگەلێ جاریش سپیپێستە دیموکراتخواز و مرۆڤدۆستەکانیش بەشدارییان دەکردن. بزووتنەوەکە لە سەرەتای ساڵانی شەستەوە دەستی پێکرد و سەرانسەری ئەمەریکا و بگرە بەشێکی زۆری جیهانیشی سەرقاڵ کردبوو.. حکومەتی ئەمەریکا چەند ویستی بە پارەی زۆر و بە پلەوپایە ڕابەری بزووتنەوەکە بە لای خۆیدا ڕابکێشێت، بەڵام نەیتوانی و "مارتن لووسەر کینگ" بەردەوام بوو لە سەر بانگەشەی مافە مەدەنیەکانی ڕەشپێست و وتارە ئاگرینەکانی لە سەرانسەری دنیادا دەنگی دەدایەوە و خەڵکی لە دەوری بزووتنەوەکە کۆدەکردەوە و تا دەهات خۆپیشاندان زیاتر دەبوو.

لەولاشەوە سپیپێستە توندڕەوەکان باند و بزووتنەوەی تایبەتی خۆیان دروستکردبوو و بە ڕاست و بە چەپدا گورزی ڕەگەزپەرستانەیان دەسرەواندە ڕەشەکار و دەیانکوشتن و

دەیانسووتاندن و پەتپەتێنی دنیایان پێدەکردن. لەم بوارەشدا باندەکانی کوکلۆکس کلان Ku Klux Klan (کە لە دوادوایی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکاوە دروستبووبوو لە دژی ڕەش و جوولەکە و کاسۆلیك و کۆچبەر و دروشمیان خاچی سووتاو بوو) زۆر پەرگرانە دەستی لە ڕەش نەدەپارست و بارودۆخی ویلایەتەکانی باشوور بە تەواوی شپرزە و شێوابوو، تا لە ڕۆژێکی پایزی ساڵی ١٩٦٨دا زەفەریان بەو پیاوە کۆڵنەدەرە برد و لە شاری مەمفیس لە ویلایەتی تەنەسی کوشتیان، بەڵام لەم کاتەدا گەلێك لە ئامانجی خەبات و تێکۆشانەکەی سەپاندبوو بە سەر حکومەتی ئەمەریکادا و گەلێك یاسا لە بەرژەوەندی ڕەشپێستەکان تەشریع کرابوو، لەوەدابوو تارادەیەکی باش بەری ڕەنجی ئەو و هەزاران بەشخوراوی ڕەشپێست بێتەدی کە بریتیبوو لەو خەونەی گەلێ جار لە وتارەکانیدا دووپات دەبوونەوە و بوون بە مۆرکی ئەو پیاوە کە بە "من خەونێکم هەیە I have a Dream" دەستپێدەکات و دەڵێت: "من خەونێکم هەیە کەوا ڕۆژێك دێت لە سەر گردە سوورەکانی جۆرجیا، ڕۆڵەی کۆیلەکانی جاران لە گەڵ ڕۆڵەی خاوەن کۆیلەکانی جاراندا پێکەوە لە سەر مێزی برایەتی دادەنیشن. من خەونێکم هەیە کەوا ڕۆژێك دێت چوار منداڵە بچکۆلەکەم لە وڵاتێکدا دەژین بە پێی ڕەنگی پێستیان تەماشا ناکرێن و مامەڵەیان لە گەڵ ناکرێت، بەڵکو بە پێی ئاستی سیفەت و کەسێتییان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت. من ئەمڕۆ ئەو خەونەم هەیە!".

بەڵێ باندەکانی سپیپێست مارتن لووسەر کینگیان کوشت و لە شاری مەمفیسەوە سەدان هەزار کەس شوێن تەرمەکەی کەوتن بۆ ویلایەتی جۆرجیا و لە ناوجەرگەی گەورە شاری ئەتڵەنتادا، کە زێدی خۆی بوو، بە خاکیان سپارد.

ئەمڕۆ گۆڕەکەی مارتن لووسەر کینگ مەزارێکی گەورەیە لە شاری ئەتڵەنتادا و هەرکەسێك هەستێکی مرۆڤدۆستی و نیشتمانی و نەتەوەیی تێدابێت و ڕێی بکەوێتە ویلایەتی جۆرجیا و شاری ئەڵتەنتا دەبێ سەر لەم مەزارە بدات. گۆڕەکە لە سەر شەقامێکە ناوی مارتن لووسەر کینگی هەڵگرتووە، بە مەرمەڕی سپی هەڵبەستراوە و لە ناوەڕاستی حەوزێکی ئاودایە. لە نزیکیەوە سەنتەر و مۆزەخانەی دژە توندوتیژی Antiviolence هەیە کە تەواوی نووسین و یادگار و ڕۆژانی خەباتی ئەو پیاوەی پاراستووە و ژنەکەی و کوڕەکەی بەڕێوەی دەبەن. مەزارەکە و بینای سەنتەری دژە توندوتیژی و مۆزەخانەکە، بە شێوازێکی کاریگەر و گونجاو لەگەڵ خەباتی ئەو پیاوەدا دروستکراون.

من پاش ئەوەی لە شارۆچکەی ڕۆزوێڵ Roswell ی نزیك ئەتڵەنتا جێگیر بووم ڕووم لە دۆستێکی ئەمەریکی نا، کە پیاوێکی تەمەن ٦٥ ساڵ بوو و ناوی "بیل کایم" بوو، سپی

پێست بوو و سەر بە کەنیسەی سانت دێڤیدی مەزهبی ئێپیسکۆپاڵ Episcopal ی مەسیحی بوو، کە زۆر مرۆڤدۆست و بە خزمەت بوو، رووم لێنا بمبات بۆ سەر ئەو مەزارە وەك شارەزا و چاوساغ. خوا هەڵناگرێ بێدڵیی نەکردم و بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی بردمی و گەڵێ وێنەم لە سەر مەزارەکە گرت، بەڵام ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام و سەیر بوو لەلام کاتێ بە "بیلم" وت با پێکەوە وێنەیەك لە سەر مەزارەکە بگرین، ئەو زۆر بە ئەدەبەوە داواکەمی ڕەتکردەوە و هیچ هۆیەکی پێ نەوتم. دوای تێکەڵبوونم بە ژیانی ئەو وڵاتە، وەڵامەکەم هاتە دەست و زانیم هێشتا لەگەڵ یەکتر پاك نەبوونەتەوە و سەرباری گەڵێ گۆڕانی بنەڕەتی لەو کۆمەڵەدا هێشتا هەر نەریتی لە ژێرەوە حەز بە یەکتر نەکردن کاری خۆی دەکات.

با بیرم نەچێت، نەریتێك هەیە کە دەچیتە سەر مەزاری ئەو پیاوە تاقە سەنتێك فڕێدەدەیتە ناو گۆماوی دەوری گۆڕەکە و ئاواتێك دەخوازیت. ئێمە لەمەودوا کە خۆمان شارەزا بووین و لەگەڵ ماڵ و منداڵدا سەردانی ئەو مەزارەمان دەکرد، هەریەکەمان سەنتێکمان هەڵدەدا ئاوەکەوە و دۆعای ئەوەمان دەکرد زوو بگەڕێینەوە بۆ وڵاتی خۆمان، چونکە غوربەتێکی هێجگار سەخت لە ناخەوە کاری تێکردبووین.

مارتن لووسەر کینگ لە ١٥ ی کانوونی دووەمی ١٩٢٩ لە شاری ئەتلەنتا لەدایکبووە و باوکی و باپیریشی قەشەی کەنیسەی باپتیست بوون لەو شارەدا. لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە و ساڵی ١٩٤٨ یش بەکەلۆریۆسی ئادابی لە کۆلێجی مۆرهاوس وەرگرتووە، کە ئینستیتۆیەکی تایبەتی ڕەشپێستەکان بووە لە ئەتلەنتادا و هەر لەو شوێنەش باوکی و باپیری خوێندنیان تەواوکردووە. ساڵی ١٩٥١ خوێندنی لاهووتی لە پەنسلڤانیا تەواوکردووە و ساڵی ١٩٥٣ بڕوانامەی دوکتۆرای بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٥٥ خاتوو کۆرێتا سکۆتی خاستووە و دوو کوڕ و دوو کچی لێ هەبوو.

ساڵی ١٩٥٤ بووە بە قەشەی کەنیسەی باپتیست لە شاری مۆنتگۆمەری لە ویلایەتی ئەلەباما. کینگ هەمیشە بە توندی داکۆکیی لە مافە مەدەنییەکانی هاوڕەگەزەکانی دەکرد و لەم ماوەیەدا ئەندامی کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ڕابیتەی نیشتمانیی پێشکەوتنی خەڵکی ڕەشەپێست بوو، کە ڕێکخراوێکی ڕابەر بوو لە وڵاتدا. لە دیسەمبەری ١٩٥٥دا بوو یەکەم خۆپیشاندانی ناتوندوتیژی ڕەشپێستەکان لە مێژووی نوێی ئەمەریکادا و وەك نارەزاییەك ماوەی ٣٨٢ ڕۆژ سواری ئەو پاسانە نەبوون کە بە تایبەتی بۆ ڕەشپێستەکان تەرخانکرابوون. لە ٢ ی دیسەمبەری ١٩٥٦دا دادگای باڵای ئەمەریکا بڕیارێکی دەرکرد کەوا

ڕەش و سپی دەتوانن پێکەوە لە یەك پاسدا سەربکەون. لەم ماوەی بایکۆت کردنەدا کینگ گیرا و ماڵەکەی بەر نارنجۆك درا و دەسدرێژیی شەخسیی کرایە سەر، بەڵام لە هەمان کاتدا وەك ڕابەرێکی ڕەشپێستەکان دەرکەوت. ساڵی ١٩٥٧ بە سەرۆکی کۆنگرەی ڕابەرە مەسیحییەکانی باشوور هەڵبژێردرا کە دواتر بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی لێکەوتەوە. کینگ ئایدیای ئەم بزووتنەوەیەی لە مەسیحییەت و مهاتما گاندییەوە وەرگرت و لە ماوەی پانزە ساڵی نێوان ١٩٥٧ – ١٩٦٨ دا نزیکەی شەش ملیۆن میل ڕێگاوبانی بڕی بە گەشتکردن بۆ شار و شوێنی جۆراوجۆر و زیاد لە دوو هەزار و پێنجسەد وتاری داوە و لەو شوێنانەدا دەردەکەوت کەوا کاری ناعەداڵەتی و دەربڕینی ناڕەزایی تێدا بەرپادەکرا.

لەم ماوەیەدا پێنج کتێبی دانا و ژمارەیەك هێجگار زۆر بابەت و وتاری نووسی و ڕابەرایەتیی پرۆتێستە جەماوەرییەکانی دەکرد لە شاری بیرمینگهامی ئەلەباما و سەرنج و سۆزی تەواوی دنیای بە لای خۆیدا ڕاکێشابوو. بابەتی "نامەیەك لە زیندانی بیرمینگهامەوە" ی کینگ ئیلهامبەخش بوو بۆ شۆڕشی نیگرۆکان، هەروەها کاری بۆ ئەوە دەکرد کە ڕەشپێستەکان وەك دەنگدەر تۆمار بکرێن و ڕابەرێتیی ئەو ڕێڕەوەی کرد بۆ واشنتۆن کە دوو سەد و پەنجا هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد. ئەم پیاوە لەو تەمەنە کورتەی ژیان و خەباتیدا کەوا نەگەیشتە چل ساڵ، بیست و چوار جار گیراوە و چوار جاریش دەسدرێژیی کراوەتە سەر و بوو بە ڕابەری ڕەمزیی ڕەشپێستە ئەمەریکییەکان و هەموو کاتیش کەسایەتییەکی جیهانی بووە.

مارتن لووسەر کینگ لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا گەنجترین پیاو بووە کە خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵی دراوەتێ و پارەی خەڵاتەکەی، کە نزیکەی ٥٤ هەزار دۆلار بوو، بەخشییە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان. لە ئێوارەی ٤ ی نیسانی ١٩٦٨ دا لە شاری مەمفیسی ویلایەتی تەنەسی و لە کاتی ڕابەریکردنی خۆپیشاندانێکی ناڕەزاییدا لەو شارە تیرۆرکرا.

ڕەشپێستەکان (یان نیگرۆکان) لەوێ زۆریان پێناخۆشە بە ڕەش black ناویان بێنیت، بەڵکو زیاتر وایان پێباشە بە ئەمەریکیە ـ ئەفریقیەکان American African ناوبهێنرێن. گەلێکیان خەڵکی باش و بێوەی و ڕەوشت بەرزن و دۆستایەتییان خۆشە و من بەش بە حاڵی خۆم تا ئێستا یادگاریی کەسانی وەك "دێریك و میشێلێ و لیزا و سینتیا"م پاراستووە، بەڵام پیاو ڕاست بڵێ زۆرێکی زۆریان لە ئەنجامی نەریتی مێژوویی چەوساندنەوە و بێبەشبوون لە گەلێ مافی ژیان زۆر توندوتیژ و دڕ و گەوج و ناحاڵین. هەر ئەوەندەی تێکچوون لەگەڵت دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکەن و بە تەواوی وەڕست دەکەن. لە هەندێ گەڕەکی ئەتڵەنتا بووبوونە دوژمنی ئاسیاییە چاوتەسکەکانی وەك ڤێتنامی، چینی،

کەمبۆدی، چونکە ئەمانە ئیشکەر بوون و هەموو خاوەن کۆگا و بازاڕ و کارگەیەك دەیخواست کاریان بداتێ. لە کاتێکدا ڕەشەکان بە ئاسانی ئیشیان دەست نەدەکەوت، لە بەر ڕەفتاری توند و فڕوفێڵیان، گەلێ جاریش لە نێوانیاندا (واتە ئاسیایی و ڕەشەکان) شەڕە گەڕەك دروست دەبوو.

ڕەشپێست ئێستا لە ئەمەریکادا ژمارەیان زیاد لە ٣٠ ملیۆن کەسە و لە هەموو شوێنێ دڕ و بێحەیا و چەقاوەسوون (ئەڵبەتە وەك وتم خەڵکی باشیشیان زۆر تێدایە) و ئێستا سپیپێست زۆریان سڵ لێدەکەنەوە. ئەگەرچی هەموو کەس لەو وڵاتە پابەندی قانوونە، بەڵام ئەمان هەندێ جار لە داخی دڵی خۆیان سەرپێچی لێدەکەن و چەندین جار دیومە منداڵی خۆیان داوەتە بەر زللە و کەسیش نەیوێراوە پێیان بڵێ لەل.

ئەو ڕەشپێستانەی تازە لە وڵاتانی ئەفریقیاوە دەهاتن و هێشتا کورد واتەنی چاویان نەکرابووەوە، زۆر هێمن بوون و هەلسوکەوت لە گەڵیان خۆش بوو. ئەمڕۆ ڕێژەی ڕەشپێست لە ئەمەریکادا، زیادبوونێکی بەرچاو بەخۆوە دەبینێ و زۆربەی کچەکانیان شوو دەکەن بە پیاوێکی خەڵکی ئەفریقا و بەمجۆرە هەلی بۆ دەرەخسێنن بە شێوەیەکی یاسایی کۆچ بکات بۆ ئەم وڵاتە. هەموو کەس لێرە شانازی بە ڕەگ و ڕیشەی خۆیەوە دەکات، بە ئەمەریکییە ئەفریقییەکانیشەوە. لێی دەپرسی لە بنەڕەتدا خەڵکی کوێی، پێت دەڵێ باپیرە گەورە گەورەم لە بریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا و نازانم کوێوە هاتوو. ئەمانیش لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێن باپیرە گەورە گەورەمان بە کۆیلەیی لە کۆنگۆ، سەنیگال.. تاد هاتووە و هەموو کەس هەوڵدەدات ئەو فەرهەنگە دێرینەی بپارێزێت و هەر ئەمەریکییەکیش ببێتە دۆستت پێت دەڵێ ئاگات لێبێت کولتوور و فەرهەنگی خۆت بپارێزە و لە دەستی نەدەیت.

جارێکیان ژن و مێردێکی ڕەشپێستی خەڵکی کۆلۆرادۆ بوون بە ئاشنام، ئەمانە منداڵێکی کچی سێ چوار ساڵیان هەبوو ناویان نابوو "سەکیرە مەئاد". ناوەکە سەرنجی ڕاکێشام و پێموتن مانای چیە؟ وتیان نازانین ڕەنگە عەرەبی بێت، چونکە باپیرە گەورە گەورەی ئێمە پێش سەد ساڵێك لە ناوچەی نووبەی نێوان سوودان و میسرەوە هاتووە و ڕەچەڵەکی ئێمە دەچێتەوە سەر خێڵێکی ئەفریقی، کەوا کولتووری عەرەب و ئیسلام زۆر کاری تێکردووە و ئێمەش تا بتوانین نامانەوێت پاشماوەی ئەو کولتوورە لەدەست بدەین. کاتێ پێموتن ئەم ناوەی ئێوە لە "الصغيرة معاد"ەوە هاتووە و ماناکەیم بۆیان لێکدایەوە زۆریان پێخۆش بوو.

سەگی براوە.. جەنەراڵی دۆڕاو

خانمی هێژا ڤێرای سەعید پوور، بە تەمەنی سەروو حەفتا ساڵیەوە، چالاکانە و بە گیانێکی گەنجانەوە دەستی داوەتە کارێکی گەورەی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری بۆ کورد. ئەم خانمە ئەمەریکییە نووسەر و ڕۆشنبیرە، وەك وەفایەك بۆ یادی مێردە کوردە کۆچکردووەکەی، لە ساڵی ١٩٨٦ەوە لە شاری نیویۆرکی ئەمەریکا دەزگایەکی دامەزراندووە بە ناوی کتێبخانەی کوردی Kurdish Library کەوا مۆزەخانەیەکی کوردەواریش لەخۆ دەگرێت. ئەرکی ئەم دەزگایە ناساندنی فەرهەنگ و کولتووری کوردە بە زانستگە و نێوەندە ڕۆشنبیرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و زانکۆی هارڤاردی بەناوبانگی ئەمەریکی هاوکارێکی باشێتی. دەزگاکە گۆڤارێکی وەرزانەی توێژینەوە دەردەکات بە ناوی "توێژینەوەی کوردی Kurdish Studies" بە زمانی ئینگلیزی و بە سەرپەرشتیی خاتوو ڤێرا و ئەندامانی دەستەی نووسەرانیشی ئەم بەڕێزانەن: عەزیز باوەڕمەند، ڕێبیکا بیۆدین، پۆڵ بلۆم، لوقمان محوّ، کێرڵ نێستۆر، فەرهاد شاکەلی. ئەم گۆڤارە گەلێ توێژینەوەی کوردیی لەخۆگرتووە بە زمانی ئینگلیزی و تا ئێستاش بەردەوامە. هەروەها وەرزانەش بڵاوکراوەیەکی ٢٠ – ٣٠ لاپەڕەیی دەردەکات لە سەر بارودۆخی کوردستان بە ناوی "ژیانی کوردیی Kurdish Life".

کە ساڵی ١٩٩٦ چوومە ئەو وڵاتە، کاك فەرهاد شاکەلی، باسی منی بۆ کردبوو و تەلەفۆن و ناونیشانیشمی دابوویە. کاری ڕاست بێت زوو پەیوەندیی پێوە کردم و زۆری ڕێز لێنام، ماشەڵای لێبێت کە تەلەفۆنی بۆ دەکردم لە سەعات زیاتری پێدەچوو و زۆر خەمخۆری هەموو بوارێکی ژیانی کورد بوو و بەردەوام خەمی بۆ هەڵدەڕشتم و زۆر نیگەرانی خۆخۆری و شەڕی ناوخۆکەمان بوو. ماڵی ئاوا بێت ئەویش زۆر بە توندی دەنگی خۆی خستە پاڵ کۆششی داواکاریمان لە ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ – بەشی میدڵ ئیست بۆ ئەوەی مۆڵەتی چاپکردنی وەرگێڕانە کوردییەکەی کتێبی "جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد"مان بداتێ، کە ئەو دەمە هەلێکی چاپکردنی بۆ هەڵکەوتبوو لە ئەورووپا.

کاتێ کە باسی ئەوەم کرد کەوا دەستنووسێکی کۆکردنەوەی هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردەواریم لایە و بەری ڕەنجی گەڕان و کۆکردنەوەی نزیکەی ١٥ ساڵمە زۆری پێخۆشبوو بۆی بنێرم، بۆ ئەوەی لە ڕێگای شارەزا و پسپۆڕەکانی هاوکاریەوە وەریگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی و بڵاوی بکاتەوە، هەر واشی کرد و بەشی چیرۆکە فۆلکلۆریەکانی لە

لایەن پرۆفیسۆر ویلەر تاکستۆن Wheeler Thackston ی بەرپرسی دیراساتی ئێران و لورستان لە زانکۆی هارڤارد کرا بە ئینگلیزی و بەرگێکی تەواوی گۆڤاری "لێکۆڵینەوەی کوردی Kurdish Studies" ی بۆ تەرخان کرد لەگەڵ پێشەکییەکی تێروتەسەلی پرۆفیسۆر تاکستۆندا و لە پایزی ساڵی ١٩٩٩دا لە نیویۆرک بە چاپ گەیشت. بەشی هۆنراوەکانیشی تا ئێستا لەو دەزگایە چاوەڕێی وەرگێڕێکی کارامەی چەشنی دوکتۆر تاکستۆنە بیکاتە ئینگلیزی و بڵاوی بکەنەوە. شایانی باسە دەزگاکەی ڤێرا خانم بە پیتاك و یارمەتیی شارەوانیی نیویۆرك بەڕێوەدەچێت. تەنانەت کە من دەسنووسەکەم بۆ ناردن داوای لێکردم بە خەتی خۆم بۆی بنووسم کەوا پێشکەشم کردوون و داوای هیچ خەڵات و بەراتێك ناکەم. وەی بە سەرچاو منیش بۆم نووسین "وا ئەم دەسنووسەم پێشکەش کردن و ڕێگەتان دەدەم وەریبگێڕنە سەر زمانی ئینگلیزی و هەر زمانێکی تری دنیا و بەڵێن بێ لە پارەی کارکردنی خۆیشمی بخەمە سەر". ڤێرا خانم دەقی ئەم پێشکەشکردنەی لە کتێبەکەدا بڵاوکردووەتەوە، ئەمە دنیایە نەوەك من بڵێم وامنەگوتووە!

بێینەوە سەر ئەسڵی مەبەست. بەهاری ساڵی ١٩٩٨ من خۆم ئامادە دەکرد لە هاوینەکەیدا خواحافیزیی یەکجارەکی لەو وڵاتە بکەم و ڕۆژێکیان سندووقی پۆستەم کردەوە تەماشا دەکەم ڤێرا کارتێکی بۆ ناردووم وێنەی سەگێکی ناوقەد باریکی تووکنی لە سەرە و لە ژێریەوە نووسراوە تانجیی کوردی و ناواخنەکەشی ئەمەی خوارەوەی تێدایە:

"بڕوا دەکەیت یان نە، لە ساڵی ١٨٦٣دا تانجییەکی کوردی خەڵاتی یەکەمی بردووەتەوە لە پێشانگای نێودەوڵەتیی سەگدا لە پاریس. وێنەی تانجییەکە بە چاپی بەردین یان لیتۆگراف lithograph کێشراوە لەگەڵ سەگە براوەکانی تردا و لە ڕۆژنامەی ئەو دەمەی (لەندەن ئیللەسترەیتد نیوزدا London Illustrated News) دەرچووە. تانجییەکە یەکێك بووە لە شەش جۆری سەگ کەوا لە بەر قەشەنگترین شێوە و ڕوخسار و خاسیەت هەڵسەنگێنراوە. بیری لێبکەرەوە، پێش زیاد لە سەدەیەك سەگێك خەڵاتی براوەیی و ڕێزلێنان بە چنگ دێنێت بۆ ئەو میللەتەی بایەخی بەخێوکردن و چاککردنی جۆری ڕەچاوکردووە. هاوکاری کردنت لەڕووی داراییەوە یارمەتیمان دەدات پەردە لە سەر ئەو ساتانەی مێژووی کورد هەڵدەینەوە کە تاریکی دایپۆشیون. هیواداریین بۆ ساڵی ئایندە بەردەوام بیت لە پشتگیریماندا."

لە گەڵ ڕێزی
کتێبخانە و مۆزەخانەی کوردی

ڕاستیکەی منیش بە چەردەیەك پارە هاوکارییەکی بچووکم کردن و لای خۆشمەوە وتم هەر لە سەگمان کەم بوو! پێموایە پشتگیریکردنی ئەو دەزگایە و ئەو پیرەژنە ڕۆح گەنجە، لەو وڵاتە جەنجاڵ و پڕ سەیر و سەمەرەیەدا، کارێکی پێویست بێت.

پێش ئەوەی بە ماڵ و منداڵەوە بگەڕێمەوە بۆ وڵات، لەگەڵ ماڵی شیرین خان و کاك هوشیاری دۆستماندا، کە لە ناوچەی جۆنسبۆرۆی باشووری ئەتڵەنتا جێگیر بووبوون، چووینە سەیرانگایەکی جوان و قەشەنگ و مێژوویی نزیك ئەو شارە. من لێرەدا لایەنە مێژووییەکەی ئەو سەیرانگایە باسدەکەم، دەنا کەسێك لەو خاریجستانە دەچێتە سەیرانگا یان ناچێت، مەسەلەیەك نیە بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە. بەڵکو دەمەوێ لەوە بدوێم کە چۆن ڕووداوێکی مێژووی ئەو وڵاتە تا ئێستا مامەڵەیەکی زیندووی لەگەڵ دەکرێت و هەموو کەس ئەوەندە ئاشنایەتی وا دەزانێت دوێنێ ڕوویداوە، کەچی زیاد لە ١٤٠ ساڵی بەسەردا تێدەپەڕیوە. ساڵانی ١٨٦١ – ١٨٦٥، ساڵانی شەڕی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە و ئەوانیش ئەو بەزمەیان بووە، خۆ هەر ئێمە نین و بۆ کەس و لایەنی پاساو حازر ئەمە پاکانە و پاساوێکی باشە! ئەو ساڵانە کە ئەمەریکا لە سیانزە ویلایەت پێکدەهات، خەڵکی ویلایەتەکانی باکوور و باشوور نیشتبوونە سکی یەك. شەڕەکەش هەر لە نێوان سپی پێستەکان خۆیاندا بوو، ئەگەرچی خەڵکی ڕەشپێست و ڕەنگاوڕەنگیشیان بەجۆرێك لە جۆرەکان تێوەگلاندبوو. هۆکاری بەرپابوونی ئەو جەنگە بە دووروودرێژی لە مێژووی ئەو وڵاتەدا باسدەکرێت و دەخوێنرێتو یەك لەوانە مەسەلەی ئازادکردنی کۆیلە ڕەشپێستەکان بووە، کەوا حکومەتی فیدراڵیی لە باکوور ویستوویەتی بیکات و دەسەڵاتدارە خاوەن زەوییەکانی باشووریش ملیان پێنەداوە و بەرهەڵستیی بڕیار و فەرمانەکانی حکومەتی باکووریان کردووە و بۆ خۆیان حکومەت و دامودەزگایان جیاکردووەتەوە.

لەو شەڕە پێنج ساڵییەدا خوێنێکی زۆر ڕژاوە وماڵوێرانییەکی زۆر دروستبووە و بە دەستووری نەریتی جەنگکردنی جاران لەشکری هەردوولا ڕیز ڕیز بەرانبەریان لە یەك گرتووە و کەوکوژی تەقەیان لە یەکتر کردووە و ئەڵبەتە بەچەکی ئەو سەردەمە، کە ئەویش هەر تفەنگی بابەتی یەکتیر و پێنجتیر و یانزەتیری لای خۆمانیان هەبووە و بێگومان تۆپیش لە دێرزەمانەوە هەبووە. لەو جەنگەدا ڕیز ڕیز یەکیان قڕکردووە و ئەنجام لایەکیان بەزیون و ئەویتر چنگ لەسەرشان کەوتووەتە کوڵی و بێجگە لە تفەنگ بە کێرد و خەنجەریش یەکتریان داپاچیوە. ئێستاش لە ناوەڕاستی شاری ئەتڵەنتادا گۆڕەپانێکی گەورە هەیە کە شەڕگەی ئەو دوو بەرەیە بووە و شارەوانیی هەموو یەك شەممەیەك گوڵی تەڕوبڕ و ڕەنگاوڕەنگ لە شوێنی پێکران و کوشتنی ناودارانی ئەو شەڕەدا دادەنێت و مەیدانی شەڕەکە بە گوڵ دادەپۆشرێت و هیچ کاتێ ئەو نەریتە پشتگوێ

ناخەن. ئەنجامی شەڕەکە وا کەوتەوە کە لەشکری باکوور سەرکەوتن بەدەستبێنێ و لە هەر چوارلاوە هێرش بکەنە سەر شاری ئەڵتەنتا، کە مەڵبەندێکی سەرەکی حکومەتو لەشکری باشوور بوو بە سەرکردایەتیی جەنەراڵ ڕۆبەرت لی Robert Lee (١٨٠٧ – ١٨٧٠). شەڕەکە کوشتارێکی گەورەی لێکەوتووەتەوە و دوا نووچدان و بەزینی جەنەراڵ لی و لەشکرەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ئەو شارەدا بووە، لە ساڵی ١٨٦٥دا، لە شوێنێکدا کە پێی دەوترێ ستۆن ماونتەین Stone Mountain، واتە شاخەبەردین. جەنەراڵ لە دوای بەزینی لەشکرەکەی خۆیداوەتە دەست هێزەکانی باکوور، بەڵام لەجیاتی کوشتنی دەسبەجێ فەرمانی بۆ دەرچووە هەر بە پلەی جەنەراڵی لە لەشکری ئەمەریکادا بمێنێتەوە و لەم شوێنەدا پاشماوەی بەزیوی لەشکری باشوور تێکەڵ بە هێزەکانی ئەمەریکا بوونەتەوە و شەڕ تەواو بووە. ئەم شوێنە تاقە یەك بەردی زلە بە قەد نیوەی شاخی گۆیژە دەبێت و ئێستا پەیکەری جەنەراڵ لی و دوو جەنەراڵی هاوەڵی، کە لەو شەڕەدا دۆڕان، لە سەر هەڵکۆڵراوە و هەموو خەڵکی ئەمەریکا و بەتایبەتی باشوورییەکان زۆر بە ڕێزەوە تێیدەڕوانن و بە ڕەمزی نیشتیمانی خۆیانی دەزانن و شوێنەکەش هەر لە بەر خاتری ئەو کراوەتە سەیرانگایەکی زۆر گەورە و یەکێکە لە شوێنە گەشتوگوزارییە ناودارەکانی ئەو وڵاتە کە هەموو کەس حەزدەکات ڕووی تێبکات و ڕووبەری ٣٢٠٠ ئەیکەر زەویی داگیر کردووە، کە هەر ئەیکەرێك چوار هەزار مەتری چوارگۆشەیە.

هێڵێکی شەمەندەفەر بە دەوری شاخە بەردەکەدایە کە نزیکەی ڕووبەرێکی وەك شاری سلێمانی داگیرکردووە. دەریاچەیەکی گەورەش لایەکی دامێنی شاخەکەی گرتووە و چواردەوری دارستان و تەختایی و سەوزاییە. لە سەیرانگاکەدا کۆمەڵێك ساختمان و هۆڵ هەن، یەکێکیان پانورامای شەڕەکەی ئەتڵەنتا نمایشدەکات و ئۆدیتۆریۆم یان هۆڵێکی سینەماش لەولاوە هەموو نیوسەعات جارێك فیلمێکی جەنگی ناوخۆ و شەڕە بەناوبانگەکەی ئەتڵەنتا نمایش دەکات. لە لایەکی ترەوە بازارێك کەرەستەی ستۆن ماونتەینو پەیکەرەکانی جەنەراڵ لی و هاوەڵەکانی لە سەر شمەك و کاڵای جۆراوجۆر دەفرۆشێت هەر لە کووپ و ژێرپیاڵە و شووشەواتەوە بیگرە تا چنین و کاری دەست و جلوبەرگ و هەزار شتی تر. پەیکەرێکی گەورەی جەنەراڵ لی لە ناو هۆڵی پانوراماکەدا بە سەر ئەسپەکەیەوە دروستکراوە.

لە باخچەکانی دەرەوەی هۆڵ و بیناکاندا خەڵك بۆ خۆی کۆمەڵ کۆمەڵ دانیشتووە و لە چەندین دووربینی گەورەوە تەماشای ڕیلیفی جەنراڵ لی و هاوەڵەکانی دەکەن کە لە شوێنێکی بەرچاوی شاخە بەردەکەدا هەڵکۆڵراوە و تەلەفریکیش بەردەوام خەڵك دەگوێزێتەوە بۆ سەر شاخ بە ڕاسەری نەخشی هەڵکۆڵراوی جەنەراڵدا.

ئەمـــەریکـــا و ململانێی کارپەیداکردن

کاتێ لە گوام هەندێك موحازەراتیـان داینێ لـە سـەر چۆنێتـی کاردۆزینـەوە لـە ئەمـەریکادا و کورتەکەی ئـەومبوو تاچەند زیرەك و بەهەڵپـەی بـۆ ئـەوەی بـە کرێیـەکی بـاش کـارێك بدۆزیتــەوە و شـێوەی دانوسـتان لەگـەڵ خـاوەن کـاردا و نـەریت و ئـادابی ئـەو دانوسـتانە، واتـە ئەگـەر کـارێکی باشـت دۆزییــەوە یەکسـەر نالێی مانگی یان هەفتەی یان سەعاتی چەندم دەدەنێ بۆ ئـەوەی بچمـە سـەر ئـەو کـارە، بـەڵکو مەسـەلەکە دەیـان موجامــەلات و دیپلۆماسـیەتو ڕاوە ڕێـوی لـەخۆ دەگرێت. ئەڵبەتە ئەمـە بـۆ کـارێك کـە پسپۆری و شـارەزایی گـەرەك بێـت و ئـەو کاتە تۆ واخۆت پیشان دەدەی کە ئەوان پێویستیان بە تۆیە نەك تۆ پێویستت بـە کـار و کرێـی ئەوانـە و دەبـێ خـۆت وا دەربخـەیت کـە تـۆ کێشــە و گرفتـی ئــەوان چارەسـەر دەکـەی لـە ئیشـدا و دەبـێ ڕزیومییەکــەت resume، واتــە مێــژووی کارکردن و شارەزایی پێشووت پاڵپشتی گفتوگۆ و پێداگرتنت بێت لەگەڵ خـاوەن کـاردا. بـەڵام ئێمـە کـە یەکـەمجار چووینـە ئـەوێ ئەمـەیان نەیگرتینـەوە، چونکـە کاری باش پێویست بـەوە دەکـات زمـانێکی ئینگیلیزی ئەمـەریکیی - American English پاراو بزانیت و چاك لە گفتوگـۆی زمـانی ڕەشـەخەڵکەکە (عـامی slung) بزانیت و ئێمە لە وڵاتـی خۆمـان، خۆمـان بـە ئینگلیزیزان دەزانـی، کـەچی لـەوێ زۆر دادی نەداین، چونکە زۆربەی ئەمەریکییەکان دان نانێن بە قسەدا و زۆربـەی هەر قووتدەدەن و قورعان بە هەفت کـاتێ ڕەشپێستەکان لـە ناوخۆیـاندا قسـەیان دەکـرد مـن بـە هـەزار حـاڵ شـتێکیان لێتێدەگەیشتم، بێجگـە لـەوەش لـە هــەندێ ویلایـەتی وەك کالیفۆرنیـا دەبـوو لـە پـاڵ ئینگلیزییەکەدا ئیسـپانیش بزانـی، کــە زمانی دووەمی ئەو وڵاتەیە، بۆ ئەوەی ئیشی باشت دەست بکەوێت. ئەڵبەتـە گـەڵێ شوێن کارت نادەنێ ئەگەر گرین کارتت نەبێ، واتە بەلای کەمـەوە دووسـێ سـاڵێك لە ئەمەریکا نەژیابێتی.

ڕاسـتێکەی ئێمـە لـە هەوەڵـەوە لووتمـان بـەرز بـوو و بـە پێـی باسوخواسـە نەزەرییەکە حەزمان لە ئیشی باش بـوو. تەنانـەت جارێکیان تـاقمی کەنیسـەکەی یارمــەتییان دەدایــن بردینیــان بــۆ ئەتڵــەنتا بــۆ لای سپۆنسـەری یەکــەمجارمان،

گرووپی کەنیسە لووسەرییەکانی جۆرجیا، چونکە کەنیسەکەی لای خۆمان زۆر کۆڵ بوون لەو بوارەدا. لەوێ بەرەورووی کابرایەکی ئەفغانییان کردینەوە، ناوی عوبێد ڕەسووڵ بوو، گوایە پسپۆڕو شارەزای ئەم بوارەیە. من پێموت کتێبی جینۆسایدم کردووەتە کوردی و حەز دەکەم لە بواری مافی مرۆڤ و بەگژداچوونەوەی ستەم و جینۆسایددا کاربکەم. کابرا بزەیەك گرتی و وتی ئێرە ئەمەریکایە و کارکردن لەو بوارانەدا هێند ئاسان نیە. ئەو کاتە زۆر لەو کابرا ئەفغانییە پەست بووم و وامزانی درۆم لەگەڵ دەکات. بەڵام دواتر و بە ئەزموونی خۆم بۆم دەرکەوت زۆر ڕاست دەکات. ئەڵبەتە لە هەندێ ویلایەت و شار برادەر و دۆستی کوردمان هەبوو تەلەفۆنیان بۆ دەکردین کە تووشی ڕێکخراوی سپۆنسەری باش بوون و تا بە دڵی خۆیان ئیشی باش نەدۆزنەوە ئەمان هەر خەرج و مەسرەفیان دەکێشن. بەڵام ئەمانی ئێمە، ئەگەرچی لە سپۆنسەری خەڵکیتر باشتر بوون، کەچی بەرنامەکەیان بۆ یارمەتیدانی ئێمە هەر سێ مانگ بوو و ئیتر دەبوو خۆمان کار بۆ خۆمان بدۆزینەوە بەڵکو بتوانین ئەو کرێ زۆرەی خانوو و ژیان و گوزەران دابین بکەین. کەنیسەکە بە ئاشکرا پێیان وتین بەرنامەی ئێمە تەواو، ئیتر خۆتان مشووری خۆتان بخۆن. ئەو شارەی منی لێبووم، واتە ڕۆزوێڵ، دەکەوتە بازنەی شار و گەڕەکە پان و فراوانەکانی ئەتڵەنتای گەورەوە Greater Atlanta، کە بە پایتەختی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکایان لەقەڵەم دەدا و ڕووبەرێکی هێجگار گەورەی گرتبوّوە. لێرە بەو شار و شارۆچکە و ناوچانەی کە دەکەونە نزیك شارێکی گەورە دەوترێ میترۆپۆڵیتان و وەك لای خۆمان سیستەمی قەزا و ناحیە نیە و سیستەمی ئیدارەش دوورە لەوەی کە لە فەرهەنگی خۆماندا باوە. ئێرە، واتە میترۆپۆڵیتانی ئەتڵەنتا، وەك خۆیان باسیان دەکرد ناوچەیەکی گەشەکردوو بوو و تەنانەت خەڵکی ویلایەتەکانی تریشی بۆ دەهات بۆ کارکردن. دەیان بازاڕی گەورە و کارگە و بیزنێسی تێدابوو. هەموو شوێنێك لەوانە کە دەچوویت یان بەلایدا تێدەپەڕیت لە سەر دیوار و جامخانەکانی نووسرابوو "پێویستمان بەخەڵکە بۆ کارکردن" بە گوزارشتی جوانو ناسك، وەك Help Wanted واتە پێویستمان بە یارمەتیتانە، یان Now Hiring واتە ئێستا خەڵك دەخەینە سەر ئیش. ئێمەی نەشارەزا و چاونەکراوە بەم جۆرە جاڕنامەیە دڵمان خۆش دەبوو، بەڵام کە

دەچووینە ئەو شوێنانە فۆرممان پڕدەکردەوە و چاوەڕێی ئەوە بووین، وەك خۆیان دەیانوت، تەلەفۆنمان بۆ بکەن بۆ چاوپێکەوتن کەچی ئەو تەلەفۆنە هەرنەدەکرا. دواتر کە چاومان کردەوە بۆمان دەرکەوت هەر لە دوکانێکی بچووکەوە بگرە تا کارگە و بازاڕە گەورەکان بەردەوام فۆرمیان لەلایە و خەڵك پڕیاندەکاتەوە و ئەوانیش بە پێی پێویستیی خۆیان و هەر کاتێك کارمەند یان کرێکارێکیان ڕۆیشت فۆرمێك هەڵدەبژێرن و تەلەفۆن بۆ خاوەنەکەی دەکەن. بەردەوامیش خەڵك و بەتایبەتیش ئەوانەی کاری ئاسایی دەکەن کە پێویستی بە پسپۆڕی و شارەزایی زۆر نیە لە پاڵ کارەکەی خۆیاندا فۆرمیشیان لە چەندین شوێن پڕکردووەتەوە و هەر شوێنێك کرێکەی کەمێك زیاتر بوو بۆی دەچن. شیاوی وتنە ئەمە لەو وڵاتەدا زۆر باوە و تۆ ئەگەر لە ئیشێکدا بیت و بەرێکەوت لە کارێکی باشتر وەرگیرای ئەوە دەبێ پێش دوو هەفتە خاوەن کاری یەکەم ئاگادار بکەیت ئەوجا بۆت هەیە بڕۆیتە سەر کاری دووەم، خۆ دەشتوانی هەر دەسبەجێ وازبێنیت و بڕۆیت بەڵام لەم حاڵەتەدا لەو شوێنە دەکەویتە لیستی ڕەشەوە و بۆت نیە جارێکیتر داوای کاریان لێبکەیتەوە.

بەم ڕەنگە، من لە بازاڕی مارشاڵ وەرگیرام و کەوتمە کارکردن. ئەم بازاڕانە لای خۆمان و لە ئەورووپاش پێیاندەوترێ سوپەرمارکت و لەوێ پێیاندەڵێن ستۆر Store. جا هەیە تایبەتە بە جل و پۆشاك و پێڵاو هەموو بابەتێکی کەمالیات و هەشە تایبەتە بە خواردەمەنی. ئەم جۆرە بازاڕانە زۆر گەورە و بەرفراوانن و دوو بەقەد ڕووبەری خۆیان و زیاتریش پارکی ئۆتۆمبیلی لەبەردەمدایە. یان کۆمەڵە بازاڕێکی جۆراوجۆر لە سەر گۆڕەپانێکی زۆر گەورەی پارکی ئۆتۆمبیلن و بە گشتی بەم کۆمەڵە بازاڕ و پارکە دەوترێ مۆڵ یان پلازای فلانە شوێن، پلازا plaza لە بنەڕەتدا ئیسپانییە و واتای شوێن دەگەیەنێ. بازاڕەکانی جل و پۆشاك، خواردەمەنی، ناوماڵە.. تاد هەموو لە شێوەی کۆمپانیای زەبەلاح و گەورە گەورەدان و لە هەر بازاڕێك دەیان و سەدان جۆری هەمان سیستەمی کار و شێوەی خستنەڕووی شمەك هەن لە سەرتاپای وڵاتەکەدا. بۆ نموونە من لە لقی بازاڕی مارشاڵ Marshals ی شاری ڕۆزوێڵ وەرگیرام کە ژمارەکەی ۳٥۱ بوو. لەم جۆرە بازاڕە کە لەبنەڕەتدا هی یەك کەس یان یەك کۆمپانیا بوو نزیکەی ٦۰۰ دانە لە سەرانسەری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەبوو. هەر لە میترۆپۆلیتانی

ئەتڵەنتا کە منی لێبووم بیست بازاڕی لەم چەشنە هەبوو، بە یەك دیکۆر و یەك سیستەمی کارکردن و هەمان گرووپی کەل و پەل و شمەك لە هەر ٦٠٠ بازاڕەکەدا.

لێرەدا، بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەر و ئاشنابوونی بە کەش و هەوای کارکردن لەم وڵاتەدا، جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کەوا کارکردن لەم وڵاتەدا بەهایەکی بەرزی هەیە و دەگمەنن ئەو کەسانەی کار ناکەن، چونکە لە سەرێکەوە جۆرە شوورەییەکە کەسێك بێکار بێت و لە سەرێکی تریشەوە ئەگەر کار نەکەیت ناژیت و پارەی سۆشیالٚ یان وێلفێر شتێکی کەم و بێبایەخ بوو لەم ویلایەتەی ئێمە و زۆربەی ویلایەتەکانی تریشدا، هەندێکی لێبەدەر وەك کالیفۆرنیا و نیومەکسیکۆ و کۆنێکتیکەت و چەند ویلایەتێکی باکوور. ئێمە کە خێزانێکی شەش کەسی بووین ئەو دووسێ مانگەی کارم نەبوو ٤١٠ دۆلاریان دەداینێ لە گەلٚ نزیکەی ٣٥٠ دۆلار بە شێوەی پسووڵەی خۆراك food stam، لەکاتێکدا کەوا کرێی خانووەکەم بە خەرجی ئاو و کارەبا و گاز و تاد خۆی لە هەزار دۆلار دەدا. ئەڵبەتە هەرکەسێکیش کاری دەست بکەوێ ڕازی نابێت بەو پارە کەمە کە بە هیچ جۆرێ بەشت ناکات. لێرە کارت هەرچییەك بێت کارە و ئیترخەڵك لێت ناپرسێ کارەکەت چیە، کۆڵکێش بیت یان بەڕێوەبەر وەك یەك وایە. جا لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە کەسێك بەیانیان لە فەرمانگەیەکی حکومەتدا بەڕێوەبەر بێت و لە سەعات چوار و پێنج بەدواوە تا سەعات ١٠ و ١٢ و نازانم کەی لە کارگە یان بازاڕێکدا، کە هەمووشیان ئەهلین، پالٚ بە عەرەبانەوە بنێت یان گسك بدات یان هەر کارێکی تر بکات.

ئەو دەمە من لەوێ بووم نزمترین کرێی هەر کەسێك لە هەر ئیشێکدا نەدەبوو لە چوار دۆلار و حەفتا و پێنج سەنت کەمتر بێت بۆ یەك سەعاتی کارکردن و پاش ماوەیەك بوو بە پێنج دۆلار و پێموایە ئێستا زیاترە، بە پێی یاسای کارکردنی حکومەتی فیدراڵی لە سەرانسەری ئەمەریکادا. ئەڵبەتە کەس کاری بەو کرێیە نەدەکرد و وەك عورف سەعاتی لە شەش دۆلار کەمتر نەبوو، گەلێ کەس بە هەشت و نۆ و بگرە دە دۆلاریش کاری ئاساییان دەست دەکەوت لە هەندێ کارگە و چێشتخانە و شوێنی تردا. بەلاٚم بە گشتی لەو بازاڕە گەورانەدا و بۆ کاری عادەتی کە پێویستی بە شارەزایی و پسپۆڕیی نەبوو کرێی سەعاتێك لە نێوان

٦,٥ – ٧,٥ دۆلاردا بوو. ئەمە و هەندێ جاریش فێڵ لە خەڵك دەكرا و كەمتری دەدرایە، بێگومان وەك گرێبەستێك و بە ڕەزامەندیی خۆی. ئەڵبەتە هەندێ كار هەن لەو وڵاتە كرێی زۆر باشیان هەیە وەك فیتەری و بۆیاخچی و ئیشی كارەبا و ئاو بەستن. هەندێك دۆستی من هەبوون كاری فیتەرییان دەكرد و سەعاتی ١٤ دۆلاریان هەبوو. هەر لەو كۆمەڵە خەڵكەی لەگەڵ ئێمەدا چوونە ئەمەریكا هی وایان هەبوو هەل و دەرفەتی زۆر باشی بۆ هەڵكەوت و بە ئاسانی بە پێی شارەزایی و پسپۆڕیی خۆی لە شوێنی شیاودا دامەزرا و هەشیانبوو لە هەندێ ڕێكخراوی ناحكومیی ئەو وڵاتە و كاری باشی دەستكەوت بە پارەی باش.

ئێمە لە گوام و تەنانەت كە لە وڵاتی خۆشمان بووین گەلێ جار گوێبیستی ئەوە دەبووین كەوا ئەمەریكا وڵاتی هەل و دەرفەتە بۆ هەندێ لەوانەی كۆچی بۆ دەكەن و لە هەمان كاتیشدا وڵاتی هەڵپە و ڕەنج و كلۆڵییە بۆ كەسانی تر. ئێمە ئەو كاتە ئەم قسەیەمان زۆر بەئەقڵدا نەدەچوو كەچی وا ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین و ڕێكوڕاست وا دەرچوو و ئەولاتریش.

بابێمەوە لای بازاڕی مارشاڵ و كورتەیەك لەو بارەوە باس بكەم. ساڵی ١٩٥٦ بازی بەخت نیشتەوە بە سەر بارۆن مارشاڵەوە لە ویلایەتی مەین لە باكوور و بە بازاڕێكی بچووك دەستی پێكرد و وردە وردە قازانجی كرد و پەرەی بە كارەكەی داو وا ساڵی ١٩٩٧ ە و منی كوردی ڕەهەندەی وڵاتی خۆم و تازە جێگیری وڵاتەكەی ئەو لە بازاڕی ژمارە ٣٥١ ی ئەو پیاوەدا كە ناوی خۆی هەڵگرتووە كار دەكەم نازانم ناوم كرێكارە، كارمەندە، مووچەخۆرە چیەو تەنها بە ئیستیلاحی ئەو بازاڕە مونتەسیب associate یان كلاركم clerk كە لای خۆمان بۆ بنووس یان كاتب بەكاردێت. ئەو شوێنە ٦٠ – ٧٠ كەسێك كاریان تێدا دەكرد و كاری كەسیش قورس نەبوو. سەعاتی كرێكەی من حەوت دۆلار بوو، كارەكەشم پڕكاری یان فوڵ تایم بوو، واتە هەفتەی چل سەعات كارم دەكرد بەڵام نزیكەی پێنج یەكی داهاتەكەم باج دەیبرد و ئەویش لەبەرئەوەی خاوەن منداڵ بووم دەنا بۆ كەسێك منداڵی نەبوایە ئەوە چواریەكی داهاتی بۆ دائیرەی باج بوو. ئەمەو بەشێكی تری بۆ تەئمینی تەندروستی دەچوو، كە دواتر دێمە سەر وردەكارییەكانی. بەڕێوەبەری ئەم بازاڕە پیاوێكی سپی پێستی ئەمەریكیی زۆر بەڕێز و بەئەدەب بوو، هەر لە تەمەنی خۆمدا و ناوی براد جۆنسن بوو، هەندێ باسم لە بارەی

ولاتی خۆمانەوە بۆ کردبوو، بەلام کەسێکی ئەمـەریکیی ئاسایی هێنـدە بایـەخ بـە کێشە و مەینەتیی تـۆ و ولاتـی تـۆ نـادات بەقـەدەر ئـەوەی بـیری لای سـەگەکەی و ژیانی تایبەتی خۆیەتی. کە پرسیاری لێکردم و پێموت خەڵکی کوردستانم، بـە موجامەلـەوە سـەرێکی بـۆ لـەقاندم و لەناخیشـیدا ئـەم نـاوەی لەگـەڵ پاکسـتان، هندسـتان و ئەفغانستاندا لـەلا یـەك بـوو و تەقـەی سـەری دەهـات لـە بـارەی ئــەم جۆرە ولاتانەی ئێمە و هەموو ستانەکانیەوە.

کەم کەس هەیە لە ئەمەریکادا دوو ئیش نەکات

لەم ولاتەدا پرسیارێك هەیە خەڵك لە یەکتری دەکەن و هێندە دووبارە دەبێتەوە وەك پەندی لێهاتووە ئەویش بەمجۆرەیە "کاری ترت هەیە بۆ ئەوەی پارەی خزمەتگوزاریی پێبدەیت؟"

لێرە مەگەر خەڵکی دەوڵەمەند، کە کاری باشیان هەیەو سەرمایەگوزاری دەکەن بتوانن زۆر باش بژین، دەنا خەڵکە ئاساییەکە بە کۆچبەر و ئەمەریکیی ڕەسەنەوە بەردەوام لە هەڵپەی کارکردندان. گەلێ جار یەك ئیش داد نادات و دەبێ لە شوێنی تر کاربکەیت بۆ مسۆگەرکردنی خەرج و مەسرەف و پارەی دکتۆر و دەرمان. لەبەرئەوە بەردەوام خەڵکەکە ماندووە و لە بەیانیی زووەوە دەچێتە سەر کار و زۆر کەس دوای هەشت سەعاتی کارکردنی سەرەکیی خۆی، پاشنیوەڕوان و شەوان لە شوێنی تر کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی پارەیەکی زیاتر و بۆ ئەوەی بتوانێ کرێی خانوو و خزمەتگوزاری و تەندروستی و خوێندن و پۆشاك و خواردن دابین بکات. بۆ ئێمەمانان کارکردنی تاقە کەسێك لە خێزانێکی گەورەدا بەشی ئەو خەرج و مەسرەفەی نەدەکرد. من لەبەرئەوەی چوار منداڵەکەم هیچیان ئەو کاتە نەگەیشتبوونە تەمەنی ١٦ ساڵ، چونکە لەو تەمەنە بەدواوە بە پێی یاسا ڕێگەی کارکردن دەدرێ و لە سەرێکیشەوە هەر هەموویان قوتابی قۆناخەکانی خوێندن بوون، ئەوە بەناچاری هەر خۆم کارم دەکرد و فریای هیچ نەدەکەوتم. دایکی منداڵەکان دەبوو ئاگای لێیان بێت و دوانە وردەکەیان، کە لە قوتابخانە دەگەڕانەوە و لە ماڵەوە دەبوون، دەبوو کەسێکیان لەگەڵدا بێت. بەڵام وا من فریا ناکەوم، ناچار هەر لە بازاڕی مارشاڵ کارێکی سێ چوار سەعاتی ڕۆژانەم بۆ دایکیان پەیداکرد، لەو ماوەیەی کە منداڵەکان دەچوونە مەکتەب. ئەم جۆرە ئیشە پێی دەوترێ پارت تایم، واتە کارکردنی چەند سەعاتێك و پابەند نابیت بە ڕۆژی هەشت سەعات کارکردنەوە. ئەو کارەی دایکیان ڕۆژانە لە کاتژمێر ١١ – ٢ یان زیاتر و کەمتر بوو، بەڵام دەبوو کاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆ لە بەردەرگای کۆمپلێکسی نیشتەجێکەمان (گەڕەکەکەمان) چاوەڕێی بکردایە تا پاسی مەکتەب منداڵەکانی دەهێنایەوە و ئەم وەریدەگرتن و لەگەڵیاندا دەگەڕایەوە بۆ شوقەکە. ئەمە خۆی دەردێکی سەخت بوو تووشمان بوو و زۆر بە دەستیەوە دەمانناڵاند. ڕۆژانی شەمە و یەکشەمە بۆ خەڵکی تر پشوودان و حەوانەوە بوو، بەڵام بۆ ئێمە کارکردنی

سەرومڕ بوو. ئێمە هەردوکمان ئەو دوو ڕۆژەمان بە جەژن دەزانی چونکە لە ماڵەوە منداڵە گەورەکان، کە لە قۆناخی ناوەندی و دواناوەندیدا بوون لەگەڵ دوو بچووکەکەی قۆناخی سەرەتایی دەمانەوە و ئێمەش لە سەر ئیش بووین.

ڕاستێکەی ئەمەش دەرینەهێنا و خێزانێکی شەش کەسی دەبوو بەلای کەمەوە سێ کەسیان فولْ تایم، واتە ڕۆژی هەشت سەعات کاربکەن ئەوجا بە باشی گوزەران دەکەن، بەلاّم ئێمە یەك و لەتێك کارمان دەکرد و خەرج و مەسرەف و ئەو کرێ خانووە قەبەیەی دەرنەدەکرد، چونکە مانگانە دەبوو زیاد لە هەزار دۆلار کرێی شوقە و خزمەتگوزاری بدەین بەم جۆرەی خوارەوە: کرێ خانوو ٦٨٥ دۆلار، کارەبا ١٠٠ دۆلار، ئاو هاوینان ١٠٠ دۆلار و زستانان ٥٠ دۆلار، غاز ٦٠ دۆلار، تەلەفۆن (تەنها بۆ ویلایەتەکان و کەنەدا و ئەوروپای ڕۆژئاوا) ١٣٠ دۆلار بەلاّم ئەو دەمە تەلەفۆن کردن یان فاکس ناردن بۆ کوردستان زۆر گران دەکەوت لە سەرمان و بە کارتی تایبەت بوو، تەماشاکردنی تەلەفزیۆن کە من تەنها لە سی کەناڵدا بەشداریم هەبوو بە کێبڵ ١٥ دۆلار و ئەگەر بتکردایەتە ٦٠ یا ١٠٠ کەناڵ کرێکەی زۆر زیاتر دەبوو. ئەڵبەتە بۆ خێزانێکی وەك ئێمە هەفتانە دەبوو ١٥٠ – ٢٠٠ دۆلار بدەینە خواردن و پۆشاك و پێداویستیی جۆراوجۆریش خەرجی خۆی دەویست و ئەو پارەیەی هەردوکمان لە کارکردن دەستمان دەکەوت زۆر کورتی دەهێنا. ئەمە و گیانیشمان بەوە بوو کە بایی نزیکەی ٣٥٠ دۆلارێکیش مانگانە پیتاقەی خۆراکمان هەبوو Food Stam و لەبەر ئەوەی چوار منداڵی خوار شانزەساڵمان هەبوو پسووڵەی یارمەتیی تەندروستیمان هەبوو Medic Aid، واتە دوکتۆرمان بەخۆڕایی بوو، دەم و ددانی لێدەرچێت کە ئەوە خۆی لەخۆیدا قوربەسەرییەکە بۆ ئەمەریکییەکان خۆیشیان و پڕکردنەوەی ددانێك زیاد لە ٣٠٠ دۆلاری تێدەچێت.

ئەو خێزانە کوردانەی کەوا منداڵی وردیان نەبوو یان خەڵکی ئیشکەریان زۆر بوو، نانیان لە ڕۆندا بوو، چونکە ئەگەر لە ماڵێکی شەش کەسیی وەك ئێمەدا سێ یان چوار کەسیان کاری فولْ تایم بکەن ئەوە بە پارەی دوو کەسیان بە باشی دەژیان. گەلێك لەوانەی خەڵکی ئیشکەریان زۆر بوو هەر یەکە ئۆڤەر تایم، واتە کاری زیادە و بێجگە لە ئیشە سەرەکیەکەشیان ئیشی تری فولْ یان پارت تایمیان دەکرد و لەڕاستیدا ئەگەر کەسێك بیویستایە دەیتوانی لە شەو و ڕۆژێکدا، واتە بیست و چوار سەعات ١٤ – ١٥ سەعات کار بکات و دەشمانبیست هەندێ کورد ١٨ سەعاتیش کاردەکەن و ئەوە بەتایبەتی بۆ کاری فیتەری و کارەبایی و بۆریچی و کاری لەم چەشنە غەزنەیەك بوو بۆ خۆی، کە بە زۆری

مەکسیکیەکان ئەو کارەیان دەکرد. بەلأم بۆ ئێمەمانان کە دەرەقەتی کاری قورس نەدەهاتین و دەبوایە لە کارگە و بازاڕەکاندا کاری هاکەزایی بکەین، ژیانمان زۆر خۆش نەبوو. ڕاستێکەی ئێمە تووش بووین، چونکە ئەو کۆمەڵە خەڵکەمان کە شەهادەی زانکۆمان هەبوو و لە ولأتی خۆمان مامۆستا و ئەندازیار و شتی لەم جۆرە و دواتریش لە ڕێکخراوە ناحکومییە لۆکاڵ و نێودەوڵەتیەکاندا کاری باشمان دەست کەوتبوو و بووبووینە جێی بەغیلیی خەڵك خۆشمان دەگوزەراند، کەچی لە ئەمەریکا هیچ حیسابێك بۆ پلەی خوێندن و شەهادەمان نەکرا و وتیان ئەمە ئەمەریکایە و بەخێربێن سەرچاو بڕۆن کار بۆ خۆتان بدۆزنەوە و چۆن ژیانی خۆتان مەیسەر دەکەن بیکەن. ئێمەش دەستێکمان کەوتە ئەملا و دەستێکیش ئەولا، خوا بە زیادی خێرمان نەکرد چیمان بەخۆمان کرد! ئێرە تەنانەت وەك ئەورووپاش نەبوو کە خەڵکە پەنابەرەکە و بەتایبەتی ئەوانەی منالّدارن قاچیان خستبووە سەر قاچ و بۆ خۆیان لە تەڕ دەیانخوارد و لە وشك دەخەوتن و پارەی سۆشیاڵ هەموو شتێکی بۆ دابین دەکردن. کەواتە چارچیە و تازە ڕیش بوو بەڕیشەوە و دەبێ شانەی بۆ هەلگرین.

منێکی ڕۆژهەلأتیی خوێندنی زانکۆ تەواوکردوو، لە قۆناخێکی ژیاندا مامۆستای دواناوەندی و پاشتریش کارکردن لە ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا، ئەگەرچی وەك هەموو یان زۆربەی خەڵکی ولأتەکەم چەند ساڵێك بە دەست شەڕوشۆڕ و ئابلۆوقەی ئابووری و هەژارییەوە نالأندمان، بەلأم هەرگیز ئەو سالأنە پەنای پێ نەبردمە بەر کارێك کە بە کولتووری ولأتی خۆم کاری من نەبێت و پێی سەغلەت بم، کەچی ئەمەریکا ئەو کارەی پێکردم و هەر لە یەکەم ڕۆژی کارکردنمەوە لە بازاڕی مارشاڵ لەگەڵ ژنێکی خەڵکی کۆلۆمبیادا، کە ناوی مارتا بوو و تەمەنی لە پەنجا ساڵ وەبان بوو کاری ڕێکخستنی جلوبەرگ و شمەکیان پێسپاردم، لە کارتۆن دەریبکەین و نایلۆنی لێدامالّین و بە پێی جۆری پیاوانە و ژنانە و مندالأنە جیایانبکەینەوە و پاشان بیاننێرینە نمایشگای بازاڕەکەوە. مارتا ئافرەتێکی ڕووخۆش و سوعبەتچی بوو، ١٥ ساڵ بوو لە ئەمەریکا بوو بەلأم هێشتا هەرئینگلیزییەکەی تۆزی دەکرد و خواخوای کەسێکی ئیسپانی زمانی بوو بۆ خۆی دەمی لەگەڵ بداتە چەرخ. خەڵکێکی هێجگار زۆری مەکسیکی و ئەمەریکای لاتین ڕوویانکردووەتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ژیان و کارکردن، چونکە ولأتەکانیان چەشنی کاولە ولأتەکانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستی لەمەڕ خۆمان گرفتاری دەستی حوکمی ملهوڕی و دکتاتۆریی بوون و لە ئەنجامدا بوون بە وێرانە. ئەو خەڵکە زۆرەی

لەوێ ڕەویان کردووە و زمانیشیان ئیسپانییە، چونکە کاتی خۆی هەموو کۆلۆنیـی ئیسپانیا بوون، بەرازیلی لێبەدەر کە زمانیـان پورتوگالییـە، لـەم ولاتـەدا لـە گـەڕەك و شوێنی کار و خوێندندا بەزۆری پێکەوەن و بە باشی فێری ئینگلیزی نابن. مارتاش یەکێك بوو لەوانە و پـاش پـانزە سـاڵیش لەبـەر ئـەوەی ئینگلیزییەکـەی ڕەوان نـــەبوو مـــافی هـاولاتیبوونی ئەمەریکای نەدرابوویە، کە بە پێی یاسا دەبوو پاش ٥ – ٦ ساڵ وەریبگرێ.

بەڕێوەبەری بازاڕەکـەمان، وەك پێشـتر گێڕامـەوە، نـاوی مستەر جۆنسن بـوو، گـەنجێکی سپیپێستی لەسەرخۆ و قسەخۆش بوو، زۆر ڕێزی من و خێزانمی دەگرت چونکە دەسپاك و ئیشکەربووین. کە ئەمەیان دەڵێم لەبەرئەوەیە کەوا لەو ولاتەدا خـەڵکێکی زۆری تەمـەڵ و دەسپیس و دز و بێکەڵك هەبوون و بەداخەوە خەڵکە ڕەشپێستەکەی ئـەو ولاتـە گـەلێکیان لەم جۆرە بوون، هەر چەندە خەڵکی زۆر باشیشیان هـەبوو و گـەلێ ژن و پیـاوی ڕەشپێست دۆستی باشم بوون و ئەم خووە خراپەش هۆکاری خۆی هەبوو، دواتر بـە وردی دێمـە سـەر باسکردنی.

ئەمەیە ئەمەریکا .. بەخێربێن بۆ ئەمەریکا

مارتای هاوڕێم، کە هەموو جارێ من بێزار دەبووم و دەردەدڵی خۆم بۆ دەکرد، لەڕووی تەوسەوە ئەو قسەیەی سەرەوەی پێدەوتم "ئەمەیە ئەمەریکا.. بەخێربێن بۆ ئەمەریکا This is America, welcome to America". نەك مارتا، گەلێ لە ئەمەریکیەکان خۆیشیان هەر ئەم قسەیە دەڵێنەوە و بووە بە وێردی سەر زمانی خەڵك و لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەوا کەسانێکی زۆری سەر ئەم گۆی زەویە چوونە ئەمەریکا بە خەون و خەیاڵێکی خۆش دەزانن و ئاواتەخوازن ڕۆژێ لە ڕۆژان بەدیبهێنن. کاتێکیش بازی بەخت بە سەریانەوە دەنیشێ و دەچنە ئەو وڵاتەوە و لووتیان لە بەردی واقیعە تاڵەکە دەدا تووشی شۆك دەبن و بە دەست مەینەتی کار و کارپەیداکردنەوە گرفتار دەبن و پاشان وردە وردە تێکەڵی ئەو ژیانە پڕمەینەتییە سەیر و سەمەرەیە دەبن و بۆ خۆیان ئاشی کار و ژیان دەیانهاڕێ و لە هەزارا یەکیش بۆ خۆی پێدەگات و دەبێتە ملیۆنێر! سەیر ئەوەیە ۹۹۹ کەسەکەش هەر بەو خەیاڵەوە دەڕەتێن و تا ڕۆژی نەفخی سوور هیچیان بە هیچ نابێت!

لە مارشاڵ، هەرچەندە یەگی ئەو پیرەژنە ڕەقەڵە پیسەی جێگری بەڕێوەبەری بازاڕەکە بوو لەگەڵمان خراپ بوو، بەڵام مستەر جۆنسنی بەڕێوەبەری گفت شیرین و قەشەنگ هەتا بڵێی دڵنەوایی دەکردین و قەرەبووی ڕەفتاری ناشیرینی یەگیی ڕیوەڕیوکەری بۆ کردبووینەوە. ئەم پیاوە چاوترووکانێك چیە لە سەر کورسی دانەدەنیشت و بەردەوام لە ڕەفەکاندا کاڵا و جل و پێڵاو و کەمالیات و تەتکە و لەرزانەی ڕیزدەکرد، کە بەردەوامیش مشتەرییەکان بە سەر یەکدا تێکیاندەدا و دەیانشێواند لە کاتی تاوتوێکردنیاندا بە مەبەستی کڕین و کەسیش نەیدەتوانی پێیان بڵێ وا مەکەن نەوەك دڵیان بڕەنجێ و لە بازاڕەکە بتەکێنەوە. بەیانیان سەعات نۆ بازاڕەکە دەکرایەوە و ئەو لە سەعات هەشتەوە لەوێ بوو بە دەستی خۆی گسکی دەدا و مێزو ڕەفە و ئاوێنەی پاکدەکردەوە و لە هەر کەسێکی کارمەندی ئەو بازاڕە زیاتر ئیشی دەکرد و دیاربوو بەرپرسەکانیشی زۆریان بەدڵبوو، چونکە دواتر بیستمەوە کراوە بە بەڕێوەبەری ئیقلیمیی هەموو بازاڕەکانی مارشاڵ لە ناوچەی ئەتڵەنتادا کە ژمارەیان زیاد لە بیست بازاڕ بوو.

بەیانیانێکیان من کەمێك زووتر ڕۆیشتم و تەماشام کرد مستەر جۆنسن ماسیحەی بە دەستەوەیە و خەریکە کاشیی بازاڕەکە دەسڕێ و دوای بەیانی باش وتی محەمەد نایەی پارەتییەکم بدەیت و گسکم لەگەڵ بدەیت؟ ئەلهەقی منیش لەو ساتەدا دەمار گرتمی و بە مۆنییەکەوە لێی چوومە پێشەوە و بە تووڕەییەوە وتم تۆ سەعاتی چەند کرێ بە من دەدەی؟ کابرا بە سەرسوڕمانێکەوە وتی حەوت دۆلار، بۆ ئەو بەرپرسیارە دەکەی!؟ وتم نەك حەوت دۆلار لە سەعاتێکدا، حەوت سەد دۆلاریشم بدەیتێ من ئەو کارە ناکەم، چونکە لە وڵاتی ئێمە و کولتووری ئیمەدا ئەوە تەنها کاری ژنە و بۆ پیاو عەیبە بیکات. لێرەدا زۆر دڵی دامەوە و داوای لێبووردنی لێکردم و وتی مەبەستم هیچ نەبووە و لێرە تەنها پیاو گسك دەدا و بۆ ژن عەیبە ئەو کارە بکات. با ئەوەش بڵێم لەوێ ژن چێشتیشی لێنەدەنا، بەڵکو ئەگەر لە ماڵەوە چێشتیان لێبنایە، ئەوە پیاو ئەو کارەی دەکرد. مستەر جۆنسن تا هەفتەیەك هەموو ڕۆژێك پۆزشی بۆ دەهێنامەوە لەبەر ئەوەی بەو قسەیەی ئەو نیگەران بووم.

وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، لە هەموو بازاڕ و کارگە و شوێنێکی کارکردندا بەردەوام کۆمەڵێك فۆرم دانراوە و خەڵکی جۆراوجۆر دەچن پڕیدەکەنەوە و بە تەمان ڕۆژێك تەلەفۆنیان بۆ بکرێت و پاش چاوپێکەوتن لەو کارە وەربگیرێن. لەمەدا کەس بە شوێنێك و دوان و سیانەوە ناوەستێ و بەردەوام لە ئیش گۆڕیندایە و بە تایبەتی ئەوانەی کە هێشتا جێگیرنەبوون و بە دوای ئیشی باشتردا دەگەڕێن. ئەڵبەتە باشتر لەڕووی کرێ و بارودۆخی کارەوە. لە هیچ شوێنێکیش کەس بۆی نیە ڕێگریت لێبکات ئەو ئیشە بەجێبێڵێت و تەنانەت بۆی نیە پێت بڵێ بۆ. خۆ ئەگەر لە پێش دوو هەفتەدا خاوەن یان بەڕێوەبەری کار ئاگادار بکەیتەوە بۆت هەیە هەرکاتێکی تر ویستت لەو شوێنە ئیش بکەیتەوە فوڵ یان پارت تایم بێت. لە کڵێشەی فۆرمەکانیشدا نووسراوە ئێمە کار بە هەموو کەس دەدەین بێ جیاوازیکردن لە ڕەنگ و ڕەگەز و ڕەچەڵەك و ئاین و زمان و کورە نازانم هەزار شتی تردا و ئەڵبەتە ئەمەش بە پێی قانوونی حکومەتی فیدراڵییە لەو وڵاتەدا کەوا هەموو کەس بۆی هەیە کاربکات بە بێ جیاوازی. من لێرەدا مەبەستم کاری سپییە کە هەر پێت نایە ئەو وڵاتەوە کارتێکت دەدرێتێ بە ناوی کارتی مۆڵەتی کارکردن Employment Authorization Card.

بەڵام هەندێ برادەر و دۆستمان لە کالیفۆرنیا پارەی سۆشیاڵیشیان وەردەگرت و لە پەناوە هەندێ کاریشیان دەکرد، بە دزیی دەزگای کۆچەوە، کە ئەمەیان پێی دەوترێ کاری

ڕەش. لەو وڵاتەدا هەموو پەنابەرێك یان كۆچبەرێك لـە فەرمانگەی كۆچەوە كەسێكی بۆ دیاری دەكرێت بەتایبەتی موتابەعەی ئەوە بكات ئایا كاری هەیە یان نە. كە كـارت نەبوایە شتێكی كەمی مەمرە و مەژییان دەدایتێ و هەر كە كارت دەسـتكەوتایە و داهـاتت كـەم یـان زۆر بوایـە دەیانـبڕی و ئەمـەیان وەك ئـەوروپا نـەبوو بـۆت هاوتـا بكەنـەوە. بـەم كەسـەش دەوتـرا كـەیس وۆركـەر Case Worker و بەگشتی ئـەم جۆرە كەسـانە جێـی ڕق و بـێزی پەنابـەر بـوون و پـتر لـە سیخوڕ دەچوون وەك لـە یارمـەتیدەر. كـەیس وۆركەرەكـەی مـن كابرایەكی كەمبۆدی بوو ناوی سۆخان كات بوو، پیاوێكی زۆر بەدفەساڵ و هیچوپووچ بـوو، یەكەم ڕۆژ كە بیسمیلام لە كارە كەمدەرامەتەكەم كرد ئـەو پـارە كەمـەی بـڕی كـە دەزگـای كۆچ دەیاندامێ.

ڕاستە بە پێی قانوون كەس بۆی نـەبوو فۆرمـت لێوەرنـەگرێ بـەڵام خـاوەن كـار كـەیفی خۆی بوو باشتر تەلەفۆن بۆ كێ بكات و كێ وەربگرێت. لەم بوارەدا ڤێتنامی و كـەمبۆدی و چینـی و كـۆری بـەخت یاوەریـان بـوو و ئـەمڕۆ فۆرمـی پڕبكردایەتـەوە بـۆ سـبەینێ وەردەگیرا و بەتایبەتی ڤێتنامیەكان كە زۆر ناوبـانگێكی باشیان هـەبوو لـە بـواری پـاكی و دڵسۆزییان لەكاردا و پیاو ڕاست بڵێ هـەر هـەموو ئاسـیاییە چـاو تەسكەكان لـە كـاركردندا چەشنی مێرووله بوون.

منیش، وەك هەر كەسـێك لـەو وڵاتـەدا بـژی، لـە چـەند شوێنێك فۆرمـم پڕكردبـۆوە و ڕۆژێكیـان لـە بـازاڕی كرۆگـەرەوە Kroger تەلـەفۆنیان بۆكـردم و چـووم چـاوم كـەوت بەخانمێكی قەڵەوی بەڕێوەبەری ئەو بازاڕە و لەگەڵی كەوتمە دانوستانی چۆنێتی كاركردنم وەك كاشێر (ژمێریار) لەوێ و سەعاتی بە حەوت دۆلار و نیو، بە فولْ تایم و بـەیانیان لـە كـاتژمێر دەوە بـۆ هەشـتی ئێـوارە و هـەندێ ڕۆژیـش لـە كـاتژمێر دووەوە بـۆ دەی شـەو. ئەڵبەتـە مـن ڕۆژانـە دەبـوو هەشـت سـەعات و نیـو كـاری فیعلـی بكـەم، كـە نیـو سـەعات پشوودانی نانخواردنە لە سەر حیسـابی خـۆم و لـەو ماوەیـەدا خـاوەن كـاریش یـەك چارەك پشووت دەداتێ لە سەر حیسابی شوێنەكە، واتە بۆت حیسابە و بـۆ هـەردوو كاتەكـە دەبـوو كارتی كاركردنت بهێنایە بە ئامێرێكی كۆمپیوتەریدا بۆدیاریكردنی كاتی كاركردنت.

نیـو سەعاتەكەی پشوودان ئیلزامی بوو بەپێی یاسای كاری حكومەتی فیدراڵی و نەدەبوو لەوە كەمتر وەربگریت و ئەگەر ئەو نیو سەعاتە ٢٨ یان ٢٩ دەقیقە بوایـە كێشـەی قـانونیی بۆ دروست دەكردن و دەبوو بە كۆمەڵێ ئیمزا و ئیمزاكاری چـاك بكرایەتـەوە، بـەڵام دەكـرا ٣٥ دەقیقە وەربگریت و كێشە نەبوو هەرچەندە لەوە زیاتر بوایە، واتـە لـە نیـو سـەعاتەكە

ئەوە لە حیسابی خۆت دادەشکا و بێجگە لەوەش بەچاوی کەسێکی ئیشکەری باش تەماشا نەدەکرای.

ئەمە لە مارشاڵ و کرۆگەر و هەموو شوێنێکی تر وابوو. بەهەرحاڵ داوای مۆڵەتی دوو هەفتەم کرد و ئیدارەی بازاڕی مارشاڵم ئاگادار کردەوە کە لە هەفتەیەکدا چەند سەعاتێکی پارت تایم لای ئەوان وەردەگرم و کاری فوڵ تایمم دەگوێزمەوە بۆ شوێنێکی تر. لەو ماوەیەدا چەند ڕۆژێك خۆم ڕاهێنا لە سەر ئامێری کۆمپیوتەری کاشیەری و پاش تەواوبوونی ماوەکە چوومەوە بۆ لای بەڕێوەبەری بازاڕی کرۆگەر، کە بازاڕێکی زۆر گەورەی خواردەمەنی بوو بیست و چوار سەعات دەرگای کرابۆوە و قەرەباڵغ بوو. بە بەڕێوەبەرم وت من ئامادەم و ئەویش دوو ڕۆژ دواتری دیاریکرد بۆ دەستبەکاربوونم. لەم دانیشتنەدا خانم زۆری موجامەلە کردم و پرسیاری لێکردم خەڵکی کام وڵاتم و کاتێ وتم کوردستان زۆر گەشایەوە و وتی زۆر چاکە دووسبەی چاوت بە هاوڵاتییەکی خۆت دەکەوێت و بە هەمان زمانی تۆ دەئاخڤێ و لێرە کار دەکات، منیش زۆر دڵخۆش بووم بەوە و لە دڵی خۆمدا وتم چی لەوە خۆشترە هاوڕەگەزێکی خۆتت لەگەڵ بێت!

ڕاستێکەی لەم شارەی من، واتە ڕۆزوێل، بێجگە لە ماڵە ناسیاوەکەم یان بابڵێین خزمەکەم کە لە ماڵی مستەر سنۆ بەیەکەوە بووین و ئەوانیش گەنج و بێ منداڵ بوون و بەردەوام لە کارکردن بوون و بە کەمی یەکترمان دەبینی، هیچ ماڵە کوردێکی تر نەبوو. پەیوەندی من بە کوردەکانی دۆستمەوە زیاتر بە تەلەفۆن بوو و جارجارەش لەگەڵ ماڵی کاك شیروان و کاك هوشیار و چەند دۆست و برایەکی تردا کە لە باشووری ئەتڵەنتا بوون و هاتوچۆیەکی درەنگ درەنگی یەکترمان دەکرد بە پێی ئەو دەرفەتە کەمەی کەوا کاری بەردەوام بۆی هێشتبووینەوە. پەیوەندیشمان لەگەڵ ئەودوای برادەرەکانماندا کە لە زۆربەی ویلایەتەکاندا پەرشوبڵاو بووبوونەوە، هەر بە تەلەفۆن بوو. هی واشبوو گرفتاری دەردی خۆی بووبوو و پاش ماوەیەك وازی لەو تەلەفۆن کردنەش هێنا.

ژمێریــار له بــازاڕی کــــرۆگــەردا

غەریبی دەردێکی هێند سەختە لە گێڕانەوە نایەت و تەنها ئەو کەسە هەست بە تـاڵی و ناسۆریەکانی دەکات کە خۆی بینیبێتی، دەنا هەزار ساڵ باسی بکەیت کـەس لێـت تێناگـات. ئێمـە لـە ڕۆزوێـڵ دەتـوانم بڵێـم تاقـه مـاڵی کـورد بـووین، چونکـه ماڵەکـەی تـر بـەردەوام سەرقاڵی کار بوون و کەم دەبینران. وامـان لێهاتبوو عـەرەب و فـارس و تەنانـەت هنـدی و پاکستانیشمان بە کەسی خۆمان دەزانـی. کەواتـه چی لـەوە خۆشـترە بچیتـە سـەر کـارێك و خاوەن کار پێت بڵێ دووسبەی وەرەوە دەستبەکاربە و هاوڕەگەز و هاوزمانێکی خۆشت لێرە کاشێرە و ئەگەر پێویستت بوو یارمەتیت دەدا و بێجگە لەوەش کارەکە خۆی لەخۆیدا بـاش بێت و بە ئاسانی دەست هەموو کەس نەکەوێت. وا خواخوامە دووسبەی زوو بێت و بزانم ئـەم هاوڕەگـەزە کـوردەم کێیـە و ڕۆژی دیـاریکراو ئامـادەبووم و خـانمی بەڕێوەبـەر لەگـەڵم هـات و لەگـەڵ مستـەر جانـدرا ڕامـش بـە یـەکتری ناسـاندین و وتـی: ئەمـەش هـاووڵاتی و هاوزمانی خۆتە. هەردوکمان لە گەڵ تەوقەکردندا دەستمان کـردە پێکـەنین و وتمـان خـانم هندسـتان و کوردسـتان حـەوت سـاڵە ڕێ لـە یەکـەوە دوورن. وادیـارە خـانم وەك هــەر ئەمەریکییەکی گەوج جیاوازیی نێوان وڵاتە پاشکۆ ستانەکان ناکات و هەمووی لەلا هەر یەکە. ڕامش پیاوێکی شکۆداری سـەر مـاش و برنـج و لـە شـاری بۆمبـای قـازی بـووە و خەون و خەیاڵی ئەفسووناویی ئەمـەریکا کەمەنکێشی کردبـوو. ئەلهەقی هەرچـەندە وەك زۆربەی هندییەکان کەللەڕەق بوو، بەڵام پیاوێکی باش بوو و لە سـەرەتای کارەکـەمدا زۆری یارمەتی دام.

بەمجۆرە من ڕۆژانە هەشت سەعات و نیوم لە کرۆگـەر بەسـەردەبرد و پاشانیش دەبوو بە پاس بچوومایە بۆ مارشاڵ و لەوێش ٣ – ٤ سەعات کارم بکردایە و بـە هـاتوچۆوە دەبوو ڕۆژانە ١٣ – ١٤ سەعات کارم بکردایە و شەو سەعات دە کە دەچوومە ماڵەوە هەناسەم لەبەر بڕابوو و شلکوتی عـەمرم کرابـوو. ڕاستـە کاشـێریی کـارێکی باشـە، بـەڵام ڕەنگـە خوێنــەر وابزانێ من لە پشتی ئامێرێکی کۆمپیوتـەرەوە لـە سـەر کورسییەك دانیشتووم و ناوبـەناو کەسێك دێت هەندێ شتی کڕیوە و پارەکەیم دەداتێ، یان پارەیەکم دەداتێ و باقیەکـەی بـۆ دەگێڕمـەوە و ١٠ۆ خـۆم دادەنیشمەوە و ئـاو بێنـە و دەسـت بشـۆ. ئەمـە لـە وڵاتـی خۆمـان ئاوهایە و کەس ناهەقی نیە وا بیربکاتەوە. بەڵام وا دەرنەچوو، چونکە ئەو بازاڕە نەگریسە

هێندەی گەڕەکێك دەبوو، ئەمسەر و ئەوسەری دیارنــەبوو، لە خـواردن و میـوە و سـەوزە و کورد واتەنی سەری مار و شیری چۆلەکەشی تێدابوو، بەردەوام جمەی دەهات لە خـەڵکدا و بازاڕیـان دەکـرد و عەرەبانــەیان پـڕ دەکـرد و دەیانهێنایـە بـەردەمت و تـەواوی ئـەو بــازاڕە نەهەنگە دەهاتنە بەردەمی ١٠ – ١٢ کاشێر و لە بەردەمی هەر یەکەماندا هیچ کاتێك لـە دە دوانزە عەرەبانە کەمتر ڕیز نەبووبوون و ئەمە تەواو دەبوو ئـەوەندەی تـر ڕیـز دەبـوون و دەرفەتی هەناسەدانیش نەبوو. دەبوو ئێمـە بـەردەوام بـۆ مـاوەی هەشـت سـەعات بـە پێـوە ڕاوەستین و بۆ تەنها یەك دەقیقەش بواری دانیشـتن نـەبوو. هەر هـەموو مەعمیلـەکانیش دەبوو بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازیی بکرێن و یەك بە یەك شمەکـەکانیان بکێشـرێت یـان بـە ئـامێرێکی لیـزەریدا بـهێنرێت و زیکـەی لێهەڵسێت و لەوسـەری مێزەکـەوە پیرێك یــان مێرمنداڵێکی سەروو شـانزە سـاڵ بۆیـان بکاتـە کیسـەوە و لـە عەرەبانـەکەدا ریـزی بکـات و ئەگەریش پێویستی کرد بۆی بباتە دەرەوە بۆ لای ئۆتۆمبیلەکەی و بۆی بار بکـات. خـەڵکی ئەو وڵاتە بە چەندین شێوە پارە دەدەن و کەمجار کاشە، ئەویش مەگەر مەکسـیکییەك یـان کۆچبەرێکی تازە هاتوو، دەنا خـەڵك بـە چـەك و ATM و کرێدیـت کـارت Credit Card و شتی تر پارەیان دادە. جاری وا هەیە بایی ١٥٠ دۆلار شـتی کڕیـوە و چـەکێکت بـۆ دەنووسێ بە ٢٠٠ دۆلار و تۆ دەبێ چەکەکەی لـە ڕێگـەی کۆمپیوتەرەکەتـەوە بـەراورد بکـەیت لەگـەڵ حیسابی بەنکەکەیدا کە بە تۆڕێك گرێدراوی هـەموو حیسـابی خـەڵکی وڵاتەکەیـە و پاشـان ئەگەر ڕێك و بێگرفت بوو پەنجا دۆلاریش باقی بدەیتەوە، خۆ ئەگـەر گرفـت هـەبوو دەبـێ دەسبەجێ بەرپرسەکەت ئاگادار بکەیتەوە نەوەك چەکەکە ساختە بێت و فێڵت لێبکات. لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئاگاداری پـارە کاشـەکانت بیـت و هـەر هەڵـە و ناتەواوییـەك بـەرۆکی خۆت دەگرێت و دەبێ بیبژێریت. لەبەر ئەوە ناچاری هەر چاوێکت بکەی بە هەزار چـاو و پـاش تـەواوبوونی شـەفتی کارەکـەت لەگـەڵ بەرپرسـەکەت حیسـاب دەکـەیت و ئەگــەر هەڵەیەکت کردبێ خۆت بەرپرسیاری. لە سەرێکی تریشەوە ئەرکی کارەکەت ئەوەت دەخاتە سەرشان کەوا دەبێ هەمیشە دڵی مشتەری ڕابگریت و بە هیچ جۆرێك هەستی نەڕووشـێنی دەنا لەو شوێنە دەتۆرێ و ڕوو دەکاتە بازاڕێکی تر. لە بازاڕەکەدا بەرپرسێکی کۆمپیوتەری کاشێرەکان هـەبوو هـەر کامێکیـان بـە هـۆی چــەك یــان ژمــارە حیســابێکی گوماناوییــەوە تێکچوایە خێرا بانگت دەکرد override و ئەویش تە دەمتەوە دەهات.

لە مارشاڵ کـە بـازاڕی جلوبـەرگ و کـەمالیات بـوو جـاری وابـوو دوای دوو هەفتـە بگـرە زیـاتریش جلیـان دەهێنایـەوە و لێیـان وەردەگرتنـەوە و بـە کوڵـێ سوپاسیشـەوە پارەکــەیان

دەدانەوە هەر لەبەر ئەوەی نەڕەنجێن و نەچنە شوێنی تر. لە بازاڕە زەبەلاحەکەی کرۆگەر بۆ خواردەمەنی کە بیست و چوار سەعات دەرگای کراوە بوو، لەم موجامەلە و موجامەلەکارییەدا دەبوو هەر کەسێ بە عەرەبانەکەیەوە بهاتایەتە بەر مێزەکەت بەخێراتنێکی گەرمت بکردایە و پاشانیش خواحافیزییەکی دۆستانە و حیسابی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە و پشووی هەفتە و جەژن و بۆنەکانت بەچاکی ڕەوان بوایە. ئەمەریکی ئادابی موجامەلەیان زۆر خۆشە و لە گفت و لفتا پیاو خەجاڵەت دەکەن و لای خۆمان واباوە ئێرانیەکان ئەو بەزمەیان زۆرە کەچی لەچاو ئەوەی ئەمەریکادا زۆر کەمە. بۆ نموونە کاتێ کە بەڕێیدەخەیت ئەگەر بەیانی بوو دەبێ بڵێی بەیانییەکی خۆش، ئەگەر نیوەڕۆ بوو نیوەڕۆ ئەگەر کۆتایی هەفتە بوو واتە شەمە و یەکشەمە دەبێ بڵێی have a nice weekend واتە کۆتایی هەفتەت باش، ئەگەر بۆنە و جەژن بوو دەبێ ناوی بۆنەکە بێنیت ئەومندە ئەم ڕستانەم دەوتەوە و چاویشم لە شاشەی کۆمپیوتەری حیسابەکەمەوە بوو گەلێ جار هەڵەی خۆش خۆشم دەکرد و بەوەی کە تازە دەهاتە بەر مێزەکەم بۆ ئەوەی کاری بۆ ڕایی بکەم لێم تێکدەچوو لەجیاتی بەخێراتن خواحافیزیم لێدەکرد و لەو ناوەدا دەبووە بزە و پێکەنین. لەمەدا هەموومان، تەنانەت ئەمەریکییەکانیش، ئەو دەردەمان تووش دەبوو و بووبووینە ئامێری ڕیکۆردەر و بەردەوام بەخێربێی خواحافیزت بێ بووبووە ویردی سەرزارمان جا تۆ بیهێنە بەرچاوی کەسێك تەمەنی ٤٥ ساڵ بێت و نەخۆشی فەقەراتی بێت و بۆ چاوترووکانێکیش بێت دەرفەتی دانیشتنی نەبێت بۆ ماوەی هەشت سەعات، دەبێ چ حاڵێکی بێت و بڕواتان بێت گەلێ جار تاریکایی دەهات بە سەر چاومدا و خۆزگەم بە مەرگی خۆم دەخواست.

ڕامش تەمەنی شەست و حەوت ساڵ بوو، هەندێ جار سوعبەتمان پێکەوە دەکرد و پێمدەوت ڕامش من و تۆ هەردوکمان بێئەقڵ بووین کە هاتینە ئەم وڵاتە، من پێشتر مامۆستای سانەوی و دواتر لە ڕێکخراوی ناحکومیدا کارم دەکرد و تۆش لە وڵاتی خۆت قازی بوویت، ئاخر چی ئەم گەوجێتییەی پێکردین؟ خۆ بەخوا خۆشمان بکوژین تازە کەسمان لەم وڵاتەدا دەوڵەمەند نابین، ئەویش بە تەوسەوە قسەکانی دەسەلماندم و دەیوت Welcome to America واتە بەخێربێن بۆ ئەمەریکا. گیانمان بەوە بوو کچی جوانی لێبوو گەلێکیان بە قەولی ئەهلی سلێمانی سەرولەبز شیرین بوون. هەر لەو کارەمدا ژنێکی هندی، کە ئەویش کاشێر بوو و ناوی ئانی گۆز بوو، بووبووە هاوڕێم. ئانی تەمەنی ٤٧ ساڵ بوو، لە هندستان مێردەکەی مردبوو ئەمیش کۆچی کردبوو بۆ ئێرە و لەگەڵ دوو کچیدا دەژیا کە

هەردوکیان لە زانکۆ دەیانخوێند و کوڕێکیشی هەبوو لە لەندەن دەژیا. ئانی هێشتا جوان بوو لەگەڵ ئەو تەمەن و بێوەژن کەوتنەشیدا بەلام هەستی بە بۆشاییەکی دەروونیی گەورە دەکرد لە ژیانیدا و بەو پێیە حەزی دەکرد پیاوێکی هەر هیچ نەبێ نزیك لە کولتوورەکەی خۆی خەمەکانی بلاوێنێتەوە و لەم سۆنگەیەوە زۆری حەز لە دۆستایەتی من دەکرد و ڕەنگە لە ناخیشیدا حەزی لە پەیوەندییەکی سۆزداریی کردبێ لەگەڵمدا و چەند جارێك کە پێکەوە دەبووین لە کاتی ئیش یان پشوودا و بەرێکەوت کچەکانی دەهاتن زۆر لێیان دەترسا و دەپەشۆکا. پیاو ڕاست بلێ منیش لە ناخەوە زۆرم خۆشدەویست و بەزەییشم پێدا دەهاتەوە بەلام هێندە خەم سواری سەرم بووبوو تاقەتی خۆشەویستییەکی هندییانەی چەشنی فیلمەکانی "سەنگام" و "دووبەدەن"م نەبوو کە لە تافی لاویمدا لە سینەمادا بینیبوومن.

ماوەی شەش حەوت مانگ لە سەر ئەو کارە مامەوە و لەو ماوەیەدا لە ڕۆژنامەدا دەمخوێندەوە کەوا چەند حالەتێکی کاشێر و ژمێریار کوشتن و پارە فڕاندن لە ئەتلەنتا و دەوروبەریدا ڕوویدابوو. کارەکەی منیش لە هەفتەیەکدا وا دەکەوتەوە کە دوو ڕۆژی تا کاتژمێر دەی شەو بمێنمەوە و ئەمەش مەترسیی خۆی هەبوو، لە وڵاتێکدا کە ئەگەر پۆلیس نەبوایە پیاو پیاوی دەخوارد. ناچار بیرم لەوە کردەوە کە بچمە شوێنێکی تر و بۆ ئەو مەبەستە فۆرمێکم لە بازاڕێکی گەورە پڕکردەوە، بە ناوی برلنگتن Birlington Coat Factory. ئەمەش وەك مارشاڵ بازاڕی جل و بەرگ و کەمالیات بوو، بەلام زۆر گەورەتر بوو. پاش بەینێك لەم کارە وەرگیرام هەر بەحەوت دۆلار و نیو لە سەعاتێکدا و ئیشەکەم ئەوەبوو سەرپەرشتیی بەشی پۆشاکی پیاوانەی بازاڕەکە بکەم.

کاتێ بەرپرسەکەم لە پێش دوو هەفتەی کاربەجێهێشتندا لە کرۆگەر ئاگادار کردەوە زۆری پێناخۆش بوو و بەڵێنی پێدام کرێکەم بۆ بکاتە هەشت دۆلار لە سەعاتێکدا ئەگەر بمێنمەوە، بەلام داوای بەخشینم لێکرد و هاتمە بازاڕی برلنگتن بە پەنجا سەنت کەمتر، بەلام ئەمینتر و نزیکتر لە ماڵی خۆمانەوە کە بە پێیان هاتوچۆم دەکرد، چونکە ئۆتۆمبیلم نەبوو. لێرەش هەشت سەعات کارم دەکرد و ٣ - ٤ سەعاتی تری کارکردنی ڕۆژانەشم هەر لە مارشاڵ هێشتەوە.

جارێکیتر سەنگەری کار گواستنەوە

برلنگتن کۆت فاکتۆری Birlington Coat Factory و کەی مارت K-mart دوو بازاڕی زۆر گەورە بوون لەم وڵاتەدا، کەوا سەدان لقیان لە سەرانسەری ئەمەریکادا هەبوو. هەردوکیان هی کەمالیات و جلوبەرگ و پێڵاوبوون و لەگەڵ یەك دوو بازاڕی لەخۆیان بچووکتردا و پارکێکی قیرتاوکراوی ئۆتۆمبیل لە بەردەمیاندا رووبەرێکی زۆر بەرفراونیان گرتبۆوە. من حەزم دەکرد لە کەی مارت کارم دەست بکەوێ چونکە ئانی گۆزی هاورێشم لە کرۆگەرەوە هاتبووە ئێرە، ڕاستێکەی هاورێتیەکەی من و ئانی زیاتر هاوخەمی و هاومەینەتی بوو. کەی مارت بێجگە لە جلوبەرگ بازاڕێکی گەورەی خواردنی فوتووکراوی مرۆڤ و هێندەی ئەوەش هی سەگ و پشیلەی لێبوو. بەشێکی گەورەی بازاڕەکەش هی نەمام و گوڵ و کەرەستەی کشتوکاڵی بوو. بازاڕی برلنگتنی تەنیشتیشی، کە من کارم تێدا دەستکەوت، سووکە شارێك بوو بۆ خۆی. ئەمیش بەرێوبەرەکەی و ستافی ئیدارەکەی کۆمەڵە خەڵکێکی باش بوون. لێرە کارەکەم سووك و ئاگاداریی بەشی پۆشاکی پیاوانم پێسپێردرابوو. ئەڵبەتە لێرەش هەر لە بەرێوبەرەوە تا دەگاتە هەمووان کەس کوێخا نیە لە سەر کورسی دانیشێت و خەڵکی تر کار بکات. لێرە هەموو کەس وەك پوورە هەنگ سەری کردبووە جلوبەرگ و کەمالیات رێکخستن کە بەردەوام کڕیار دەیانشێواند. لەم بازاڕانەدا کراس و قاتی پیاوان و ژنان و منداڵان و هەموو جۆرە جل و پۆشاکێکی تر ئەوە نەبوو لە پاکەت یان نایلۆندا بێت، بەڵکو لە گەنجینەی بازاڕەکەدا هەر هەمووی لە کارتۆن و پاکەت و نایلۆن دەردەکرێت و لە ڕەفە و شوێنی تایبەتیدا هەڵدەواسرێت و کڕیار دەیانباتە شوێنی خۆگۆڕین و تاقییاندەکاتەوە و ئەوەی دەیکڕێ دەیکڕێ و ئەودواشی بە پەرتوبڵاوی لە شوێنی خۆگۆڕین و پێشانگاکەدا بەجێدێڵێت و کارمەندی بازاڕەکەش بەردەوام رێکیاندەخەن و فریا ناکەون.

ئێرە بازاڕێکی زۆر گەورە بوو و نزیکەی ١٥٠ کەسێك کاری تێدا دەکرد. کاری من لێرە ڕۆژانە لە سەعات هەشتی بەیانییەوە بۆ چوار و نیوی دوای نیوەڕۆ بوو، واتە ڕۆژی هەشت سەعات بێجگە لە نیو سەعاتی پشوودانی نانخواردنی نیوەڕۆ کە لە

سەرخۆمان بوو و پارەی نەدەدرا و پێش ئەوەش چارەکێکی ترمان وەردەگرت کە ئەوەیان لە سەر خاوەن کار بوو واتە پارەی دەدرا. ئەو بەشەی ئێمە پێنج کەسی لە سەر بوو، منی کورد، ئەلێکسی رۆمانی، پۆڵی ڕووس، جانگی بە ڕەچەڵەك کۆری و ویلی ڕەشپێست کە لە ویلایەتی مەشیگانەوە هاتبوو، بێجگە لە چەند ژن و پیاوێکی تر کە لای ئێمە و بەشەکانی تری بازاڕەکە کاریان دەکرد. لەم بەشەدا کابرایەکی ئەمەریکی سپیپێست سەرپەرشتی دەکردین کە ناوی ڕانداڵ بوو و بۆ کورتکردنەوە پێیاندەوت ڕاندی. ئەم ڕاندییە پیاوێکی ڕەقەڵەی سوورشێی تەمەن نزیکەی ٥٠ ساڵ و ڕەبەن بوو. ئەم کابرایە خووی دابووە تلیاك کێشان (لەوێ بە تلیاك‌و بەنگ و هیرۆیین و کافایین و تاد.. هەر دەوترێ دراگ d r u g و زۆرێك لە گەنج و پیری ئەو وڵاتە پێوەی گرفتارن). هەر کاتێ ڕاندی دراگی پێبوایە ئەوە پیاوێکی هێمن و ڕێکوپێك بوو بەڵام کە لێی دەبڕا دەبوو بە سەگی هار و شەڕی پێدەفرۆشتین و ئەگەر زۆریش سەرمان بکردایەتە سەری بۆڕەبۆڕ دەستی دەکردە گریان، کەچی بە بارێکی تردا بارە خوێت لێبنایە.

لەو سێ شوێنەی کارم تێداکرد، هیچ سەندیکایەکم نەدی بەرگری لە کرێکار بکات لە مەسەلەی کرێ و لە‌کار دەرکردن و شتی تردا. ئەو خەڵکانەی لەوێ کاریان دەکرد‌ناوی کرێکاریان لێنەدەنرا و بە کارمەند و مونتەسیب و مووچەخۆر و شتی لەم جۆرە ناودەبران بەڵام یاسای کاریشیان بەسەردا دەسەپی. لە برلنگتن کە زیاد لە ١٥٠ کەس کاری دەکرد دەبوو سەندیکایەك هەبوایە کەچی نەبوو. بەڕێوەبەری بازاڕەکە بە کەیفی خۆی خەڵکی دەهێنا و خەڵکی دەردەکرد و کەس نەیدەتوانی پێی بڵێ لەل، هەروەها بە ئارەزووی خۆی و بە گوێرەی ڕێککەوتن لە گەڵ ئەو کەسەدا کە دادەمەزرا کرێی دادەنا، بۆ نموونە ئێمە ئەو چوار پێنج کەسە لەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە یەك کات و یەك شوێندا کارمان دەکرد بەڵام جیاوازیی هەبوو لە کرێدا. من ٧,٥ دۆلار بووم و تێیاندا هەبوو هەشت دۆلار و هەشبوو حەوت بوو، کەسیش بۆی نەبوو بە ئاشکرا باسی کرێ بکات لە کۆبوونەوەی کاردا. ئەگەریش لەگەڵ خاوەنکار یان بەڕێوەبەر باست بکردایە پێی دەوتی تۆ تازە واڕێکەوتوویی لەگەڵمان. ئەڵبەتە هەموو کەس و لە هەر شوێنێك کارێکی باشتری دەست بکەوتایە لەڕووی کرێ و بارودۆخی کارەوە ئەوە بێدوودڵی دەیگواستەوە و کەس ڕێگریی لێنەدەکرد. ئەوانەی بۆ ماوەیەکی زۆر دەمانەوە لە

کارێکدا ئەوە یان کرێکەیان باش بوو یان لەو شوێنە مووچەیان زیادی کردبوو و تازە ئەگەر بچوونایە بۆ شوێنی تر دەبوو لە نووکەوە دەست پێبکەن. سیستەمی کار وابوو کە نابێ کەس کرێی خۆی بەویتر بڵێ و هەر کەسە لە سەرچاوە یان ژمێریاری سەرەکی کارەکەیەوە چەکەکەی بە داخراوی بۆ دێتەوە و نابێ پێشانی کەسی تری بدات بەنکەکەی خۆی نەبێت. بەڵام ئێمە گەلێ جار ئەو مەسەلەیەمان فەراموش دەکرد و کرێی خۆمان بە یەکتر دەوت. ئەڵبەتە ئێمە هەفتانە چەکی کرێمان بۆ دەهاتەوە، بەڵام بۆ ئیشی حکومەت و ئەو کارانەی ئەهلیش کە پارەی زۆر دەدەن ئەوە مانگانەیە. برادەرە کوردەکان یەکەمجار کە کرێی کارکردنیان ئاسایی بوو هەموو شتێکیان بە یەکتر دەوت بەڵام دواتر هی وا هەبوو ئیشی باشی دەست دەکەوت بە ئۆڤەرتایم و شتی لەو جۆرەوە و ڕاستیی پارەی خۆی بە کەس نەدەوت. من پێموایە ئەم نەریتە یەکەمجار سەرمایەدارەکان دایانهێناوە بۆ ئەوەی کەس نەزانێ کرێی ئەویتر چەندە و ئەمانیش بۆیان بلوێ بە ئارەزووی خۆیان خەڵك بچەوسێننەوە. ئێستا ئەو نەریتە لە سەرانسەری ئەمەریکادا باوە و شتێکی زۆر ناشیرینە بە خەڵك بڵێی مووچەت چەندە و بگرە بیشڵێی کارەکەت چیە و لەم ڕووەوە نەریتەکە بە ئیجابی شکاوەتەوە کاتێ بەراورد دەکرێ لەگەڵ نەریتی سەقەتی کۆمەڵایەتیی لای خۆماندا کەوا خەڵك لە خۆڕا مافی ئەوە بە خۆی بدات لە هەرکەسێك بپرسێ کەوا کرێ و مەعاشی چەندە. ڕاستێکەی من کە مامۆستا بووم و سەری مانگ مووچەمان وەردەگرت مامۆستای وا هەبوو بە پرسیارەوە نەدەوەستا و دەچوو تەماشای لیستەکەشی دەکرد و پاشان دەیوت فلانە مامۆستا، بۆ نموونە، سەد و بیست دینار و چوارسەد و پەنجا فلس وەردەگرێ!

لەم شوێنەدا باروزرووفی کارکردن بۆ ئێمە خۆشتربوو، بە پێی دەستووری بازاڕەکە دەبوو قات لەبەر بکەین و بۆینباخ ببەستین لە کاتی سەرپەرشتیی بەشەکە و جلی شێواو ڕێکخستندا و بە دەم مەعمیل و کڕیارەکانەوە بزە بخەینە سەر لێو و پێیان بڵێین فەرمانتان بەچیە بۆتانی جێبەجێ بکەین. ئەڵبەتە هەندێ جار ئەگەر ڕاندی لێمان بەلەسە نەبوایە و دراگەکە سڕی بکردایە بۆمان هەبوو دانیشین و دەمەتەقێش بکەین و لەگەڵ کچان و کوڕانی بەشەکانی تریشدا بۆ خۆمان قسەی خۆشیش بکەین. لەڕاستیدا من لەم شوێنەدا هەناسەیەکی باشم دا و لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەوەی قسە و سەرنجی خراپم نەیەتە سەر کارەکەی خۆم بە

جوانی ئەنجامدەدا و مایەی ڕەزامەندی و ستایشی بەڕێوەبەرانی بازاڕەکە بووم. لێرە ئەگەر دەستپاك بیت خۆشیاندەوێی چونکە لەو بازاڕانەدا دزییەکی زۆر دەکرێ، چ لە لایەن کڕیارەوە یان لە لایەن کارمەندانی شوێنەکە خۆیەوە، هەرچەندە ئەگەر کارمەندێك شتێکی وای لێ ئاشکرا ببێت ئەوە ئابڕووی دەچێ و لە کارەکەش دەریدەکەن و گەلێ جار تەسلیمی پۆلیسیشی دەکەن و سزاکەشی زۆر قورسە. ئەمە بەسەر کارلۆسی برادەرماندا هات. کارلۆس کوڕێکی سەلاری خەڵکی بەرازیل بوو، ئیشی خۆی بە جوانی دەکرد بەڵام لەپڕ لە کار دەرکرا چونکە وابزانم شتێکی تورەهاتیشی دزیبوو. ڕاستیکەی لە بازاڕەکانی ئەو وڵاتە ئەم دیاردەیە بووەتە دەردێکی بێدەرمان و هەرچی دەکەن و دەکۆشن چاری ناکەن و ساڵانە بایی ملیۆنان دۆلار دزی لەو جۆرە بازاڕانەدا دەکرێ و هەرچەند دەکەن نە کامێرا و نە سێنسۆر کە ئامێرێکی بچووکە لە جلوبەرگی گرانبەهای چەسپ دەکەن و کەس بۆی لێناکرێتەوە و کاتێ لە دەرگاکە بە نیازی دزی دەیبەنە دەرەوە ئامێرێکی لێیە دەزیڕێنێ و دزەکە دەگرن. بەڵام دز و دەخەڵی قاڵبووی وا هەن کەرەستەی لێکردنەوەی ئەو سێنسۆرانەیان پێیە یان ئەو شوێنەی جلەکەشی پێوەدەدڕن و دەیدزن و وەك بەرزەکی بانانیش بۆی دەردەچن. ئەو دیاردە ناشیرینە بووە بە خوو و پەیوەندیی بە تێری و برسێتیی ئەو کەسەوە نیە کە دەیکات. بە شێوەیەکی بەرچاویش خەڵکی ڕەشپێست و ئەمەریکای لاتین ئەم کارە دەکەن. ئاسیاییەکان و بە تایبەتی ڕەگەزی چاو تەسکەکان بە گشتی پاکن و بە موو سەرپێچی ناکەن.

هەر کەسێك و لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەوە پێدەخاتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە فرەی پێناچێت حەقیقەتێکی تاڵی بۆ دەردەکەوێ ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی ئەو وڵاتە بە ڕەش و سپی و ڕەنگاوڕەنگیانەوە لەڕادە بەدەر دەبەنگ و بێئاگان لە دنیای دەوروبەری خۆیان و وادەزانن لەم سەر زەوییەدا تەنها ئەمەریکا هەیە و بەس، ئەویتری خەڵك و وڵاتی پشتی دەریان oversea کە هەر هەموو دواکەوتوو و لەبرسا مردوون و کەس هیچ شتێك نازانێ خۆیان نەبێت و ئەمەریکا بە چەقی گەردوون و سەنتەری دنیا دەزانن، بەوانەشیانەوە کە دانوولەیان لە گەڵ سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتەدا ناکوڵێت. پێموایە ئەمە لەو دیاردە مێژووییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە تەمەنی نزیکەی پێنج سەد ساڵەی ئەو وڵاتەوە بەردەوام خەڵکی ئەوروپا و شوێنەکانی تری

سەر ئەرز کۆچیان بۆ کردووە و تیایدا ژیانی مامناوەندی و باشیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە و ڕووی نەداوە کەس لە ئەمەریکاوە بۆ وڵاتانی تر کۆچ بکات. بێگومان هەڵکەوتی جوگرافی و پیت و بەرەکەتی وڵاتەکە و ئەو شارستانیەتەی تیایدا بنیاتنراوە و بەهێزیی باری ئابووری و سیاسی و سەربازیی ئەو ئەقڵییەتەی هێناوەتە کایەوە و لە سەرێکی تریشەوە سیستەمە ئابووری و سیاسییەکەی سەرمایەداری لە پشت دەبەنگکردن و پووچکردنەوەی هزری مرۆڤەوەیە و لەوێ کارێکی کردووە کە بەهای بەرزی ئەو وڵاتە تەنها و تەنها پارە پەیداکردن بێت و ململانێی بێئامانی make money (واتە پارە پەیداکردن) هەموو هەست و نەستەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەی بۆ خۆی زەوت کردبێت. مرۆڤ لێرە هەموو ژیانی بووە بەکارکردنی بەردەوام و ڕووبەرێك نەماوەتەوە بۆ پراکتیزە کردنی ژیانی ڕۆحی و هەر ئەوەشی لێدەخوازرێ و کاری بەرنامەڕێژیی بۆ دەکرێت مەخلووقێکی ئاڕاستەکراوی لێدەرچێت و جگە لە مەیك مۆنی هیچی تری مەبەست نەبێت. بۆیە لێرە و لە ماوەی ئەو نزیکەی دوو ساڵەدا من کەسێکی وام نەبینی بخوێنێتەوە یان زانیارییەکی تەنانەت سادەشی هەبێت لە سەر وڵاتانی تری جیهان و بگرە تەنانەت لە سەر ئەمەریکا خۆیشی. دیارە کارم بە سەر ئەوانەوە نیە لە فێرگە و پەیمانگەی تایبەت خوێندوویانە و پسپۆرییان لە بواری وڵاتێك یان کاروبارێکی دیاریکراوی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە وەرگرتووە و لەو بوارەدا کورد واتەنی تەقلە بە فیل لێدەدەن، بەڵکو مەبەستم خەڵکە ئاساییەکەیە کە بێئاگاییەکەیان یەکجار بێتامە و بە بەراورد بەم وڵاتانەی ئێمە تەنانەت شوانێك یان جووتیارێك هێندەی موتابەعەی ڕادیۆ و بەم ساڵانەی دواییەش تەلەفزیۆن کردووە کە هەر هیچ نەبێ شتێك دەربارەی دنیای دەرەوەی خۆی بزانێ، کەچی ئەمەریکییەك لە بەر لووتی خۆی بەولاوە هیچ نابینێ و نابیستێ و لە هەمووشی تاڵتر ئەوان تەواوی خەڵکی دنیا بە نەزان و نەفام تێدەگەن و ئەگەر بیشخوازیت شتێك زانیاریی خۆتیان بۆ باس بکەیت بواری گوێگرتنیان نیە و بە موجامەلەی بۆش و بەتاڵ بەڕێت دەخەن.

کاتێ لە کرۆگەر کاشێر بووم هەفتانە پیاوێکی پیر دەهاتە بەر مێزەکەی من و بووبووین بە ئاشنا، چونکە جارێکیان کە پرسیاری لێکردم خەڵکی کوێم وتم کوردستان، وتی پاکستان؟ وتم نەخێر عێراق ـ بەغدا. بەمە کۆڵێ گەشایەوە و وتی

من ساڵانێك له توركیا بووم و له جهنگی جیهانیی دووهمدا ئهفسهری دهریاوانیی ئهمهریكی بووم له ئهستهمووڵ و حهوزی تهنگهی بۆسفۆر و باسی سهركهشیی زهمانی گهنجێتی خۆیی بۆ دهكردم و له گهڕهكهكانی ئهستهمووڵ و دوورگهكانی بۆسفۆردا و وای بۆ باس دهكردم كه من شارهزای كون به كونی ئهو شوێنانه بم، كاتێ دهمگووت بابه من دوورم لهو شوێنهوه و هێشتا ئهستهمووڵ و تهنگهی بۆسفۆریشم بهچاو نهدیوه، سهرێكی دهلهقاندو بزهیهك دهیگرت و خواحافیزیی لێدهكردم، بۆ ههفتهی داهاتوو كه دههاتهوه به ههمان دهستووری پێشوو باسی تۆپقاپی و فلاّن جزیرهی بۆسفۆری وا بۆ دهكردم كه من خهڵكی ئهوێ بم و حهوت پشتیشم لهوێ له دایكبووبێت. منیش ناچار بزهیهك دهیگرتم و وهك لاله حهمهی گهرمیانهكهی لای خۆمان تهماشایهكم دهكرد و دهموت هاها، هاها!

خەڵکی کوێی؟ کوردستان.. ئێ ئێ تێگەیشتم پاکستان

هەر ئەفسەرە پیرە خانەنشینەکەی مارینز ئەو وەڵامەی سەرەوەی نەدەدامەوە، بەڵکو گەلێ کەسی خەڵکی ئەم وڵاتە کە بۆ موجامەلە و دۆستایەتی پرسیاریان لێدەکردم بە ڕەچەڵەك خەڵکی کوێم و کاتێ دەموت کوردستان تەقەی سەریان دەهات لەم وشەیە و هەرە ئاقڵەکەیان یەکسەر لە مێشکی خۆیدا دەیبەستەوە بە هندستان و پاکستانەوە. تاکوتەرایەکیان ناوی عێراقیان بیستبوو لە سۆنگەی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران – عێراقەوە و بۆ ئێمە لە دوو سەرەوە خۆش نەبوو بڵێین خەڵکی عێراقین، یەکەمیان لەبەر ئەوەی وەك کورد هێندە ستەم و دەردەسەریمان بە دەست ئەم دەوڵەتە بنەما ئیفلیج و شۆفێنیەوە چەشتبوو کەوا هیچ مایەی شکۆ و شانازی نەبوو بڵێین خەڵکی ئەو وڵاتەین و خۆشمان ڕەهەندەی دەستی ئەو ڕژێمە خوێنمژە بووین. دووەم و بۆ نەگبەتیی ئێمە گەلێ لە ڕەشپێستەکانی ئەو وڵاتە مەیلیان بەلای عێراق و سەدام حوسێنەوە بوو نەك لەبەر خۆشەویستیی ئەو بەڵکو لەبەرئەوەی ڕقیان لە ئەمەریکا بوو. لەمەدا ناهەقیان نەبوو چونکە لە مێژوویاندا ئەوەندەیان زوڵم و ستەمی سپیپێستەکان چەشتبوو لە باسکردن نایەت و ئەگەرچی ئێستا بە پێی یاسای ئەو وڵاتە جیاوازیی لە نێوان کەسدا ناکرێت بە هۆی نەتەوە و ڕەگەز و ڕەنگ و ئاین و.. تاد. بەڵام لەواقیعدا لە ناخی هەردوو لادا ئاسەوارێك هەر ماوەتەوە و دڵیان لە ڕاستی یەکتر هەر پاك نەبووەتەوە. بۆ نموونە بۆ فۆرمی کارێك تا تەلەفۆن بۆ ڕەشپێستێك دەکەن پەنجا ڤێتنامی و چینی و هندی و کوێ و کوێ دەخرانە سەر کار و ئەوانیش لە داخی دڵی خۆیان و کاردانەوە بۆ ئەو جۆرە ڕەفتارەی دەرهەقیان دەکرێ پەنا دەبەنە بەر دزی و توندوتیژی و ساختەچێتی لە هەڵسوکەوتیاندا. بە پێچەوانەوە ئەو ڕەشپێستانەی تازە لە وڵاتەکانی ئەفریقاوە دەهاتن خەڵکی بەئەدەب و لەسەرخۆ بوون و لە کار و کرداریشیاندا ڕاستگۆ و ڕێکوپێك بوون.

جارێکیان ئەمەریکییەك لێی پرسیم خەڵکی کوێی، لە دڵی خۆمدا وتم ئەگەر بڵێم کوردستان هەر نەیبیستووە، ناچار وتم عێراق و وتی: ناوی وام نەبیستووە و

وتم ئـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتت بیستووە وتـی نـەخێر، وتم بابـە خـەڵکی کیشـوەری ئاسیام وادیاربوو بـە تـەمومژێك ئاسـیای بیسـتبوو. جـارێکی تـر هـەمان پرسـیارم لێکرایـەوە و ئـەمجارەیان وتم کوردستان وتی کوردستان چیـە منیش بـە تەوسـەوە وتم کوردستان ویلایەتێکی ئەمەریکایە لـە نزیـك ویلایـەتی کۆلۆرادۆوە لـە ڕۆژئـاوا و ئێمـە لـە جۆرجیا بووین لـە باشووری ڕۆژهـەڵات، بڕواتـان بـێ بـە تـەواوی بـڕوای کرد و بەلایەوە سـەیر بـوو چۆن تـا ئێستا نـاوی ئـەم ویلایەتـەی وڵاتەکەی خۆیـانی نەبیستووە. کـەچی جارێکیان کچێکی گـەنجی خـەڵکی چیلی لـە ئەمـەریکای باشوور ئـەو پرسـیارەی لێکـردم و کـاتێ وتم: کوردسـتان وتـی کـام بەشـیان عـێراق، ئـێران، تورکیا. ئەمەم زۆر بەلاوە سـەیر بـوو بـەڵام دوایـی بـۆم دەرکـەوت ئـایریس، کـە نـاوی کچەکەیە و، زۆرێك لە خەڵکی وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتین، ئێمـە ئاسا ئاگاداری گـەلێ کـەین و بـەینی سیاسـی و کۆمەڵایـەتیی وڵاتـانی دنیـان و بەشـی خۆیـان زانیارییـان هەیـە لـە سـەر مەسـەلە هەڵایساوەکانی جیهان، کـەچی زۆرێـك لـە ئەمەریکییـەکان تەنانەت بە ناوی چیاکانی ڕۆکی و ئەپەلاشـیاش ئاشـنا نـەبوون کـە دوو بڕبـڕە چیـای گـەورەی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای ئـەو وڵاتـەن و قوتابیـانی لای خۆمـان لـە قۆنـاخی ناوەندیدا دەیخوێنن.

بەهەرحاڵ با بگەڕێمەوە بۆ بازاڕی برلنگتن و ئەو کارەی کوردێك و ڕووسێك و ڕۆمانییـەكو کۆرییـەك و ڕەشپێسـتێکی ئەمـەریکی - ئـەفریقی بـە یەکـەوە کۆکردبۆوە. سـیانەکەی یەکـەممان هـەمان بۆچوونمـان هـەبوو لـە سـەر کاڵفـامیی خەڵکی ئەم وڵاتە. ئەلێکس و پۆڵ، کە لەڕاستیدا نـاوی پـافڵ بـوو، گـەلێ جار پێکـەوە بە ڕووسی قسەیان دەکرد بەڵام لای هاوکارە ئەمەریکاییـەکانماندا هـەر بـە ئینگلـیزی دەدوان. ئێمە فرەجار لە هەڵسوکەوتی ڕاندییـەوە تەماشـای هـەموو ئەمەریکییـەکمان دەکـرد. ئـەم کابرایـە هێنـد دەبـەنگ بـوو جارجـار لەگـەڵ مـن بـە ئیسـپانی قسـەی دەکـرد و ئـەوەندە ئـەقڵی بـەوەدا نەدەشـکا کـەوا لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا کـەس بـە ئیسپانی نادوێ. گەلێ جاریش زۆر بڵحانە پێـی دەوتم محەمـەد تـۆ یەکشـەممان دەچـی بۆ کەنیسە؟ لەولاوە ئەلێکس و پۆڵ دەسـتیان دەکـردە پێکـەنین و دەیـانوت بابـە ئـەو ناوی محەمەدە و موسڵمانە و کەنیسەی چی، هیچ نەبێ بڵێ مزگەوت!

ئەلێکس کوڕێکی گەنج و قۆزی خەڵکی ڕۆمانیا بوو، لە سەردەمی چاوچیسکۆدا باوکی یەکێك بووە لە دەسەڵاتدارە دەوڵەمەندەکانی شاری بوخارێست و کارگەیەکی جینز(کاوبۆی) هەبووە لەو وڵاتەدا و بەرتیلی تەنانەت بە خودی چاوچیسکۆش داوە بۆ ئەوەی کاری بازرگانیی مەیسەر بێت. لە سەردەمی هەرەسهێنانی ڕژێمە بەناو سۆشیالیستەکەی ئەو وڵاتە و لەناوچوونی چاوچیسکۆی دکتاتۆردا ئەمیش هەڵاتووە بۆ ئەمەریکا. ڕۆژێکیان ڕاندی و چەند کارمەندێکی بازاڕەکە لە ئەلێکسیان پرسیبوو لە وڵاتی ئێوە ئۆتۆمبیل هەیە؟ ئەویش لەوەڵامدا وتبووی نەخێر هەرگیز ئۆتۆمبیلمان نەدیوە و لە بوخارێستدا هەر بە کەر و هێستر هاتوچۆ دەکەین!

لەو بازاڕەدا بۆ ماوەیەکی کورت دوو کچی پاکستانی جوان و ڕۆحسووك، کە ناویان ئایشە و زەڕلەش بوو، بوون بە هاوڕێم و هەردوکیان شیعە مەزەب بوون و زۆریان پێخۆشبوو من لە وڵاتێکەوە هاتووم کەربەلا و نەجەفی تێدایە. ئەمانە دوو کچی ڕەوشت بەرزی نەریتپارێز بوون و ئایشەیان سەرپۆشێکی تەنکی بە سەرەوە بوو و خۆی زۆر جوان بوو سەرپۆشەکەشی هێندەی تر جوانی کردبوو. زۆری پێنەچوو هێندەمان زانی ئایشە دیارنەما و کاتێ پرسیارم کرد وتیان کارلۆسی بەرازیلی بێزاری کردووە و ئەویش لەداخا کویتی کردووە، واتە وازی لە کارەکەی هێناوە. ئەم بەزمە لەم وڵاتەدا بێزارکردنی سێکسی sexual harassment پێدەڵێن و سزای یاسایی لە سەرە، ئیتر توانج و پلار بێت یان ڕێگە پێگرتن و دەسدرێژی کردنە سەر بێت یان هەرچییەکی تر. ئەم وڵاتە بەردەوام هێند کۆچبەری چاوبرسیی بۆ دێت کە پاش مەرحەبایەك هەموو شتێك لە کچێك دەخوازن و ناشیانە کارەکەیان دەچێتە خانەی بێزارکردنەوە و تووشی سزا دەبن لە سەری.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کارمەندانی ئەم بازاڕە زۆر باش بوو.. من بێجگە لەو دوو سێ برادەرەی پێشتر باسم کردن دۆستایەتییەکی پتەوم هەبوو لەگەڵ دوو ژنی هاوکارمدا، یەکەمیان ناوی لیزا بوو، کە ژنێکی سوعبەتچی و قسە خۆشی ڕەشپێست بوو، لیزاش وەك من چوار منداڵی هەبوو و دەبوو ئەویش ڕۆژانە

١٣ – ١٤ سەعات کار بکات بۆ ئەوەی بتوانێ منداڵەکانی بەخێوبکات و من لە حاڵەتی لیزاوە بەچاوی خۆم هەژاری و قوڕبەسەریی هەندێ خەڵکی ئەو وڵاتەم بینی. لیزا هەر رایدەکرد و هیچی بە هیچ نەدەبوو. مێردەکەی کابرایەکی ڕەشپێستی تلیاک کێش بوو ئۆتۆمبیل و خانووەکەیانی فرۆشتبوو و لیزا و چوار منداڵەکەی بەجێهێشتبوو. هەموو جارێ ئەم ژنە دنیایەك خەمی بۆ من هەڵدەڕشت و نەیدەزانی چیبکات و منداڵەکانیشی هیچیان لە تەمەنی کارکردندا نەبوون. سەرباری ژیانی پڕ لە ڕەنج و غوربەتی خۆم خەفەتێکی زۆریشم بۆ ئەو دەخوارد. ڕۆژێکیان لیزام بە ڕوویەکی خۆش و گەشەوە بینی و ویستم پرسیاری لێبکەم بەڵام نەیهێشت گفت هەڵبێنمەوە و وتی محەمەد حەز دەکەم نهێنییەکم هەیە پێت بڵێم. فەرموو لیزا یاخوا خێر بێت. وتی لەم ماوەیەدا پیاوێکی ڕەشپێست بووە بە هاوڕێم و شەوان لام دەمێنێتەوە و ئێستا دەیەوێ بمخوازێ تۆ دەڵێی چی؟ منیش پێموت ساوەڵڵا هەزاری خێرە و دووی بەرەکەت، هیچ دوودڵ مەبە و شووی پێبکە. جا هەرواشی کرد و پێموایە کارێکی زۆر چاکی کرد. ژنە هاوکاری دووەمم سپیپێستێکی ناسك و زۆر جوان و ناوی تێمی بوو، تەمەنی نزیکەی ٣٥ساڵ دەبوو. تێمی لە بەری دوو مێرد سێ منداڵی کۆکردبۆوە و لە هەردوکیشیان تەلاقی خۆی وەرگرتبوو. کچە بچووکەکەی لەگەڵ کچەکەی مندا لە یەك مەکتەبدا و لە پۆلی سێی سەرەتاییدا بوو. جارێکیشیان پێکەوە چووین بۆ مەکتەبی منداڵەکانمان و ئەم هاومەکتەبییە پەیوەندییەکی ڕۆحیی بۆ دروستکردبووین. ژنی ئەمەریکی زۆر شانازی بە مێردەوە دەکەن و کە دەڵێن مێردەکەم my husband دەڵێی باسی گەزۆ و حەڵوا دەکەن هێند بە دەمیان خۆشە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کەمیان هەیە جارێك و دوان لە ژیانی هاوسەریدا تەلاق نەدرێت. ڕۆژێکیان بە تێمیم وت باشە بۆچی تۆ دوو جار تەلاق دراویت و ئەم سێ منداڵەشت دروستکردووە. زۆر ڕاستگۆیانە پێی وتم مێردی یەکەمم زۆری دەخواردەوە و ئیشنەکەر بوو دووەمیشم بەنگکێش بوو و لەگەڵیدا هەڵمنەدەکرد، ئەوجا لە وڵاتی ئێمەشدا تەلاق وەرگرتن ئاسانە و سێکس کردنیش هەر ئاسانە، ئیتر بۆچی خۆم بە بەڵایەکەوە ببەستمەوە. ئەم سەراحەتەی تێمیم بەلاوە جوان بوو و بە سوعبەتەوە پێموت بەتەما نەبیت

ببمە مێردی سێهەمت، مـن مـاڵ و منداڵی خۆم هەیـە و ڕێزیـان دەگـرم. لێرەدا وەك هـەر ژنێکـی لای خۆمـان سـوور هەڵگـەڕا و دەسـتێکی کێشـا بـە پشـتمدا و بـە پێکەنینەوە وتی ئۆی محەمەد!

هەر لەم بازاڕەدا کیژۆڵەیەکی سپیپێستی سەلار و ناسك کە نـاوی ئەڵیسۆن هـەی Alison Hay بوو، دۆستایەتی دەکردم و هەرچەندە لە بەشی وردەواڵە Ac cessory کـاری دەکـرد بـەڵام ڕۆژانـە دەهات بۆ لام. ئەڵیسۆن کـەم ئـەندام بـوو و هەرچـەندە گـەنج و منـداڵ بـوو بـەڵام پشـتی کـەمێك چـەمابۆوە و کـووڕ بـوو. ئـەم کچـە زۆر تێکەڵی کچـانی تـر نـەدەبوو بـەڵکو دڵـی بـە مـن دەکرایـەوە و منیـش زۆر ڕێـزم لێدەگرت و وەك کەسێکی تەندروسـت و ساغ مامەڵەم لە گەڵ دەکـرد و ئـەویش زۆر باش هەستی دەکـرد دڵـی ڕادەگـرم و نەمدەویست چەشـنی ژنـە کـامڵ و هاوکارەکـانی تـرم پرسـیاری ژیـانی تایبـەتی لێبکـەم. پێموایـە ئەڵیسـۆنیش وەك چـەندین منـداڵ و گـەنجی ئـەو وڵاتـە بێبـاوك بووبێـت و لـە نەسـتیدا وێنـەی بـاوکێکی لـە منـدا دۆزیبێتەوە.

من لەم کـارە سـەرەکییەمدا مـانگی هـەزار و سـەد دۆلارم دەسـتدەکەوت و هەفتانـە چەکەکـەم سپاردەی بـەنك دەکـرد. لێرەدا ڕەنگـە خوێنـەر بڵـێ نامـەخوا پارەیـەکی مۆڵی پاشـەکەوت کـردووە. ئـەوی ڕاسـت بێـت ئـەوە پارەیـەکی مـۆڵ بـوو ئەگـەر کـرێ خانوو و خزمەتگوزاری ئـەو کـارەی پێنەکردمایـە کـە کـردی. چونکـە مانگانـە دەبـوو چەکێك بنووسم بە بڕی ٦٨٥ دۆلار بۆ کـرێ شـوقە و دەبـوو لـە سـەرەتای مانگـەوە تـا پێنجی مانـگ چەکی کرێکەم تەسلیم بکردایـە دەنـا بکەوتایەتـە شەشـی مـانگ دەبـوو ١٠٪ زیاتر بدەم و هیچ لاموجیمێکی تێدا نـەبوو. هـەروەها بـە چـەك بـڕی ١٠٥ دۆلار کارەبـا و ٦٠ دۆلار گـاز و ١٠٠ دۆلار ئـاو (بـە هاوینـان) و ١٥ دۆلار تەلـەفزیۆن و ١٣٠ دۆلار تەلـەفۆنی نێوان ویلایەتـەکان. کـەوابوو بـڕە پارەکـە کـردی ١٠٩٥ دۆلار و لـە ڕەنجی مانگێکی ئەو بازاڕەم تەنها پێنج دۆلارم بۆ دەمایەوە. واتـە پـارەی کرێکـەم بـە چـەك لـە بـانك دادەنـا و هـەر بـە چـەکیش دەمدایـەوە بـە کـرێ خـانوو و خزمـەتگوزاریدا، واتـە لـەم بەینـەدا تەنها کاغـەزم بـە کاغـەز دەگۆڕییـەوە و گوایـە ئیشەکەشم خـراپ نیە و گەلێ ئەمـەریکیش مونافەسـەیان لەگەڵ دەکـردم بـۆ ئـەو

ئیشە باشە. مایەوە ئەو ٣ – ٤ سەعاتەی کە لە مارشاڵ کارم دەکرد لەگەڵ ڕۆژانە ٣ – ٤ سەعاتێکی تری خێزانمدا کە هەفتانە بە هەردوکمان ٢٥٠ دۆلارێکمان بۆ دەمایەوە بۆ خواردن و جلوبەرگ و خەرج و مەسرەفی چوار منداڵ یان خێزانێکی شەش کەسی.

سەردانێك بۆ كەناڵی CNN و باسێك لە ڕاگەیاندنی ئاڕاستە

سێنترالیزەكردنی ڕاگەیاندن ڕەگێكی قووڵی هەیە لەم جۆرە وڵاتانەی خۆماندا و سەرچاوەكەشی لە سێنترالیزەكردنی دەسەڵات و سەپاندنی گوتارو بۆچوونی دەسەڵاتەوەیە بە سەر"ڕەعییەتدا"، هەر لە ناوهێنان و پەسن و ستایشی خەلیفە و سوڵتانەوە بگرە لە نوێژی جومعەدا، تا دەگاتە گوزارشت لە بیر و ئایدیای تاكحیزبی دەسەڵاتدار و ئایدیۆلۆجیای دۆگما و نەتەوەپەرستی شۆڤێنیست لە چەرخی نوێدا. لە هەموو حاڵەتەكانیشدا خەڵك و جەماوەر هەر ڕەعییەتەكەی جارانن و دەسەڵات بیروبۆچوونی خۆی بە سەریاندا دەسەپێنێت و هەردەم سەرچاوەكەشی تاكڕەوی و خودسەری و ئەقلییەتی (نەخێر) قوبووڵ نەكردن و سەرەنجام چەوساندنەوەی خەڵكە.

لێرە، لەم جۆرە وڵاتانەی خۆماندا، ڕاگەیاندنی ئاڕاستەكراو بووە بە میراتێك و بە فەرهەنگێكی ئەوتۆ كە دەربازبوون لە جوغز و بازنەكەی جۆرە نامۆییەك بەخۆوە دەبینێت. تەنانەت لە ناخ و نەستی ئەوانەشدا كە پركێشی بەزاندنی سنووری ئەو بازنەیە دەكەن، یان بانگەشەی دیموكراتیزەكردنی كۆمەڵگا و لیبرالیزەكردنی ڕاوبۆچوون و ڕاگەیاندن دەكەن. ئەوانە تاكە كەس بن، گرووپ بن، حیزب بن، هێندە لەگەڵ ئەو جاڕدان و كۆششەدان كە زیانی بۆ خۆیان نەبێت، بە پێچەوانەوە پێی دەمارگرژ دەبن و گەر نەبێ بە "لۆمە" لە سنوورێكدا پەكیشی دەخەن و هەندێ جار لێیشی پەشیمان دەبنەوە و دەگەڕێنەوە سەر نەریتی چەسپاوی ئاڕاستەكاری و كاریگەریی گورز و كوتەكی ئەو ڕاگەیاندنە بە لۆجێكی"لە بەهەشتەوە هاتنی ئەو كوتەكە".

ئەڵبەتە كاری دەربازبوون لە میراتێكی وا قورس ئاسان نیە و كاری ڕۆژ و دوو ڕۆژیش نیە، بەڵكو پرۆسەیەكی ئاڵۆز و درێژخایەن دەبێت و قۆرت و نووچدانی زۆریشی دێتەڕێ. بێگومان ئازادیی ڕاگەیاندن بەستراوە بە گەڵێ بوار و چەمكی تەواوكردووی یەكترەوە. لاموایە هەرگیز ئەو ئازادییە مەبەستی خۆی ناپێكێت، ئەگەر ڕەچاوی مافی مرۆڤ بەگشتی و مافی تاكەكەس لە كۆمەڵدا نەكات و سەرجەم ئەوانە نەبەستێ بە چەمكی ئاسایشی نیشتمانی و پاشخانی مێژوویی، كۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی..تاد وڵاتو كۆمەڵگاوە، كە مامەڵەكردن لەگەڵ هەر یەك لەمانە كۆمەڵێك مشتومڕ و بێنەوبەرە دێنێتە پێشەوە.

ڕاسته كۆمەڵگای ڕۆژئاوایی دەمێكه ئەو سەربەستییه پیادە دەكات و ئێستا بووه بە فەرهەنگێك، لادان و لێترازانی كارێكی نەشازه و ئێمەش دەخوازین و خواستێكی زۆر ڕەواشه لایەنی درەوشاوەی ئەزموونی ئەوان پیادە بكەین و بگره گەشەیشی پێبدەین، بەڵام عەرەب واتەنی"العين بصيرة و اليد قصيرة" و وا بە زوویی ناتوانین دەردەستی بكەین و دەبێ لەگەڵ پرۆسەكەدا بە شێنەیی بڕۆین و كۆڵیشی لێنەدەین و ئەو ڕاستییەش بیرنەكەین كه ڕێگای هەزار میل به هەنگاوێك دەست پێدەكات، ئەگەرچی گەلێ هەنگاویش نراوه.

پیاو دەخوازێت له ڕاگەیاندندا دەنگ و ڕەنگی جۆراوجۆر زۆر بێت، بەڵام بەخوا قەت "ئەم حەشری نێرەكەرەی" ئیعلامی ئێستای عێراق دەنگ و ڕەنگ نیه و زۆر سەیر ئاشی چەواشەكاری و درۆ و دەلەسه لە گەڕدایه و مرۆڤ هەندێ جار لە ڕووی تەوسەوه هەر زەبروزەنگەكەی سەدامیان پێ قابیل دەبینێ، هەرچەنده ئەمەش هەر فەهەنگەكەی بەعسه و دیاردەی هەلپەرستی هەروا زوو ڕیشەكێش ناكرێت.

ئێمه كه بەرەو ڕاگەیاندنی ئازاد دەچین نابێت بەهیچ كلۆجێ ئەو ڕاستیه فەرامۆش بكەین كه دەبێت كادری ڕۆشنبیر و شارەزا و خوێندەوار پێبگەیەنین. تۆ بڕوانه ئەو هەموو خەوش و هەڵەیەی له ڕۆژنامەكانماندا بەرچاودەكەون، تۆ بڕوانه ئەو هەموو سەقەتییەی له زمانی كوردیدا دەكرێت، هەر له تایپیستێكی كۆمپیوتەرەوه بگره تا ئەو بەناو شارەزایەی گەلێ سەقەتی و خەوشی بە سەردا تێدەپەڕێت، تا ئەو فەریكه كیژۆڵەیەی له ڕادیۆیەكی ناوخۆی ئەم شارەدا بە هەزار حاڵ و بە حینجه ناوی گوند یان شاخێكی وڵاتەكەی خۆی پێدەخوێنرێتەوه. من پێمخۆشه ڕۆژنامه و گۆڤار و ڕادیۆ و تریبیۆنەكان زۆربن، بەڵام كه بۆر بوون كارەسات ڕوودەدات و هیچ پەیامێك ناگەیەنن و"میزاجی كوردەواریشمان" تێكدەدەن. ئاخر خۆ ومنەبێت گلۆبالیزم هەر چەپكه گوڵی"معلوماتی"مان بۆ بێنێت، چونكه گەر ئاگامان لەخۆ نەبێت گەلێ دەردی دیكەشی لەگەڵدایه. گلۆبالیزم فرەجار سڕكردن و چەواشەكاری و چاوبەستیكردنی ڕۆشنبیریشی لەگەڵدایه تا ڕادەی نەخوێندەواركردنی خەڵك. گلۆبالیزم لای ئێمه تەنها له ئامێری سەتەلایت و كەم تا كورتێكیش ئینتەرنێتدا خۆی كردووه بە ناوماندا، كەچی ڕێژەیەكی زۆری خەڵكی له خوێندنەوه دابڕیوه و مێشكی سەدان لاویشی بە سایته سێكسییەكان گوشیوه.

لە ساڵی ٢٠٠٠دا کە زنجیرەیەك بوومەلەرزەی، خۆشبەختانە سووك، دای لە سلێمانی، فەندەمێنتالیستەکان دەیانوت: چۆن خوا غەزەب لەم شارە ناگرێت کە ئەوەندە ژنی سەر رووت و قۆڵ رووتی تێدایە. لێرەدا ڕەنگە گەلێکمان لە دیاردەی ناڕێکی بەکارهێنانی گلۆبالیزمدا دەق لەگەڵ بۆچوونی ئەو فەندەمێتالیستانەدا یەکبگرنەوە کە چەند بە سەلبی کاری کردووەتە سەر رووکەشکردن و نەخوێندەوارکردنی توێژێکی بەرچاوی لاوان، کەوا ئومێدی دوارۆژی گەشی وڵاتمانیان لێدەکەین. من دەخوازم تا سەر ئێسقان سوود لەم تەکنۆلۆجیا ناوازەیەی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا ببینین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە وریاییەوە، چونکە ئێمە خاوەنی گەلێ نەریتی باشین و پیاو تا دوور نەکەوێتەوە و غوربەتی دوورەوڵاتیی تووش نەبێت نازانێت کۆمەڵگاکەی خۆی، سەرەڕای چەندین ناتەواوی و کەموکووڕیش، چەند بەهای بەرزی تێدایە. خەڵك لای ئێمە زۆرباشن، وەلێ ئەوەی کە دیاردە و ڕەفتاری ناشیرین دەخولقێنێ هەمیشە دەسەڵاتی ملهوڕ و دوور لە خەڵك و بەهای باشی خەڵکە. هەمیشە لای ئێمە دەسەڵات، بازنەیەك هەڵپەرست و کاسەلێسی بە دەوری خۆیدا دروستکردووە و هیچ کاتێکیش دەستوور و یاسایەك نەبووە بەو بازنەیە بڵێ لەل، چونکە یاسا هەردەم، وەك سەدام حوسێن دەیوت، لاستیك بووە و بە کەیفی دەسەڵات ڕاکێشراوە یان کورتکراوەتەوە.

کەواتە لە ژێر ڕکێفی ئەم جۆرە دەسەڵاتەدا هیچ کاتێك دەسەڵاتی چوارەمێك دروست نەبووە پێگەی تاکڕەوی و ستەم بلەقێنێ. هەموو کاتێکیش میدیا و ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراو لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی چەوسێنەر و دوور لە خەڵکدا کاری کردووە. تا لێرەوەیە کە خەڵك دەخوازێت لە سەنتراڵیزەی دەسەڵات و پەلوپۆکانی ڕزگاری بێت بە میدیاشەوە. مەرکەز ئەوەندە دزێوە لای خەڵك تەنانەت ڕاستیش بڵێ، کە قەت نەیگوتووە، هەر بە درۆ لە قەڵەم دەدرێت. لەبەر ئەوە بە شێنەیی کارکردن بۆ چەسپاندنی نەریتێکی نوێ ئەرکی پیرۆزی خەڵك و ڕۆشنبیری ئاسۆ فراوانە. چیتر کەس بایەخ بە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ناوەندی دەسەڵات نادات، مەگەر ئەو دەسەڵاتە بەڕاستی هەڵقوڵاوی ڕای خەڵك بێت و بتوانێت بە هۆی دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕادەربڕینەوە چەوتییەکانی ڕاست بکاتەوە و ئەگەر نا بیهێنێتە لەرزە و ملی پێ کەچ بکات.

لە ساڵی ١٩٩٦ بە دواوە ماوەی دوو ساڵێکم لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەسەربرد و لە.و ماوەیەدا بە چاوی "مشتەری" دەمڕوانییە هەموو دیاردەکانی کە بە من

نامۆ بوون. ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام ڕۆژنامە و میدیا بوو. منێکی ڕاهاتوو بەوەی ڕۆژنامەکانی ولاتی خۆم هی حکومەت یان هی حیزب بن و هەواڵی کار و کردەوەکانی سەرۆکی حیزب و حکومەت بە مانشێتی گەورە و لە لاپەڕە یەکەمدا بلاوببنەوە و گەلێ جار بە وێنەی گەورەشیانەوە. لەوێ ئەمەم نەبینی، بەڵکو هەر ڕۆژنامەکە خۆیشی سەرلەبەر هی حیزب و دەوڵەت نەبوو. من لە ولاتی ڕۆژنامەی هەشت لاپەڕە یان ئەوپەڕەکەی دوانزە لاپەڕەوە چوومە ولاتێك هیچ ڕۆژنامەیەکی لە هەشتا لاپەڕە کەمتر نەبوو. تەنانەت نیویورك تایمز New York Times ۲۵۰ لاپەڕە بوو، لە جیاتی پیاهەڵدان بە شان و باڵی سەرۆکی ولاتدا، باس هەر باسی داشۆرینی کلینتۆن و مۆنیکای دۆستی بوو. قسەی وایان پێدەگوت، نەك سەرۆکی حیزب و حکومەت لای ئێمە، بەڵکو بۆرە پیاوێکیش قوبووڵی نەدەکرد!

ئەو ماوەیە من لە گەورەشاری ئەتلەنتا بووم و بنکەی سەرەکیی تەلەفزیۆنی بەناوبانگی CNN لەو شارە بوو. بیناکەی لە ناوجەرگەی شاردا بوو کە لەوێ down townی پێدەڵێن و بۆ خۆی شوێنێکی گەشتوگوزاریی خۆش بوو و پێکهاتبوو لە هەشت نۆ نهۆمێك و هەموو کەس ئازاد بوو پیاسەی تێدا بکات و لە پشتی دیواری شووشەبەندی ئەستوورەوە کارمەندەکانی ببینێ کە لەبەردەمی کۆمپیوتەرەکانیاندا سەرقاڵی کاری خۆیان بوون. قاتی خوارەوەی ساختمانەکە چەند کافیتریا و چێشتخانەیەکی تێدابوو، لە ناوەڕاستیشدا دەیان کامێرا و پرۆجێکتۆر چەسپ کرابوون و هەفتەی جارێك دەکرا خەڵکێك کۆببنەوە و لە سەر بابەتێك گفتوگۆ بکەن و لەو کەناڵەوە ڕاستەوخۆ پەخش دەکرا. شیاوی وتنە ئەم تەلەفزیۆنە ئەهلییە و ساڵی ۱۹۸۰ تێد تێرنەر Ted Turner لە شاری ئەتلەنتا دایمەزراند و بە سیستەمی کێبڵ لە ناو ئەمەریکادا پەخش دەکات و ناوی تەواوی بە ئینگلیزییەکەی Cable Network News.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو CNN یەك جۆر هەواڵی بۆ سەرانسەری دنیا پەخش نەدەکرد، بەڵکو بۆ ئەوروپا جۆرێك و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ڕۆژهەڵات و ئەمەریکای لاتین و ویلایەتە یەکگرتووەکان هەر زۆنە و شێوازێکی جیای هەبوو و بە پێی ویست و چەژ و میزاجی خەڵك بوو. ئەو بەرنامانەی CNN کە من لە ولاتی خۆمان و ئاسیای ڕۆژهەلات لە دوورگەی گوام و ناو ئەمەریکا خۆی و پاشانیش لە ئەوروپا بینیم، گەلێ جیاوازییان هەبوو لە گرنگیدان بە شێواز و داڕشتنی هەواڵەکاندا. بۆ لای خۆمان کە هەموومان کوشتەی ورد و درشتی هەواڵی سیاسین ئەوەمان بە زیادەوە بۆ پەخش دەکرا.

پێدەچوو میزاجی خەڵك ئەوەی بخوازێت و بۆ زانیاریش CNN کەناڵێکی سەربەستی ناحکومی بوو، خۆ ناشزانرێ ئەو داوانەی دەیبەستنەوە بە سیاسەتی ئەمریکییەوە چۆن چۆنین؟ هەر لە ئەتڵەنتا بنکەی تەلەفزیۆنێکی دیکە هەبوو ناوی FOX بوو، بە نۆرە ژن و پیاوێك گەلێ لە بەرنامەکانیان پێشکەش دەکرد و هێند لای خەڵك ئاشنابوون لە جیاتی نووسینی ناوی وێستگەی تەلەفزیۆنەکە لەسەر بیناکە، دوو وێنەی زۆر گەورەی ئەوانیان لە سەر چەسپ کردبوو و ئەو دوانە بووبوون بە مۆرك و درۆشمی ئەو تەلەفزیۆنە.

لەو شارەدا چەندین وێستگەی ناوخۆی ڕادیۆ هەبوون بە شەپۆلی AM و FM کاریان دەکرد، جارجار گوێم لێدەگرتن و بەرنامەی خۆش خۆشیان بلاودەکردەوە، بەلام هیچیان "گۆرانیی داواکراویان" پەخش نەدەکرد! ڕادیۆیەکی تایبەت هەبوو بە هاتوچۆی ناوشار و زۆر کەس کە لە ئۆتۆمبیلدا دەبوون، لە نێو شەقامە پانوپۆڕەکانی ئەتڵەنتادا هەنگاو بە هەنگاو هەواڵ و بارودۆخی جادەکانیان دەبیست. شەقامی ژمارە ئەوەندە قەرەباڵغە و خۆتانی لێمەدەن، لە فلان شەقام ڕووداوێکی ئۆتۆمبیل بەرپابووە و لە فلان جادەوە باشترە. شەقامی ژمارە ئەوەندەی فرۆکەخانەی هارتسفیلد ئۆتۆمبیلی زۆری پێوەیە لەویتریانەوە بڕۆ، ئەگەر کەسێکت لەگەڵدایە کاتی سەفەرکردن و هەڵسانی فرۆکەکەی نزیکە.. تاد.

لەوێ ڕادیۆی AM و FM لە نرخی تۆڵەکەدایە، بەلام ڕادیۆی شەپۆلی کورت Short Wave زۆر گرانە و دەتوانم بڵێم مەسرەفی سوڵحێکی عەشایەریی ڕووداوێکی هاتوچۆی لای خۆمانی گەرەکە. منێکی خەڵکی"ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست" و لە ولاتی خۆم بەوە ڕاهاتوو کە شەوانە تا هەواڵەکانی لەندەن و مۆنتی کارلۆ و دەنگی ئەمەریکا وەرنەگرم ناخەوم، کێچ کەوتە کەوڵم بۆ ڕادیۆیەکی شۆرت وەیف. کاری ڕاست بێت بیلێ کایم کە دۆستێکی ئەمەریکیی تەمەن حەفتا ساڵ و ڕۆشنبیر بوو، بۆی پەیدا کردم. کەچی هەرچیم دەکرد ئەو سێ ئێزگەیەی لە سەرەوە باسم کردن بۆم وەرنەدەگیران و بە هەزارحاڵ نووزەیەکی دەنگی ئەمەریکام وەردەگرت، کە لە واشنتۆنەوە بەرنامەکانی پەخش دەکرد و واشنتۆنیش تەنها هەشت سەعاتی ئۆتۆمبیل لە ئەتڵەنتاوە دوور بوو! بۆم دەرکەوت هەموو ئەو ئێزگانە پەرۆشی ئاراستەکردنی هەواڵەکانیانن بۆ "خۆرهەلاتی ناوەڕاست"ە حەیاتەکە و ئەورووپای ڕۆژهەلات و ڕەوسیا، کەسیش لە ئەمەریکادا تاقەتی نەبوو گوێیان بۆ ڕادێرێ.

لەوێ لە بواری ڕاگەیاندندا، شتێکم نەبینی لە لایەن حکومەتی ویلایەت یان حکومەتی فیدراڵییەوە ئاڕاستەی خەڵك بکرێت. بڕواتان بێت زیادەڕۆیی ناکەم کە بڵێم خەڵك هەر حکومەتی نەدەناسی مەگەر لە تازەکردنەوەی مۆڵەتی شۆفێرییەکەیدا یان بۆ کارێك ڕێی بکەوتایەتە پۆلیس یان سیتی هۆڵ City Hall کە خانە یان بە ئیستیلاحی خۆمان سەرای حکومەت بوو و لە هەموو شارێکدا لە سەر یەك شێوازی بیناسازیی، کە ڕەچاوی نەریت و کولتوورێکی کۆنی دەکرد، دروستکرابوو. ئەو ڕێتێکەوتنەش دەگمەن بوو و کەس تەنانەت پارێزگار یان بەرپرسی حکومەتی شارەکەی خۆیشی نەدەناسی و ڕەنگە بڵێم کەس ئیشی بە حکومەت نەبوو. هەموو ژیانیش زۆر بە ڕێکوپێکی دەڕۆیشت و خەڵکیش بەوپەڕی هۆشیارییەوە گوێڕایەڵ و ملکەچی قانوون بوون.

هیوادارم دواتر بتوانم بگەڕێمەوە سەر هەر بوارێکی ژیان و بە پێی ئەزموون و تێگەیشتنی خۆم باسێکیان لێوە بکەم.

کریسمەس و بەزمی کریسمەس لە ئەمەریکادا

لە دنیای مەسیحییەتدا جەژنی لەدایکبوونی عیسا بۆنەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتیی گەورەیە و سەرجەمی خەڵك ئاهەنگی گەورەی بۆ دەگێڕن و نەریت و ڕێوڕەسمی تایبەتیی خۆی هەیە.

لە ئەمەریکاش، خەڵکەکە لە مانگی نۆ و دەی هەموو ساڵێکەوە خۆیان بۆ ئەم ڕۆژە ئامادە دەکەن و ماڵی بۆ دەڕازێننەوە و کەلوپەلی ناوماڵ دەگۆڕن. بازاڕەکانیش هەر لەوکاتەوە شمەك و کەلوپەلی پەیوەندیدار بە کریسمەسەوە دەخەنەڕوو و بە هەزار و یەك ڕەنگی دەڕازێننەوە و ساڵە و ساڵ خۆیان بۆ ئەو بۆنەیە ئامادە دەکەن و هێندەی خەڵك لەو یەك دوو مانگەی پێش کریسمەسدا دیاری و شمەکیان دەکڕی لە ماوەی مانگەکانی تری ساڵدا ئەوەندەیان نەدەکڕی و بەڕادەیەك وای بۆ دەچوویت کە بە درێژایی ساڵ ڕەنجیان بۆ ئەو ڕۆژە دەدا و لەو ماوەیەدا هەلپەیەکی زۆری شت کڕینیان دەکرد و خۆیان بەجارێ دەخستە سەر ساجی عەلی. کۆمەڵگەی ئەمەریکی خۆی لەخۆیدا کۆمەڵگەیەکی ئیستیهلاکییە و بە درێژایی هەفتەیەك کار دەکەن و لە کۆتایی هەفتەکەدا هەرچییەکیان دەست دەکەوێت دەیدەنە جل و خواردن و ئاو بێنە و دەست بشۆ، یان بە درێژایی کارکردنی ساڵێك پارەیەك پێکەوە دەنێن و ساڵانە بۆیان هەیە ١٥ - ٢٠ ڕۆژ مۆڵەت وەربگرن و لەو ماوەیەدا سەرپاکی لە گەشت و گەڕاندا بۆ ویلایەتەکانی تر، کەنەدا و مەکسیك یان گەشتێکی دەریایی خەرج دەکەن و دێنەوە سەر سفر و دیسان لە نووکەوە تێهەڵدەچنەوە. ڕەنگە ئەم خووە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە هەموو کەس کاری دەست دەکەوێت و کەس بێ ئیش نیە و ئیتر پێویست ناکات ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش هەڵبگرێت، وەك لای خۆمان باوە و گەلێ جاریش دەبێتە هۆی دروستکردنی خەڵکی پیسکە و دەستنوقاو و دەردی "ڕۆژی ڕەش" تا کۆتایی ژیانی سواری سەری دەبێت.

وەك ئاماژەم بۆکرد هەرچی کۆگا و بازاڕ هەبوو چەند مانگێك پێش کریسمەس، کە دەکاتە ٢٥ ی دیسەمبەر و سەری ساڵی نوێی زاینی کە دەکاتە ١/١، خۆیان ئامادە دەکەنو هەرچییەك خەڵکەکە لەو بۆنەیەدا پێویستیانە دابینی دەکەن و لە مانگی ١١ و١٢دا دار و دیواری ئەو بازاڕانە دەڕازێننەوە و دەبێتە وێنەی بابانۆئێل، کە لەوێ پێی دەڵێن سانتا کلۆس.

له نێـو کەرەستە و پێداویستییە هەرە باوەکانی ئـەو بۆنەیـەدا داری کریسمەسـە، کـە دارسـنەوبەرێکی پلاستیکییە بـە قـەد و گـەڵا دەرزیلەییـە سـەوزەکەیەوە و دەیـان گڵۆپ و میزڵدان و باقوبریقەوە. دەبوو هـەموو مـاڵێکی مەسـیحی ئـەو دارە بکرێـت و بۆ شـەوی ١٢/٢٥ لـە ماڵەکـەیدا بیرازێنێتـەوە و بـەرزیی دارەکـەش بـە قـەدەر بـاڵای کەسێکی ئاسـایی دەبوو. پاشـان هـەموو ئـەندامانی خێزان دیـاریی بـۆ یـەکتر دەکـرن، پیـاو بـۆ ژن و ژن بـۆ پیـاو و هەردوکیشیان بـۆ منداڵـەکانیان و دۆسـت و دەزگـیران و کچە هاورێ و کورە هاورێ بۆ یەکتر. بە تایبـەتی دیـاریی منـداڵان دەخرێتـە بـن داری کریسمەس و دەستیان لێنـادرێ تـا شـەوی ١٢/٢٥ و بـەیانی زوو کـە منـداڵ لەخـەو هەڵدەستن وایان بەگوێدا دەدرێ کە ئـەو دیارییانـە هـی سانتاکلۆسـن و شـەو لـە کاتی خەوتنی ئەواندا هێناویێتی.

له سەرەتای مانگی دوانزەدا بازاڕەکان هێند قەرەباڵغ دەبن هەر مەپرسە و دەبێتە ڕۆژی حەشر و کارمەندانی بازاڕەکان فریای شت فرۆشتن ناکەون و تـەواوی خەڵکەکە بۆخۆی و منداڵو هاوسەر و هاورێی جوانترین دیاری و پۆشاك دەکرن. داری کریسمەس بـە هـەزار و یەك جۆری دەفرۆشرێت، بە مەدالیا، بە قاپ و قاجاخ، بـە کووپ و پـەرداخ، بـە پەیکـەر.. کورە نازانم بەچی. هەروا خەڵکە و پەلامار دەدات. بێجگە لەوە دەیان و سەدان جۆر کـارتی جەژنـە پیرۆزە بـە سـەدان ڕەنـگ و دیکـۆر و نەخشـەوە دەکەونـە بـازاڕەوە و خـێزان و دۆست و ناسیاو لە ناوخۆیاندا دەیگۆڕنەوە و بۆ یەکتری دەنێرن.

دەزگاکانی پۆستەی ئەهلی و حکومی ئەو ماوەیە لەوپەڕی چالاکیدان و ڕۆژانـە بـە تـەن نامـە و کـارتی جەژنـە پیرۆزە دەگوێزنـەوە. کۆمپانیاکانی ڕیکلام بـە هـەزار و یـەك جـۆر جەژنانــە بــۆ خــەڵك دەنــێرن و پرۆپاگــەندەش بــۆ کــاڵای جۆراوجۆریــان دەکــەن. قوتابخانــەکان و چێشــتخانەکان و شــەقامەکان و هــەموو شــوێنێکی تــری ئــەو وڵاتــە دەڕازێننەوە و ئاهەنـگ و خۆشی بۆ منداڵانی قوتابخانـە سازدەکرێت و سـانتاکلۆس دیـاریی خۆی دەبەخشێتەوە. لەو ڕۆژانەدا ئـەوەی بیناسـیت و نەیناسـیت پیرۆزبـایی سـەری سـاڵ و کریسمەسی لێدەکەیت Happy New Year and Merry Christmas و کەنیسـەکان لەوپـەڕی خۆسازدان و ئامادەباشیدان بۆ نوێـژ و پاڕانـەوەی ئـەو بۆنەیـە. کەسانی سـەر بـە کەنیسە جۆراوجۆرەکـان لـەو بۆنەیـەدا کۆمــەك بەخشـینیان زیـاد دەکـەن بـۆ کەنیسـەکانیان بـۆ یارمەتیدان و دەسگرۆیی کردنی لێقەوماوانی وڵاتەکـە و شـوێنانی تـری جیهان و چەندین ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانەی مەسیحی ئەو کارە دەکەن.

ئەوی کە زۆر سەرنج ڕادەکێشێت ئەو هەموو بازاڕە زۆر و پانو پۆڕانەی ئەو وڵاتەیە کە بە چەندین شێوە پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن بۆ دابینکردنی کاڵای هەمەجۆری ئەو جەژنە بۆ مەعمیل و کڕیارەکانیان و زۆریان لامەبەستە دڵی مەعمیل بەلای خۆیاندا ڕابکێشن چ لەڕووی چاکی و جوانیی کاڵاوە و چ لەڕووی داشکاندنی نرخەوە و ئاسانکاریی بۆ خواست و داواکاریی کڕیارەکانیان.

من لەو ماوەیەدا لە دوو بازاڕی جلوبەرگ کارم دەکرد و بە چاوی خۆم ئاسانکاریی وام دەبینی کە هەندێکیان بە عورف و پێوەری بازاڕی لای خۆمان لە ئەقڵ بەدەرە. من خەڵکم بینیوە چەندین جۆر جلوبەرگی لەو بازاڕە کڕیوە کە خۆم وەك کاشێر کارم تێدا کردووە، بە ماوەیەکی باش لە پێش کریسمەسدا و پاشان بە مانگیش دوای ئەو جەژنە گەلێك لەو جلوبەرگانەی گەڕاندووەتەوە بۆ بازاڕەکە گوایە بەدڵی نین و ئەوانیش بە کۆڵێ سوپاسەوە لێیان وەرگرتووەتەوە و پارەکەشیان بۆ گێڕاوەتەوە و تا بەردەرگاش لە گەڵی چوون و بۆ خواحافیزیی. باشە ئیتر ئەو کڕیارە چۆن بەردەوام ڕوو ناکاتە ئەو بازاڕە، بەمەرجێ کارمەندان باش باشیش زانیویانە کە وا کڕیارەکە ئەو ماوەی مانگ و بگرە زیاترەش ئەو جلانەی چەند جارێك لەبەرکردووە و لە ڕێز و خێراتن بەولاوە هیچیان پێ نەوتووە. لە سیستەمی سەرمایەداریدا بازاڕی ئازاد بەو جۆرە، لەڕووی چاکترکردنی کاڵاو دابەزاندنی نرخ و ڕاگرتنی دڵی کڕیارەوە پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتر دەکەن، کەچی لە بازاڕی بەناو ئازادی لای خۆماندا بازرگانی مفتخۆر و لەپڕێکدا هەڵتۆقیو دەگەڕێن کام کاڵا خراپ و هەرزانبایییە لە بازاڕەکانی وڵاتانی کۆدەکەنەوە و بەو نرخەی کە هیچ یاسا و ڕێسایەکی ئابووری نایگرێتەخۆ بە سەر خەڵکیدا ساغدەکەونەوە و چ منەت و باکیشیان بە کەس نیە و دە بە قەد ئەو گومرگ و بەرتیل و شیرینییەی دەیداتە کارڕانان ئەو قازانجی مۆڵ دەخاتە گیرفانی و کاڵاکەشی بایی پوولێکی قەڵبە.

بۆ جەژنی کریسمەس دەیان ئاسانکاریت لە جۆری کاڵا و داشکاندنی نرخدا بۆ دەکرێت و بەتایبەتی لە جل و دیاری و یاری و لەیستۆکی منداڵاندا کەچی بازاڕی شێواو و بێبنەمای ئابووریی لای خۆمان ئەوەندە لە جەژنە ئاینییەکاندا ساختە و گرانفرۆشی دەکەن لە هیچ کاتێکی تردا ئەوەندە ناکەن.

لەو بازاڕانەدا ئێستا کار ئاسانیی ئینتەرنێتیشی هاتووەتە سەر، تۆ دەتوانی هەر نەچیت بۆ بازاڕەکە و تەواوی ئەو کاڵایانەی پێویستت پێیەتی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە داوایان

بکەیت و بەو خاسییەت و نرخەی کە پێشتر بۆت دەخرێتە ڕوو پارەکەیان بۆ بنێریت و ئەوانیش بە جوانی بۆت دەپێچنەوە و بۆت پۆست دەکەن.

من لە زنجیرە نووسینەکانی پێشترمدا باسی ئەوەم کردووە کە چۆن ماڵە مەسیحییەکانی سەر بە کەنیسەی سانت دێڤیدی شاری ڕۆزوێلی نزیک ئەتلەنتا میواندارییان کردین و هاوکارییەکی باشیان کردین و من جگە لە مرۆڤدۆستی هیچ مەبەستێکی ترم تێدا بەدینەکرد و لە مرۆڤپەروەریی زیاتر چ کارێکیان بە منێکی ئاوارەی ماڵوێران هەبوو، کە بە ڕەشەخێزانێکی ڕەهەندەی وڵاتەکەی ئەوان بووبووم و تەنانەت ناوی وڵاتەکەی منیشیان نەدەزانی و لای ئەوان کوردستان و هندستان و هەموو ستانەکانی تر هەر یەك شتی دەگەیاند کە نەدەیانزانی چییە و نەشیاندەزانی لە کام قوژبنی گۆی زەویدایە. بەڵێ ئەوانە و بەتایبەتی دوو خانمی جوان و مرۆڤپەروەریان کە ناویان میشێڵ وۆرد و شێڵبی کرێن بوو لە کریسمەسی ساڵی ١٩٩٨ دا و پاش ئەوەی کە زیاد لە نۆ مانگ بوو لەوێ بووین و قۆناخی میوانی و نەشارەزاییمان تێپەڕاندبوو و بۆ خۆمان ئیشمان دەکرد، ئا ئەوانە بە بارستایی منداڵەکانم دیارییان بۆ هێنان و سەرباری ئەوەش لە ناخی دڵەوە هاوخەممان بوون لە غوربەتی تاڵی دوور لە زێد و نیشتمانی خۆماندا. من ئێستا هەواڵی ئەو دۆستانە نازانم بەڵام لە یادەوەریمدا و لە قووڵایی ناخمەوە وەك فریشتە تێیاندەڕوانم و یادیان دەکەمەوە.

جــەژنـــی قــەل و .. جــەژنـــی کــوولــەکــە زەرد

ڕەنگە ئەم ناونیشانەتان بەلاوە کەمێك سەیر بێت و من بـۆ خۆیشم ئـەو دەمـەی لـەوێ بووم ئەم جەژنە زۆر سەرنجی ڕاکێشام و لەوەش سەیرتر جەژنێکی ئاینیی تـر هـەبوو بـە ناوی هەڵەوینەوە Halloween و ڕێوڕەسمی بەڕێوەچوونی بۆ مندالآن لە هی شەوی بەراتی لای خۆمان و بە تایبەتی شاری سلێمانی دەچوو و لەمەیاندا کوولەکە زەرد ڕۆڵێکی سەیر و سەمەرە دەبینێ. ئەم دوو جەژنە لەو ولاتە دەکەوتنە مانگی تشرینی دووەم ـ نۆڤەمبـەری هەموو ساڵێکەوە. جەژنی هەڵەوین لە کولتـووری دنیـای مەسیحییەتدا پێیدەوتـرێ ئێوارە جەژنی هەموو پەرساکان، کـە بـە عـەرەبی دەکاتـە "عشية عيد جميع القديسين" و ڕێك دەکەوێتە ئێوارەی ۳۱ ی ئۆکتۆبەرلە سەر ۱ ی نۆڤەمبەر. ئەم جەژنە بەتـەواوەتی لـە ئـاینی مەسیحیدا لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە ئەوەیان نازانم، بـەلأم لـە خاسییەت و ڕواڵەتیدا پێدەچوو زیاتر بۆ دڵخۆشکردنی مندالآن بێتو کوولەکە زەرد تێیدا ڕۆڵێکی کاریکاتێرانـەی سەیر دەبینێ و نازانم ئەمەشیان لە پای چیە.

جارێ با کەمێ بێمە لای ئـەم کوولەکەیـەوە و بـە پێـی توانـا بەخوێنـەری بناسـێنم. لە ولأتی ئێمەدا چەند جۆرێك کوولەکە هەیە کە باوترینیان کوولەکە ئاساییە بچکۆلەکەیە ڕۆژانە لە بازاڕدا دەبیـنـرێ و لـە هـەندێ شـوێن پێـی دەوتـرێ کوولەکە سـەفزی و ڕەنگی سەوزباوە و بۆ شلە و یاپراخ و شێخ مەحشـی بـەکاریدێنن و لێرە کـە وتـت کوولەکە هەر ئەوە بەخەیاڵدا دێت و بە ئینگلیزییەکەشی زووچینی zuchiny پێدەوتـرێ و لـەوێش وەك باو هەر ئەو کوولەکەیەیە و ئەو ناوکە کوولەکەیەش کە سپییە و ئاشـنایە بـە هـەموومان تـۆوی ئـەم کوولەکەیەیانـە. هـەر لای خۆمـان دوو جـۆری تـر کوولەکـە هـەن و قـەبارەیان کەمێك گەورەیە یەکەمیان کولەکە سوالّی پێدەڵێن و بە ناسکی زۆر خۆشە بۆ چێشتە شلە بـەلأم زۆر بـاو نیـە و بـە کـەمی لـە بـازاڕدا دەفرۆشـرێ. جۆرەکـەی تـر کـە مەبەسـتمانە کوولەکە زەردە و قەبارەیەکی گەورەی هەیە و تامێکی شیرین و ڕەنگێکی زەردی سوورباو. لای خۆمان زۆر بەکەمی دەیروێنن و تەنها پایزێکی درەنـگ و سـەرەتای زسـتان لـە بـازاڕدا دەبینرێت و وا باوە تەنـها ماڵە کۆنـەکان و ژنـی سـەرە و قـەیم ساڵی یـەك دوو جار وەك ترخێنە لێیدەنێن و ئەوەندەش باو نیە بـۆ خـواردن و مـن بیرمـە دایکی ڕەحمـەتیم ساڵی جارێ لێیدەنـا و پـڕی دەکـرد لـە نـۆك و دەرمـانی هەمـەجۆری چێشـتلێنان و ئـەوجا نەشمدەخوارد و گاڵتەم بەو چێشتە شیرینە دەهات. بیرمە لە ساڵانی هـەژاری و قـاتوقڕیدا

زیاتر ماڵە هەژار و ماڵە جووتیاری نیوەکۆیلەی دەستی ئاغا و دەرەبەگ ئەم کوولەکە زەردەیان دەخوارد لە گەرمیاندا.

ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشت و لە دوادوایی ساڵانی سەدەی بیستەمدا ڕێکەوت و قەدەر ڕەهەندەی ئەمەریکای کردم و تەماشا دەکەم لەوێ کوولەکە زەرد خۆی لێکردووم بە "بووك!" و ڕێزێکی زۆری لێدەنرێ و تەنانەت لە جەژنێکی ئاینیی زۆر پیرۆزیشیاندا دەیرازێننەوە و دەموچاو و لووت و برۆی بۆ دەکەن و لە شوێنێکی جوان و قەشەنگی ماڵدا دایدەنێن. من ئەو دەمە کوڕ و کچێکی بچکۆلەم بوو لە پۆلی دوو و سێی سەرەتایی و لە قوتابخانەی میمۆسای شاری ڕۆزوێڵی نزیك ئەتلەنتا دەیانخوێند. حەفتەیەك لە پێش جەژنی هەڵەویندا هەموو ڕۆژێك منداڵەکان دەگەڕانەوە و باسی نەخشاندنی کوولەکە زەردیان بۆ دەکردین کەوا هەر پۆلێك کوولەکە زەردی خۆی دەنەخشێنێ و دەموچاوی بۆ دەکات و بۆ ئەو جەژنەی دەڕازێنێتەوە و مامۆستاکان پێیانوتبوون لە عارفەی جەژندا تیروپشکیان بۆ دەکەین بزانین هەر پۆلە و کوولەکەکەی بەر کێ دەکەوێت و ڕۆژانە منداڵەکانی من دەست بە دۆعاوە بوون بەڵکو بۆ ئەوان دەربچێت. دوای نیوەڕۆی ٣١ ی ئۆکتۆبەر کە منداڵ لە قوتابخانە هاتنەوە تەماشا دەکەم ڕەنجی کوڕم کوولەکە زەردێکی گەورەی بە باوەشەوەیە بە ڕازاوەیی و نەخش و نیگاری دەموچاوێکی جوانەوە کە لە سەر کوولەکەکە دروستکراوە و لە خۆشیاندا پێی وە زەوی ناکەوێت و هاوار دەکات بۆ من دەرچووا هەر لەگەڵیشیدا یەك قاپی پەپکەیی گەورە حەلوای کوولەکە زەردیشیان دابوویە و پێیانوتبوو بە ڕێزەوە لە سەر مێزی نانخواردن دایبنێ. منیش لە ماڵەوە کە تەماشام کرد دەردی کابرای کوردە وتم دار و بەرد بباریٚ خۆ ئەم کوولەکەیە لای ئێمە کەس لای لێناکاتەوە کەچی لێرە ئەم هەموو بەزم و ڕەزمەی بۆ دەکەن! ڕاستێکەی لەم وڵاتەدا ئەم کوولەکەیەم بە چێشتی نەبینی بەڵام خۆشترین و گرانبەهاترین حەلوای لێدروست دەکەن و پێیدەڵێن حەلوای کوولەکە زەرد pumpkin pie و هەمیشە لە هەموو بازاڕێکی خواردەمەنیدا دەست دەکەوێت و ئەمەریکیش بە جوانترین دیاریی دەزانێت بۆ ماڵە دۆست و ناسیاوەکانی.

ئێوارەی جەژنی هەڵەوین خانمە ئەمەریکییە دۆستەکانمان، شێلبی و میشێل و سوزان پێرشینگ و لۆرا دۆڤەر و کێ و کێ هاتن بۆ پیرۆزبایی و کەوڵی شێر و پڵنگ و ڕێویشیان هێنابوو بۆ منداڵەکانی من و تێیانگەیاندین منداڵەکان بۆ ئێوارە و شەو ئەو جلانە لەبەر بکەن و لە گەڕەکدا بسووڕێنەوە و لە دەرگای ماڵان بدەن و بڵێن تریکە تریك trick a trick و ماڵانیش نوقڵ و شیرینییان بە سەردا دەبەخشنەوە. کەوابوو مەسەلەکە بەراتەکەی لای خۆمانە!

لە گەلْ بانگی ئێوارەدا کۆمەڵێك منداڵ بە دەنگی ناسکی تریکە تریك لە دەرگایاندایین و منیش کاندی و شیرینیم بۆ بردن، ئەڵبەتە هەر شتە و لە زەرف و پاکەتی خۆیدا و تەماشا دەکەم زۆربەی منداڵەکان بە جلی هەمەجۆری ئاژەڵ و پەلەوەرەوەن و زۆربەشیان دایك یان باوکیان لەگەڵدایە، چونکە لێرە کەس ناوێرێ چاوتروکانێکیش چیە بە تەنها منداڵەکەی بەرەڵا بکات لەبەر دیاردەی ترسناکی منداڵ فڕاندن. چونکە کە منداڵەکەت لە دەست بووەوە جارێکی تر نایبینیتەوە و لە شوێنێکی تردا دێمە سەر ئەم باسە. پاشان دوو منداڵەکەی منیش کەوتنە تەکیان و خۆیشم دوایانکەوتم و لەوێدا بەتەواویی بۆم دەرکەوت کەوا جیهانی منداڵ چەند جوان و بێگەردە و تێکەڵەی ئەمەریکی و ئاسیایی و ئەفریقایی منداڵ بە ڕەنگی سپی و ڕەش و بۆریانەوە، بەدەر لەوەی کە بە چ زمانێك قسە دەکەن، هەموو بە یەك دەنگ هاواریان دەکرد تریکە تریك و لە دەرگای ماڵانیان دەدا و خاوەن ماڵەکانیش بە ڕوویەکی گەشەوە کاندی و نوقڵیان بەسەردا دەبەخشینەوە و ئێمەی باوك و دایکانیشیان پێ بە پێ شوێنیان دەکەوتین. هەندێ ماڵ پارچە کاغەزێکیان بە سەر دەرگاکەوە هەڵواسیبوو "تکایە لە ماڵ نین"، هەندێکیتر نووسیبویان "تکایە لە دەرگا مەدەن"، هەندێکیش کاندی و نوقڵیان حازر نەبوو بۆیە هەر منداڵە و تاك دۆلارییەکیان دەدایە. پێموایە لە هەموو ساڵەکەدا تەنها ئەم شەوە بۆت هەیە لە دەرگای ماڵە ئەمەریکییەك بدەیت بێئەوەی بیناسیت یان پێشتر تەلەفۆنت بۆ کردبێت، دەنا پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی هێند گەرموگوڕ نیە، لای خۆمان ئاسا، لە دەرگای ماڵان بدەیت و خاوەن ماڵیش بێئەوەی بتناسێ فەرمووت لێبکات. دواجار منداڵەکانم برد بۆ ماڵی کاك ئازاد و ئاشنا خان، کە ژن و مێردێکی گەنج بوون و زۆربەی کاتیان لە ئیش بوون، بە هەمان شێوەی تریکە تریك دەرگایان لێکردینەوە و ئەو دەمە تەزووی یادێکی شیرینی شەوی بەراتی لای خۆمان ڕایچڵەکاندین و لە ناخی هەستکردن بە غوربەتێکی کوشندە و تاڵەوە فرمێسك زایە چاوم.

بۆنەی دووەم، ئەوەیە کە من ناوم لێناوە جەژنی قەل و ڕاستێکەشی لەمەیاندا لە جیاتی کولەکە زەرد قەل یان عەلەشیش مەلیکی سەر سفرە و خوانە و جەژنەکە دەکەوێتە ڕۆژی ٢٦ ی نۆڤەمبەرەوە (یان دواین ڕۆژی پێنجشەمەی مانگی نۆڤەمبەر) و پێی دەڵێن جەژنی سوپاس یان سوپاسگوزاری یان شوکرانەبژێری Thanksgiving. ئێوارەی ئەو ڕۆژە هەموو ماڵە ئەمەریکییەك قەل لێدەنێت، بەلام بە شێوەی قەل و برنجی لای خۆمان نە، بەڵکو قەلەکە لە شەراب هەڵدەکێشن و پاشان وەك دەنووکی کەو لە فڕندا دەیبرژێنن و بە دەستووری قەیسی و پلاوەکەی بەیانیی زووی جەژنی ڕەمەزان و قوربانی لای خۆمان ناکرێ ئەو قەلە نەچێتە سەرخوانی هیچ ماڵێك.

پێموایە ئەم جەژنە زیاتر لە ئەمەریکادا پەیڕەوی بکرێت و لە نەریتی دێرینی مەسیحییەتدا نەبێت و زیاتر لەو خەڵکەوە داکەوتووە کەوا کاتی خۆی لە ئەوروپاوە لە تاو زوڵم و زۆری کەنیسە ڕەویان کردووە بۆ ئەمەریکا و لە زەویوزاری بە پیت و بەرەکەتی ئەو کیشوەرەدا کشتوکاڵیان کردووە و خێروبێریکی زۆریان دەستکەوتووە و حاڵ و گوزەرانیان باش بووە و ئەم ڕۆژەیان کردووە بە ڕۆژی سوپاسگوزاری و نەریتی قەلەکەش بە زۆری لەوەوە هاتووە کەوا سپیپێستە هەڵاتووەکانی ئەوروپا لە سەر خاکی ئەمەریکا دابەزیون و یەکەمجار بوون بە میوانی خێڵە ڕاوچی و کۆچەرەکانی هندییە سوورەکان و ئەوانیش وەك ڕێزگرتن لە میوان قەلیان بۆ سەربڕیون و پاشان سپی پێستەکان نمەك بەحەرام دەرچوون و وردە وردە شوێنیان بەو خێڵە هندیانە لەقکردووە، کە دانیشتووی ڕەسەنی وڵاتەکە بوون و دواجاریش قڕیان تێخستن و نەیانهێشتن، بەڵام ئەو نەریتە جوانەی قەلیان لێوەرگرتن و کردیانە سیمبۆڵی جەژنی سوپاسگوزاری.

بە گشتی لە بازاڕەکانی ئەمەریکادا قەل بە چەند جۆرێك دانراوە و هەیانە دووکەڵدراوە و ئەمەریکییەکان زیاتر لەو جۆرەیان دەکڕی. ئێمە کە هەفتانە دەچووین بۆ بازارکردنی میوە و سەوزە و خواردەمەنی قەلێکی پاککراوی ٦ – ٧ کیلۆییمان بە نزیکەی پانزە دۆلار دەکڕی کە پارەیەکی زۆر نەبوو و لەگەڵ شتی تر هەرزانتر بوو و بەشی سێ چوار ژەمی چاکی دەکردین. ئێمە کە هەموو حەفتەیەك قەلێکمان دەکڕی لە بەر هەرزانییەکەی بوو، دەنا خواردنی دەریایی sea food و بەزۆریش قرژاڵ بە هەموو جۆرەکانییەوە، کە ئەمەریکییەکان زۆریان حەز لێبوو، هەندێ جۆریان کە شیمپیان پێدەوت shrimp کیلۆی بە بیست دۆلار و بگرە زیاتریش بوو. خۆ چێشتخانەکانی ڕێد لۆبستەر Red Lobster ، بە واتای قرژانگە سوور، کە لە سەرانسەری ئەمەریکادا لقیان هەبوو گرانترین قرژاڵ و خواردنی بەحرییان هەبوو. جا ئێمەیەکی ڕاهاتوو بە سیستەمی خواردنی وڵاتانی وشکایی، کە سەد دۆلاریشیان بدایناییەتی تەبیعەتمان نەیدەهێنا تۆزقاڵێك لەو قرژاڵە بخۆین، بۆچی بە ئارەزووی خۆمان ئەو قەلە هەرزان و حەیاتە نەماشینەوە.

ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێش بوو لە عارفەی جەژنی شوکرانەبژێریدا، کە هەموو ماڵێك دەبێ وەك نەریت قەلێکی ساغ بکڕێت، نرخی قەل لەجیاتی ئەوەی بەرزبێتەوە دابەزییە سەر نیوە و کەمتریش. لای ئێمە لە جۆرجیا ئەو قەلەی لە ڕۆژانی ئاساییدا بە ١٥ دۆلار دەمانکڕی بوو بە ٧ دۆلار و تەلەفۆنم کرد بۆ کاك شیروان مەهدی هاوڕێم لە کۆڵۆرادۆ و وتم مژدە قەل لای ئێمە بوو بە ٧ دۆلار، وتی حەو لای ئێمە بوو بە پێنج دۆلار!

کــــچە هـــاوڕێ و کـــوڕە هـــاوڕێ

قەشەی کەنیسەکەی سانت دێڤید، لە شاری ڕۆزوێل، کە وەك پێشتر باسم کرد زۆر بەدەممانەوە هاتن و ئەو کارەی ئەو ژنانەی سەر بەو کەنیسەیە بۆیان کردین دایك و خوشك و برا بۆ یەکتری ناکەن لای ئێمە. قەشە پیاوێکی تەمەن شەست ساڵی سوور و سپی و قەشەنگ و ناوی فازەر هاریسۆن بوو زۆری ڕێز لێدەنام و بەردەوام دەیوت نەریت و فەرهەنگی وڵاتی خۆتان بپارێزن و چەند جارێکیش لەگەڵ کێرلی ژنی و ڤەرجینیای کچیدا، کە زۆرجوان بوو لە ماڵەوە سەریان لێدەداین و گەلێ پێداویستیی ماڵیشیان بۆ دابینکردین. ڕۆژێکیان وەك ڕێزلێنانێك بۆ هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەیان، لە ماڵەوە خواردنی لای خۆمانمان بۆ ئامادەکردن، کە ئەمەریکییەکان زۆریان حەز لێبوو، تەماشامان کرد تەنها فازەر و پیرەژنەکەی هاتن، وتمان ئەی ڤەرجینیا، وتیان ئەو لەگەڵ ئێمە ناژی بەڵکو لەگەڵ بۆی فرێندەکەیەتی و منداڵێکیشیان هەیە. ڕاستێکەی منیش زۆر پێی پەست بووم و هێندەی نەمابوو وەك مامۆستا قادرەکەی ئاوایی شێخ لەنگەری لای کەلار بڵێم دەعوەت فاشیل! هەر لەو سەروبەندەدا جارێکیان ماڵی مستەر لویس و لیندای خێزانی بانگهێشتی ئێمە و خێزانە کوردەکەی تری خزممانیان کرد بۆ ماڵی خۆیان و پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین و یەك بە یەکی ئەندامانی خێزانەکەیان پێناساندین، ئەوە گرێکی کوڕمانە تەمەنی هەژدە ساڵە و ئەمساڵ دەچێتە زانکۆ، ئەوە جاسیکای کچمانە تەمەنی بیست و یەك ساڵە و ساڵی دووەمی زانکۆیەتی و ئەم کوڕەش ناوی ماتە Mat و بۆیفرێندی "کوڕە هاوڕێی" جاسیکایە و هەر لە ماڵی خۆمان لەگەڵ جاسیکا دەژی‌و دایکە و باوکە ئەوەندەیان مات خۆشدەویست هەر مەپرسە.

لەوێ ئەو خێزانانەی کچەکانیان زۆر خۆشبویستایە ئەوە کوڕە هاوڕێ نانی دەکەوتە ڕۆنەوە و بەردەوام شەوو ڕۆژ لە ماڵی باوکی کچەبوو، واتە بە ئیستیلاحی خۆمان دەبوو بە زاواڕێوی. گەلێکی تریش لە کوڕ و کچە هاوڕێکان دەچوون خانوو یان شوقەیان بۆ خۆیان دەگرت و بۆخۆشیان کاریان دەکرد و هەندێکیان لەپاڵ ئەوەشدا دەیانخوێند. ژمارەیەك لەوانە منداڵیان دەبوو، هی واشیان هەبوو پاش منداڵێك و دوان ئەوجا دەیانکرد بە زەواجی ڕەسمی، یان هەر زەواجیان نەدەکرد و هەندێ جاریش لە یەکتر جیادەبوونەوە و منداڵەکان بەر دایك دەکەوتن و دەبوو باوکەکەش تا تەمەنی ٢٢ ساڵییان نەفەقەی بکێشانایە.

جارێکیان ماڵی مستەر لویسم بانگهێشتی نانخواردن کـرد لـە مـاڵی خۆمـان و زۆریـان پێخۆشبوو کە جەختم لـە سـەر هـاتنی مـاتیش کـرد لەگەڵیاندا. کـاتی نـانخواردن بـە دەستووری ئـەویٚ زۆرم موجامەلـەکردن و دانیشـتنمان لـە سـەر خوانەکـە ماوەیـەکی خایاند و لـە پـەناوە لینـدای خـێزانی مستەر لویـس پێـی وتم: محەمـەد، ئێمـە لـێرە دەمێنینەوە و با جاسیکا و مات بڕۆنەوە بۆ مـاڵ پشووی خۆیـان بـدەن چونکە ئـەوان گـەنجن. مـن و دایکـی منداڵـەکان بـە بزەیەکـەوە تەماشـایەکی یـەکترمان کـرد و وتمـان دیارە لیندا خانم لە فلآنە ژنـی خزمـمان دەچێت، کە خەسوویەکی لەڕادە بـەدەر زاوا پەرستە.

سوزان پێرشینگ، ژنـی پیاوێکی زۆر دەوڵەمـەندی ناوچەی ئەتلەنتا بـوو و پشـکێکی زۆریان هەبوو لە کۆمپانیای کارەبای ویلایەتەکانی باشووری ئەمـەریکادا و خـوا هـەڵناگریٚ لە سەرەتاوە زۆر هاوکاری کردین و بەدەممانەوە هات و تەنانـەت هێنـد عـاتیفی بـوو زۆری بـەزەیی بـە منداڵە وردەکـانی منـدا دەهاتـەوە لـە سـەرەتای خوێندنیـاندا لـەو وڵاتـە و ڕانەهاتنیان لەگـەڵ کـەش و هـەوای ئـەو وڵاتـە و ئـەو غوربەتـەی تووشمان هـاتبوو. بـەڵام سـەیر لەوەدایـە هـەر ئـەوەندەی بەرنامەکـەی لەگـەڵمان تـەواوبوو ئیـتر کۆڵـی لێدایـن و تەلەفۆنێکیشی بۆ نەکردینەوە. ئەم خێزانە تاقە یەك کچی تەمەن نزیکەی بیست ساڵیان هەبوو لە زانستگە دەیخوێنـد و جارێکیـان لەگـەڵ دایکی هاتـە سـەردانمان و باریکەلەیـەکی جوان بوو، ناوی کۆردنی بوو. ڕۆژێکیان تەلارخانی خوشکی ئازاد کە لە کوردسـتان وازی لـە چوارەم ساڵی کۆلێجی پزیشکی هێنا و لەگەڵمان هات بۆ ئەمـەریکا، لەگـەڵ سوزان چووبـوو بۆ ماڵیان و کە هاتەوە بە سەرسامییەکەوە پێی وتم کاك محەممەد کۆردنی لە ماڵی خۆیاندا شەش وێنەی لە چوارچێوە گیراوی کوڕانـی هەڵواسیوە و پێـی وتـووم ئەمانـە هەریەکـە و ماوەیـەك بۆیفرێنـدم بـوون و شەشـەمیانی لـە چوارچێوەیـەکی زێڕیـن گرتـووە گوایــە لــە پێنجەکەی پێشوو باشترە.

کە لە بازاڕی مارشاڵ کارم دەکرد ژنێکـی ئەمـەریکیی دەمودوو خـۆش بووبـووە هـاوڕێی من و دایکی منداڵەکان. ئەم ژنە کوڕ و کچێکی گەنجی هـەبوو هەریەکـەیان و بـە تـەنها لـە ویلایــەتێك دەژیـا و دایکەکـە زۆر بـۆ کچەکـەی دەکڕووزایـەوە کـەوا تـا ئێسـتا بـەختی نەیهێناوە و بۆی فرێندی نیە!

هەر لە هەمان بازاڕدا کچێکی تر هەبوو ناوی هێسەر بوو، هەتا بڵێی ئاقڵ و جوان بوو. ڕۆژێکیان منداڵێکی پێنج شەش ساڵی بەدەستەوە بوو و لە هەمان کاتیشـدا دووگیـان بـوو و لە ماڵەوەی ئێمەی پرسیبوو مێردەکەت چی دەکات و چی ناکات، ئـەمیش وەك موجامەلـە پرسـیاری کـاری مێردەکـەی ئـەوی کردبـوو، کـەچی ڕاشـکاوانە وتبـووی جـاریٚ شـووم

نەکردووە و ئەم منداڵانە لە کوڕێکی هاوڕێمن، ئەمیش بە کوردی وتبووی: "دەك لاولۆت بڕن!".

ئەو دەمەی لە بازاڕی بیرلنگتن کارم دەکرد و سەرپەرشتیاری بەشی پۆشاکی پیاوانە بووم و بە دەستووری کارەکە دەبوو ڕووم لەگەڵ کڕیارەکان خۆشبوایە و بە قات و بۆینباخیشەوە دەوامم بکردایە. ڕۆژێکیان ژن و مێردێکی کامڵ هاتنە ئەوێ و پیاوەکە نازانم کراس یان پانتۆڵ بوو کڕیبووی و لە ژووری تاقیکردنەوە لەبەریدەکرد و لەو کاتەدا ژنەکە وەك موجامەلە پێی وتم: بێزەحمەت خەڵکی کوێی؟ منیش ئەوەندەم لە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانەدا وتبوو کوردستان و هەر بە هندستان تێدەگەیشتن بێزار بووبووم و لەبەر ئەوە ئەمجارە وتم عێراق، کەچی ژنە زۆر گەشبووەوە و وتی عێراق کە دراوسێی ئێرانە؟ وتم بەڵێ و کە پرسیاریشی لێکردم ناوم چیە و لەوەڵامدا وتم محەمەد ئەوەندەی تر شاگەشکە بوو و وتی ئێمەش محەمەدێکمان هەیە، وتم خێر ئەم محەمەدەی ئێوە کێیە؟ وتی بۆیفرێندی کچەکەمانە و دایكو باوکی خەڵکی ئێرانن بەڵام محەمەد خۆی لە ئەمەریکا لەدایکبووە و ژیاوە و هێندە شەیدای کچەکەمانە ئەوسەری نەبێتەوەو بەردەوام هەر لەماڵی خۆمانە، منیش زۆرم پیرۆزبایی لێکرد و لەدڵی خۆمدا وتم "بەڵام من وەك محەمەدەکەی ئێوە نانم لە ڕۆندا نیە!".

لەو وڵاتە پێشکەوتووەدا ڕاستە ژن گەلێ ماڤ بۆ دەستەبەر بووە و بە ئارەزووی خۆی جل لەبەردەکات، نیوە ڕووتە یان هەر ڕووتی تەواوە کەس هەقی بە سەرەوە نیە. ژنی موسڵمانی وا هەیە لەچکی بە سەرەوەیە و ژنە هندیی واش هەیە دە دوانزە مەتر قوماشی لەخۆی ئاڵاندووە و هەشە تەنها شۆرتێکی لەپێدایە و بستێك لە خوار هەرامەکەیەوەتی. ئەگەریش لە ماڵدا چێشت لێبنێن ئەوە زیاتر ئەرکی پیاوە! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دەگمەنە لە کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا ژنێك بەیەك مێردەوە بوەستێ و جارێ دوان تەلاق نەدرابێ. لەبەرئەوە ئەگەر ژنێکی ئەمەریکی مێردێکی باشی دەست بکەوێت زۆر شوکرانە بژێرە و کە دەڵێ مێردەکەم هەزار مێردەکەمی لە زار دەبارێ و زۆریش دڵسۆزێتی و جاری وا هەیە کچ دوای گۆڕینی چەند بۆیفرێندێك شوو دەکات و بەلاشیەوە نەنگی و شوورەیی نیە و گەلێ جار بە چاکە و پیاوەتی باسی ئەو هاوڕێیانەی دەکات بەڵام هەستی مێردەکەی و دڵسۆزیی بۆ منداڵەکانی ڕادەگرێ. من ئەم ڕەفتارە جوانەم لە شێڵبی و میشێڵدا بینی، کە دووژنی ئەمەریکیی نزیکمان بوون و زۆر پەرۆشی مێرد و منداڵەکانیان بوون. پیرەژنێکی خەڵکی ئەوێ هاتوچۆی دەکردین و دەیوت کچەکەم شووی کردووە بە پیاوێکی عەرەبی خەڵکی لیبیا و لەبەر ئەوەی میوانی عەرەبیان دێت کچەکەم قەت شۆرت لە پێ ناکات، بە مەرجێ ئەو پیرەژنە خۆی شۆرتی لەپێدابوو. پیاوێکی عەرەبی سووریی

ژنێکی ئەمەریکی هێنابوو، ژنە ببووە موسڵمان و سەرباری ئەوەش کابرا دەینارده مەکتەبێکی فێرکردنی قورئان. گەلێ ژنی ئەمەریکی حەزیان لەوەیە شوو بکەن بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ژیانێکی ژن و مێردایەتیی ئارام ببەنە سەر و هەموو ڕۆژ تەڵاق نەدرێن. کاتێ لە گوام بووین کاک سابیری برادەرم ئاگاداری کردمەوە کەوا ژنێکی ئەمەریکی، ناوی جین نیکۆڵسە و بیستوویەتی خەریکی وەرگێڕانی کتێبی جینۆسایدم و زانیاریی ئەو بوارەم لایە، لەبەر ئەوە دەیەوێ لە نزیکەوە بمناسێت. من لە زەینی خۆمدا وێنەی ئافرەتێکی مۆدێرنی ئەمەریکیم بۆ کێشابوو، بەڵام کاتێ بینیم تەماشا دەکەم جلێکی شۆڕی ئاودامانی لەبەردایە و کە دەستم برد تەوقەی لە گەڵ بکەم داوای لێبووردنی کرد و وتی دەستنوێژەکەم دەشکێ! منیش لە دڵی خۆمدا وتم خوا بە زیادی خێری نەکات ئەمە چیە!؟ برادەرەکەم، کە هەستی بەو شڵەژانەی من کرد، فریام کەوت و وتی ئەم خانمە خێزانی پیاوێکی عێراقیی خەڵکی نەجەفە.

ئەو ئازادییەی سێکس لە ئەمەریکادا دوو دەردی زۆر کوشندەی لێکەوتووەتەوە یەکەمیان نەخۆشی ئەیدزە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی گرفتار کردووە و وایلێهاتووە ئێستا سەرباری بەکارهێنانی کۆندۆمیش مەترسییەکی زۆر لەو کارە دەکەن و ترس و لەرزێکی هێجگار سامناکی بەرپاکردووە و کارێکی کردووە کە بە تەواوەتی نەوێری بە دڵی مەرحەبای ژنێك بکەیت نەوەك هەر بە تەماشاکردنیشی تووشی ئەو دەردە پیسە بیت. ئامارێکی تەندروست ویلایەتی جۆرجیا ئەوەی دەردەخست کەوا ڕێژەیەکی سامناکی خەڵکی ئەو ویلایەتە هەڵگری ڤایرۆسی HIV ن، واتە ڤایرۆسی ئایدز کە درەنگ بێت یان زوو هەر تووشی دەبێت. وەك ئیجرائیچکی پارێزگاری هەر کچێك تەمەنی لە شانزە ساڵ تێپەڕێت دەتوانێ بچێتە نەخۆشخانەکان و هەموو کات بەشی خۆی کۆندۆم وەربگرێت. هەر کچ و کوڕێکیش ببنە ئاشنای یەکتر دەتوانن بچنە نەخۆشخانە و بە وردی خۆیان فەحس بکەن بۆ دڵنیابوون لە تەندروستییان، بە تایبەتی لە ڕووی ئایدزەوە.

دووەمیان ئەو ڕێژە زۆرەی منداڵی دایك دیار و بێباوکەیە لەو وڵاتەدا کەوا چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونیی لای ئەو منداڵانە بەرپاکردووە و هەمووشی لە ئەنجامی پەیوەندیی سێکسیی دەرەوەی یاسا و ڕێسای ژن و مێردایەتییەوەیە. پێموایە لە ئایندەیەکی دوور یان نزیکدا دەبێتە ماکی هەڵتەکاندنی بنەما ئەخلاقیەکانی ئەو کۆمەڵگایانە و لە ئەنجامیشدا هەرەسهێنانی سەرجەم سیستەمی ئابووری - سیاسیی - کۆمەڵایەتیی - ئەخلاقیی سەرمایەداری و ئەگەر کەسێکیش بە وردی بڕوانێتە کاریگەرییە سەلبیەکانی ئەو دیاردانە تێدەگات بوونەتە چ خۆرەیەکی بوون و بەردەوامیی ئەو سیستەمە.

خوێندنی منداڵەکانم لە ئەمەریکادا

کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ کاتێ وڵاتمان بەجێهێشت منداڵەکانی من لە قۆناخی سەرەتایی و ناوەندیدا بوون، ئەو ساڵە تازە ڕەنجمان خستبووە قوتابخانە و سۆزیش لە پۆلی دووی سەرەتایی بوو. ڕاز و کانی لە پۆلی دوو و سێی ناوەندی بوون. ئەوەندە فریاکەوتین کتێبی پۆلی یەك و دووی سەرەتاییمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ ڕەنج و سۆز.

نزیکەی سێ مانگ و نیو لە دوورگەی گوام ماینەوە لە کەمپدا بۆ ئەوەی دەزگای کۆچی ئەمەریکی INS کاروباری یاسایی خۆی تەواو بکات و لەو ماوەیەدا خوێندنی مەکتەب نەبوو بەڵکو بەردەوام دەوریان بۆ منداڵ و گەورە دەکردەوە بۆ فێربوونی ئینگلیزی و منداڵە وردەکان لەو ماوەیەدا گەلێ سروودی ئەمەریکیش فێربوون کە بە کۆرس دەیانوتەوە.

ڕاستەوخۆ دوای نەورۆزی ١٩٩٧ چووینە ویلایەتە یەکگرتووەکان و وەك پێشتر لێیدوا وم ئێمە بەر ویلایەتی جۆرجیا کەوتین لە باشووری ڕۆژهەڵات و لە شاری ڕۆزوێڵی نزیك گەورە شاری ئەتلەنتا نیشتەجێ بووین و لەو ماوەیەی کە تازە و ناشارەزا بووین گەلێ ژن و پیاوی خۆبەخش لە ئەندمانی کەنیسەی سانت دێڤیدی ئەو شارە هاتن بە دەممانەوە و هەریەکەیان خۆی بۆ کارێك تەرخان کرد لە گەڵمان. تاقمێکیان کاروباری شوقە گرتن و دابینکردنی ناوماڵیان گرتە ئەستۆ، دوو کەسیان مەسەلەی بازاڕ و بازاڕکردن کە هەفتانە بە ئۆتۆمبیلی خۆیان لەگەڵمان دەهاتن بۆ بازاڕی خواردەمەنی و هەفتانە بایی نزیکەی ٢٠٠ دۆلار پێداویستیی خواردنمان دەکڕی و تا سێ مانگ لەگەڵ کرێی شوقەکەدا هەر لە سەر حیسابی ئەوان بوو. بەمجۆرە بۆ ئەو دوو خێزانەی کەوتینە ئەوێوە هەر تاقمە و سەرقاڵی کارێکمان بوون. مەسەلەی خوێندنی منداڵەکانی من بە خاتوو میلۆدی ئەدنت سپێردرا، کە ژنێکی گەنج و ڕۆحسووك بوو، شووی کردبوو و تاقە یەك کچی دووساڵانی هەبوو ناوی چیلسی بوو و لەگەڵ مێردەکەیدا زۆر بەختەوەر بوو. میلۆدی مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو لە قوتابخانەیەکی ئامادەییدا و شانبەشانی ئەوەش خۆی ئامادە دەکرد بۆ وەرگرتنی دکتۆرا لە ئینگلیزیدا. منداڵەکانی قۆناخی سەرەتاییم بە پێی تەمەنیان و لە سەر ڕاوبۆچوونی خۆم لە پولی یەك و دووی سەرەتایی، لە قوتابخانەی مێمۆسا Memosa وەرگیران دەبوو بە پاسی مەکتەب هاتوچۆبکەن. دوانەکەی قۆناخی ناوەندیش دیسان بە پێی تەمەن و پاش تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی لە زمانی ئینگلیزی و چەند دەرسێکدا لە

پۆلی حەوت و هەشتی قوتابخانەی ناوەندیی ڕۆزویل وەرگیران و هەر چواریان دەبوو لە پۆلەکانی ئینگلیزی وەك زمانی دووەم بخوێنن ESL. ئەم سیستەمە لە سەرانسەری ئەمەریکادا پەیڕەوی دەکرێت بە حوکمی ئەوەی سالانە زیاد لە ٥٠ - ٦٠ هەزار کۆچبەری یاسایی ڕوودەکەنە ئەو ولاتەو دوو ئەوەندەشی بە شێوەیەکی نایاسایی لە مەکسیك و ولاتانی تری ئەمەریکای لاتینەوە دزە دەکەنە ئەو ولاتەوە و بۆ منداڵی هەمووشیان دەبێ خوێندن دابین بکرێت. ڕاستیکەی میلۆدی هاتوچۆیەکی زۆری کرد لە گەڵمدا بۆ ڕایی کردنی کاروباری وەرگرتنی منداڵەکان و ئەڵبەتە کاری میلۆدی تەنها گەیاندن و چاوساغی بوو بۆ بەدواداچوونی مەسەلەکە، دەنا سیستەمی خوێندن خۆی بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو کارەی ڕێکدەخست. گەلێ جار میلۆدی موجامەلەی دەکردم و دەیوت من لە سەر کولتووری ئیسلامی هەندێ شت دەزانم چونکە ژنە مامۆستایەکی سعوودیمان لە گەڵە و دەزانم ئێوە حەجتان هەیە و نوێژی جومعە دەکەن، وەك چۆن ئێمە ڕۆژانی یەکشەمە دەچینە کەنیسە بۆ نوێژ، ئەگەر دەتەوێ ڕۆژانی جومعە دێمە شوێنت و دەتبەم بۆ مزگەوتێکی گەورە لە ناوەڕاستی ئەتڵەنتادا بۆ ئەوەی نوێژی جومعە بکەیت. منیش زۆرم سوپاس کرد و وتم پێویست بەو زەحمەتە ناکات.

سیستەمی ئینگلیزی وەك زمانی دووەم، ئەوەیە کەوا خوێندکاری بیانی لە پاڵ خوێندنی ئاساییدا چەند کۆرسێکی ئینگلیزیی سادە وەردەگرن کە نزیك بێت لە بابەت و کەشوهەوای دەرسەکانیانەوە و مامۆستاکان هاوکاریان دەبن بۆ فێربوون و ڕاهاتن بە زمانی ئینگلیزیو وردە وردە تێکەڵی ئەمەریکییەکانیان دەکەن بۆ زیاتر فێربوونو ئاشنابوون بە زمانەکە و پاشان تا بەتەواویی قاڵ دەبن و گرفتی زمانیان نامێنێ. ئەڵبەتە منداڵ زوو فێردەبن و منداڵەکانی من چونکە هیچ کوردێك نەبوو لە دەورمان یەکەمجار زۆر زەحمەتیان چەشت. تەنانەت دوو وردەکەمان تا یەك دوو مانگ وەك کەڕولاڵ دەهاتن و دەچوونو هەر بە ئیشارەت و دەسگرۆیی مامۆستاکان کاریان مەیسەر دەبوو، کەچی پاش چەند مانگێك بوونە بولبول لە ئینگلیزیی ئەمریکیدا و گۆکردنیان ڕێك وەك ئەوان وابوو بگرە گاڵتەشیان بە ئینگلیزییەکەی من و گۆکردنم دەکرد و دەیانوت بابە تۆ وەك مەکسیکییەکان قسە دەکەیت. منداڵەکان هەرچواریان پاش ماوەی ئەو ساڵە تا مانگی شەشی کە کۆتایی وەرزی خوێندنە زۆر بە سەرکەوتوویی هەر یەکە و قۆناخی خۆی بڕی و هێند ئینگلیزییەکەیان باش بوو بۆ وەرزی خوێندنی داهاتووی ١٩٩٧ - ١٩٩٨ هەریەکەیان چووە پۆلی پێشتر و لە سیستەمی ئینگلیزی وەك زمانی دووەم دەرچوون و لەگەڵ ئەمەریکییەکان تێکەڵ بوون. ئەمە بۆ مەکسیکی و خەڵکی ئەمەریکای لاتینی

ئیسپانی زمان زۆر زەحمەت بوو فێری ئینگلیزی نەدەبوون چونکە هەموو لە گەڕەك و کارکردن و پۆلەکانی خوێندندا پێکەوەن و کەمتر تێکەڵی ئەمەریکی دەبوون.

یەکەمجار کە لەگەڵ میلۆدی ڕەنج و سۆزمان برد بۆ قوتابخانەی سەرەتایی مێمۆسا دەستەی ئیدارە و مامۆستاکان پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین. مەکتەبی چی بە بینای جوان و قەشەنگو باخچەی ڕەنگاوڕەنگیەوە بەهەشتێك بوو بۆ خۆی و زیاد لە هەزار منداڵی تێدابوو بەلام گوێت لە ورتەی کەس نەدەبوو. لە سیستەمی خوێندنی ئەوێدا بەڕێوەبەر، یەکەی ناونووس کردن، پاشان مامۆستای سەرپەرشتیاری پۆل و یارمەتیدەرەکەی کە دەکرێ بە ڕابەری پۆل ناوی ببەین و ئەو پۆلە سەرەکییە پێیدەوترێ هۆم ڕووم و لەوێوە بەرنامەی دابەشکردنی منداڵان دادڕێژرێ و بۆ هەر دەرسێك دەنێرران بۆ پۆلێك کە مامۆستای تایبەتی خۆی هەبوو، بەلام زۆربەی کاتیان لە هۆم ڕوومدا دەبوون و وای لێدەهات مامۆستای ڕابەر لە دایك زیاتر ئاشنای منداڵەکان و هەڵسوکەوتیان دەبوو. زۆربەی ئەو دەرسانەش کە دەیانخوێند لە هۆم ڕووم نە فێری بۆیان پیشاندەدرا، هەر لەوێشەوە دەیاننارد بۆ ژووری ESL بۆ فێربوونی دەرسەکان بە ئینگلیزییەکی سانا و ساکار و چەند جارێك سەرم لە منداڵەکان دا لە قوتابخانەدا و ڕەنج کە پۆلی یەك بوو لەدایکی زیاتر دەنووسا بە میس لایەسەوە Miss Laias و ئەویش لە دایك زیاتر نازی دابوویە. بە هەمان شێوە سۆزیش ئەوەندە باسی میس ماکلاڤلنی Miss Mclavlin دەکرد ئەوەندە باسی دایکی نەدەکرد. ئەم دوو خانمە مامۆستای هۆم ڕوومیان بوون. کە یەکەمجار منداڵەکانمان بردە مەکتەب و بردنمانە ژووری ئینگلیزی وەك زمانی دووەم ESL تەماشام کرد بە زۆربەی زمانەکانی دنیا لە پارچە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی سەر دەرگاکەی نووسراوە: بە ئیسپانی، بە یابانی، بە ئەڵمانی بە کۆری، بە چینی، بە فارسی نووسرابوو "خۆش امدید" و بە عەرەبی"اهلاً وسهلاً". پێیان وتم تۆش بە زمانی خۆت بنووسە و منیش بە کوردی و بە خەتێکی گەورە نووسیم "بەخێربێن". ئەو ژوورە منداڵانی گەڵ شوێنی سەر زەوی تێدابوو بە ڕەنگ و ڕوخساری جۆراوجۆریانەوە.

مەکتەبی مێمۆسا وەك لای خۆمان دوو سێ دەوامی تێدا نەبوو بەڵکو منداڵەکان دەبوو پێش هەشتی بەیانی بگەیشتنایەتە ئەوێ و سەعات سێی پاش نیوەڕۆ دەهاتنەوە بۆ ماڵ. جا لەبەر ئەوەی شارەکانی ئەمەریکا وەك شاری لای خۆمانو بگرە ئەورووپاش بەرتەسك و ماڵ بە ماڵەوە نووساو نیە بەڵکو هەتا چاو بڕ بکات پانوپۆڕ و لەبەر زەوی زۆریی ئەو وڵاتە ڕووبەرێکی هێجگار بەرفراوانی گرتووەتەوە. لەبەر ئەوە دەزگایەکی تایبەتی سەر بە

بۆردی خوێندن ئـەرکی گواستنەوەی خوێندکاری لەئەستۆ گرتووە و پێیدەوترێ دەزگای گواستنەوە و دنیایەك پاسی هەیە و بە پێی نەخشەی شار بەیانیان زوو لـە سـەر شەقامە سەرەکییەکان منداڵان کۆدەکەنەوە و دوای نیوەڕوانیش دەیانهێننەوە هەمان شـوێن. تـۆ بـە ڕێکی کاتی بەیانی و دوای نیوەڕۆی گەیشتنی ئەو پاسە دەزانی کە منداڵەکانی لێوە دەبا و دەیگێڕێتـەوە. زۆربـەی شۆفیری ئـەم پاسانە ژنـن و ڕەنگی پاسـەکان نارنجییـە و لووتێکـی دریژیان هەیە و هەریەکە ٥٠ – ٦٠ منداڵ دەگرن و لەهەر شوێنێکی شـەقامی شـاردا خـاوی بکەنەوە و بوەستن قۆڵێکی تەختەی یەك مەترییان لێوە دەردەپـەڕێ و تـەواوی هـاتوچۆی ئۆتۆمبیلی هەردوو سایدەکەی شەقام دەوەستێ تا منداڵەکان دادەبەزن و دەپەڕنـەوە. ئێمـە گەلێ گرفتی هێنان و بردنی دوو منداڵە بچووکەکـەمان تـووش دەبـوو بـۆ شـوێنی وەسـتانی پاسـەکان. مـاڵی ئێمـە بـە پێـی منـداڵ دە دوانـزە دەقیقەیــەك لــە دەروازەی ئــەو گەڕەکـە شوقەیەوە کە تێیدا نیشتەجێبووین، لە سەرشەقامی سەرەکییەوە دوور بوو و نەدەکرا هیچ کاتێك منداڵەکانمان بە تەنها بچوونایەتە سەر جادەکە بۆ شوێنی وەستانی پاسی مەکتـەب، لـە ترسی منـداڵ فڕانـدن و تـاوانی هەمـەجۆری دیکە کە لـەو وڵاتـە پـانوپۆڕ و تێکـەڵ و پێکەڵـەدا دەکـرا. لەبـەر ئـەوە هـەموو بەیانییـەکی زوو سـەعات شـەش و نیـو لەخـەو هەڵدەستام وردە وردە تا منداڵ خۆیان کۆدەکردەوە دەچووە نزیکی حەوت و دەبوو سـەعات ٧ ی بەیانی ئامادەبن و پاس دەهـات دەیـبردن. دوای نیـوەڕۆش دەبـوو دایکیـان سـەعات ٣ ی ڕێك لە هەمان شوێندا چاوەڕێ بکات و منداڵەکان وەربگرێتەوە و لەگـەڵیان بگەڕێتـەوە بـۆ شوقەکە بۆ ئەوەی نە لە ڕێگا و نە لە ماڵدا تەنیا نـەبن. لەبـەر ئەوحاڵەتـە دەبـوو دایکیـان پارت تایم کار بکات و ئەودوای کاتی لەگەڵ منداڵەکان بێت. گەلێ جار ڕەنج دوای دەوام لـە کـاتی دەرچوونـی پاسـەکاندا لـە بـەر یـاریکردن سـەرنجی نەدەدایـە بانگـەوازی پاسـەکان و بـەجێدەما و پاشـان لـە مەکتەبـەوە تەلـەفۆنیان بـۆ دەکردیـن منداڵەکــەتان جێمـاوە وەرن بیبەنەوە و دەبوو دەستمان لە ئیش هەڵبگرتایە و بچووینایە بە شوێن منداڵدا. من ڕۆحـم لەوە ڕۆیشتبوو منداڵەکان ڕۆژێکیان پاسەکەیان لێتێکبچێت و سـواری پاسـی گـەڕەکێکی تـر ببن و بفەوتێن. چونکە هەر لە ئەتڵەنتا لەو دەمەدا خوشك و برایەکی منـداڵ پاسـەکەیان لێتێکچووبـوو و ڕۆیشـتبوونە گـەڕەکێکی تـر و بـە هەڵـە دابـەزیبوون و لـەوێ تاوانبـارێکی نادیـار سـەری بڕیبـوون. ئـەو پاسـەی منداڵـەکانی منـی دەگواستەوە ژمـارەی ٣١٧ بـوو، لـە مەکتەب کاتی گەڕانەوە بەم جۆرە بانگـەوازیان بـۆ دەکـرد: "بـراون بـاس، سری وان سێڤن brown bus three one seven ، واتە پاسی قاوەیی ژمارە (٣١٧)". منیـش هـەموو بەیانییـەك کە لە ماڵەوە بە پێ دەمگەیاندنە وێستگەکە وەك ڕیکۆردەر ئەو ژمارەیەم دەدا بـەگوێیاندا

"ڕەنج، سۆز: سری وان سێڤن بروان باس" ها لەبیرتان نەچێ، کەچی هەندێ جار یاریی لە بیری دەبردنەوە و بەجێدەمان و گیانیان دەگەیاندە کونەلووتی ئێمەش. منداڵەکان لە قوتابخانە نیوەڕوان ژەمێك خواردن و شیر و سووپی نایابیان دەدانێ، بۆ ئێمە کە پەنابەر بووین بە خۆڕایی بوو، بەڵام بۆ ئەمەریکییەکان بە پارە بوو. هەموو هەفتەیەك لیستێکی ناوی خواردنەکەیان دەنارده ماڵەوە بۆ ئەوەی ئێمە ڕەزامەندیی خۆمان دەربڕین لە سەر خواردنی منداڵەکە و بۆ هەر ڕۆژەی سێ جۆر هەبوو یەکێکیان هەڵبژێرین و ئیمزای لە سەر بکەین. ئەڵبەتە ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە ئیمزامان دەکرد و تەنها ئەو خواردنانەمان لێدەپەڕاند کە گۆشتی بەرازیان تێدابوو. بۆ هەر سەیران و گەشتێکی زانستی کە لە قوتابخانە دەرچوونایە دەبوو بەخێوکەری منداڵەکان مۆڵەتیان بدایە و ئیمزایان لە سەر فۆرمێکی تایبەتی بکردایە.

منداڵەکانی قۆناغی ناوەندیشم، وەك باسم کرد، لە پۆلی حەوت و هەشتی ناوەندیی ڕۆژوێڵ چوونە بەرخوێندن و ئەمانیش بەهەمان دەستووری منداڵە بچووکەکان کۆرسی خوێندنی ESL یان وەردەگرت بۆ قاڵبوون لە ئینگلیزیدا و بە چاکی دەچوونە پێشەوە و گەلێ سوودیان لە تێکەڵەی خوێندکارانی وڵاتگەلی هەمەجۆر وەردەگرت، کەوەك ئێمە کۆچبەر بوون. ئەوەی زۆر سەرنجی ڕادەکێشام کە منداڵەکانی قۆناخی ناوەندیم دەهاتنەوە سووردەبوونەوە و هەر پێکەنین دەیگرتن، لێمان پرسین مەسەلە چیە، بە پێکەنینەوە دەیانگوت بابە لە پۆلەکەدا کەس گوێ ناداتە ئەوەی بای لێ بەرببێتەوە و تەنانەت هەندێك لە مامۆستاکانیش لە کاتی دەرز وتنەوەدا شەق بایەکی زلیان لێ بەردەبێتەوە و تەنها دەڵێ ببوورە excuse me و مێشێکیش میوانیان نیە و ئیمە و قوتابییە مەکسیکییەکان زۆر بەمە پێدەکەنین و ئەوانیش گاڵتە بە پێکەنینی ئێمە دەکەن. بەهەر حاڵ پاش ماوەیەك منداڵەکانی منیش باسی ئەم بەزمەیان نەدەکرد و پێدەچێت ئەوانیش پێی ڕاهاتبێتن.

شیاوی باسە قوتابخانەکانی ئەوێ هەموو ساڵێ لە مانگی پێنجدا نمایشی وەرزشی بۆ هەموو پۆلەکان ڕێکدەخەن و قوتابیانی هەر وڵاتێك، لەو قوتابخانەیەدا بە ناوی وڵاتەکەی خۆیانەوە بەشداری دەکەن و کاتێ بە بەر سەکۆکەدا تێدەپەڕن، هەر وڵاتە و کورتەیەکی لەبارەوە باسدەکرێت. بۆ ئەم مەبەستە خاتوو میشێلی دۆستمان سەر و بلووزی بۆ منداڵەکان هێنا کەوا کوردستانی لە سەر نووسرابوو و سەر و ئاڵای کوردستانیشی بۆ دروستکردن و لەکاتی نمانیشەکەدا بەرزیان کردبۆوە و ئەو زانیاریەشیان دابووە پەخشکارەکە کە باسێکی کورتی کوردستان بکات و چۆن گرفتار بووە بە دەستی سەدام حوسێنەوە و ئەمانیش وەك کورد بۆچی ئاوارەی ئێرە بوون. بۆ ساڵی ئاینده ڕاز چووە

پۆلی هەشت لە ناوەندیی کراپ ئەپڵ Crab Apple هەر لە شاری ڕۆزوێل و کانییش چووە پۆلی نۆ لـە ئامادەیی ریڤـەروود Riverwood High School. دەبێ ئـەوە بڵێم کـە ڕاز زۆر زیرەك و دەرکەوتوو بـوو، مامۆسـتای هـۆم ڕوومەکـەی، واتـە ڕابەرەکـەی، کـە نـاوی میـس ئەگنس گاڵیگۆسکی Miss Agnes Goligosky بوو زۆر جار سەردانی دەکردین یان تەلەفۆنی بۆ دەکردین و سەرسامیی خۆی لە ئاستی بـەهرە و زیرەکیـی ڕاز دەردەبـڕی. ئەوانیتریشـم بـاش بـوون، بـەڵام نەدەگەیشتنە ئاستی ڕاز، کــە لــە کێبــەرکێی خوێندنــدا ئەمــەریکی و مەکسیکییەکانی بۆڕدابوو و تەنها کچێکی کۆریی کە نـاوی کاتی بـوو موونافەسـەی دەکـرد و لەو سۆنگەیەشەوە ڕاز دەیوت ڕقم لە چاو تەسکەکانە و تەنها ئەوان دەتوانن هاوشانم بن.
ڕاز بێجگە لـە خوێندنـی ئاسایی مەکتــەب خولیـای مۆسیقاشــی هــەبوو و کــەمانێکی لــە قوتابخانە خواستبوو و ڕاهێنانی لە سەر دەکرد و لە ڕووی هونەریشــەوە کۆرسی موسـیقای وەردەگـرت. پاشـان لـە ئۆرکسترایەکی قوتابخانـەکانی ئـەو شــارەدا بەشــداری کــرد و جێــی ڕەزامەندی مامۆستاکانی بوو. لەوێ سیستەمێك هەیـە کـە لـەدوای نیـوەی ساڵەوە بـۆ سـێ مانگ هەر مانگە و یـەکێك دەبێتـە یەکـەمی قوتابخانـەکانی ئـەو شـارە، یـان ئـەو هـەرێم و موقاتەعەیــەی ســەرجەمی شـــار و ناوچــەکانی ئەمـــەریکای بـــە ســـەردا دابەشـــکراوە و پێیاندەوترێ کاونتـی county و ئاهەنگێکی گەورەی بۆ سازدەکەن. شیاوی باسـە وردەکاریی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە کاونتییەکەوە بۆ یەکیکیتر جیاوازیی تێدایە. بۆ مـانگی مارتی ساڵی ١٩٩٨ ڕاز بە یەکەمی سەرجەمی قوتابخانەکانی هەرێمی فولـتن Fulton county دەرچـوو، کـە بەشـێکی گـەورەی میترۆپۆلیتـــانی ئەتڵـەنتای دەگرتـــەوە و یانـــەی ڕۆتـــەریی ئەمەریکی – لقی ڕۆزوێـل American Rotary Club ئاهـەنگێکی گـەورەی بـۆ سـازکرد، کـە نانخواردنیشی تێدا بوو و ئەمەریکی کەمتر ئەم جۆرە ئاهەنگانە سازدەدەن. یانـەی ڕۆتـەری، یانەیەکی کۆمەڵایەتییە و ساڵی ١٩٠٥ لە شاری شیکاگۆ دامەزراوە و ئێستا لقی لـە زۆربـەی شارەکانی ئەو وڵاتەدا هەیە. لـە ئاهەنگـەکەدا چـەند کۆنگرێسمانێك و پارێزگـاری شـار و بەڕێوەبـەری پۆلیس و نزیکـەی ١٥٠ کـەس ئامادەبوون و لـە پێشـدا خــاتوو گاڵیگۆسـکیی ڕابـەری پۆلیـان ڕازی بـە ئامـادەبووان ناسـاند کــە منداڵێکــی زیرەکــی کـوردە و ئــاوارەی دەستی ڕژێمی عێراقـە لەگـەڵ خێزانەکـەیدا و لـێرە زۆر زوو فـێری ئینگلـیزی بـووە و لـە وانـەکانیدا پێشـکەوتووە و ئێسـتاش ڕاپۆرتێکـی وردی لــە ســەر کۆمپانیــای کۆکـا کـۆلای جیهانی ئامادەکردووە. پاشان بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، خاتوو لیندا هۆپینگ Miss Linda Hoping و چـەند کەسـێکی تـر وتاریـان خوێنـدەوە و گـەڵ لـەو بەرپرسـانە بـە خۆشحاڵی و تەوازوعـەوە دەهـاتن بـۆلام و پیرۆزباییـان لێدەکـردم کــە منداڵــی وا زیرەکـم

هەیە و وێنەیان لەگەڵ دەگرتین و پاشان خەڵاتی پەنجا دۆلارو کۆمەڵێك دیارییان پێبەخشی.

ئەڵبەتە لێرە لێدانی منداڵ نەبوو لە هیچ قۆناخێکدا، بەڵام ئەگەر قوتابییەك لاساری یان هەڵەیەکی بکردایە سزاکەی ئەوە بوو کە دەبوو نانی نیوەڕۆی بە تەنها بخواردایە، واتە لە چێشتخانەی قوتابخانە خواردنەکەی وەربگرتایە و لە گەڵ منداڵەکانی تر لە هۆڵی چێشتخانەکە نەیخواردایە و بیبردایەتەوە بۆ پۆل و لەوێ بە تەنها و بێدەنگ بیخواردایە و بەمەشیان دەوت نانخواردنی بێدەنگ silent lunch، ئەگەریش سزاکە قورستر بوایە ئەوە پاش دەوامی ئاسایی سەعاتێك دەیانهێشتەوە و مامۆستاکەشی لە گەڵی دەمایەوە و بە پاسی مەکتەب نەدەڕۆیشتەوە و دەبوو باوك یان دایکی بهاتنایە بیانبردایەتەوە و بەمەش دەوترا حیجز کردن detention بە هیچ جۆرێك پەشیمان بوونەوە نەبوو لەم سزایە و دەبوو خوێندکار ملکەچی بوایە. بۆ هەندێ سزاش نامە بۆ باوك و دایك یان بەخێوکەر دەنێردرا بۆ ئەوەی پێکەوە لە گەڵ بەڕێوەبەرێتیی قوتابخانەدا کێشە و گرفتەکان چارەسەر بکەن. یەکێك لە گرفتە گەورەکانی قوتابخانە ئامادەییەکانی کچان مەسەلەی سکپڕییە کە لە هەندێ کچی ئەو قۆناخەی خوێندن دەقەومێ و ڕەوتی خوێندنیان تێکدەچێت، دەنا هاوڕێ گرتن و سێکس کردن لە دوای تەمەنی شانزە ساڵییەوە لەو وڵاتە ئاوخواردنەوەیە!

شیاوی باسە لێرە قوتابیانی هەموو قۆناخەکانی خوێندن، بە سەرەتاییشەوە، بەیانیان کاتژمێر هەشتی تەواو هەر پۆلە و لە ژووری خۆیان چەند دەقیقەیەك بە پێوە دەوەستن و دەستی ڕاستیان دەخەنە سەر دڵیان و ڕوو دەکەنە ئاڵای ئەمەریکا، کە لە هەموو ژوورێکدا هەیە و بە یەك دەنگ لە گەڵ ئەو بڵندگۆیەدا کە بۆ هەموو قوتابخانەی پەخش دەکات بەڵێن تازە دەکەنەوە و ئەمەی خوارەوە دەڵێنەوە:

"بەڵێن دەدەم دڵسۆز بم بۆ ئاڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کۆمار کە پشت بە خوا یەك وڵاتە و دابەش نابێت. ئازادی و عەدالەتیش تێیدا بۆ هەمووانە".

بە ئینگلیزییەکەشی I pledge allegiance to the flag of the United States of America. and to the republic for which it stands, one nation, under God. indivisible, with liberty and justice for all.

کـــوردێك لە وڵاتی هندییە سوورەکـاندا

کاتێ کۆلۆمبس هـەرچی دەریا و زەریایە تـەی کـرد و لـە سـاڵی ١٤٩٢دا لەنگـەری لـەو کیشوەرە پانوپۆڕەدا گـرت کـە دواتـر بـە ئەمـەریکا ناسـرا هـەروا چۆڵـەوانی نـەبوو، بـەڵکو ئەمسـەر تـا ئەوسـەر پڕبـوو لـە خـەڵکێك کـە ژیـانێکی خێڵـەکیی سادە دەژیـان و بنـەمای ئابووریيان ئاژەڵداری و ڕاوی گامێشە کێوی بوو، کە بە هەزارانیان لـەو مێرگ و پێدەشتە بەرینانـەدا دەلـەوەڕان. ئـەم خێڵانـە کۆلۆمبـس بـە هەڵـە بـە هندیـی لـە قەڵـەمی دان بـەو حیسابەی کە ئەم خاکەی پێی خستووەتە سـەر بەشـێکە لـە هندسـتان. کـەچی لەڕاسـتیدا ئەمانە خێڵی جیا و ناوی جیاجیان هەبوو، کـە گـەورەترین خێڵیـان چیرۆکی Cherokee و بە دوای ئەودا ئەپاچێ Apache و کریك Creeck و چۆکتاو Chocktaw و چیکسا Chiska و چەندی تر بوون.

دیـارە مێژووی دروستبوونی ئەمـەریکا ڕوونـە و کۆڵەکە هـەرە بنەڕەتیەکـەی کۆچـی هەزاران خەڵکی سپیپێستی ئەوروپایە بە درێژایی چەندین سەدە و پاشـان کۆچـی هـەزاران کەسی تری سەر زەوی بۆ ئەو وڵاتە و گەڕان بە دوای نان و ژیان تێیدا. بەشێکی بەرچاوی خەڵکەکەشی ئـەو ڕەشپێستانەی ئـەفریقا بـوون کـە وەك کۆیلـە بـۆی گوێزرانـەوە پـاش ڕاوکردنیـان لـە کیشوەری ڕەشـدا و ڕاپێچکردنیـان بـۆ ئـەم کیشـوەرە نوێیـە لـە پرۆسـەی بازرگانییەکی بەدناودا کە بەبازرگانیی کۆیلە ناسرا لە مێژوودا.

مـن نـاڵێم شارسـتانی بنیـات نـەنراوە لـەم خاکـە پانوپۆڕەدا، وەلێ ئـەوە دەڵێم کـە ئـەم شارستانییە لە سەر حیسابی قڕکردنی میللەتێك دروستکرا کە خەڵکی ڕەسـەنی ئـەو وڵاتـە بوون و چـەندین هـەزار ساڵ بـوو لـەو وڵاتـەی خۆیـاندا ئـەو ژیانـە سـوننەتی و سـاکارە دەژیان و زیانیشیان بۆ کەس نەبوو. ئەم میللەتەش خێڵەکانی هندییە سوورەکان بوون کە بە دەردێك بران تائێستاش بە نەنگی دەژمێردرێ لە مێژووی ئەمـەریکادا. سپیپێستەکانی ئەوروپا خۆیان لە تاو زوڵم و ستەمی کەنیسە و دادگاکانی پشکنین و توندوتیـژی ڕەویـان کـرد بـۆ ئەمـەریکا کـەچی لـەوێ کەوتنـە تـەنگ پێهـەڵچنین و پاشـان قڕکردنـی خـەڵکی ڕەسەنی وڵاتەکە و بەدرێژایی چەندین سەدە هەرچی تـەفرەدان و فڕوفێـڵ و ساختە بوو لە گەڵیاندا کردیان و ئەنجام بە قڕکردنیان شکایەوە لە پرۆسەیەکی جینۆسایدیی کەموێنە لە مێژوودا. بەرچاوترین خاڵی ئەو قڕکردنە ئەوەیە کە لە مێژووی ئەمەریکادا بە کاروانی فرمێسك دەناسرێ Trial of Tears و تێیدا هـەزارانیان لێ قـەتڵوعام کـردن. هـەموو تـاوانی ئەمانـەش تەنـها ئـەوەبوو کـەوا خاکەکـەیان بـە پیتـە و دنیایـەك کانـە ئـاڵتوونی تێـدا

دۆزرایەوە و ئەمە سەری خواردن وەك چۆن نەوت لە خاكی كوردانـدا خەریكە سەریان دەخوات.

خۆ وەنەبێ ئەم خێڵانە هەروا بە ئاسانی ملیان بۆ چەقۆی قەسابی سپیپێست درێژ كردبێت و لە بەرانبەریاندا دەستەوسان بووبێتن، بەڵكو مێژووی بەرەنگاری و ململانێیان پڕە لە فیداكاری و خەبات و خۆبەختكردن لە پێناوی ژیان و مانیاندا و بە درێژایی مێژووی ئەو ململانێیە بە سەدانیان لەو سپیپێستانە قەڵاچۆكرد، بەڵام دواتر بە شیر و تیر و ڕم هیچ نەكرا لەگەڵ چەك و تەكنیكی سەربازیی پێشكەوتوودا.

قەدەر وایهێنا كە من لە ئەمەریكادا بكەومە ئەو شوێنەی كەوا سەردەمانێكی دوورودرێژ قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی گەلی چیرۆكی بێت و لەو شارەدا نیشتەجێ بم كە دەكەوتە نزیك شوێنێكەوە پێشتر نیو ئیكۆتای ناو بووە New Echota ماوەیەكی زۆریش پایتەختی بەڕێوەبردنی كاروباری ئەو گەلە بوو. شارەكە ناوی ڕۆزوێڵ بوو و دەكەوتە سەر بەشی باكووری ڕووباری چاراهووچی Chattahoochee، كە بە زمانی هندییە سوورەكان یان ڕاستتر بڵێم بە زمانی گەلی چیرۆكی مانای "بەردی زەرد" دەگەیەنێت. ئەم ڕووبارە لە دامێنی چیاكانی ئەپەلاشیاوە سەرچاوە دەگرێ و بە سەر ویلایەتەكانی كارۆلینای باكوور و جۆرجیا و ئەلەبامادا تێدەپەڕێ و دەڕژێتە كەنداوی مەكسیكەوە. ئەم ناوچەیە ڕۆژگارێك چیرۆكی ناویان نابوو "خاكی دڵگیر". بە پێی قانوون نەدەبوو سپیپێستەكان بچنە ناو خاكی چیرۆكییەوە، بەڵام بە زۆریی ئەمەیان پشتگوێ دەخرا. پایتەختی چیرۆكی لە نیو ئێكۆتا كێشەی بۆ ویلایەتی جۆرجیا دروستكردووە بە هۆی ڕێكەوتننامەی ساڵی ١٨٠٢ دوە لە گەڵ حكومەتی ویلایەتە یەكگرتووەكاندا بۆ ڕامالین و دەرپەڕاندنی چیرۆكییەكان لەو سنوورەدا. ناوی ئەم شارەی ئێستا دەگرێتەوە بۆ ڕۆزوێڵ كینگ، كە دەوڵەمەندێكی ناوچەكە بووە و ساڵی ١٨٣٨ یەكەم كارگەی لۆكەی لێرە دامەزراندووە و ماڵی كرێكاری كارگەكە و بازرگانی تری تێهاتووە و وردە وردە خانوبەرە، كەنیسە، بازاڕ و قوتابخانەی تێدا كراوەتەوە و گەشەی كردووە.

كاتی خۆی و لە ساڵی ١٥٤٠ بەملاوە وڵاتی چیرۆكی لە ڕووباری ئۆهایۆوە لە باكوور درێژدەبۆوە تا ئەم ڕووبارەی چاراهووچی، كە ئێستا لە ویلایەتی جۆرجیایە لە باشوور و تەواوی دۆڵی تەنەسی و زنجیرە چیای سمۆكیی گەورە و هەردوو ویلایەتی كارۆلینای باكوور و باشووری ئەمڕۆی دەگرتەوە. ئەم گەورە خێڵەی چیرۆكی بەردەوام لە شەڕدا بوون لە گەڵ خێڵە هندییەكانی تری دەوروبەریاندا، وەك كریك و چۆكتاو. هەروەها لە ململانێی ئینگلیزو فەرەنسیەكاندا دابوویانە پاڵ ئینگلیز و ساڵی ١٨١٢ ش دایانە پاڵ ویلایەتە یەكگرتووەكان لە ژێر ئاڵای ئەندرو جاكسۆن Andrew Jacksonدا و ئەگەر ئەمان

نەبوونایە ئەوە تۆماهووکێکی خێڵی کریك سەری جاکسۆنی لەت دەکرد (تۆماهووك چەکێکی کۆنی کاریگەری هندییە سوورەکان بوو لە شێوەی پاچێکی زل و قەبەدا و ئێستا بووە بە ناوی مووشەکێکی پێشکەوتووی ئەمەریکا). کەچی هەر ئەم جاکسۆنە پاش ئەوەی ساڵی ١٨٣٠ بوو بە سەرۆکی حەوتەمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتی تێکردن و بە دەردێکی زۆر خراپی بردن.

سپیپێستەکان بە زۆریی لە کەنار دەریای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کیشوەری بەرینی ئەمەریکادا هەواریان دەخست و شاریان دروست دەکرد و ئیتر تا سەد و پەنجا ساڵێکیش پێش ئێستا شوێنەکانی ناوەوە بە زۆری کەس پەی پێ نەدەبرد و زیاتر خێڵە هندییەکانی تێدا دەژیا، ئەگەرچی ڕاوکردن و قڕتێخستنیان هەر بەردەوام بوو و کە شەپۆلی کۆچی سپیپێست زیادی دەکرد فشاری زیاتر دەکەوتە سەر ئەمان. مۆرکی ویلایەتەکانی کەنار زەریانی ڕۆژئاوا زیاتر ئیسپانی و پورتوگالی بوو چونکە ماوەیەکی زۆر کۆلۆنیی ئەم دوو دەوڵەتە بوون، بەلام ویلایەتەکانی کەناری ئەتلەنتیك زیاتر مۆرکی ئینگلیز و فەرەنسای پێوە دیار بوو. ئەڵبەتە سیانزە ویلایەتەکەش کە ناوکی پێکهێنانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو لە کەناری ئۆقیانووسی ئەتلەنتیکەوە دەستی پێکرد و پاشان بەرە بەرە ناوچە و هەرێمی تری ئەمەریکا بوون بە ویلایەت و خرانە سەر ئەمانی تر.

ئەو ساڵانە ئێمە لە ڕۆژوێڵی نیشتەجێ دێرینەکەی خێڵی چیرۆکی نیشتەجێ بووین، هیچ ئاسەوارێکی ئەوتۆی ئەو گەلەی تێدا نەمابوو، تەنها ناوی ڕووباری چارا هووچی وەك خۆی مابۆوە و لە سەر ئەو ڕووبارەش بوارێك هەبوو لە زەمانی پێش تەکنیکی پرد دروستکردندا خەڵك لێی پەڕیونەتەوە و ئەمەش بە ناوی ویلیۆی ناوداری ئەو خێڵەوە بووە و تائێستاش ئەو ناوە ماوە. بەنکێك هەیە بە ناوی ئێتاوا واتە بورجی بەرز بەو زمانە چێشتخانەیەکیش بە ناوی چیرۆکییەوە. لە کتێبخانەکانیشدا گەلێ سەرچاوەی هەمەجۆر هەن لە بارەی فۆلکلۆرو ئەفسانە و مێژووی ئەو گەلەوە. هەروەها ئەوەی سەرەنج دەدرێ تائێستا گەلێ ناوی شوێن و شار و شاخ و هەر پاشماوەی سەردەمی هندییە سوورەکانن و سەرباری تواندنەوە و قڕکردنیان وەك تەعریبەکەی لای خۆمانی پێ نەکرا. گەلێ ناوی دیاری وەك ویلایەتی تەنەسی Tennessee و شاری چەتەنووگا Chattanooga و شاری تەلەهاسی Talahassee هەروەك خۆیان ماونەتەوە و دەسکاری نەکراون.

تا ساڵانی بیستەکانی سەدەی نۆزدەش چیرۆکی لەو وڵاتەی خۆیدا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد هەرچۆنێك بوو گوزەرانیان دەکرد و خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوون بەتایبەتی چاندنی گەنمەشامی و ڕاوکردن بوون و کەمتر سپیپێست فشاری بۆ دەهێنان. بەلام لەو دەمە بەدواوە بەلاو نەگبەتییەکی نوێ ڕووی تێکردن و ساڵی ١٨٢٨ ئاڵتوون لە

خاکەکەیاندا دۆزرایەوە. ئەو شوێنەی کە کانە ئالتوونەکەی لێدۆزرابووەوە ناوی دەهلۆنیگا Dahlonega بوو، کە نزیکەی سەعاتێکی سەیارە لە ئێمەوە دوور بوو.

ئەم دەهلۆنیگایە (کە ناوەکەشی هەر هی ئەو زەمانەیە) ئێستا شارێکە و دەکەوێتە لای باکووری دەریاچەیەکەوە پێیدەوترێ لێنیر Lake Leneir کە ئێستا سەیرانگایە و جارێکیان منداڵەکانی منیش لە گەشتی وەرزی هاوینی مەکتەبەکەیاندا برابوونە شوێنی ئەو کانە ئاڵتوونە و لە کەناری دەریاچەکە لیان پێ بێژابوونەوە و بە ئەندازەی دەنکە لێکی بچووك ئاڵتوونیان دۆزیبۆوە و وەك یادگار لە شووشەیەکی بچووکی ئاودا هەڵیانگرتبوو. ئەڵبەتە ئەو کانە ئیستا لە ڕووی ئابوورییەوە بایەخێکی نەماوە و لەو دەمەوە هەموو ئاڵتوونەکەیان دەرهێناوە و ئێستا تەنها وەك شوێنێکی گەشتوگوزاری مێژوویی تەماشا دەکرێت.

ئەو دەمە کە هەواڵی دۆزینەوەی ئاڵتوون لەو شوێنەدا بڵاوبووەوە ئیتر خەڵکی سپیپێست بەلێشاو ڕوویانکردە وڵاتی چیرۆکی و بە زۆر و بە خوایشت جێی خۆیان دەکردەوە و زەویوزاریان دەکڕی و زیاتر تەنگیان بە خێڵە هندییەکان هەڵدەچنی. من لە کتێبێکی مێژووی ڕۆژوێڵدا خوێندمەوە کەوا سپیپێستەکان لە هەموو لایەکەوە بە پاپۆڕ لە کەناری باشووری ڕۆژهەڵاتەوە لە ویلایەتی جۆرجیا و بە تایبەتی لە بەندەری سەڤانا Savana لەنگەریان دەگرت و لەوێوە دەهاتنە شاری ئەتڵەنتا و پاشان هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ژوور دەبوونەوە و دەبوو لەم گەشتەیاندا لە ڕووباری چارا هووچی بپەڕنەوە و پەڕاندنەوەی عەرەبانەو هێستر و ئاژەڵو ڕەشەوڵاخ و ماڵی ئەم کۆچبەرانە بوو بە بازرگانییەکی باش بۆ ئەو کەسانەی ئاش و بواریان هەبوو لە سەر ئەو ڕووبارە و چەند قات زیادی کردبوو. ئەڵبەتە ئەو خەڵکەی دەڕژانە ئەوێ هەر تەنها بۆ ئەو کانە نەدەچوون بەڵکو بە نیازی کانی تر بوون و هەروەها تەماحیان کردبووە زەوی وزاری بەپیتیشیان.

ساڵی ١٨٣٠ وەك پێشتر باسم کرد ئەندرو جاکسۆن بوو بە سەرۆکی ئەمەریکا و پشتگیریی سپیپێستەکانی کرد و خێڵە هندییەکانی ناچاری کۆچکردن کرد بەرەو ڕۆژئاوا و مەسەلەکەیان لە سەر کردن بە یاسا و چەکدار و سەرباز دەیانگرتن و ڕاپێچی ئۆردووگای تایبەتیان دەکردن و لەوێشەوە لە ڕێگای ئاوی ڕووبار و وشکاییەوە بە ڕێگایەکی دووورودرێژی نزیکەی هەزار و پێنجسەد کیلۆمەتردا ڕەوانەی هەرێمی ئۆکلاهۆمایان کردن. ئەم کارەساتە لە ساڵانی ١٨٣٨ ١٨٣٩ دا بەرپاکرا و نزیکەی پانزە هەزار کەسیان گرت و بە پیادەڕۆیی ناچاری ئەو گەشتە دوورەیان کردن و دوا تاقمی ئاوارەکان لە ساڵی ١٨٣٩ دا گەیشتنە ئۆکلاهۆما و نزیکەی چوار هەزاریان لە ڕێگا گیانیان لەدەستدا، کە زۆربەیان

ژن و منداڵ بوون و بەدرێژایی ئەو ڕێگا دوورە زنجیرەیەك گۆڕ بەمبەرو بەوبەریدا تەرمی ئەو خەڵکە کارەساتبارەیان شاردەوە و شایەتی زوڵمێکی سامناکە لە مێژوودا. ئەم ڕێڕەوە بە کاروانی فرمێسك Trial of Tears ناودەبرێ لە مێژوودا. ئەوانەی کە لە دەست مەرگ ڕزگاریان بوو لە ئۆکلاهۆما نیشتەجێبوون و بە کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە خەریك بوون بەڵام دواترلێرەش نەیانهێشت بە ئاسوودەیی دانیشن و دیسانەوە زەوی و زاریان لێداگیرکردنەوە و هەرچی گامێشە کێوی بوو قڕیان کردن چونکە سەرچاوەیەکی سەرەکیی خۆراکی ئەم خێڵانە بوون.

لە کارەساتی قڕکردن و پەرتەوازە کردنی چیرۆکیدا نزیکەی هەزار کەسێکیان بەختیان هێنا و لە ڕاپێچکرنەکە دەربازبوون بە هۆی خۆشاردنەوە یان لێبووردنی تایبەتی و دایانە چیاکانی سمۆکی گەورەدا و Great Smokies بوون بە بناغەی باندی ڕۆژهەلات. ئێستا لە پاش زیاد لە ١٦٠ ساڵ نەوەی ئەوانە لە ویلایەتی کارۆلینای باکوور قەدەغەیەکیان (محمیة Reservation) بۆ کراوەتەوە و تێیدا ژیانی نەریتپارێزی و خێڵەکیی خۆیان دەبەنەسەر و تێکەڵی خەڵکی تر نابن و ئێستا لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا ژیانی ئەو خەڵکە ڕەسەنە هاتووەتە سەر ئەوەی لە چەند قەدەغەیەکی تایبەتدا گوزەران بکەن و تا ئێستاش داب و دەستووری خێڵەکیی خۆیان پاراستووە. دەڵێن گوایە نوێنەریشیان لە کۆنگرێسدا هەیە.

سەیر ئەوەیە ئەم خێڵە ڕەسەنە بە ناو هیندییانەی کیشوەری ئەمەریکای باشوور و ناوەڕاست و مەکسیك بەو دەردە نەچوون وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەو وڵاتانەی لە سەرەتاوە بوون بە ژێردەستەی پورتوگاڵ و ئیسپانیا ئاوێتەبوونێکی بەرچاو لە نێوان خەڵکە ئەوروپایی و خێڵە ڕەسەنەکاندا دروستبوو، بە جۆرێك واهەست دەکەیت خەڵکە ڕەسەنەکە بارودۆخیان لە ژیانی ساکار و سەرەتاییەوە بەردو شارستانییەت پەرەی سەند و فەرهەنگ و کولتوور و زمانی ئیسپانی بالادەست بوو تێیاندا و زیاتر ئامێزی بۆ ئەو ئاوێتەبوونە کردەوە.

جارێکیان لە گوام مامۆستایەکی زانکۆ موحازەرەیەکی پێدایین لە سەر پێکهاتە و مێژووی ئەمەریکا و زۆر ڕاشکاوانە پێی لێنا و وتی: "نەنگترین و شەرمەزارترین مێژوومان هەیە لە بواری مامەڵە کردنمان لە گەڵ خێڵە ڕەسەنەکانی ئەمەریکادا"!

مەرگێکی پڕ تراجیدیا لە ئەمەریکا

مام ئەحمەد و ئایشێ خان وەك دەیان و سەدان کەسوکاری ئەو کوردانەی ساڵی ۱۹۹٦ ڕەوانەی ئەمەریکا کران، کەوتنە تەك ماڵی کاك شیروان و کاك بەرزانی کوڕیان و ماڵی کاك هوشیاری زاوایان. کارەکە بۆ ئەوان هەندێك لەبارتر بوو لەچاو خەڵکی تردا، چونکە لەگەڵ کوڕ و کچ و زاوا و کۆمەڵێك کوڕەزا و کچەزایاندا دەژیان و بێجگە لەوەش ماڵی کوڕ و کچێکی تریان لە نەرویج بوو و هاتوچۆکرنیان بۆ لای یەکتر تاڕادەیەك ئاسان بوو. ئێمەش لەگەڵ ئەوان یەکماڵ بووین و کاك شیروان هاوڕێی سەردەمی زانکۆمە و لە وڵاتی خۆمان و لەوێش ئەندازیارێکی سەرکەوتووبوو. ئەم پیاوە بە شایەتیی هەموو برادەرەکانی کەسێکی تا بڵێی ڕاستگۆ و بەئەمەك بوو لە دۆستایەتیدا و بەش بەحاڵی منیش گەلێ هەڵوێستی مەردانەی هەبوو لە ژیانمدا و پەیوەندیی دۆستانەمان لەئاستێکدایە کورد واتەنی مەگەر هەر حەلاڵمان لێکجیابێت.

کاتێ لە گوامەوە گوێزراینەوە بۆ ئەمەریکا مەسەلەکە وا کەوتەوە کە ئێمە و ماڵی کاك شیروان و خزمەکانی بەر ویلایەتی جۆرجیا و گەورە شاری ئەتڵەنتا بکەوین. ئەڵبەتە ئەمە هەر بەڕێکەوت نەبوو، بەڵکو لە کاتی پرۆسێسەکردنی ئەوراق و مامەڵەماندا ناوی یەکترمان لە فۆرمەکانماندا نووسیبوو. پاشان ئێمە بەر باکووری ئەتڵەنتا و شارۆچکەی ڕۆزوێڵ کەوتین بۆ نیشتەجێبوون و کارکردن، ئەوانیش هەموو پێکەوە بەر باشووری ئەو شارە کەوتن و لە ناوچەی جۆنسبۆرۆ نیشتەجێبوون و پاش بەینێکیش ماڵی کاك جەمال لە شاری چەتەنووگای ویلایەتی تەنەسییەوە، کە دوو سەعاتێك بە ئۆتۆمبیل دوور بوون، باریانکرد و هاتنە لای ئەوان و لە گەڵ ماڵی کاك بەختیاری برادەرماندا گرووپێکی چوار پێنج ماڵییان لە جۆنسبۆرۆ دروستکرد. لە ناوچە یان گەڕەکەکانی کلارکستۆن و دۆرەڤیل و شوێنی تری ئەو شارە گرووپی چەند ماڵیی کورد هەبوون، بەڵام زۆر پەرت و بڵاو، چەشنی گاڵی ناو دڕك.

جۆنسبۆرۆ نزیکەی سەعاتێك بە ئۆتۆمبیل لە ئێمەوە دوور بوو، بەڵام ناوبەناو لەگەڵ ماڵی کاك شیروان هاتوچۆی یەکترمان دەکرد و ئەڵبەتە باوك و دایکیشی کە لەو غەریبستانە تاڵەدا زۆر دڵمان بە یەکتر دەکرایەوە و پێکەوە گەلێ شوێنی خۆشی ئەو شارە دەچووین. بەڵام گەواڵە هەوری غوربەت هەردەم بە ڕاسەرمانەوە بوو و لە خۆشترین

شـوێنی ئـەوێدا ناخۆشـترین شـوێنی وڵاتــی خۆمانمــان بیردەکەوتــەوەوە و خۆزگــەمان پێدەخواست.

مام ئەحمەد هەرچەندە ژن و کـوڕ و کچی لـەدەور بـوون و لـە بـەر ئـەوەی تەمـەنی ٦٩ ساڵ بوو مووچەیەکی خانەنشینیی مامناوەندیی بۆ بڕابووەوە و بەرزانی کوڕی، کـە ئـەو دەمە ژنی نەهێنابوو و لەگـەڵ بـاوك و دایکی پێکـەوە دەژیـان، درێغیـی لێنـەدەکردن و بـۆ گەڵ شوێنی دەبـردن، کـەچی ئـەم پیـاوە لـەوێ ڕانـەهات و هـەردەم دڵـەودوابوو و هەسـتت دەکـرد خـەم و خەفـەتێکی قـووڵ سـەری تێکردبـوو، بـەلام کـەم دەریدەبـڕی و هـەردەم دەیچەپاندە دڵی خۆی.

زسـتانی سـاڵی ١٩٩٨ بوو، کـە ئێمـە سـەردانمان کـردن و بـێ ئێـوە نـاخۆش ئایشــێ خـان کفتەیـەکی کوردانـەی بـۆ لێنـابووین و پـاش گـەڕانـەوەمان بـە چـەند ڕۆژێـك هـەواڵێکی کتوپڕ و دڵتـەزێنمان پێگەیشت کە مـام ئـەحمـەد تووشـی جەڵتـەی مێشـك بـووە و لـە نەخۆشـخانە کـەوتووە. یەکـەمجار کـە بردوویانەتـە نەخۆشـخانە دوکتۆرێکـی ڤێتنـامی بینیوێتی و پەی بە دەردەکەی نەبردووە و هەندێ حـەبی سەرئێشـەی ئاسایی داوەتـێ. بـۆ جاری دووەم کە لێیدایەوە بە پەلە گەیەنرایە نەخۆشخانە و ئەمجارەیان زانرا کە جەڵتـەی مێشکە و لەوێ ماوەی هەژدە ڕۆژ بە نیوەهۆش و بێهۆشی مایەوە و هەوڵێکی زۆری لەگـەڵ درا بەڵام هیچ کەڵکێکی نەبوو بەڵکو هەموو تـەکنیکی پزیشکیی ئەمـەریکا و پێشکەوتنی هەر توانی ١٨ ڕۆژ بیهێڵێتەوە و دوای ئەوە گیانی سپارد.

تا ئێرە ئاساییە و ئەوەی بێتە دنیاوە دەشمرێ، بەڵام سەختیی مەسەلەکە لای ئێمە ئەو غوربـەت و تەنهاییـە بـوو لـەو لێقەومانـەدا. چۆنـی وەربگرینـەوە و چۆنـی بەڕێبخـەین و چۆنی بنێژین و لە کوێ!؟.. لەوێ دەستوور وابـوو کـە جـەنازە لـە نەخۆشـخانە ڕاستـەوخۆ نەدرێتـەوە بـە کەسوکاری مردووەکـە، بـەڵکو بـە ئۆتۆمبیلێکی داخـراو دەگوێزرێتـەوە بـۆ گۆڕستـان. ئەڵبەتـە بـۆ خـەڵکی مەسـیحی بـەو ئۆتۆمبیلـە دەگوێزرێتـەوە بـۆ کەنیسـە یـان شـوێنێکی تایبـەت بۆ سـازکردنی ڕێوڕەسمـی جـەنازە و پاشـانیش هـەر بـەو ئۆتۆمبیلـە دەگوێزرێتەوە بۆ گۆڕستان. بۆ ئەم حاڵەتەی ئێمـە کەنیسـەیەکی باپتیست دەستی هێنایـە پێشـەوە کـە ئـەرك و مەسـرە فی بەخاکسپاردن بگرێتـە خـۆی، بـەلام کەسـوکار ئـەوەیان ڕەتکردەوە و سوپاسیان کـردن و پێیان وتن کە ڕێوڕەسمی ئیسلامی دەینێژن. جەنازەکـەمان وەرگرت و لە شوێنێکی تایبەتی نەخۆشـخانەکەدا ڕێوڕەسمـی شوشـتنی بـۆ ڕێکخـرا. ناردیـان شێخێکی مەغریبیی بەساڵداچووی ڕیشدرێژ هات و جەنازەمان بردە سەر ئاتەشۆر و مـن و

کاك هوشیاری زاوایان بووین بە شاگردی شێخە مەغریبییەکە و ئاومان دەکرد بە مەیتەکەدا و ئەویش بە دەم خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئانەوە دەیشۆرد و نەیدەهێشت بە موو دەستووره ئیسلامییەکە کەلیی تێبکەوێت. پێش ئەوەی من و کاك هوشیار بچینە ژوورەوە شێخەکە سوێندی داین کە هەر عەیبێکمان لە جەستەی مردووەکەدا بینی نابێ لای کەس و تەنانەت خێزانیشمان باسی بکەین. لە پاش شۆردنەکە شێخ فەرمانی دا بۆنی بۆ بێنین و بەرزان خێرا چوو بۆنێکی گرانبەهای هێنا بەلاّم شێخ قوبوولی نەکرد و وتی: ئەمە مادەی ئەلکوولی تێدایە و دەبێ بۆنێك بێت هیچ ئەلکوولێکی تێدا نەبێت. پاشان ماددەی کافووری پێوەکرد و کفنی کرد و لە تابووتێکی داخراوی ناو بە هەمان ئۆتۆمبیلە قەپاتەکە بردمان بۆ مزگەوتێکی گەورە لە ناو ئەتڵەنتادا، بۆ ئەوەی نوێژی مردووی لە سەربکرێت. هێندەم زانی مەلای مزگەوتەکە و ٢٠ – ٣٠ کەسی ڕەنگ و ڕەگەز جیاواز، کە زۆریان ڕەشپێست بوون، هاتن نوێژی مردوویان لە سەر جەنازەکە کرد. شایانی باسە ئەم مزگەوتە نزیکەی ٢٥ ساڵ لەوەوبەر دوو برای پاکستانی بە پیتاك کۆکردنەوە دروستیان کردبوو و فێرگەیەکی قورئانیش تێدابوو، کە هەردوك مزگەوتو قوتابخانەکەش ناوی فارووق بوو.

لە باشووری شاری ئەتڵەنتادا و لە شوێنێکی نزیك جۆنسبۆرۆ گۆڕستانێکی موسڵمان هەبوو، ڕووبەرەکەی نزیکەی پێنج دۆنم دەبوو، دەیانگوت پیاوێکی سعوودی بۆ خێر کڕیوێتی و نزیکەی دووسەد گۆڕێکی تێدابوو لە عەرەب و هندی و پاکستانی و بەوەی ئێمەشەوە کوردێکی چووە سەر.

ئەوەی کە مایەی داخ و پەژارەیەکی زۆر بوو بۆ ئێمە هەر چوار پێنج کەسێك و کوڕەکانی و زاواکەی و لەگەڵ خێزانمان ٨ – ٩ کەسێك دەبووین شوێن جەنازەکە کەوتبووین و بە ڕێگاوە بۆ ئەو گۆڕستانە من خەیاڵم فڕیبوو بۆ لای خۆمان کە کەسێك بەردو گۆڕستان بەڕێدەخرێت دەیان و سەدان کەس شوێنی دەکەون، کەچی ئێمە لەم غوربەتە تاڵەدا هەر ئەم چوار پێنج کەسەی خۆمانین و کەسمان لە دەور نیە و ئەو ئەمەریکیانەی دۆستمان بوون ئەمە لە فەرهەنگیاندا نیە و دۆستە کوردەکانی ئەمەریکاشمان هەر یەکە لە بنی دنیایەك بوو بۆخۆی لەو وڵاتە پانوپۆڕەدا، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوای شەش سەعاتی فڕۆکەی دەخایاند و سێ سەعات کاتیش هەبوو، واتە ئەگەر لە ئەتڵەنتا سەعات ١١ ی بەیانی بوایە ئەوە لە کالیفۆرنیا تازە کاتژمێر هەشتی بەیانی بوو. لە باکوورەوە بۆ باشووریش چوار سەعاتی فڕۆکەی دەبرد. ئەو کوردانەی لە

گەڕەك و ناوچە جۆراوجۆرەكانی ئەتڵەنتا بوون و ئەوانەشیان كە دۆست و ناسیاو بوون هێندە دوور و پابەندی كارەكانیان بوون بەئاسانی نەدەگەیشتنە لای ئێمەو ئەگەر بیشگەیشتنایە هەروا ئاسان نەبوو كار بەجێبێڵن.

لە گۆڕستانەكە تەرمەكەمان لە ئۆتۆمبیلە داخراوەكە وەرگرت و شۆفێرەكەی لەوێ مایەوە و وەستا تا بەخاكمان سپارد و خاوەنی مردوو كاغەزێكی بۆ ئیمزا كرد ئەوجا ڕۆیشت. ئێمە زۆر سەرمان لەم كارە سوڕما و لە هەندێ خەڵكی ئەمەریكیمان پرسی بۆچی وا بەتوندی لەم كارە دەپێچنەوە و وەڵام ئەوەبوو لەوانەیە هەندێ كەس مردووی خۆیان وەربگرنەوە و تاقەت و توانای دابینكردنی ڕێوڕەسم و خەرجی ناشتنیان نەبێت و لە شوێنێكی چۆڵاییدا بیخەنە چاڵێك یان شیویكەوە و بڕۆن و ئەمەش ژینگە پیس دەكات. جا لەڕاستیدا ئەركی مردوو ناشتن لەو وڵاتە قورسە و ئەوەی ئێمە زیاد لە دوو هەزار دۆلاری تێچوو كەوا كاك شیروان و كاك هوشیار و بەرزان خۆیان دابینیان كرد و قبووڵیان نەكرد كەس هاوكارییان بكات. لە گۆڕستانەكە نەریت وابوو هەر بستێك لە زەوی بەرزبێتەوە و تاقە یەك كێلیش لە ژوورسەری بێت، كە بەزۆری پارچە مەرمەڕێكە و ناو و تەمەنی كەسی كۆچكردووی لە سەرە. ئەڵبەتە هەڵبەستنی گۆڕ لە گۆڕستانی مەسیحیەكانیشدا هەر كێلێكی مەرمەڕە لە ڕاسەری مردووەكەداو لە شێوەی خاچدایە و ناو و تەمەنو شتی لەم جۆرەی كۆچكردووی لە سەرە، بەڵام من لە گۆڕستانە موسڵمانەكەی ئەتڵەنتادا گەلێ گۆڕم بینی بە مەرمەڕ ڕازێنرابۆوە كە زۆریان كۆچیان كردبوو بۆ ئەو وڵاتە و لەوێ گۆڕغەریب بووبوون. یەك لەوانە گۆڕی پیاوێكی هندی بوو كە لێی نووسرابوو: ئەمە گۆڕی خوالێخۆشبوو كۆلۆنێل دوكتۆر حاجی فلان كەسی خەڵكی بۆمبایە لە هندستان و ساڵی ئەوەندە لە دایكبووە و ساڵی ئەوەندەش كۆچی دوایی كردووە.

ئەوەی كە بۆ ئێمە مایەی پەستیو دلگرانییەكی زۆر بوو لەماڵەوە پرسەكەمان دانا و تەنها بریتی بووین لەو چەند دۆست و دراوسێ كەمەی لە دەوریان و تەسجیلێكی قورئان خوێندن و كەسێك بە تایبەتی لە سەر تەلەفۆن بوو وەڵامی سەرەخۆشیی خزم و دۆستی دەدایەوە لە ویلایەتەكان و ئەوروپا و كوردستانەوە و هەروا ئەمەریكی و ڤێتنامی و ئەفریقی و ڕەگەزی جۆراوجۆری دراوسێمان بوون كەچی لە فەرهەنگی كەسیاندا نەبوو بێنە لامان و قسەیەكی دڵدانەوە و پەژارە دەربرینمان لەگەڵ بكەن و لەولاشەوە لە كوردستانەوە تەلەفۆنمان بۆ دەكرا كە پرسەیەكی زۆر قەرەباڵغی هەیە.

بێگومـان کەسـێك لـە وڵاتـی خۆمـاندا ئـەوەی بەسـەربێت و مردوویـەکی لێبمرێـت دەسبەجێ خـزم و دۆسـت لێـی کۆدەبنـەوە و خۆیشـی نـازانێ کاروبـاری بەخاکسـپاردن و پرسەی چۆن بەڕێوەدەچێت و تاچەند ڕۆژێك خەڵك لـە دەوری کۆن و لـە سـەرێکەوە ئـەم کارە بە ڕووکەش و ڕۆتین دێتـە بـەرچاو، بەڵام کە کەوتیتـە غـەریبی و کارەساتێکی وات لێقـەوما و کەسـێکی ئـەوتۆت لـەدەور نـەبوو ئەوکاتـە دەزانـی ئـەم پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیانـەی لای خۆمـان چـەند دیاردەیەکی جوان و ئیجابین. چونکـە هـەر بـە دەم ئاسانە گوزارش لەو بارە دەروونییە بکەیت کەسێکی ئازیزت لەو دووژەوڵاتییە لەدەست بچێت و کەست لەدەور نەبێت و هەموو پرسەکەت بێتە سەر تەلەفون و تەلەفۆنکاری. ئای کە ستەمە دەروونـت کەیلی دووکەڵی غوربـەتێکی تـاڵ بێـت و لـەم غوربەتەشدا کۆسـتت بکەوێت و پارچەیەك لە جگەرت بکرێتەوە و گۆڕغەریب بکرێت و دەوریشت چۆڵ بێت. ئەو دەمە ئێمە بۆ خۆمان دەگریاین و بۆ ئەو فەرهەنگ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییـەی لە وڵاتـی خۆمـان هاکـەزایی سـەیرمان دەکـرد و قـەدرمان نـەدەزانی وا ئێستا لێمان بـوو بـە ژانێکی بەسوێ و مەگەر هەر خۆمان بزانین چەند سەخت بوو.

کاك شیروان تازە چووبوە سەر کاری ئەندازیاریی خۆی و تازە چەند ڕۆژێك بوو دەوامـی دەکـرد و ئـەو ڕۆژەی کـە بـاوکی کۆچـی دوایـی کـرد و هـەموو پێکـەوە سـەرقاڵی کاروبـاری بەخاکسپاردنی بووین و کاتێ نیوەڕۆ دڵتەنگ و خەمبار لـە گۆڕستان گەڕاینـەوە، لـە لایـەن بەڕێوەبەری دائیرەکەیەوە تەلەفۆنێك بۆ ماڵەوەیان کرا و وتیان بۆچـی ئـەمڕۆ دیار نیـە و نەهاتووە بۆ دەوام؟ ئێمەش پێمانوتن باوکی کۆچی دوایـی کـردووە و خـەریکی ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمەکەین کەچی جەنابی بەڕێوەبەر زۆر بە خوێنساردییەوە وتـی: چاکە کە لـە ناشتنی بوونەوە با بێت بۆ دەوامەکەی!! جا توخوا وەرە لە کولتوورێکی وادا هەڵکە و خۆت بگونجێنە!!

لە تایفوونەوە بۆ تۆرنادۆ

لە ناوەڕاستی مانگی دیسەمبەری ١٩٩٦ دا گەیشتینە دوورگەی گوام، کە بوو بە قۆناخێکی گرنگی سەفەرەکەمان بەرەو ئەمەریکا. وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئەم دوورگەیە دەکەوتە ناو ئۆقیانووسی پاسیفیکەوە و یەك لە دوورگەکانی هەرێمی مایکرۆنیزیا و ماریانای باکوور پێکدێنێ و لە ڕووی جوگرافییەوە بە نزیکەی سێ سەعاتی فڕۆکە دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی ولاتی فلیپینەوە و ڕۆژهەڵاتی چین وباشوری ڕۆژهەڵاتی ژاپۆنەوە.

من پێشتر لە زەینی خۆمدا وێنەی باس و گەشتەکانی سندبادم بۆ دوورگە کێشابوو، وەك ناوچەیەکی لماویی ڕووتەنی بە دەریا و زەریا چواردەور گیراو، کەچی کاتێ لە گوام دابەزیم ڕوانیم ئەم شوێنە نە لمە و نە ڕووتەن بەڵکو یەکپارچە سەوزایی و دارستان و شاخی بە دارودرەخت داپۆشراو بوو. دوورگەی گوام لە سەر هێڵی پانی ١٣ پلەی سەروو هێڵی کەمەری زەوی و گەرم و شێدار بوو، بەلام لەجوانیدا وێنەی دەگمەن بوو لە دنیادا و قیبلەی گەشتیارانی جیهان بوو بە تایبەتی ژاپۆنییەکان. فڕۆکەخانەیەکی زۆر گەورەی نێودەوڵەتیی تێدابوو، هەر تاوناتاوێك فڕۆکەیەکی لێدەنیشتەوە یان دەفڕی و بووبووە مایەی سەرنج و سەرسامیی ئێمەیەك کە بە زۆری فڕۆکەی جەنگیمان دەبینی بۆردمانی دەکردین و خۆمان لێدەشاردەوە. نامەوێ لێرەدا بێمە سەر باسکردنی ژیان و گوزەرانمان لەو سێ چوار مانگەی مانەوەمان لە گوامدا، چونکە پێشتر باسێکم لێوە کردووە، بەلام ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشاین زریانی تایفوون Typhoon و ئەو مەترسییە گەورەیەی بوو کە ئیدارەی دوورگەکە و خەڵك لەوێ حیسابی وردیان بۆ دەکرد و ئێمە هەر کە گەیشتینە ئەوێ دەسبەجێ ڕێبەرێکیان داینێ لە سەر دوورگەکە و ژیان و گوزەران تێیدا و ئەوجا چۆنێتی خۆپاراستن لە تایفوون. زۆربەی خانووەکان شیشبەندی ئاسن لە سەر پەنجەرەکانێتی و وەك دەرابەی دوکان بەرز دەکرێتەوە و لە حاڵەتی زریانی تایفووندا دادەدرێتەوە و بێجگە لەوە تووڕەکە خۆڵیش لە بەر دەرگا و پەنجەرەدا دادەنرێت.

من لە ئەڵقەکانی پێشتردا کەمێك بە وردی باسی تایفوونم کردووە و ئەمەی ئێستا دەینووسم تەنها وەبیرهێنانەوەیەکە و لێدوانە لەو لایەنانەی ئەو کاتە باسم نەکردبوو.

ئێمە ئەو ماوەیەی لەوێ بووین تەنها یەك جار زریانی تایفوون هەڵیکرد و چەقی گەرداوەکەش نزیکەی دووسەد میل لە گوامەوە دوور بوو و زیاتر دوورگەی سایپانی دراوسێی گرتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا لای ئێمە لە گوام ماوەی نزیکەی هەفتەیەك باران و ڕەشەبای توند بوو. ئەم زریانە زیاتر لە دەریای چین وحەوزی ڕۆژهەڵاتی چین و فلیپین و ژاپۆندا هەڵدەکات و خێرایی با دەگاتە زیاد لە ٢٠٠ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا و ساڵانە زیانی زۆر بەرپا دەکات، بە زیانی گیانیشەوە، بە تایبەتی کاتێ ناوچەیەك بەر چەقی زریانەکە دەکەوێت. بە هەرحاڵ ئێمە کاتێ گواممان بەجێهێشت لە دوو سەرەوە پێمان خۆشبوو، یەکەمیان ئەوە بوو لەو دڵەڕاوکێیەی مەسەلەی چارەنووسمان ڕزگارمان بوو و ئەنجام چووینە خاکی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، دووەمیش لەو تایفوونە بەسامەی هەردەم هەڕەشە بوو لە سەر خەڵکی ئەوێ و هەر زوو بیرمان چووەوە. بەڵام دیسانەوە لە ئەمەریکا ئێمە بەر ویلایەتێك کەوتین کەوا بە زۆنی زریانی تۆرنادۆ دەژمێردرا و ئەوێش زیانێکی مادی و گیانی زۆری بەرپا دەکرد. ئەم تۆرنادۆیە بە پێچەوانەی زریانی تایفوونەوە لە وشکاییدا بەرپا دەبوو، گەڵێ جاریش بە شێوەیەکی کوتوپڕ و لە چاوتروکانێکدا دەستی خۆی دەوەشاند و نەدەما و جاری واشبوو ڕێڕەوەکەی هێڵێکی باریك بوو، یان لە شارێکدا گەڕەکێك یان بەشێك لەو گەڕەکەی وێران دەکرد و ماڵەکانی ئەمدیو و ئەودیوی ئەو هێڵە زیانیان پێنەدەگەیشت. زریانی تایفوون زووتر پێشبینی دەکرێت و ڕێڕەوەکە دەسنیشان دەکرێت کە دوورودرێژە و هەرشوێنێك بەرچەقەکەکەی نەکەوتبێت، کە پێیدەوترێ چاو، ئەوە زیانی قورسی بەرناکەوێت. کەچی تۆرنادۆ کارەساتێکی زۆر پڕ ترس و سامە و لە خێرایی و کوتوپڕیی ڕوودانیدا زیاتر لە بوومەلەرزە دەچێت وەك ئەوەی کە لە زریان و گەرداو بچێت و کاریگەریی وێرانکاریشی زۆرە.

جۆرجیا ئەو ویلایەتە بوو کە ئێمە بە پێی پلانی دابەشکردن و نیشتەجێکردنی دەزگای کۆچی ئەمەریکی تێیکەوتین. ئەم ویلایەتە و زیاد لە هەشت نۆ ویلایەتی باشوور وباشووری ڕۆژهەڵات وناوەڕاستی وشکایی ئەمەریکا ساڵانە لە بەهاراندا بەر ئەم زریانە توندە دەکەون. لەوانە ویلایەتەکانی تەنەسی، ئەلەباما، تەکساس، ئۆکلاهۆما، میسوری، کەنساس، لویزیانا، ئیلینۆی، ئایوا، نبراسکا و.. تاد. بۆ نەگبەتی زۆربەی خانووبەرە لەوێ لە تەختەدار دروست دەکرێت و کاتێ تۆرنادۆ هەڵدەکات فرەجار ساپیتەی خانوو بە ئاسماندا دەبات و دارلە بن هەڵدەکێشێ و تەنانەت ئۆتۆمبیلیش دەبات و تلیدەداتە دۆڵ و شیودەوە و

خەڵك دەكوژێت و خانوو دەڕووخێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا كە لە ئەمەریكا دەزگای تایبەتی كەشناسی زۆر بەهێزە و ڕۆژ بە ڕۆژ و بگرە سات بە ساتی گۆڕانی باری كەشوهەوات بە وێنەی سەتەلایتی دەداتێ و تەنانەت دەزگایەكی تایبەتی زریانە سەختەكان و تۆرنادۆ هەیە بە ناوی تاقیگەی نیشتمانی زریانە قورسەكان كە بنكەكەی لە شاری نۆرمانی ویلایەتی ئۆكلاهۆمایە، كەچی ئەم تۆرنادۆیە هەر كاری خۆی دەكات و زەبری خۆی دەنوێنێ.

مێژووی تۆرنادۆ لە ئەمەریكادا پڕە لە چیرۆكی جۆراوجۆری خەڵك كوشتن و زیانی مادی. كوشندەترین تۆرنادۆ كە تۆمار كرابێت ١٨ ی مارتی ساڵی ١٩٢٥ بوو كە لە ویلایەتەكانی ناوەڕاستی ڕۆژئاوادا هەڵیكرد و ٦٨٩ كەسی كوشتووە. لە ٤ ی نیسانی ١٩٧٤ دا ١٤٨ زریانی تۆرنادۆی پڕ لە كاولكاری لە ١٣ ویلایەتی دا و ٣١٥ كەسی كوشت. لە ٣١ مایسی ١٩٨٥دا تۆرنادۆ كوڕێكی شەش ساڵانی لە باوەشی دایكی فڕاند و لەگەڵ ١١ كەسی تردا بوون بە قوربانی. دەیان چیرۆكی لەم بابەتە لە مێژووی تۆرنادۆدا هەن لەم وڵاتە.

ساڵانە نزیەی ٨٥٠ تۆرنادۆ لەو وڵاتە دەدات، بەڵام ژمارەیەكی زۆر كەمی كوشندەیە و خێرایی با لە جۆرە كوشندە كانیاندا لە نێوان ٢٣٠ – ٢٦٠ كیلۆمەتر لە سەعاتێكدایە و هەرچییان بیتەڕێ وێرانی دەكەن و دار و دیواری دەدەن بەسەریەكدا. لە ڕووی زانستییەوە هۆكاری دروستبوونی زریانی تۆرنادۆ ئەوەیە كە بایەكی زۆر سارد و وشك لە باكوور و سنووری كەنەداوە هەڵدەكات و بە سەر زنجیرە چیاكانی ڕۆكیدا تێدەپەڕێ بەرە و باشوور و باشووری ڕۆژهەلات و لە ناوە ڕاستی ئەمەریكادا بە زۆری ئەم با ساردە لەگەڵ بایەكی گەرمی شێداردا كە لە كەنداوی مەكسیكەوە لە باشوور هەڵدەكات و لەو شوێنانەدا كە تۆرنادۆكەی تێدا دروست دەبێت دەدەن بەیەكدا و لە تێكەڵبوونی ئەم با سارد و گەرمە خێراییەكی گەورەی با دروست دەبێت و لە شێوەی گەرداوی لوولەكی و چەشنی ڕەحەتیدا دەچن بە ئاسماندا و ئەو زریانە كاولكارەیان لێ پەیدا دەبێت. ئەم بای سارد و گەرمە لە كاتی تێكەڵبوونیاندا گێژەڵووكەیەكی سەرەكی دروستدەكەن و بە چواردەوریشیدا كۆمەڵێك گێژەڵووكەی لەوە بچووكتر دروست دەبن و هێزی كاولكارییان بەندە بە خێرایی ڕەشەباكەوە.

لە بەهاراندا ویلایەتەكانی خوارەوەوە لە سەرەتای هاوینانیشدا بەرەوژوور هەڵدەكشێ و ویلایەتەكانی سەرەوە پێوەی گرفتار دەبن و سەرباری تەكنیكی پێشكەوتووی چاودێری

کردنی کەچی هێشتا نەتوانراوە بەر لە زیانەکانی بگرێت و بگرە هەندێ جاریش ئەوەندە بە خێرایی دروست دەبێت ئەوتەکنیکە پەی بە پێشبینی کردنی نابات. لە گەڵ بەرپابوونی زریانەکەدا ئاسمان تاڵ دەبێت و گەواڵە هەور دەکەونە تەپولوول و لە ماوەیەکی کەمدا ئەرز و ئاسمان دەنیشنە سەر یەك.

زۆر جار تۆرنادۆ وەك تاوە تەرزەی بەهاران شوێنێك دەگریتەوە و تەنیشتەکەی دەبوێرێ. لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩٨دا تۆرنادۆیەکی سامناك لای ئێمە دروستبوو بەڵام دەزگای زریان و کەشناسی زوو خەڵکی لێ ئاگادار کردەوە و هەموو خەڵك چوونە نهۆمی خوارەوەی خانوو و شوقەکانەوە و ئەو کاتە من لە ئیش بووم و ماڵی ئێمە، کە لە تەلەفزیۆنەوە سات بە ساتی ڕێڕەوی تۆرنادۆکەیان چاودێری دەکرد، چووبوونە ماڵە مەکسیکییەك لە نهۆمی خواردوەی ئەپارتمانەکەمان و تا زریانەکە ڕەویبووەوە لەوێبوون، هەرچەندە فەرهەنگی دراوسێتیی ئەوێ وەك لای خۆمان نیە بەڵام لە دۆخی سامناکی وادا ترسی مەرگ هەموو شتێك دەخاتە لاوە. زریانەکە سەرووی ئێمەی گرت و دای لە بەشێکی شارێکی باکوورمان کە ١٥ کیلۆمەترێك لە ئێمەوە دووربوو و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا زیاد لە ٣٠٠ خانووی ڕووخاند و هەشت کە سی کوشت و دەیانی بریندار کرد و هەرچی تۆڕی کارە با و تەلەفۆن وخزمەتگوزاریی ترە وێرانی کرد.

هەر لەو مانگەدا زریانێکی هاوچەشن لە شاری ناشڤیلی تەنەسی زەرەرێکی زۆری دا و ساپیتەی خانووی ماڵە کوردێکی بردبوو بە ئاسماندا بەڵام خۆشبەختانە خۆیان سەلامەت دەرچووبوون. سەیر ئەوەیە لەگەڵ ئەو ترسناکییەی زریانی تۆرنادۆدا کەچی لێرە نەریت وایە کەوا زۆربەی کەرەستەکانی خانوو دروستکردن هەر لە تەختە بێت. هەرچەندە دەزگاکانی چاودێری و لێکۆڵنەوەی تۆرنادۆ ئامۆژگارییان وایە کە خانووی کۆنکریت بەرگرییەکی باش لەو زریانە دەکات، بەڵام ئەو خووەی لە سەردەمی کۆچی ئەورووپاییە کۆنەکانەوە بۆیان ماوەتەوە بۆیان تەرك ناکرێت.

ئەمەریکا .. وڵاتێکە بەردەوام غوربەت بەرهەمدێنێت

هەر ئێمە نەبووین تووشی ئەو غوربەتە تاڵە بووین لەو وڵاتەدا، تاڵ و بەڵکو سروشتی کۆچی بەردەوام لە هەموو قوژبنێکی سەر ئەرزەوە بۆ ئەو وڵاتە و دابڕانی خەڵکەکە کۆچبەرەکە لە ژینگە و فەرهەنگی ڕەسەنی وڵاتی خۆی تا چەندین ساڵ تووشی حاڵەتێکی سایکۆلۆجیی تایبەت دەبێت و یادی ئەو فەرهەنگە دەکات کە لە پشتی بەحرەوە جێی هێشتووە، سا بە هەر هۆیەکەوە بووبێت، هەڵاتن بێت لە دەست زوڵم و ستەم یان سەری خۆ هەلگرتن بێت بە دوای پارووە نان و بژێویدا. پێموایە هەموو کەس حەز دەکات لە وڵاتی خۆیدا سەربەرز بژێت و لە هیچی کەم نەبێت. بەڵام مێژووی ستەم جیهاندا و دابەشبوونی سامانی ئابووری و سروشتی شتێکی تر دەگێڕێتەوە و هەمیشە کۆمەڵی مرۆڤایەتی شەپۆلی جۆراوجۆری کۆچی بەخۆوە دیوە. لە نزیکەی چوارسەد ساڵی مێژووی ئەمەریکاشدا کۆچکردن بۆ ئەو وڵاتە بووە بە کولتوورێك کەوا مێژوویەکی تاڵ بۆ هەندێك بۆ هەندێکیش شیرینی هەیە.

کاتی خۆی خەڵکێکی زۆر لە ئەوروپاوە شەپۆل لە دوای شەپۆل کۆچیان کردووە بۆ ئەم کیشوەرە و هەرئەوەندەی کەشتییەکانیان لەوێ لەنگەری گرتووە بەرەوڕووی ململانێی سەختی ژیان بوونەتەوە و ئەگەریش لەو کۆچە پەشیمان بووبێتنەوە ئاسان نەبووە جارێکی تر بچنەوە وڵاتی خۆیان و سەرەتای ژیانی سەختی ئاوارەیی و غوربەتیان پێ باشتر بووە لە ستەمی ئاینی و سیاسی و هەژاری لە وڵاتی ڕەسەنی خۆیاندا. خۆ ئەگەر ئەو کۆچەی ئەو سەردەمە بۆ هەندێك ئەوروپایی چاولێکەریی بووبێت و کابرا بە خاوخێزانەوە جڵەوی چارەنووسی خۆی دابێتە دەست کەشتییەك و بە هەزار ناڵی عەلی لە ئۆقیانووسی ئەتڵەنتیك پەڕیبێتەوە بۆ کیشوەری نوێ و بەهەشتی خەیاڵ و لەوێ ئەگەر ئەو بەهەشتەشی بە نسیب نەبووبێت و لە ناخی خۆیدا پەشیمان بووبێتەوە ئەوە نەیتوانیوە جارێکی تر پارەی پاپۆر بدات و بگەڕێتەوە و بە لایشیەوە سوار بوون عەیبێك و دابەزین دوان بووە.

من دڵنیام لەوەی ئەو مرۆڤانەی بەدرێژایی مێژوو کۆچیان کردووە بۆ ئەمەریکا، کەم تا زۆر هەر هەموو وەك ئێمە دەردی تاڵی غوربەتیان چەشتووە و خۆ ئەو دەمەش ساڵی جارێك نامەی ئازیزێکی وڵاتی خۆیانیان پێبگەیشتایە ئەوە بەخت یاریان بووە و بۆ گەلێکیشیان ئەو نامەیەی هەرگیز پێنەگەیشتووە. تۆ لە دەلاقەی مێژووەوە تەماشای جوگرافیای ئەمەریکا بکە، بڕواتان بێت شار نیە لە ئەوروپای کۆنەساڵدا ناوەکەی لەو

ئەمەریکایە دووبارە نەبووبێتەوە و لە شارێکی تازە ئاوەدانی ئەو وڵاتە نەنرابێت. بۆ نموونە لەندەن، بیرمنگهام، ئۆکسفۆرد، پاریس و دەیان شاری تری ئەورووپا ئێستا ناوی شارن لە ئەمەریکادا. سویدییەکان، هۆڵەندییەکان، ئینگلیز و فەرەنسییەکان دوای کۆچکردنیان هەر شوێن و شارێکیان ئاوەدان کردبێتەوە لەوێ ناوی شار و شارۆچکەیەکی خۆیانیان لێناوە. مێژوو دەگێڕێتەوە کەوا کۆمەڵێکی زۆری هۆڵەندییەکان کۆچیان کردووە بۆ ناوچەی مانهاتن و نیویۆرکی ئێستا و ئەو دەمەی ئەم شارەیان ئاوەدان کردووەتەوە بە یادی شاری ئەمستردامی وڵاتی خۆیان ناویان ناوە نیوئەمستردام و پاش ساڵانێکی زۆر گۆڕاوە بۆ نیویۆرک. شیاوی باسە کاتی خۆی ئەم کۆچبەرە هۆڵەندییانە هەموو ناوچەی نیویۆرکیان لە خێڵە هندییەکان کڕیوە بە بایی بیست و چوار دۆلار متوموورووو!

تا ئێستاش ویلایەتەکانی کەناری ئۆقیانووسی پاسیفیك لە ڕۆژئاوای ئەمەریکا، بۆ نموونە کالیفۆرنیا مۆرك و فەرهەنگی ئیسپانیا و پورتوگاڵی تێدا باوە چونکە پێشتر هێزە دەریاییەکانی ئەوان ئەو کەنارانەیان داگیرکردووە و پاشانیش خەڵکەکەی ئەوێ کۆچیان بۆ کردووە. ناوی شارەکانی سان فرانسیسکۆ و لۆس ئەنجلس و ساندیاگۆ و چەندینی ترهەموو لە کولتووری ئە دوو وڵاتەوە وەرگیراون. ئەو شوێنەی ئێستا ویلایەتی لویزیانایە کاتی خۆی ملکی فەرەنسا بووە و لە سەردەمی یەك لە پاشاکانی فەرەنسادا کە نازانم لویسی چەندەم بووە فرۆشراوە بە ئەمەریکا، تا ئێستاش مۆرکی کۆچبەرە فەرەنسییەکان بە لویزیانا و هەموو ئەو شوێنانەوە دیارە کە ئەوانی تێدا نیشتەجێ بوون. من لەوێ زۆر سەرم سوڕمابوو لە ناوی ئەو شار و شوێنانەی پاشکۆیان ڤیلێ ville بوو وەك نەشڤیلێ Nashville، نۆکسڤیلێ Knoxville، جاکسۆنڤیلێ Jacksonville، دۆرەڤیلێ Doraville.. تاد. باوەڕتان بێت بە قەدەر ناوەکانی پاشکۆ ئاباد لە ئێران و پاکستان و هندستان چەشنی شا ئاباد، ئەحمەد ئاباد، حەیدەر ئاباد، ئیسلام ئاباد..تاد ئەوەندە ناوی شار و شوێنی پاشکۆ ڤیلێ هەیە لەو وڵاتەدا و کاتێ پرسیاری ئەو دیاردەیەم کرد وتیان کولتووری فەرەنسییە. بە هەمان شێوە چەندین شاری پاشکۆ بورگ Burg یش لەو وڵاتەدا هەن، چەشنی، سانت پیتێرسبورگ Sant Petersburg (لە فلۆریدایە)، ڤیکسبورگ Vicksburg، هاتیسبورگ Hattisburg کە زیاتر مۆرك ئەڵمانی و ڕووسین. دەڵێن چەمچەماڵ ناوی هەمان ئەو شوێنەیە لە ناوچەی کرماشان کەوا هەمەوەندی لێوە هاتووە بۆ ئەم شوێنەی ئێستایان و وەك پەرۆشی و یادگارییەك بۆ ئەو مەڵبەندەی خۆیان ئەو ناوەیان لەم شوێنە ناوە کە تازە ئاوەدانیان کردووەتەوە. دەبێ چ دەردێکی دووریيان چەشتبێ و چەند پیرەمێرد و پیرەژنیان بە تاسەی چەمچەماڵەکەی زێدیانەوە سەریان نابێتەوە! جا وەرە کەسێك چەندین مانگ دەریای تەی کردبێت و پاشان کە گەیشتبێت ئیتر سۆراخی وڵاتی ڕەسەنی

خۆی نەمابێت دەبێ چ هەناسەساردییەکی تووشی بووبێت و تاکە قەرەبووی دەروونیی ئەوە بووە ناوی گوندو شارەکانی خۆی لە نیشتەجێ تازە ئاوەدانکراوەکانی ئەو وڵاتە ناوە.

ئێستاش سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە هەمەلایەنەی سەرتاپای ئەو وڵاتەی گرتووەتەوە کە پرسیار دەکەیت لە کەسێکی ئەمەریکی، کەوا باوباپیرانی چەند پشت پێشتری هاتوونەتە ئەو وڵاتە، لە بنەڕەتدا خەڵکی کوێی، لە وەڵامدا پێت دەڵێ باپیرە گەورە گەورەم لە بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، سوید، نازانم کوێ کۆچی کردووە بۆ ئێرە. واتە ئەو بارە دەروونییەی ئینتیما و غوربەتە پشتاوپشت گوێزراوەتەوە بۆ نەوەکانی دواتر و با ئێستا لە وڵاتی ڕەسەنی باوباپیرانیشیاندا کەس نەناسن و کەسیان نەمابێت.

ماڵی ئەو مستەر سنۆیەی یەکەمجار خانەخوێی ئێمە بوو، باسی ئەوەی دەکرد کە باوباپیرانی سەد و پەنجا ساڵێك لەمەوبەر لە ئێرلەندەوە هاتوون و تا ئێستا گەلێ نەریتی ماڵە کۆنەکانی ئەو وڵاتەیان پاراستووە و ساڵانە خێزانە ناودارەکانی بە ڕەچەڵەك ئێرلەندی فێستیڤاڵێك دەکەن و نەریت و کەلەپووری دێرینیان دەخەنەڕوو، تەنانەت لەو ڕۆژەدا ژنان و پیاوانیان جلی چەند پشت لەمەوپێشیان دەپۆشی و شمشێر و ڕم و چەکی ئەو ڕۆژگارە لە خۆ دەدەن و کولتووری ئەورووپای سەردەمی سوارچاکی نمایش دەکەن. ئەڵبەتە زۆر لە تیرە و تایەفەکانی تر ئەم نەریتەیان هێشتووەتەوە و مۆدێرنیتە و تەکنۆلۆجیا بە شوێنی خۆی و ونندەکردنی ڕەگوڕیشەش بایەخی گەورەی خۆی هەیە و لەمپەریش نیە لە ڕێی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیدا بەڵکو پاڵنەرێتی.

ئێستاش هەر کەسێکی ئەو وڵاتە، کە چەندین پشتی لەوێ لە دایکبووە، هەر کە قسەت لەگەڵ دەکات یەکەم شت ئەوەیە پێت دەڵێ ئاگات لێبێت فەرهەنگی ڕەسەنی خۆت لە دەست نەدەیت. ئەم قسەیەشی لە خۆڕا نیە، چونکە کولتووری ڕەسەن لەدەستدان لە سەرلێشێوان و خۆ ونکردن بەولاوە هیچیتر ناگەیەنێت. لۆرا دۆقەر ژنێکی شۆخ و جوان بوو لە شاری ڕۆزوێڵ، بووبوو بە ئاشنامان و لەگەڵ پیرەژنێکی دایکی کە ناوی مەیلی بوو هاتوچۆیان دەکردین. دایکی مەیلی عەرەبێکی لوبنانی بووە و لەم ڕووەوە مەیلی جۆرە سۆز و خۆشەویستییەکی بۆ لوبنان هەبوو هەرچەندە نەیشیبینیبوو چونکە هەر بە گەنجی دایکی مردبوو. مەیلی تاکوتەرایەکی کەمی زمانەکەی دایکی بیرمابوو، تەنانەت لۆرای کچیشی شتێکی لێوە فێربووبوو و ناوبەناو هەندێ وشەی عەرەبیی لوبنانی وەك (هەرام، کببی، بەددی..) تێکەڵ بە زمانەکەی خۆی دەکرد و وەك خۆی دەیوت گەلێ جار ژنە ئەمەریکییەکانی دەستەخوشکی بە بزە و سەرسوڕمانەوە پێیاندەوت ئەوە چی دەڵێی!

لەم ساڵانەدا عادیل ئیمامی هونەرمەندی ساتیریکی میسری فیلمێکی بەرهەمهێنا بە ناوی "هەلەو ئەمەریکا". فیلمەکە زۆر خۆشە و بە شێوەیەکی کاریکاتێریانە و گاڵتەئامێز ژیانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا دەخاتەڕوو، لە هەمان کاتیشدا ئەو پەیامەی لە پشتەوەیە کەوا

خەڵکی کولتوور جیاواز لە فەرهەنگ و کولتووری ئەمەریکا کاتێ بە دنیایەك خەونی ڕەنگاوڕەنگەوە کۆچ دەکەن بۆ ئەو وڵاتە و لەوێ دەڕوانن هیچ شتێك لە فەرهەنگی کۆمەڵگا و وڵاتە ڕەسەنەکەی خۆیان ناچێت و لێرەوە تووشی ئەو غوربەتە فرە ڕەهەند و بێئامانە دەبن و ململانێیەکی سەخت لە ناخی بنیادەمدا دروست دەبێت، ئایا کولتووری خۆی وەك ئەوەی هەیە بیپارێزێت یان بە شێویەیەك لە شێوەکان لە گەڵ ئەوەی ئەوێدا بیگونجێنێت، کە ئەمەیان زۆر زەحمەتە و زۆر کەس لەم بوارەدا نوشوستی دێنێت و نە ئەوەیە کولتوورەکەی خۆی پێ بپارێزرێت و نە ئەوەشە ئەوەی ئەوێی پێ قووت بچێت و لەم چەقی ڕێگایەدا گیردەخوات و دەبێت بە مەخسەرە. نموونەی ئەم بارە لە کوردی ئەورووپا نشیندا زۆرە لەوانەی کە بە پارەی سۆشیاڵ خۆ دەلێسنەوە و ناوبەناو باوکێك پەیدا دەبێت کچەکەی خۆی وەك کارە کۆرپە سەردەبڕێ گوایە ئابڕووی خۆی سەندووەتەوە!

هەیە تازە کۆچی کردووە بۆ ئەمەریکا و دەیەوێت خێرا ببێتە ئەمەریکییەك کە باوباپیرانی لە زەمانی جۆرج واشنتۆنەوە کۆچیان کردووە بۆ ئەو وڵاتە و هەر خێرا ناوی خۆی و ئەجدادی دەگۆڕێ و هەشە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی مسیۆنێرەکان و دەبێ بە مەسیحی. من لە ناخی خۆمدا و بە بڕوایەکی تەواوەوە ڕێز لە هەموو ئینتیمایەك دەگرم بۆ هەر ئاین و مەزەب و نەتەوە و بیر و باوەڕێك و نازانم تا چ ئاستێك خەڵکانی شوێنەکانی تری سەر گۆی زەوی پابەندن بە نەریت و فەرهەنگی ڕەسەنی خۆیانەوە، بەڵام ئەوە باش دەزانم کەوا داماڵینی ئاین و نەتەوە و نەریتی ڕەسەن لای خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فەرهەنگ موسڵمان شتێکی نەنگ و ئابڕووچوونیشە. من ڕەنگە ئەو سیفەتەم پڕ بە پێستی خۆی بەسەردا بسەپێت کە هەر بە ناو موسڵمانم بەڵام هەمیشە بڕوام وابووە ئەو موسڵمانەی دەبێ بە مەسیحی وەك ئەو کوردەی جارانی سەردەمی ڕژێمی لەناوچووی عێراق وایە کە دەبوو بە بەعسی و شێلگیرانە و قەرەقوز ئاسا کاری بۆ جێگیرکردنی پەیامی ناسیۆنالیستیی ئیفلیجی بەعسییان دەکرد.

جارێکیان لە بازاڕی کرۆگەر ژنێکی گەنج هاتە بەر مێزەکەم و هەر بۆ خۆشی پرسیاری ناوەکەیم کرد و کاتێ وتی لەیلا تەزوویەك بە ناخمدا هات و وتم پێدەچێت عەرەب بێت، وتی بەڵێ لە بنەچەدا خەڵکی میسرم، منیش کۆڵێ گەشامەوە و بە عەرەبی کەوتمە دواندنی، بەڵام ئەو نە هێنای و نە بردی و ڕێکوڕەوان هەر بە ئینگلیزی وتی من ئێستا نە عەرەبم و نە میسریم و تەنها ئەمەریکیم! هەڵوێستی ئەو ژنە کابرای لەمەڕ فیلمەکەی عادیل ئیمامم بیردەخاتەوە کە لە میسرەوە کۆچی خێری ئەمەریکای کرد و لە ماڵی ئامۆزاکەیدا بوو بە خزمەتکار و سێنسۆری موبەقەکەیان بە دووکەڵی جگەرەکەی کەوتە زیڕەزیڕ و ئەمبولانس و ئاگرکوژێنەوەی گەیشتە سەر و ئەمیش مێشێك میوانی نەبوو.

ئێمەش جارێکیان بەزمێکی لەم بابەتەمان تووش بوو. کاک ئازاد و ئاشنا خانی خێزانی لە ماڵی خۆیاندا بانگهێشتی گۆشتی برژاویان کردین. ئازاد بە دەستووری لای خۆمان مەقەڵیی لێدەمدا و نێڵەی ئاگر کەمێك بەرز بووەوە و هەر ئەوەندە گۆشتەکەی برژاند و بێ ئێوە ناخۆش دەستمان بۆ برد هێندەمان زانی چواردەورمان بوو بە لوورەی ئەمبولانس و ئاگرکوژێنەوە و پۆلیس لە دەرگایان دا و بە ئەدەبەوە پێیان وتین ئەم کارە لەم وڵاتەدا رێگەی پێنادرێت و وا دەرودراوسێکانتان ترسی ئاگرکەوتنەوەیان لێنیشتووە. جا ناهەقیشیان نەبوو خانووەکان تەختە بوون و ماڵێك گڕی بگرتایە بیست سی ماڵی تری پێوە دەسووتا.

ئێمە لە سەرەتاوە کە چووینە ئەمەریکاوە هەر یەکە لای خۆیەوە غوربەت و دەردی دووریی وڵات دەیکرۆشت و شەو نەبوو من خەون بە شوێنێکی وڵات و سەرجەمی قۆناخەکانی منداڵی وگەنجێتیمەوە نەبینم و هەکەسێکیشم لە دۆست و ئاشناکانم دەدواند هەمان دیاردە ڕووی تێکردبوو، هەشمانبوو تووشی خەمۆکی و گۆشەگیرییەکی سەخت بووبوو. سەیر ئەوەیە کە هاتمەوە بۆ وڵات بۆ یەك چرکەش چیە خەێکم بە تەنانەت خۆشترین شوێنی ئەو وڵاتەوە نەبینی. ئێمە گەلێجار قەرەبووی ئەو دەردەمان بە تەلەفۆن کردن بۆ یەکتر دەکردەوە. شەوی وابوو بە سەعات زیاتر لە گەڵ کاك شیروان و برادەرانی تردا قسەمان دەکرد و دواتر کە حیسابی پشتشکێنی تەلەفۆنمان بۆ دەهاتەوە زۆر لە برادەران بە ناچاری تۆبەی دەکرد و تەنها بووبوو بە وەرگر و نەیدەوێرا زۆر تەلەفۆن بکات! بەلام ئێمەمانان دەردەکەمان زۆر کاری بوو و هەر کۆڵمان نەدەدا. بێجگە لە ماڵی کاك شیروان و بەرزانی برای و کاك هوشیار و کاك بەختیار و کاك جەمال کە لە گەڕەکی جۆنسبۆرۆی باشووری ئەتڵەنتا بوون و سەردانی یەکترمان دەکرد، لەو ماڵانەی کە دڵمان بە یەکتر دەکرایەوە و لە ویلایەتەکانی تر بوون و نەماندەتوانی بگەینە یەك، ماڵی مامۆستا حەمە عەلیی خزممان لە شاری ڕۆنۆکی ڤرجینیا، ماڵی کاك حەسەن لە فلۆریدا، ماڵی کاك عوسمانی زاڵە لە مزووری، ماڵی شێخ جەلال لە وایۆمینگ، کاکە ئەردەڵان و شادمانی برای لە شاری بافەلۆی ویلایەتی نیویۆرك، کاك شیروان مەهدی و کاك وەهاب و شیرین خانی خێزانی لە کۆلۆرادۆ، ماڵی پەخشان خان و کاك پێرس لە کۆنێکتیکەت، گەڵ دۆست و برادەری تر لە شاری ساندیاگۆی کالیفۆرنیا و ویلایەتەکانی نیومەکسیکۆ و تەنەسی و تەکساس، بەدەوام تەلەفۆنمان بۆ یەکتر دەکرد و کەمێك لەو خەمی دووری و غوربەتەمان دەڕەواندەوە. پاشان وردە وردە هەرکەس گرفتاری کار و ژیانی سەخت و پڕ هەڵپەی ئەو وڵاتە بوو و تەلەفۆن کەمبوودوە. بەلام ئێمە و ماڵی مامۆستا حەمە عەلی هەر بەردەوام بووین و لانی کەم هەفتەی جارێك تەلەفۆنێکی دوورودرێژمان لە نێوانماندا هێشتەوە. ماڵیان ئاوایی [illegible] وەك کاك سەروەت لە ئەڵمانیا و کاك نەجمەدین لە هۆڵەندا و

چەند خزم و دۆستی تر لە ولاتە جیاجیاكانی ئەوروپاوە زوو زوو بە تەلەفۆن بەسەریان دەكردینەوە و زۆرێك لەو خەم و دووكەڵەی سەرەتای نیشتەجێبوونی ئەو ولاتەیان لە سەرمان ڕەواندەوە. دۆستێكی بە ئەسڵ خەڵكی هەولێرم هەبوو لە دەوروبەری واشنتۆن دادەنیشت و لە سالانی حەفتاوە لەوێ بوو ، ناوی كاك عەبدولقادر محەمەد ئەمین بوو و كاك فەرهاد شاكەلی تەلەفۆن و ئەدرەسی منی دابوویە زۆر پیاوێكی مەرد بوو و باشی دەزانی دەردی غوربەتی یەكەمجار چەند سەختە، لە بەر ئەوە هەموو جار تەلەفۆنی تۆ دەكردم و زۆری دڵنەوایی دەكردم. كاك عەبدولقادر بلاوكراوەی "بارزان" ی دەردەكرد و منیش یەك دوو بابەتم تێدا بلاوكردەوە.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ ڕۆڵی گەورە و بەرچاوی پۆستە بكەم لەم ولاتەدا. لێرە هەر ماڵە و سندووقێكی پۆستەی خۆی هەیە و ڕۆژانە دەیكاتەوە بزانێ چی پێگەیشتووە و پۆستە ڕۆڵێكی گەورەی هەیە لە ئاسانكردنی پەیوەندی و كاروباری هەر كەسێكدا لە گەڵ بەنك و شوێنی كاركردن و ڕاییكردنی موعامەلاتی جۆراوجۆردا. ئێمە بێجگە لە تەلەفۆن لە ڕێگەی پۆستەوە پەیوەندیمان بە خزم و دۆستانی ئەوروپا و كەنەدا و ویلایەتەكانی تری ئەمەریكاوە دەكرد. من لەم ڕووەوە پەیوەندییەكی ڕۆحیی سەیرم بۆ دروست بووبوو لە گەڵ سندووقی پۆستەكەماندا و ڕۆژی وابوو دوو جار دەمكردەوە و ئەگەر نامەی كەسێكی تێدا بوایە شاگەشكە دەبووم پێی و فرە جار هەمووومان لە ماڵەوە بە فرمێسكەوە دەمانخوێندەوە. بیرمە جارێكیان تەواوی ڕۆژێكی پشووم تەرخان كرد بۆ نووسینی نامەیەكی شانزە پەڕەیی بۆ كاك سەروەتی هاوڕێم لە ئەڵمانیا، كە زۆر لایەنی خەمی دووردولاتیی خۆمانم تێدا باسكردبوو، نامەكە لەوێ ئەویشی خستبووە گریان، كەچی كاتێ هاتمەوە نەمدەتوانی لە پەڕەیەك زیاتر بۆ برادەر و دۆستەكانم بنووسم و ئەوەش خەم و خەفەتی ئەوتۆی تێدا نەبوو، تومەز ئەمە بۆ حاڵی خۆم دەگریام!

كاتێ لەوێ بووم هەواڵێكی بەسوێ و جەرگبڕم پێگەیشت كەوا پێشمەرگەیەكی خزمم پاش ساڵانێكی دوورودرێژی پێشمەرگایەتی لە شەڕی نەگریسی ناوخۆدا شەهید بووە. كاریگەریی ئەو هەواڵە و ئاوێتە بوونی بە باری دەروونیی سەختی خۆم بوو بە نامەیكی شەش حەوت لاپەڕەیی بۆ برایەكی لە نەمسا و لەوێ ئەویشی خستبووە كوڵی گریانێكی بەجۆش، هەرچەندە زانیبووشی كەوا هەواڵەكە ڕاست نیە و خێرا تەلەفۆنی بۆ كردم. دواتر كە هاتمەوە بە پێشمەرگەكەم وت خەیاڵ نەكەیت، ئەمجارە ئەگەر لە سەنگەری بەرەنگاریی دوژمنیشدا شەهید بیت هەرگیز ناتوانم دەربڕینێكی وەك ئەو كاتە بخەمە سەر كاغەز!

هەندێك دیاردە و خاسییەت لە ئەمەریكادا

ئەوە چەندین سەدەیە لەو تێكەڵە كولتووری و ئەتنیكییە پرۆسەی گەڵاڵەبوونی میللەتێك لە گەڕدایە بە ناوی میللەتی ئەمەریكاوە و سەرجەمی كۆچبەرانی نەتەوە جۆراوجۆرەكانی سەر زەوی بە ڕەنگ و ڕوخساری جیاجیایانەوە بەشداری ئەو پرۆسەیەن و كەسیان لە ڕەگی خۆیان دانەبڕاون بەڵام لە هەمان كاتیشدا نەتەوە یان گەلێكیان لێدێتە ئاراوە كە پێگەی ئابووری – جوگرافی – مێژوویی – كولتووریی خۆی هەیە، ئەویش گەلی ئەمەریكایە و هەمەچەشنیی زمان و فەرهەنگ و نەژاد و ئاین و مەزەب مۆركێكی تایبەتی داوەتێ و نەبووە بە كۆسپ لەو پرۆسەی ئاوێتەبوونەدا. لەوێ دژوارییەك نیە لەوەدا كەوا ئەمەریكییەك كورد، عەرەب، ئینگلیز، فەرەنسی، سكەندەناڤی، چینی، ڕووس، تورك بێت و لە هەمان كاتیشدا ئەمەریكی بێت و دەستوور و یاسا و ڕێسایەكی تۆكمە و مەحكەم ژیانی هەمووانی ڕێكخستووە و هەموو كەس وەك یەك بەرپرسە بەرانبەر بە یاسا و ئەحكامەكانی.

لەو وڵاتەدا خەڵك ئازادە ڕەگەز و ئاین وتەنانەت ناوی خۆیشی بگۆڕێت و ئەمەش نەنگی نیە بۆ كەس. ئەوەی كە سەرنج دەدرێ ئاسیاییەكانی ڕەگەزی زەرد یان چاوتەسك وەك چینی و ژاپۆنی و كۆری و ڤیتنامی كە ناوی یەكەمیان سێ برگەیە و كولتوورە ڕۆژئاواییەكە بە ئاسانی بۆی گۆ ناكرێت و پێی ئاشنا نیە، ئەمانە دەیكەنە ناوی ڕۆژئاوایی وەك جاك و كاسی و شتی لەم جۆرە. هەندێ خەڵكی نەتەوەكانی تریش بە ئارەزوو ناوی خۆیان دەگۆڕن. بۆ نموونە كەسێكی سووریم دەناسی ناوی میكائیل بوو كردبووی بە سام، كچێكی تورك لە بیرلنگتن كاری دەكرد ناوی موكەڕەم بوو كردبووی بە موكی. هەر لە هەمان بازاڕدا پیاوێكی ئەرمەنی بە ڕەچەڵەك خەڵكی ئورفە ناوی موراد بوو و كردبووی بە مایك. ئەم پیاوە لایەكی ئەو بازاڕەی بە كرێ گرتبوو و كردبووی بە زەڕنگەری. مایك بەینی لەگەڵ من خۆش بوو وهەمیشە لەگەڵ كوڕێكی ئامۆزایدا خۆیان وا لە قەڵەم دەدا كە خزمی كوردن، هەرچەندە لای ئەرمەن وا كەوتووەتەوە كە كورد لە سەرەتای سەدەی بیستدا قڕیان تێخستوون و لەم سۆنگەیەوە گەلێكیان حەز لە كورد ناكەن. ئەو ناو گۆڕینە هەندێ كوردیش كردیان. ئەوەی كە زۆر سەرسامی كردم لەو وڵاتەدا كەس لە ڕەگەز و ئاینی [illegible]ت و لە شوێنێكدا چوار كەسی تێدا بێت بە دەگمەن ڕێدەكەوێت دوانیان

خەڵکی وڵاتێك بن. لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا ئەو کەسانەی بە ئەسڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتین و تاڕادیەکیش ئەورووپان زیاتر کراوەن و تێکەڵی یەکتر دەبن. کەچی ئاسیاییەکان زۆر داخراون و پەیوەندییان لەگەڵ کەس نیە و بەردەوام وەك مێرووله دەجووڵێن و سەرقاڵی کارن، هندییەکانیش بەزۆری چاوبرسی و پیسکەن. مەکسیکییەکان لە وڵاتێکی کاول و بێدەرامەتەوە هاتوون و زۆربەی کاری قورس ئەوان دەیکەن. ڕەشپێستەکان دوو جۆرن ئەوانەی بەشێکن لەو وڵاتە و کاتی خۆی باو باپیرانیان لە ئەفەریقا لە لایەن بازرگانی سپیپێستەوە ڕاوکراون و بە کەشتی گوێزراونەتەوە بۆ ئەمەریکا و کراون بە کۆیلە ، کە ئەمە لە مێژوودا بازرگانی کۆیلەی پێدەوترێ. لە ئەمەریکا ئەمانە زۆر دڵڕەقانە چەوسێنراونەتەوە و خراونەتە بەرکاری قورس و جیاوازیی زۆریان لەگەڵ کراوە. ئەمانە ئێستا ژمارەیان دەگاتە ٣٠ سی ملیۆن کەس لە ئەمەریکادا و هەرچەندە ئێستا لە ڕووی یاساوە هاوڵاتیان وەك یەك تەماشا دەکرێن بەلام هێشتا گرێ و گۆسالی دەروونیی کۆن هەرماوە و گەلێکیان هەر دڵیان کرمێیە لە سپیپێست و تا ئێستاش ڕەشەخەڵکەکەیان کاری باشیان وەك پێویست دەست ناکەوێت. ئەمانە لە ئەنجامی ئەو ستەمە مێژووییەوە و نەڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن و کاری باش گەلێکیان لادەر و تەمەڵ و چەقاوەسوو و بەدڕەفتارن. هەرچەندە گەلێکیشیان دۆستم بوون، بەلام بەداخەوە زۆربەی تاوان و دزی و گزی لەمانەوە سەرچاوە دەگرێت.

دەزگای پۆلیس لەم وڵاتەدا زۆر بەهێزە و بە وردی لە کێشە و گرفت دەپێچێتەوە و ئاسایش دەپارێزێ و دەزگایەکی پڕ بە پێستی ئەرکەکەی هاوکاری خەڵکە و ئەگەر پۆلیس نەبێت هێندە تاوان زۆرە پیاو پیاو دەخوات. لێرە بنکەی پۆلیس پێی دەوترێ شەریف و تەلەفۆنی پۆلیس لە هەموو شوێنێکی وڵاتەکەدا 911 یە و بە ناین وان وان گۆ دەکرێت و تەنانەت ئەگەر منداڵیش ئەو ژمارەیە لێبدات و تەلەفۆنەکە دانەخاتەوە و هەر ئەوەندە بڵێ فریام بکەون help دەسبەجێ شوێنەکەی دەسنیشان دەکەن و دەگەنە سەری. ئەڵبەتە پۆلیس ڕۆڵی ڕێکخستنی هاتوچۆش دەبینن ئەگەرچی تەواوی ڕێگاوبان نیشارەتی ترافیکە و کەسێك نیە ناوی پۆلیسی هاتوچۆ بێت و لە چوارڕێیان و شوێنی وادا بودستێ، بەلام هەر شۆفێرێکیش سەرپێچی بکات خێرا لە سەری حازر دەبن وەك ئەوەی موویان بۆ هەڵکرووزابێت وایە. تابڵێی ڕێگاوبان پان و فراوانە و دوو سایدە و هەر سایدەی چوار ڕیز یان لەین ئۆتۆمبێلی پێدا دەڕوات. هەندێ جادە بنکە و بەربەستێکی لە سەرە و تا پەنجا سەنت نەخەیتە ئامێرێکی ئەلکترۆنییەوە بەربەستەکە بەرز نابێتەوە و ئەم پارەیەش بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاریی ڕێگاوبان تەرخان دەکرێت.

تۆ دەتوانی سەرانسەری ئەمەریکا بگەڕێی بە پێی نەخشەی تایبەتی و نەگۆڕی ڕێگاوبانەکانی وڵات و بۆ هەر شارێکیش بچیت دەتوانی نەخشەی وردی شەقامەکانیت دەست بکەوێت بە ژمارە و ئیشارەتی چەسپاوی خۆی و تا بەردەرگای ئەو ماڵەی بۆی دەچیت پرس بە کەس نەکەیت!

لەوێ چەند ساڵێك بە سەر مۆدێلی ئۆتۆمبیلدا تێپەڕێت ئیتر زۆر هەرزانە و نرخی بەنزینیش تۆڵەکەیە و کاتێ لەوێ بووین باشترین جۆری بەنزین لیتری لە ۲۲ سەنت تێنەدەپەڕی، بەڵام بە پێی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت ئێستا گرانتر بووە و تەنانەت لەم ماوەیەدا نرخی لیترێك لە پەنجا سەنت پێپەڕی. ڕووداوی ڕێگاوبان زۆر کەمە لەبەر فراوانی جادە و پابەند بوونی تەواو بە یاسا و ڕێسای هاتوچۆوە. بەزۆری هەرکەسە و ئۆتۆمبیلی خۆی هەیە و لە پاڵ ئەوەشدا پاس و مەترۆ و شەمەندەفەریش هەن. لە ئەتلەنتا مەترۆکە وەك تۆڕێك باکوور- باشوور و ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوای دەگرتەوە.

لەوێ بازاڕی خواردن و پۆشاك و هەموو شتێك لە ململانێ و پێشبڕکێی یەکتردان بۆ ئەوەی بەردەوام جۆری شتەکانیان باش بێت و نرخیشیان گونجاو بێت. لە بازاڕی خواردەمەنی و سەوزە و میوەدا چوار وەرزە هەموو شتێکت دەست دەکەوێت و بە ئارەزووی خۆت شتەکان هەڵدەبژێریت. لە ڕۆژوێڵ بازاڕێك هەبوو بە ناوی (هەریس فارمەر مارکت Harry's farmer Market) بەردەوام شتی تەڕ و تازەی دەخستەڕوو، ڕۆژانە بە لۆری میوە و تەماتە و سەوزەی کەمێك شکاو و ژاکاوی فڕێدەدا بۆ ئەوەی ناوبانگی بازاڕەکەی هەمیشە بە بەرزی بهێڵێتەوە. لە گەلێکی ئەو بازاڕانە میوەی جۆراوجۆر دانرابوو کە دەتتوانی بەخۆڕایی لێیان بخۆیت و تامیان بکەیت پێش کڕین.

هەموو شارێك کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی تێدابوو کە ناسنامەیەکی تایبەتیان بۆ دەکردی بۆ هاتوچۆی کتێبخانەکە و چۆنێتی خواستنی کتێب و بۆ هەموو تەمەنەکان شوێن جیاکرابووەوە. لەوێ دەزگایەکی بازرگانیی گەورەی کتێبفرۆشی هەیە بە ناوی (بارنز ئەند نۆبڵ Barns & Noble) لە سەرانسەری وڵاتدا لقی هەیە و هەموو جۆرە کتێب و چاپەمەنییەکیان هەیە بە جوانترین بەرگ و چاپەوە.

لە ئەمەریکادا نزیکەی پانزە سەیرانگای سەرەکیی سروشتی هەیە کە پێیاندەوترێ پارکی نیشتمانی (ناشناڵ پارك National parks) و هەریەکەیان ڕووبەری ۸۰ – ۹۰

کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و تەواوی ڕووەکی سرووشتی و ئاژەڵی کێوی و دەریاچە و هەموو شتێکی تێدایە و هەموو ئاسانکارییەکی حەوانەوە لەخۆدەگرێت.

پۆستە و خزمەتگوزاریی پۆستە زۆر پێشکەوتووە و بەردەوام خەڵك لە ئۆفیسەکانیدا ئاپۆرەیان داوە و هەر کەسە لە گەڕەکەکەیدا سندووقێکی پۆستەی خۆی هەیە و ڕۆژانە بەریدی بۆ دێت و موعامەلاتیش بە زۆری لەوێوە ڕایی دەکرێت ودەرهێنانی پاسپۆرتیش هەر بە پۆستە و لەوێشەوە بۆت دێتەوە. ئەمەش ڕۆڵی باشی خۆی هەیە لە نەهێشتنی ڕۆتیندا. لە ڕووی تەلارسازی و بینای هەور بڕەوە لەو وڵاتەدا کاری موعجیزە ئاسا دەبینی. لە ئەتڵەنتا دوو بینای دەستە خوشك Twin Towers هەبوون زۆر بەرزبوون ویەکێکیان لە لووتکەکەیدا مەلیکی شەترەنج و ئەویتری وەزیری شەترەنج چەسپکرابوو، بێگومان بە قەبارەی بیناکە خۆی.

ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە هەموو شوێنێکی ئەو شارەی تێیدا بووم کرابوو بە سەوزی و گوڵ و لێژاییەکانیش بە دارکاژی هەمیشە سەوزی خشۆك و ڕووبەری پان و بەرینی چیمەن کە بەردەوام کرێکاریان لە سەر بوو بە یەدلە و دەمامکی تایبەتەوە و بە مەکینەی چیمەنبڕ سەرقرتیان دەکرد.

خەڵك لەوێ زۆر ئارەزووی کاری خۆبەخشی دەکەن. خەڵك هەیە مامۆستای خانەنشینە و دەچێ بە خۆبەخش لە قوتابخانەیەك دەرس دەڵێتەوە یان لەگەڵ منداڵدا دەچێ بۆ گەشتی زانیاری. لە هەموو دامودەزگایەکدا بەردەوام خەڵکێك دەبینی بە خۆبەخش کاردەکەن، بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی مێردەکانیان دەوڵەمەندن یان کاری باشیان هەیە و ژنەکان ئیش ناکەن. لە سەر پارچە زەوییەکی نێوان هەردوو شاری ڕۆزوێڵ و ئەلفەرێتا کە تێکەڵی یەکتر بووبوون و هەردوك میترۆپۆڵیتانی ئەتڵەنتای گەورە بوون، دانیشتوان لە ماوەیەکی کورتدا شارێکی یاریی منداڵانیان دروستکرد بە کارکردن و کەرەستە و تفاقی خۆیان و هەر یەك بە پێی توانا و مەچەك چەرخانی خۆی بەشداریی تێدا کرد و حکومەت هەر هەقیشی بە سەرەوە نەبوو ئەوە نەبێ کە دواتر شاردوانیی ئەرکی ئیدامە و بەڕێوەبردنی لەئەستۆ گرت.

لەو وڵاتەدا کەنیسە بە تەنها شوێنێك نیە بۆ نوێژی یەکشەممان، بەڵکو دەزگایەکە هەموو جارێك پیتاك لە ئەندامانی کۆدەکاتەوە و کاری کۆمەڵایەتیی ویارمەتیی مرۆڤدۆستی پێ ئەنجامدەدەن لە دەرەوەی وڵات و بە تایبەتی بۆ شوێنی کارەستباری سیاسی و سروشتی.

لەوێ هەر جلێکت پۆشیبێت کەس تەماشات ناکات. لە ناشڤیلّ گەلێ کورد بە رانك و چۆغە و جامانەوە ئۆتۆمبێلیان لێدەخوڕی و کەس هەر تەماشاشی نەدەکردن. بە هەمان شێوە نیوە رووتیش بە کەس سەرنجت ناداتێ. بەلاّم بە گشتی خەلّکی ئەمەریکیی سپیپێست زۆر رێکپۆشن بە ژن و پیاویانەوە، بە پێچەوانە خەلّکە رەشپێستەکەوە کە بەردەوام جلی نارێك و نەگونجاویان دەپۆشی، بەزۆری پیاوانیان و بە تایبەتی گەنجەکانیشیان کە بە تەواوی سیمای بەرەلاّییان پێوە دیاربوو، کەچی لە گەلّ ئەوەشدا گەلێکیان کچە هاورێیەکی جوان و سپیپێستیان لەگەلّ بوو!

کەسم نەبینی لەوێ دەم لە سیاسەت بدات، چەشنی خەلّکی لای خۆمان. کەسم نەبینی لەوێ ببێتە دەروێشی حیزب و هەر هەق و ناهەقێك حیزب بانگەشەی بۆ بکات ئەمیش تووتی ئاسا بیلێتەوە و غەیری حیزبەکەی خۆی کەس بە راست نەزانێت. کەسیشم نەبینی بە کۆماری و دیموکرات خۆی بناسێنێ و ئەگەر جیاوازییەکیش هەبێت لە وردەکاریی بەرنامەکانیاندایە لە بارەی منداڵ لەباربردن و باج و سۆشیاڵ و شتی لەم جۆرە.خەلّك لەوێ ئەوەندە حکومەت ناناسێ و زۆریش کاری پێ نیە و بگرە رێژەیەکی زۆریشیان لە هەلّبژاردنی سەرۆکایەتیشدا بەشداری ناکەن. بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا کەسێکم نەبینی سەرزارەکی قسە بە سەرکردە یان سیاسییەکی ولاتەکەی بلێت و دایشۆرێ، مەسەلەکەی کلینتۆن و مۆنیکا نەبێت کە لە رۆژنامە و تەلەفزیۆنەوە ئابروویان بردبوو، دەنا کەس بە دەمی هیچ قسەیەکی نەدەکرد. لە رووی شەخسیشەوە کەسم نەبینی بە خراپە باسی کەسی تر بکات و زەمی بکات و ئەگەر زۆر لێی نارازی بوایە باسی نەدەکرد. هەر لەو گرووپە ژنەی کەنیسەی سانت دیڤیدی شاری رۆزوێل کە ماوەیەك بە دەم ئێمەوە بوون سوزانێکیان تێدابوو جار بە جار رەفتاری لەگەلّ ئێمە باش نەبوو و قسەی بێمانای دەردەفرتاند و ئەوانیش و ئێمەش زۆر لێی نارازی بووین و تەنانەت من نەمویست بێت بەلاماندا و قسەم پێ وت کەچی ئەوان دلّی منیان دەدایەوە و زەمی ئەویشیان نەدەکرد. ئیتر نازانم ئەوانەی پابەندی تەواوی ئاینی مەسیحین ئاوهان یان ئەوە رەوشتێکی کۆمەلاّیەتییە. بەهەرحاڵ، هەر کامێکیان بێت شتێکی باشە و ئێمە ئاسا نین هەر کەسێکمان بەدلّ نەبێت درێغی ناکەین لە زەمکردن و داشۆرینی و ئەگەر بۆشمان بکرێت زیان پێگەیاندنیشی. لەگەلّ ئەوەشدا کە ئەو ولاتە مێژوویەکی زۆر کۆنی نیە بەلاّم هەر شتێك لەم نزیکەی سێ سەد ساڵەی تەمەنیدا بنیات نرابێت پارێزراوەو بایەخی خۆی پێدراوە. دەبێ ئەوەش بزانین کە نزیکەی دوو سەدە و چارەکێکە جارێ سەربەخۆیی خۆی

داوه. یەك لەوانەی زۆر بەرچاوە داتاشینی پەیکەری چوار سەرۆکی ناوداری ئەو وڵاتەیە لە شاخێکی زەبەلاح و بە شێوەیەك کە تەماشای دەکەیت وا دەزانی شاخەکە کەللەسەری ئەوانن. ئەمانەش لە مێژووی ئەمەریکادا پێیان دەوترێ چوار سەرۆکە باوکەکەی ئەمەریکا، کە جۆرج واشنتۆن و تۆماس جێفەرسن و ئەبراهام لینکۆڵن و تیۆدۆر ڕووزڤلتن. پەیکەرەکان لە ویلایەتی داکۆتای باشوورن (دواتر کەمێك بە وردی باسی لێوە دەکەم).

جۆرج واشنتۆن ڕابەری ڕزگارکردنی ئەمەریکایە لە دەستی بەریتانیا. پێشتر ئەم وڵاتە تەنها سیانزە ویلایەت بووە لە کەناری ئۆقیانووسی ئەتلەنتیك کە ئەمانە بوون: ماساچوسێتس، نیوهەمپشایەر، نیویۆرك، ڕۆد ئایلاند، نیوجێرسی، ڤەرجینیا، پێنسلڤانیا، کارۆلینای باکوور، کارۆلینای باشوور، جۆرجیا، دیلاوێر، مێریلاند و کۆنێکتیکەت. لە پاش بێنە و بەرە و ملنەدان بە فەرمانەکانی پاشای بەریتانیا لە ٤ ی تەمووزی ١٧٧٦ دا ئەم ویلایەتانە جاڕی سەربەخۆییان داوە و فەرەنسای ئەو سەردەمە کە دوژمنی بەریتانیا بووە زۆری پشتگیری لێکردوون و جۆرج واشنتۆنی سەرکردەی گەل و داکۆکیکار لە مافەکانی کراوە بە سەرۆك و هەر لەو دەمەوە دەستوورێکیان بۆ سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی وڵات داناوە کە تا ئێستاش کاری پێدەکرێت. پاشان پایتەختیان لە شاری فیلادلفیای باکوورەوە گواستەوە بۆ ئەو شارەی ئێستا پێی دەوترێ واشنتۆن و لە بەر گەورەیی و خەباتی جۆرج واشنتۆن ناوی ئەویان لێنا. ئەڵبەتە ئەو دەمە هەر یەکە لەو سیانزە ویلایەتە دەیویست پایتەخت لە خاکی ئەودا بێت و ئەوانیتر پێی ڕازی نەدەبوون و ئەنجام ئەم شوێنەی ئێستای شارەکەیان هەڵبژارد کە لە موقاتەعەی کۆلۆمبیادا بوو و سەر بە هیچ ویلایەتێك نەبوو، بۆیە ئێستا پێیدەڵێن واشنتۆن دی. سی Washington D.C یە کە کورتکراوەی District of Columbia واتە ناوچە یان موقاتەعەی کۆلۆمبیا. شایانی باسە ئێستا لە باکووری ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە ویلایەتێکیش بە ناوی واشنتۆن هەیە و پایتەختەکەی سیاتڵە Seattle.وەك پێشتریش باسم کرد سیستەمی ڕێگاو بان و پرد و تونێل بە تۆڕێکی چڕوپڕ ویلایەت و شارەکانی بە یەکترەوە بەستووە و باوەڕ ناکەم لە هیچ شوێنێکی تری سەر ئەرزدا ڕێگاو بانی هێندە پان پۆڕ هەبن. بێجگە لەوە زۆربەی شارەکان فڕۆکەخانەی تێدایە و بە زۆری هاتوچۆی ویلایەتە دوورەکان هەر بە فڕۆکەیە و من لەوێ سێ فڕۆکەخانەم بینیوە لە شارەکانی سان فرانسیسکۆ و هیوستن و ئەتلەنتا کە هەر یەکەیان شارێکن بۆ خۆی و فڕۆکەخانەی هاوای و گوامیش تاڕادەیەك گەورە بوون بەڵام نەدەگەیشتنە گەورەیی ئەم سیانەدا.

لێره خاکی به پیت و ئاوی زۆر و سەرچاوەی سروشتیی سامان بەر دەست و ئەقڵی کارامەی مرۆڤ کەوتوون و سیستەمێکی ئابووری و سیاسی و دیموکراتی لە گەڵ سەرەوە پەیوەندی و بەکارهێنانی ڕێکخستووە و سەرەنجام شارستانیەتێکی گەورە و گەشەکردووی لێ گەڵاڵە بووە. ڕاستێکەی شارستانێتێکە مرۆڤ لێی سەرسامە و هەموو کەس دەخوازێ وڵاتی خۆی بەو ڕادەیە پێشبکەوێت و خەڵکەکەی بەری ڕەنجی خۆی بخوات و سیستەمێکی سیاسی - ئابووریی تێدا بەرقەرار بێت کە چیتر جەردە و مفتخۆر نەتوانن بەو ڕەهاییە تاڵانی بکەن. بەڵام، وەك لە گەڵ شوێنی پێشتردا باسم کردووە، ئەوە نەبێ ئەم وڵاتە، وەك پەندە کوردییەکە دەڵێ، شامی شەریف بێ و دەرد و سەرئێشەی خۆی نەبێت، کە هەندێکیان کوشندەیە و ڕەنگە کایگەریی سەختیان لە ئایندەیەکی دوور یان نزیکدا دەربکەوێت. ئەڵبەتە ئێرەش بەشی خۆی دەردی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە. ڕاستە کەس لە برسا نامرێت و سیستەمێکی ئەمانی کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام هەژاریش هەیە. ئەگەر پۆلیس نەبێت دز و پیاوخراپ چاوی پیاو دەردێنن و وڵاتەکە دەبێتە جەنگەڵستان، بەڵام پۆلیس لەو وڵاتە چاو لە خەڵك سوور ناکاتەوە و بە نەرمی ڕەفتار دەکەن و ئەحکامەکانی یاسا جێبەجێ دەکەن.

بەلای منەوە ئەم وڵاتە بە دەست هەندێك پەتای کۆمەڵایەتیی کوشندەوە گرفتار بووە و کاریگەریی زۆری دەبێت لە سەر ئایندەی. لێرە سیستەمی خێزان خەریکە شیرازەی دەپسێت و منداڵێکی زۆری دایك دیار و باوك نادیار لەو کۆمەڵگایەدان لە ئەنجامی نەریتی بۆی فرێند و گێرڵ فرێند girl friend & boy friend و منداڵ خستنەوەی دەرەوەی پەیوەندیی ژن و مێردایەتی. ژمارەی جیابوونەوەی ژن و مێرد زۆر بەرچاوە و بێگومان کاریگەریی سەختی خۆی هەیە لە سەر منداڵ. پەتای ئەیدز بەجۆرێك تەشەنەی کردووە کەوا خەریکە هەموو شتێك لە گرێژەنە دەبات و سەرەڕای پشکنینی پزیشکی و دەرمان و کۆندۆم هەرچییەك دەکەن زەوتی ناکەن و خەڵکی وڵاتەکە زیرەیان کردووە و تەنانەت مەسەلەکە کێشاوێتیەوە بۆ پەیوەندیی نێر و مێ و سەرباری ئەمانی ڕۆمانسیەت لە پەیوەندیی سۆزداریی ژن و پیاودا ئێستا پەیوەندیی بایۆلۆجی و سێکسی هەزار حیسابی بۆ دەکرێت و چنگی ڕەشی ئەیدز لە زەینی هەموو کەسێکدا ئامادەیە.

بەنگکێشان و مادەی سڕکەر یان بێهۆشکەر drug ئەمڕۆ لەو وڵاتە بەجۆرێك بڵاوە و بە تایبەتی لە ناو خەڵکی گەنجدا، کە لە باسکردن نایەت و وڵاتەکە گەورەترین بازاڕە بۆ

تۆڕ و باندەکانی بازرگانی کردن بەو مادەیەوە و باندەکان لەوپەڕی چالاکیدان بۆ گواستنەوەی تلیاك لە ولاتانی ئەمەریکای لاتین و شوێنی تردوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەرچی هێزی پۆلیسی ولاتەکەشە بەردەوام لە ڕاوەدوونانیاندایە و چاریان ناکەن.

ڕەشەخەلکە بەردەوام لە ڕاکەڕاکەی کارکردن و کار پەیداکردنداندان و هەرچەند دەکەن فریای دابینکردنی بژێوی ناکەون و ئەمەش کاری نێگەتیفی کردووەتە سەر ئاسوودەیی و ژیانی ڕۆحیی خەلك و پەراوێزێك نەماوەتەوە بۆ هەناسەدان و پشوویەك. لەبەر ئەوە دەبینی خەلکی ولاتەکە دەرفەتی ئەوەیان نیە سەری خۆیان بخورێنن و کتێبێك بخوێننەوە، سەرباری زۆریی کتێبخانەش. تەنانەت زۆربەی خەلك لە ڕۆژنامەکاندا هەر لاپەرەکانی کاردۆزینەوە دەخوێننەوە. لەبەر ئەمانە و ڕەنگە کاریگەریی لایەنە سەلبییەکەی گلۆبالیزم Globalism (عەولەمە) بێت کەوا کۆمەلانی خەلکی ئەو ولاتەی دەبەنگ کردووە و سەرباری بەرهەمە زۆرەکانی گلۆبالیزم لە سەتەلایت و ئینتەرنێت و تەلەفۆن و گەلێ شتی تر کەچی تارادەیەکی زۆر بێئاگان لە ڕووداوەکانی دنیا و بگرە چواردەوری خۆشیان.

بێگومان ئەم بارەش کێشاوێتیەوە بۆ ئاکار و هەلسوکەوتی ئەمەریکا لە سیاسەت و پەیوەندیی نێودەولەتیدا و ئەمڕۆ هێندەی ئەمەریکا هەلە و ڕەفتاری ناپەسەند و ملهوڕانە دەنوێنێ لەو بوارەدا هیچ دەولەتێکی تر نایکات. ئینگلیز ڕایان لە سەر ئەمەریکییەکان زۆر خراپە و دەلێن ئەمەریکا لە پەیوەندی و سیاسەتدا ڕاست و چەوت بەکاردێنێ و هەلە لە دوای هەلە دووبارە دەکاتەوە و هەرچییەك دەکات هەر چەوت دەردەچێت و کورتی دەهێنێ ئەنجام پاش تاقیکردنەوەی هەموو هەلە و چەوتییەکان کاتێ ڕاستەکە تاقی دەکاتەوە کەوا کەلکی نەمابێت.

باسێك له هەرێمی كۆڵۆمبیا و شاری واشنتۆن دی . سی

له سالآنی سەرەتای ۱۷۰۰ ەكانەوه كەلكەڵەی جیابوونەوه له تاجی بەریتانی كەوتبووه سەر خەلكی ولآتەكە و سەركردەكانی و فەرەنساش كه ئەو دەمە دوژمنی خوێنخواری ئینگلیز بوو بەردەوام دنەی دەدان و پشتگیری دەكردن. ئەمەریكییە سەربەخۆیی خوازەكان لەوە دڵنیا بوون كه زۆر ناخایەنێ بەری ڕەنج و خەباتی خۆیان دەخۆن و له ژێر ڕكیفی پاشای بەریتانیا دەردەچن. هەر لەو سەردەمەشەوە بیریان له شوێنێك دەكردەوە كەوا شارێكی تێدا دروست بكەن ببێتە پایتەختی حكومەتی داهاتوویان و له هەمان كاتیشدا نەكەوێتە ناوچەرگەی هیچكام لەو ۱۳ ویلایەتەوە كه ئەمەریكای ئەو سەردەمەی لێ پێكهاتبوو بۆ ئەوەی هیچكامیان پاشەڕۆژ زاڵ نەبن به سەر ئەوانیتردا. هەروەها دەشبوو له شوێنێكی ناوەڕاستدا بێت و به ئسانی له هەموو ویلایەتێكەوه هاتەچۆی بكرێت. ئەم خالآنەی خوارەوه كرۆنۆلۆجیای هەندێ ڕووداوی گرنگه له مێژووی هەرێمی كۆڵۆمبیادا District of Columbia كه ڕووناكی دەختە سەر قۆناخەكانی دروستكردنی شاری واشنتۆن و كردنی به پایتەختی ویلایەته یەكگرتووەكان له سالی ۱۸۰۰ دوە، پاش ئەوەی سالی ۱۷۷٦ جاڕنامەی سەربەخۆیی ڕاگەیاند و به شێوەیەكی كاتی شاری فیلادلفیا، له ویلایەتی نیوجێرسی، كرا به پایتەخت و دواتر گوێزرایەوە ئەم شوێنەی ئێستای.

- ۱۵ ی ۱۷۵۱: ئەنجومەنی مێریلاند ئەندامانی ئەو نێردەیەی دەستیشان كرد بۆ دروستكردنی شارێك له سەر ڕووباری پۆتاماك Potamac ، له ناوچەی ڕۆك كریكی هەرێمی كۆڵۆمبیادا، له سه ڕووبەری ٦۰ ئەیكەر زەوی، كه بڕیار بوو له جۆرج گۆردن و جۆرج بیلێی بكرن. ئەم نیشتەجێیه ناونرا جۆرجتاون Georgetown .
- ۲۷ ی شوباتی ۱۷۵۲: ڕووپێوكردن و نەخشەكێشانی جۆرجتاون ئەنجامدرا.
- ۱۷ ی سێپتەمبەری ۱۷۸۷: ئیمزا كردنی دەستوور له لایەن ئەندامانی لیژنەی گەلآلەكردنی دەستوورەوە.
- ۲۱ ی حوزێرانی ۱۷۸۸: موسادەقه كردنی ویلایەتەكان له سەر دەستوور. بەندی ۱، بەشی ۸، بڕگه ۱۷ ی دەستوورەكه دەسەلآتی به كۆنگرێس دا بۆ ڕاییكردن و بەدواداچوونی ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بەم هەرێمەوە هەیه، كه له ویلایەتەكانی دەوروپشتی دابڕێت و كۆنگرێس قوبوولی بكات ببێته بارەگای ویلایەته یەكگرتووەكان.
- ۲٤ ی كانوونی دووەمی ۱۷۹۱: سەرۆك جۆرج واشنتۆن جێگەیەك هەڵدەبژێرێت كه بەشی هەردوو ویلایەتی مێریلاند و ڤەرجینیای تێدابێت.
- ۱ ی دیسەمبەری ۱۸۰۰: پایتەختی حكوومەتی فیدراڵی له شـ ری فیلادلفیاوه گوێزرایەوە بۆ ئەو شوێنەی له سەر ڕووباری پۆتاماك بنیاتنرا و ناویان لێنا شاری واشنتۆن

له موقاته‌عه یان هه‌رێمی کۆڵۆمبیا Washington D.C. له سه‌رژمێرییه‌کی ساڵی ١٨٠٠دا، دانیشتوانی ئه‌م پایته‌خته تازه‌یه: ١٠٠٦٦ سپیپێست و ٧٩٣ ڕه‌شپێستی ئازادکراو و ٣٢٤٤ ڕه‌شپێستی کۆیله‌ی تێدابووه.

- ٣ ی مایسی ١٨٠٢: کۆنگرێس یه‌که‌م ئیمتیازی شاره‌وانیی به‌خشییه شاری واشنتۆن. ده‌نگده‌رانی نێرینه‌ی سپیپێست له‌وانه ده‌سنیشان کران که باجیان ده‌دا و لانی که‌م پێش ساڵێك نیشته‌جێی شار بوویێتن. ئه‌مانه مافی هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجومه‌نێکی ١٢ که‌سییان هه‌بوو که ئه‌مانیش حاکمی شاریان هه‌ڵده‌بژارد.
- ٤ ی مایسی ١٨١٢: کۆنگرێس ده‌ستووری شاری واشنتۆنی هه‌موار کرد بۆ هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجومه‌نێکی پیرانی ٨ که‌سی و ئه‌نجومه‌نێکی گشتیی ١٢ که‌سی، که هه‌ردوولا پێکه‌وه حاکمی شار هه‌ڵده‌بژێرن.
- ١٥ ی مارتی ١٨٢٠: کۆنگرێس ده‌ستووری شاری واشنتۆنی هه‌موار کرد بۆ هه‌ڵبژاردنی حاکمی شار ڕاسته‌وخۆ له لایه‌ن دانیشتوانه ده‌نگده‌ره‌کانه‌وه.
- ٩ ی ته‌مووزی ١٨٤٦: کۆنگرێس یاسایه‌کی ده‌رکرد سه‌باره‌ت به گه‌ڕانه‌وه‌ی شار و ناوچه‌ی ئه‌لێکساندریا بۆ ویلایه‌تی ڤه‌رجینیا.
- ١٦ ی نیسانی ١٨٦٢: کۆنگرێس کۆیله‌یه‌تیی هه‌ڵوه‌شانده‌وه له‌م هه‌رێمه فیدراڵه‌دا، که بریتی بوو له شار و کاونتیی واشنتۆن و جۆرجتاون.
- ٨ ی کانوونی دووه‌می ١٨٦٧: کۆنگرێس مافی ده‌نگدانی ناوچه‌یی به‌خشییه نێرینه ڕه‌شپێسته‌کان.
- ١١ ی حوزێرانی ١٨٧٨: کۆنگرێس موساده‌قه‌ی له سه‌ر ئه‌وه کرد که حکومه‌تی ناوچه‌ی کۆڵۆمبیا وه‌ك ده‌سته‌یه‌کی شاره‌وانی سێ که‌س حوکمی بکات که له لایه‌ن سه‌رۆکه‌وه ده‌سه‌ڵاتیان بدرێتێ: دوانیان مه‌ده‌نی و سێیه‌میان له پیپی ئه‌ندازیاری سوپابێت. ئه‌م شێوه حکومه‌ت کردنه تا ئابی ١٩٦٧ به‌رده‌وام بوو.
- ٢٩ ی مارتی ١٩٦١: بیست و سێیه‌مین هه‌موارکردنی ده‌ستوور مافی ده‌نگدانی سه‌رۆکایه‌تیی به‌خشییه دانیشتوانی هه‌رێمه‌که.
- ٢٢ ی نیسانی ١٩٦٨: مافی هه‌ڵبژاردنی بۆردی خوێندن درا به دانیشتوانی موقاته‌عه‌که.
- ٢٤ ی دیسه‌مبه‌ری ١٩٧٣: کۆنگرێس ڕه‌زامه‌ندیی ده‌ربڕی له سه‌ر یاسای حکومه‌تی لۆکاڵی ڕێکخستنه‌وه‌ی حکومه‌تی هه‌رێمی کۆڵۆمبیا کرد.
- ٢٢ ی ئابی ١٩٧٨: کۆنگرێس ڕه‌زامه‌ندیی ده‌ربڕی له سه‌ر هه‌موار کردنی مافی ده‌نگدان له هه‌رێمی کۆڵۆمبیادا، که‌وا مافی نوێنه‌رایه‌تی کردنی هه‌رێمه‌که ده‌دات له ئه‌نجومه‌نی سه‌نات و نوێنه‌راندا.
- ٢٠ ی شوباتی ١٩٨٧: هه‌ردوو فرۆکه‌خانه‌ی نیشتمانیی واشنتۆن و دالسی نێوده‌وڵه‌تی له لایه‌ن حکومه‌تی فیدراڵییه‌وه خرانه سه‌ر حکومه‌تی هه‌رێمه‌که.
- ١ ی ئۆکتۆبه‌ری ١٩٨٧: نه‌خۆشخانه‌ی سانت ئیلیزابێت چووه سه‌ر حکومه‌تی ئه‌م هه‌رێمه.

* ٢ی کانوونی دووه‌می ١٩٩٢: شارۆن پرات دیکسۆن بوو به یه‌که‌م حاکمی ژن له هه‌رێمه که‌دا.

چوار سەرۆکە باوکەکەی ئەمەریکا و چیای پەیکەریان

جۆرج واشنتۆن، تۆماس جێفەرسن، ئەبراهام لینکۆڵن، تیۆدۆر ڕووزڤڵت چوار سەرۆکی دیار و بەرچاون لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا و بە چوار سەرۆکە باوکەکەی ئەمەریکا ناودەبرێن و هەر یەکەیان لە پێچێکی مێژووی ئەو ولاتەدا ڕۆڵێکی گەورە و یەکلاکەرەوەی بینیوە و ناوێکی درەوشاوەیە لە مێژووی ئەو ولاتەدا.

- جۆرج واشنتۆن George Washington ١٧٨٩ - ١٧٩٧: ئەو سەرکردەیەی کە بە خەباتی بێوچان گەلی ئەمەریکای لە کۆلۆنیالێتیی بەریتانیا ڕزگارکرد و ساڵی ١٧٧٦ جاڕی سەربەخۆیی دا و بنەمای سیستەمێکی دیموکراتیی بۆ ئەو ولاتە دامەزراند کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە.
- تۆماس جێفەرسن Thomas Jefferson ١٨٠١ - ١٨٠٩: بە ژیری و پلانی ئەم سەرۆکە ساڵی ١٨٠٣ ئەمەریکا موقاتەعەی لویزیانای لە فەرەنسای سەردەمی ناپلیۆن بە ١٥ ملیۆن دۆلار کڕیوە، کە زۆری پێویست بە پارە و پووڵ بووە بۆ شەڕوشۆڕەکانی، واتە هەر ئەیکەرێك بە ٣ سەنت و ئەمە ڕێگەی فراوانخوازیی بۆ کردەوە بۆ ئەرکانساس، ئایوا، داکۆتای باکوور و باشوور، کەنساس، نبراسکا، میسوری، مینیسۆتا، ئۆکلاهۆما، تەکساس، نیومەکسیکۆ، کۆلۆرادۆ، وایۆمینگ و مۆنتانا.
- ئەبراهام لینکۆڵن Abraham Lincoln ١٨٦١- ١٨٦٥: لە شەڕی ناوخۆی ئەمەریکای ئەو ساڵانەدا ڕۆڵێکی گەورەی بینی بۆ ئەوەی ویلایەتەکانی باکوور و باشوور لێکتر جیا نەبنەوە و ولاتەکە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە.
- تیۆدۆر ڕووزڤڵت Theodore Roosevelt ١٩٠١- ١٩٠٩: نۆکەند یان کەناڵی پەنەمای دروستکرد، کە هەردوو ئۆقیانووسی ئەتڵەنتیك و پاسیفیکی بە یەکترەوە بەستەوە. ئەمیش وەك جێفەرسن ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە فراوانخوازیدا بەرەو ڕۆژئاوای ئەمەریکا.

هونەرمەندی پەیکەرتاش گوتزون بورگلەم Gutzon Burglum لە نێوان ساڵی ١٩٢٧ و ٣١ ی ئۆکتۆبەری ١٩٤١ دا لەگەڵ ٤٠٠ کرێکاردا پەیکەرێکی نیودیی زەبەلاحی

۱۸ مەتری بۆ هەر یەك لەم چوار سەرۆکە داتاشی لە شاخی ماونت ڕەشمۆر Mount Rushmore ی ناوچەی بلاك هیلْ لە ویلایەتی داکۆتای باشوور، لە سەر ڕووبەری ۱۲۷۸ ئەیکەر یان ۵۱۷ کیلۆمەتری چوارگۆشە، بۆ نمایشکردنی یەکەم ۱۵۰ سالْی مێژووی ئەمەریکا. پەیکەرەکان لە چوار لووتکەی جیاکە داتاشراون، بە جۆرێك کە هەر لووتکەیەك بریتییە لە دەموچاوی یەکێك لەو چوار سەرۆکە لە گەلْ نیوەی لەشیدا و تەکنیك وهونەری پەیکەرتاشییەکی وردی تێدا بەکارهێناوە و لەو ماوەیەدا پێنجسەد هەزار تەن بەردی داتاشیوە. شیاوی باس ئەم شاخە یەکپارچە بەردی گرانیتی ڕەشە و هەمان هونەرمەند پێشتریش پەیکەری جەنەرالْ لی و هاوەلْەکانی لە ستۆن ماونتێنی جۆرجیا کێشاوە. تۆ بلێی فەرهادی کۆکەنی کوردیش ئەم ڕەنجەی کێشابێت!

سەرۆکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە پێی سالانی سەرۆکایەتییان ئەمانەن:

١. جۆرج واشنتۆن ۱۷۸۹ - ۱۷۹۷
٢. جۆن ئادەمز ۱۷۹۷ ۱۸۰۱
٣. تۆماس جێفەرسۆن ۱۸۰۱ ۱۸۰۹
٤. جێمس مادیسۆن ۱۸۰۹ ۱۸۱۷
٥. جێمس مۆنرۆ ۱۸۱۷ ۱۸۲۵
٦. جۆن ئادەمز ۱۸۲۵ ۱۸۲۹
٧. ئەندرو جاکسۆن ۱۸۲۹ ۱۸۳۷
٨. مارتن ڤان بویرن ۱۸۳۷ ۱۸٤۱
٩. ویلیەم هێنری هاریسۆن ۱۸٤۱
١٠. جۆن تایلەر ۱۸٤۱ ۱۸٤٥
١١. جێمس پۆلْك ۱۸٤٥ ۱۸٤۹
١٢. زەکەری تایلۆر ۱۸٤۹ ۱۸٥۰
١٣. میلارد فیلْمۆر ۱۸٥۰ ۱۸٥۳
١٤. فرانکلین پیرس ۱۸٥۳ ۱۸٥۷
١٥. جێمس بوخانین ۱۸٥۷ ۱۸٦۱
١٦. ئەبراهام لینکۆلْن ۱۸٦۱ ۱۸٦٥
١٧. ئەندرو جۆنسن ۱۸٦٥ ۱۸٦۹

١٨. یولیسیس گرانت ١٨٦٩ ١٨٧٧
١٩. ڕەزەرفۆرد هایەس ١٨٧٧ ١٨٨١
٢٠. جێمس گارفیلد ١٨٨١
٢١. چێستەر ئارسەر ١٨٨١ ١٨٨٥
٢٢. گرۆڤەر کلێڤلاند ١٨٨٥ ١٨٨٩
٢٣. بنجامین هاریسۆن ١٨٨٩ ١٨٩٣
٢٤. گرۆڤەر کلێڤلاند ١٨٩٣ ١٨٩٧
٢٥. ویلیەم ماککینلی ١٨٩٧ ١٩٠١
٢٦. تیۆدۆر ڕووزفلێت ١٩٠١ ١٩٠٩
٢٧. ویلیەم تافت ١٩٠٩ ١٩١٣
٢٨. وودرۆ ویلسن ١٩١٣ ١٩٢١
٢٩. وارن هاردینگ ١٩٢١ ١٩٢٣
٣٠. کالڤن کۆلێدج ١٩٢٣ ١٩٢٩
٣١. هێربەرت هووڤەر ١٩٢٩ ١٩٣٣
٣٢. فرانکلین ڕووزڤلێت ١٩٣٣ ١٩٤٥
٣٣. هاری ترومان ١٩٤٥ ١٩٥٣
٣٤. دوایت ئایزنهاوەر ١٩٥٣ ١٩٦١
٣٥. جۆن کەنەدی ١٩٦١ ١٩٦٣
٣٦. لیندن جۆنسن ١٩٦٣ ١٩٦٩
٣٧. ڕیچارد نیکسۆن ١٩٦٩ ١٩٧٤
٣٨. جیرالد فۆرد ١٩٧٤ ١٩٧٧
٣٩. جیمی کارتەر ١٩٧٧ ١٩٨١
٤٠. ڕۆنالد ڕێگن ١٩٨١ ١٩٨٩
٤١. جۆرج بوش ١٩٨٩ ١٩٩٣
٤٢. ویلیەم کلینتۆن ١٩٩٣ ٢٠٠١
٤٣. جۆرج دبلیۆ بۆش ٢٠٠١ ئێستا

بڕیاری گەڕانەوە بۆ وڵات

سەرودەختێك ژیان لەم وڵاتەی خۆماندا جۆرێك لە گەمەی مەرگ بوو و زۆربەمان بە هەر ڕەنگێك بێت پڕۆژەی کوشتن و لەناوچوون بووین. تۆ ئەگەر هەر هیچیش نەبوویتایە و لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا پەیوەندییەکیشت نەبوایە، ئەوە جەنگی ئێران و عێراق و جەنگی کەنداوی دووەم لێت بەمەلاس بوو، دەیان و سەدان خەڵکی ڕاپێچی شەڕێکی نەگریسی بێ‌مانا دەکرد کە لە ڕازیکردنی گومڕایی دکتاتۆرێکی توڕەهات بەولاوە هیچیتر نەبوو، دکتاتۆرێك کە حەقیقەتی تەواوی لەو دەسگیرکردنە پڕ شوورەییەدا دەرکەوت.

لەو سەردەمەدا دەیان و سەدان کەس لە سەرەتای ساڵانی هەشتاوە تا دوای ڕاپەڕین و ئەو کاتەی دکتاتۆرەکەی عێراقی تێدا بەچۆکدا هات ڕێی هات و نەهاتی هەندەرانیان دەگرتە بەرو کارەکە هێندە تێکەڵی و پێکەڵ‌ی تێکەوت کەوا چاك و خراپ، بازرگان و سیاسەتکار، ڕاونراوی ڕاستەقینە و ساختە هەر هەمووی پەلەقاژەی "بەهەشتەکەی" ئەورووپا و هەندەرانی بوو. ڕاستییەکەشی باری بژێویی سەختی خەڵك و ئەو جیاوازییە زۆرەی گۆڕینەوەی دراوی بیانی، بە تایبەتی دۆلار، لەگەڵ دیناری عێراقی هیچ نەکردووی هەڵاوساودا پاڵنەرێکی گەورەی خەڵك بوو بە ماوەیەکی کەمی کارکردنی هەندەران بگەڕێتەوە ئێرە و بە شەش حەوت هەزار دۆلارێکەوە بتوانێ خانووی باش و ژنی جوان و ژیانێکی خۆش بۆ خۆی برەخسێنێت و وایکرد لە خەڵکەکە ڕەو ئاسا ڕوو لەو ئەورووپایە بکەن. لێرەدا مەسەلەکە لای خەڵك ڕوون و ئاشکرایە و بە هەمان شێوە هۆکارەکانیش و ڕەنگە زۆر پێویست بە شیکردنەوە ناکات.

لەو سەروبەندەدا من هەموو کات بە گاڵتەوە دەمگوت مەگەر فڕۆکەیەك بێتە لای ماڵەکەم و بمباتە ئەو هەندەرانە و ئەم سوعبەتەشم ڕاستییەکی تێدابوو، دەنا بەخوا تاقەتی هیچ جۆرە موغامەرەو سەرکێشییەکم نەبووە و نیشمە. من کەسێکی موحافزەکار نیم، بەڵام هێند پەیوەندیی کۆمەڵایەتیم بە خەڵکی خۆمانەوە بەتین بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان بیرم نەدەکردەوە چۆن سەرجەمی ئەو سۆزو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە دە...بێبێڵم، چاك بن یان خراپ.

بەلاّم سالّی ١٩٩٦ و کۆتاییەکەی، ئەوەی بە گالّتەوە دەمگوت گوایە مەگەر فڕۆکەیەك بێت بە ماڵ و خێزانەوە بمبات دەڕۆم، بۆیەڕەخساندم و دەرفەتێکی لەو جۆرەی سەرکێشییەکانی سندبادم بۆلوا و ئەو کەسانەی لە ڕێکخراوەکاندا لە کوردستان کاریان کردبوو ژیانیان کەوتە مەترسییەوە و هەلی چوونە ئەمەریکایان بۆ هەڵکەوت و لە نزیکمانەوە فڕۆکە چاوەڕێی دەکردین فەرموون بۆ ئەمەریکا. ئەڵبەتە منیش وەك ئەو چەند هەزار کەسە جڵەوی خۆم دا بە دەست ئەو چارەنووسەوە و بە لۆجیکی ئەوەی با تاقیبکەمەوە خۆ نامخوات جڵەوی خۆم دا بە دەست ئەو سەفەرە و چارەنووسە نادیارەکەیەوە.

ڕاستێکەی من نە لە ڕووی مادی و نە لە ڕووی مەعنەوییەوە زیانێکم نەکرد و بگرە ماوەی ئەو دوو ساڵەی ئەوێ و گەشتی دەوراندەوری زەوی لە بواری ئەزموونی دنیابینی و ژیان لە ناو کۆمەڵگایەکی فرە ڕەهەند و فرە کولتووردا گەلێ شتی باشی پێبەخشیم و لە زۆر سەرەوە ئاشنای کردم بە ژیان و گوزەرانی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە. لەوێ مانای پیرۆزیی کارم زانی و ئەو دەرسەی دامێ کەوا کار چۆن مرۆڤ و کۆمەڵگە پێشدەخات و چۆنیش بنیادەم نوێدەکاتەوە و ئەقڵ و هۆشی پەرەدەستێنێ. لەوێ ڕاستە بیمەی بێکاری و سیستەمی سۆشیال یان وێلفەیرwelfare هەیە بەلاّم نابێ بەو پاروە نانەی بە دەستی خۆت پەیدای دەکەیت و منەتیش لە کەس نازانیت. هەرکەسێ کاری کرد جارێکیتر ناچێتەوە سەر پارەی بێکاری و گوزەرانی مەمرەومەژی بەو پارەیە. لە بایەخی کار و ئەو پیرۆزییەی کە تێی دەڕوانرێ لەوێ، خەفەتبار دەبیت بۆ ئەو مفتخۆرییەی لای خۆمان باوە و کەم کەس ڕێز لە کاری خۆی دەگرێ و دەسەلاّتیش لە پشت خولّقاندنی سوپایەك خەڵکەوەیە کە بە ڕووکەش کاریان هەیە و مووچەخۆرن و بە واقیعیش بێکاری دەمامکدارن و بارن بە سەر ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ژیانەوە. هەر ئەمەشە بووەتە نەریتێکی سەقەت و خوورەی ئەم کۆمەڵگایە و بەردەوام توێژی مفتخۆر و قاچاخچی و دز و درۆزن بەرهەم دێنێ و تەماشا دەکەیت ساڵ دێت و ساڵ دەڕوات و هیچ بە هیچ نەبووە و گەندەڵی پتر ڕەگی خۆی دادەکوتێ و چنگ دەخاتە بینی هەموو جۆرە گەشەکردنێکەوە.

بەهەرحاڵ ئەم هەویرە زۆر ئاوکێشە و بواری ئەم باسەی ئێستای من نیە. بەلاّم با پێ لەوەش بنێین کەوا ڕاستە کار پیرۆزە لەوێ بەلاّم لە سەرێکی ترەوە هێند مرۆڤی پێوە جەنجاڵ بووە کە دەرفەتی بۆ ژیانی ڕۆحیی نەهێشتووەتەوە و خەڵك هەر ڕادەکات و

دەتوانم بڵێم بە هیچڕا ناگات و ئەنجام بووەتە مرۆڤە ئامێریك و تەنها مەبەستی پارە پەیداکردنە، کە بەو ئاسانییەش پەیدا نابێت. لەبەر ئەوە کەس نیە بەلای کەمەوە دوو ئیش نەکات و بێگومان ئەمەش تەواوی وەختی مرۆڤ دەبات و پەراوێزێك نامێنێتەوە بۆ ژیانی ڕوحی و کۆمەڵایەتی. لەم ڕووەوە ئەوەی من بینیم جۆرێك بوو لە کارەسات، ئەڵبەتە لە دیدی خۆمەوە. چونکە کار بەڕادەیەك کاتت دەگرێ کە ئیتر ئاگات لەخۆت نامێنێ و بەرە بەرە بێهۆش و دەبەنگت دەکات و واتلێدەکات تەنها لە دەلاقەی پارەوە ژیان ببینیت.

ئەڵبەتە من لێرەدا مەبەستم ڕەشەخەڵکە هەژار و مامناوەندییەکەیە، کە ئێمە لەوێ بووین بە بەشێك لەوانە. بە بارێکی تریشدا دەوڵەمەندە قەبە و سەرمایەدارە خاوەن کارگە و بەرژەوەندیەکانیش هێند چەنجاڵی ئیدارەدانی پارە و پرۆژەکانیانن کە ناپەرژێنە سەر ژیانی ئاسایی و ڕۆحی و لەم خاڵەدا لەگەڵ خەڵکە مامناوەندییەکەدا یەکدەگرنەوە. ئەمەش وات لێدەکات کەوا هەست بکەیت لە کۆمەڵگایەکی بێئاگادا بژیت و لەو کولتوورەی کە پێی ڕاهاتووی دابڕێیت، هەرچەندە خۆ ئێمە بە هەموو شتێکیشمان هەر نالێین ئامین.

لە سەرێکی تریشەوە منێك منداڵم لە سەر نەریت و کولتوورێك ڕابێت کە هی خۆم نەبن و ئەنجام بچنە ڕیزی ئەو خەڵکەوە کە نە بتوانن کولتووری نوێ قوبوول بکەن و ئەوەی خۆشمانیان لە دەست بچێت دەبێ چ تەیرێکیان لێدەرچێت و چۆن بتوانن خزمەتی ئایندەی خۆیان و وڵاتی ڕەسەنیان بکەن. ئەڵبەتە چیرۆکی ئیفلیجی لەم بابەتەش زۆرن و هەرکەسەمان چەندین حیکایەت و بەسەرهاتی ئەو خەڵکەی لایە کە بە دەردی خراپ چوون. کە واتە لە دوو سەرەوە من گرەو نابەمەوە، یەکەمیان دەبێ ڕۆژ تا ئێوارە بڕەتێم و کار بکەم بۆ دابینکردنی بژێویی ڕەشەخێزانێك کە هەر چوار منداڵەکەم پێش تەمەنی کار کردن بوون تێیدا، گوایە چیە لە ئەمەریکادا دەژیم. دووەمیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەوە کەسمان دانوولەمان لەگەڵ ئەو نەریت و بارە کۆمەڵایەتییەدا نەدەکولا، کە لە ئەڵقەکانی پێشتردا ئاماژەم بۆ کردووە و من و دایکیان تووشی دەردی غوربەت یان هۆم سیك home sick بووبووین چونکە لە شوێنێك بووین دابڕاو لە زۆربەی دۆست و ئاشناکانمان و بەردەوامیش خەریکی کارکردن بووین و هیچیشمان بە هیچ نەدەبوو. ئەو غوربەتە تاڵە وایلێکردبووین لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دڵمان زۆر بە عەرەب و فارس و تەنانەت هندی و پاکستانیش دەکرایەوە و تەماشا دەکەین منداڵەکانیش، سەرباری زیرەکییان لە خوێندندا، بەلام تووشی هەمان دەردی دووریی ئێمە

بوون و هەرکە گوێیان لە کاسێتێکی گۆرانیی کوردی دەبوو بێدەنگ فرمێسک بەچاویاندا دەهاتە خوار. لەگەڵ دایکیان بیرێکمان لێکردەوە تا ئەم منداڵانە دەگرین و تکامان لێدەکەن بابیانبەینەوە با بڕیاری خۆمان بدەین، ئەگینا پاش چەند ساڵێکی تر کار وادەکەوێتەوە ئێمە بگرین و بمانەوێ بیانهێنینەوە بۆ وڵات و ئەوانیش ئەو دەمە پێبکەنن و گاڵتەمان پێبکەن، وەك ئێستا لە گەڵ خێزانی کورد قەوماوە.

ئێمەیەکی تا سەر ئێسقان پەروەردەی کۆمەڵگەیەکی نیمچە داخراو هەروا ئاسان نیە دەسبەرداری هەندێ نەریت بین کە فریشکمان پێوە گرتووە و بووە بەخووی شیریمان، با لافی پێچەوانەش لێبدەین. من لەگەڵ ڕەوتی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدام و باش دەزانم مەسەلەکان ڕێژەیین و ئەمەی ئێستا داکۆکی لێدەکەم پاش سەد ساڵی تر هەر لە کۆمەڵگاکەی خۆمدا شتیکی ترە. بەلام هیچ کاتێ مرۆڤی ئاسایی بەدەر نەبووە لە یاسا و ڕێسای ئەو سەردەم و زەمانەی تێیدا ژیاوە. من لە شوێنی کارەکەمدا کوڕێکی ڕەشپێستی برادەرم بوو ناوی ویل و خەڵکی مەشیگان بوو، دۆستایەتیمان زۆرخۆش بوو. جارێکیان پێمگوت ویل من ناوم محەمەدە و کوڕی فلان کەسم و ئەمەش ناوی بنەماڵەکەمە ئەی تۆ؟ ئەویش لەوەلامدا بزەیەك گرتی و وتی من بنەماڵەم نیە و دایکم لە بۆیفرێند منی بووە، واتە کوڕە هاوڕێ یان هاوسەری ناشەرعی. ئەمەی زۆر بە ئاسایی باس دەکرد و مێشێکیش میوانی نەبوو. پێمنالێی کێ لای ئێمە خۆی بەوە بزانێ پێشکەوتووترین کەسە و نەریتی کۆمەڵگاکەی ڕەتبکاتەوە دەتوانێ قسەیەکی وەك ئەوەی ویل بکات؟ ئەمە ئێستا وایە بەلام پاش سەد و دوو سەد ساڵی تر ڕەنگە مەسەلەکە لە کۆمەڵگای ئێمەشدا جیاواز بێت. باشە تۆ پێت قووتدەچێت ببیتە بەشێك لەکۆمەڵگەیەك کە زیاد لە ٣٠٪ ی منداڵ تێیدا دایك دیارە و کەس نازانێ باوکیان کێیە!؟

لە سەرێکی تریشەوە من کەم تا کورتێك خۆم بە نووسین و وەرگێڕانەوە خەریك کردووە و بەتەما بووم لەوێ کەشێکی ڕۆشنبیری لەبار بدۆزمەوە و بتوانم ئەو کەمە توانایەمی تێدا بخەمە گەڕ کەچی لە کوێرەوەریی کارکردنی سەرومڕ بەولاوە هیچیتر نەبوو. کەواتە ئەمیشیان هیچ و گەلێ نووسەری زۆر باشی لای خۆمان چوونە هەندەران و لەجیاتی پێشکەوتن لەوێ پووکانەوە. من لە بێکاری و پشوودانەکەی دوورگەی گوامدا کتێبی جینۆسایدم کردە کوردی و پێموابوو کە چوومە ئەمەریکاوە میدڵ ئێست ووچ، کەخاوەنی کتێبەکە بوو، بە گەرمی پێشوازیم لێدەکەن و پێم دەڵێن "دەستەکانت خۆش

بێت کاکە حەمە بۆ کارێ کە کردووتەوە !" و خێرا بۆم چاپ دەکەن و خەیاڵیشم لەوە زیاتر ڕۆیشت کەوا ڕەنگە بانگهێشتم بکەن کاریان لەگەڵ بکەم ، کەچی دەردی شێخ ڕەزا دەڵێ "شیر وانەبوو" بەڵکو ڕێگریشیان لێکردم و وتیان خۆ ئێمە تەکلیفمان لێنەکردووی بۆ لەخۆتەوە کاری وات کردووە. ماڵی ئاوابێت د. بەرهەم ساڵح لە سەر ئەو کتێبە شەڕی زۆری بۆ کردم، کەچی ئەو دەزگایە هەر ملیان نەدا و ئەنجام کتێبمان هێنایەوە لە کوردستان چاپمان کرد. لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی گەلێ دۆستی نووسەر و ئەدیب بکەم کە پشتگیرییان لێکردم بۆ ئیجازەدانی چاپی ئەو کتێبە، لەوانە بەڕێزان دلێر شوکری، مامۆستا مەحمود تۆفیق، د. ڤێرا سەعیدپوور، حەمە ساڵح جەباری و گرووپێك لە برادەرانی ساندیاگۆ – کالیفۆرنیا، قادر سەرچناری و ئامانج شاکەلی و هاوڕێی شاعیرم کاك فەرهاد شاکەلی و گەلێ دۆستی تر. هەر لە ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووٚچیش سوپاسی هانی مەجالی بەرپرسی بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی ئەو ڕێکخراوە دەکەم کەوا زۆر پشتگیریی لەچاپدانی لێدەلکردم بە هەمان شێوەش د. یوست هیلتەرمان، کەوا کاتی خۆی سەرپەرشتی پرۆژەی ئەنجامدانی ئەو کتێبەی دەکرد، زۆری بەلاوە بوو بە کوردی بلاوبێتەوە کەچی هەندێ کەسی ئەو ڕێکخراوە و پێمواپە دەستی کوردێکی دانیشتووی لەندەنیشی تێدابوو، کە هیومان ڕایتس ووچ ڕاویچڕی پێکردبوو، بوون بە کۆسپ لە بەردەم لەچاپدان و بلاوبوونەوەی وەرگێڕانی کوردییەکەی ئەوکتێبەدا.

کەوابوو ئەمەشیان هەر هیچ ! ئەی ئیتر بۆ لە ئەمەریکایەکدا دانیشم کە هیچ هیوا و ئامانجێکی شەخسی و کۆمەلایەتی و گشتیمی تێدا بەدی نەیەت. خۆ ولاتی خۆیشم لە ژێر دەستی ڕژێمی عێراقدا نەمابوو و ئەو هەڕەشەیەشی کە لە ساڵی ١٩٩٦ دا باسی لێوەکرا وا دەرنەچوو. پەندێکی ئینگلیز هەیە دەڵێ "East and West Home is best" بە واتای ولاتی خۆت لە هەر شوێنێکی تری دنیا باشترە.

داوای لێبووردن دەکەم من نامەوێ ئەم تاقیکردنەوەیەی خۆم گشتگیر بکەم و بلێم ئەوەی من کردوومە بۆ هەموو کەس ڕاستە، چونکە هەر کەسە و باروزرووفی تایبەتی خۆی هەیە و لەو خەلکەی کە ڕۆیشتن ئێستا دەیان ئەزموونی خۆپێگەیاندن لەڕووی خوێندن و گوزەران باشکردنەوە هاتووەتە ئاراوە و گەلێ کەس لە هەندێ پێگە و شوێندا سوود بە کۆمەلگە و ولاتەکەی خۆی دەگەیەنێت و لە پاڵ دیاردە نەگەتیڤەکانیشدا لایەنی پرشنگدار جێی خۆی کردووەتەوە.

تەنها وەك نموونەیەك باسی دەكەم مامۆستا حەمەعەلی خزم و دۆستم دوو كوڕی هەن یەكێكیان دكتۆرە و لەو وڵاتەدا بەكارامەییەوە پراكتیزەی پیشەكەی خۆی دەكات و ئەویتریان ئەندازیارە و لە بواری خۆیدا كار دەكات و دایك و باوكەكەش پاش نزیكەی حەوت ساڵ هاتنەوە بۆ وڵات و لە ناو كولتووری ڕەسەنی خۆیاندا ژیان دەگوزەرێنن.

چەندین نموونەی تری پرشنگدار هەیە لە ئەوروپا و ئەمەریكا، كەوا بێجگە لە خزمەتی خۆیان و خێزانیان خزمەتی گەلەكەشیان دەكەن و ئێمە دەخوازین نموونەی ئەوانە زۆر بن.

پێــــرســــــت

بابەت	لاپەڕە
یادەوەریی کوردێکی ڕەهەندەی دوورگەی گوام	١
هەندێك زانیاریی لە سەر دوورگەی گوام	٩
لووتکە چیای دوو دڵخواز و ئەشکەوتی عەریفە ژاپۆنییەکە	١٥
لە گوامەوە بۆ ئەمەریکا .. بە سەر ئۆقیانووسی پاسیفیکدا	١٧
ویلایەتی جۆرجیا و میوانە کوردەکانی ماڵی مستەر سنۆ	٢١
سەردانێك بۆ مەزاری مارتن لووسەر کینگ	٢٧
سەگی براوە .. جەنەراڵی دۆڕاو	٣٣
ئەمەریکا و ململانێی کار پەیداکردن	٣٧
کەم کەس هەیە لە ئەمەریکادا دوو ئیش نەکات	٤٣
ئەمەیە ئەمەریکا .. بەخێربێن بۆ ئەمەریکا	٤٧
ژمێریار لە بازاڕی کرۆگەردا	٥١
جارێکیتر سەنگەری کار گواستنەوە	٥٥
خەڵکی کوێی؟ کوردستان .. ئێ ئێ تێگەیشتم پاکستان	٦١
سەردانێك بۆ کەناڵی CNN و باسێك لە ڕاگەیاندنی ئاڕاستە	٦٧
کریسمەس و بەزمی کریسمەس لە ئەمەریکادا	٧٣
جەژنی قەل و جەژنی کوولەکەزەرد	٧٧
کچە هاوڕێ و کوڕە هاوڕێ	٨١
خوێندنی منداڵەکانم لە ئەمەریکادا	٨٥
کوردێك لە وڵاتی هندیە سوورەکاندا	٩٢
مەرگێکی پڕ تراجیدیا لە ئەمەریکادا	٩٧
لە تایفوونەوە بۆ تۆرنادۆ	١٠٢

ئەمەریکا.. وڵاتێکە بەردەوام غوربەت بەرهەمدێنێت ١٠٦
هەندێك دیاردە و خاسییەتی ئەمەریکا ١١٢
باسێك لە هەرێمی کۆڵۆمبیا و شاری واشتۆن دی . سی ١٢٠
چوار سەرۆکە باوکەکەی ئەمەریکا و پەیکەرە چیایان ١٢٣
بڕیاری گەڕانەوە بۆ وڵات ١٢٦
پاشکۆی وێنەکان **





چەند دیمەنێك لە دوورگەی گوام





Susan Miles

ئەو عەریفە ژاپۆنییەی پاش جەنگی جیهانیی دووەم

٢٨ساڵ لەم ئەشکەوتەی دوورگەی گوامدا خۆی شاردەوە



نەخشەی دوورگەکانی ماریانای باکوور نەخشەی دوورگەی گوام

لە ئۆقیانووسی پاسیفیکدا

مارتن لووسەر کینگ

رابەری خەباتی مەدەنیی

ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا

ساڵی ١٩٦٨ تیرۆر کرا



مەزاری مارتن لووسەر کینگ لەشاری ئەتڵەنتا ویلایەتی جۆرجیا

... انی مەزاری مارتن



پەیکەری جەنراڵ لی و هاوڕێکانی لە ستۆن ماونتێن جۆرجیا - ئەتڵەنتا

جەنەراڵ ڕۆبەرت لی

سەرکردەی سوپای ویلایەتەکانی

باشوور

لە شەڕی ناوخۆی ئەمەریکادا

١٨٦١ - ١٨٦٥



پەیکەرە چیای چوار سەرۆکە باوکەکەی ئەمەریکا لە ماونت ڕەشمۆر- ویلایەتی داکۆتای باشوور

پەیکەری ئازادی ـ نیویۆرک

لە دوورگەی گوام و لە پاڵ دارمەتاتێکدا

منداڵەکانمان لە کۆرسی زماندا لە دوورگەی گوام

کاتێ گەیشتینە فرۆکەخانەی ئەتڵنتا لە ویلایەتی جۆرجیا



لەئاهەنگی بە یەکەم دەرچوونی منداڵێکمدا

نووسەر لە چەند دێڕێكدا

*ساڵی ١٩٥٣ لە ناوچەی كفری لەدایكبووە.

*ساڵی ١٩٧٦ كۆلێجی كشتوكاڵی زانكۆی سلێمانیی تەواوكردووە.

*نزیكەی بیست ساڵ مامۆستای ئامادەیی.

*نزیكەی دە ساڵ كاركردن لە ڕێكخراوە ناحكومییەكاندا.

*ساڵانی ١٩٩٦ - ١٩٩٨ ماوەی دوو ساڵێك ئاوارەی ویلایەتە یەككرتووەكانی ئەمەریكا بووە و ئەم یاداشتە بەرهەمی ئەو كەشتەیە. لە بواری جینۆساید، فۆلكلۆری كورد، وەرگێڕان لە ئینگلیزی و عەرەبییەوە كۆمەڵێك بابەت و كتێبی بلاوبوونەتەوە.

چاپكراوەكانی نووسەر

-جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد، چاپی یەكەم ساڵی ١٩٩٩ , چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٤, لە ئینگلیزییەوە.

-كیژی كاپیتان (ڕۆمانێكی پووشكین)، ساڵی ١٩٩٩ , لە ئینگلیزییەوە.

-خوریی زێڕین (ئەفسانەكانی قەوقاز)، ساڵی ٢٠٠٠ , لە ئینگلیزییەوە.

-هۆنراوە و چیرۆكی فۆلكلۆریی كوردەواری، كۆكردنەوە و لێكۆڵینەوە، ساڵی٢٠٠٠

-چیرۆكی فۆلكلۆریی كوردیی وەرگێڕدراو بۆ ئینگلیزی، ئەمریكا، ساڵی ١٩٩٩.

-گۆڕینی ڕژێم (نووسینی كریستۆفەر هیچنس)، ساڵی ٢٠٠٤. لە ئینگلیزییەوە.

-ڕێبەری یارمەتیدانی كەمینەی نەتەوەیی بۆ بەشداری كردن لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا، لە ئینگلیزییەوە.

-قبور غیر هادئة: البحث عن المفقودین فی كردستان العراق ٢٠٠٤, عن الأنكلیزیة.

-دلیل لمساعدة الأقلیة القومیة للمساهمة فی العملیة الأنتخابیة ٢٠٠٤. عن الأنكلیزیة.

-میر ئیڤان و گورگە بۆر (كۆمەڵێك ئەفسانە و چیرۆك لە ئەدەبی گەلانەوە)، ساڵی ٢٠٠٥, لە ئینگلیزییەوە

-دۆنی ئارام (ڕۆمانی میخائیل شۆلۆخۆڤ) ساڵی ٢٠٠٥ , لە عەرەبییەوە.

-ئەمەیە ئەمەریكا.. یادەوەریی كوردێك لە ئەمەریكادا، ساڵی ٢٠٠٥. یاداشت.

-چەندین بابەتی لێكۆڵینەوە و وەرگێڕان لە گۆڤار و ڕۆژنامەكانی ناوخۆ و دەرەوەدا بە كوردی، عەرەبی، ئینگلیزی.